www.pertwk.com

# ڕەهەندەكانی ناسیۆنالیزم


ئێریك هۆبزباوم    بندكت ئەندرسۆن    ئێرنست گێڵنەر

سامی زوبەیدە    فالح عەبدولجەبار    جۆرج تەرابیشی

عەبدولحەلیم ئەلڕەهیمی    د. سەعد بەشیر ئەسكەندەر

وەرگێڕانی : ئارام جەمال سابیر


سلێمانی- 2004


**حكومەتی هەرێمی كوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri. org

khanaywargeran@yahoo.com

ناوی كتێب: ڕەهەندەكانی ناسیۆنالیزم

وەرگێڕانی: ئارام جەمال سابیر

نەخشەسازیی‌و بەرگ: نازەنین صالح

زنجیرە: 37

تیراژ: (1000) دانە

ژمارە (42)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.

چاپخانەی : شڤان

چاپی یەكەم / سلێمانی 2004

www.pertwk.com

پێشکەشە:

بە باوکم

بە "نمە"ی کچم

www.pertwk.com

# ناوەرۆك

## بەشی یەکەم


– نەتەوە وەك تازە داهێنراوێك: لەشۆڕشەوە بۆ لیبرالیزم ئێریك هابزباوم

– سەرچاوەکانی هۆشمەندی ناسیۆنالیزم بندكت ئەندرسۆن

– نەتەوەکانو ناسیۆنالیزم ئێرنست گیلْنەر

– گۆڕانی ناسیۆنالیزمی (1870 – 1918) ئێریك هابزباوم

– نەتەوە چییە؟ ئێرنست گیلْنەر


## بەشی دووەم


– ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی سامی زوبەیدە

– ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلام فالح عەبدولجەبار

– ئیشکالیەتی نێوان ناسیۆنالیۆنالیزمو كۆمەڵگە (عێراق بەنموونە) عەبدولحەلیم ئەلرەهیمی

– بەجیهانیبوون، مۆدێرنیتەو ناسنامەی نەتەوەیی مۆنتسرات گیبرنا

– ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی جەنگ دروستیکرد، بەجیهانگیری درزدەباتو ئاوا دەبێت.. جۆرج تەرابیشی

– ریشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیزم لەنێوان هەرێمی كوردستانی باشوورو دەوڵەتی عێراقیدا د. سەعد بەشیر ئەسكەندەر

www.pertwk.com

# نەتەوە وەك تازە داهێنراوێك:
# لەشۆڕشەوە بۆ لیبرالیزم

نوسینی: ئێریک هۆبزباوم

یەكێك لەخەسڵەتە بنچینەییەكانی نەتەوەی نوێ بەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەكانیەوە، نوێباویەكەیەتی. لەئێستادا تێگەیشتنێك بۆ ئەمە هەیە، بەڵام گریمانەی پێچەوانە بەمە، پێیوایە ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی دیاریدەكات، بەشێوەیەك لەشێوەكان، دیاریكەرێكی سروشتیو بەراییو هەمیشەییو بگرە لەپێش مێژووشەوەیە، ئەمەش لەسەر ئاستێكی بەرین باوەڕێكی لەوجۆرە دەخاتەوە كەرەنگە سەیركردنی ئەو نوێباوییە بەشێوەیەكی تاكو دابڕاو شتێكی چاكتر بێت. فەرهەنگی ئەكادیمیای پاشایەتی ئیسپانی كەبۆ ئەم مەبەستە چاوم بەهەموو چاپەكانیدا خشاندووە[1] هەتا چاپی پێش ساڵی 1884یش، زاراوەكانی وەك دەوڵەتو نەتەوەو زمانی بەواتای نوێ تێدا نییە. لەم چاپەدا، بۆ یەكەمین جار ئەوە دەزانین كە(Lengua nacional- زمانی نەتەوەیی، كە لەبنچینەدا ئیسپانییە) بریتییە لە"زمانی فەرمی (ڕەسمی)و ئەدەبی وڵاتو، سەرجەم زمانی زارەكیو قسەكردنی ئەو وڵاتە پێكدەهێنێت، كە لەدیالێكتو زمانی نەتەوەكانی دی جیاوازە". ئەو واتایەی لەژێر وشەی (dialect)ـەوە هاتووە، هەمان پەیوەندی نێوان خۆیو زمانی نەتەوایەتی دەسەلمێنێت. وشەی nacion لەپێش ساڵی 1884ـەوە بێ ئەملاوئەولا واتای "كۆی دانیشتوانی پارچەیەك یان هەرێمێك یاخود مەملەكەتێك"، هەروەها واتای "كەسی بیانی"شی گەیاندووە. بەڵام ئێستا بەواتای "دەوڵەت یاخود دەستەیەكی سیاسی دێت كەددان بەبوونی ناوەندێكی بڵندی حكومەتێكی هاوبەشدا بنێت، هەروەها بەو هەرێمەش دەگوترێت كەدەوڵەتو دانیشتوانەكەی خۆیان دروستیانكردووەو، وەك یەكەیەكی گشتیش سەیری دەكەن". ئیدی لێرە بەدواوە دەوڵەتی هاوبەشو باڵا وەك ڕەگەزێك دەكەوێتە سەنتەرو چەقی ئەو پێناسانەوە، یان لانیكەم لەجیهانی ئیبریدا. وشەی nacion بریتییە لە" conjum todelase habitants de un pe un pais regido por



un mismo gobievno". لەكاتێكدا وشەی nacao بەپێی ئینسایكلۆپێدیای بەرازیلی "Merito Enciclopedia Brasileira"[3] بەواتای "كۆمەڵێك لەهاوڵاتیانی دەوڵەتێك لەژێر سایەی هەمان ڕژێم یان هەمان حكومەتدا دەژینو خاوەنی بەرژەوەندییەكی هاوبەشنو ملكەچی دەسەڵاتێكی ناوەندی دەبن كەبەرپرسیارێتی پاراستنی یەكێتی كۆمەڵەكە دەپارێزێت؛ جەماوەری دەوڵەت، جگە لەدەسەڵاتداری حوكمڕان". وێڕای ئەمەش، هەتا ساڵی 1925یش لەفەرهەنگی ئەكادیمیای ئیسپانیدا "نەتەوە" بەشێوە تەواوەكەی نابینرێتو، وەسفدەكرێت بەوەی كە"گردبوونەوەی كەسانێكە هەمان ڕەچەڵەكی ئەتنیكیان هەیەو، زۆربەشیان بەهەمان زمان دەئاخڤنو خاوەنی كەلەپورێكی هاوبەشن".

بەمجۆرە هەتا ساڵی 1884یش، حكومەت بەشێوەیەكی تایبەت نابەسترێتەوە بەچەمكی "nacion"ـەوە؛ چونكە هەروەك فیلۆلۆجیا پێماندەڵێت، واتای یەكەمی وشەی "نەتەوە" ئاماژەیە بۆ ئەسڵو نەسەب: "rang, extraction, naissance" ئەمەش كاتێك فەرهەنگی زمانی فەڕەنسی كۆن بەسەربكەینەوە كەبەیتە شیعرێكی فرۆیسارتی تێدا هاتووە " je fus retourne au pays de ma nation en laconte de Haynnau" (گەڕامیانەوە سەر زێدم/ بنەچەم لەناوچەی هاینۆیە)[4]. مادامەكی ئەسڵ یاخود نەسەب بەكۆمەڵێك مرۆڤەوە بەستراوەتەوە، لەبەرئەوە بۆ ئەمانە گران بووە لەو كەسانە بن دەوڵەت پێكبهێنن (تەنها مەگەر فەرمانڕەواو خزمانیان بن). چەندێك ئەسڵو فەسڵەكە گرێدراوبووبێت بەزەوییەوە، ڕێكەوتووە ئەوەندەش یەكەیەكی سیاسی پێكهێناوە، بەڵام هەرگیز لەیەكە زۆر گەورەكان نەبووە. بەپێی (چاپی یەكەمی ) فەرهەنگی ئیسپانیایی ساڵی 1726، وشەی patria یاخود بەواتا زۆر باوەكەی tierra "نیشتمان"، واتاكەی تەنها بەوە هاتووە كە"ئەو شوێنو ناوچەو وڵاتەیە كەمرۆڤ تێیدا لەدایكدەبێت" یاخود "هەر ناوچەو هەرێمی سەربە هەر لۆردێك یان دەوڵەتێك". ئەم واتا بەرتەسكە بۆ patria كە لەزمانی نوێی ئیسپانیشدا بەكارهاتووە، جیایدەكاتەوە لەواتا بەرفراوانەكەی patria chica "نیشتمانی بچوك" "خاكی گچكەی باپیران"، كەئەمە تاڕادەیەك واتای گشتییەتی لەپێش سەدەی نۆزدەهەمەوە لەنێوان ئەوانەی خاوەن كلتورێكی كلاسیكی بوون لەبارەی ڕۆمای دێرینەوە. وشەی tierra لەپێش ساڵی 1884ـەوە وەك ئەوە نەگوتراوە كەپەیوەندی

بەدەوڵەتەوە هەبێت، هەروەها لەپێش ساڵی 1925یشەوە گوێمان لەنەغمەیەکی سۆزداریی نەبووە بۆ خولیای نیشتمانپەروەریی نوێ patriotism کە patria پێناسە دەکات بەوەی کە"نەتەوەمانە، بەسەرلەبەری شتە ماتەریی‌و نامادییەکانیشەوە، بەرابوردوو ئێستاو داهاتووەوە، لەوەلائی دڵسۆزانەی نیشتمانپەروەران بەهرەمەندە". نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت کەئیسپانیای سەدەی نۆزدەهەم پێشەنگییەکی تەواوی لەرەوتی پێشکەوتنی ئایدیۆلۆژیدا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قشتاڵە (Castilla) — باس لەزمانی قشتاڵی دەکەین- یەکێك بووە لەکۆنترین میرنشینە ئەوروپاییەکان، کەهیچ زێدەڕۆیی تێدا نییە ئەگەر خەسڵەتی "دەوڵەتی نەتەوەیی، nation- state" بدەینە پاڵ. لەهەموو حاڵەتێکدا، رەنگە جێی گومان بێت کەبەریتانیاو فەڕەنسای سەدەی نۆزدەهەم "دوو دەوڵەتی نەتەوەیی" بووبن بەواتای زۆر جیاواز، هەربۆیە رەنگە بەدواداچوونی ئەم دوو زاراوەیەیان سوودێکی گشتی خۆی هەبێت.

وشەی nation لەزمانگەلی لاتینیدا (رۆمانسی)*، وشەیەکی رەسەنە، کەچی لەزمانەکانی تردا، هەرچەندە بەکاریشدەهێنرێت، بەڵام دیسانەوە بەوشەیەکی لەدەرەوە هاتووی بیانی دادەنرێت. ئەمە رێگەی ئەوەمان دەدات بەشێوەیەکی ئاشکراتر شوێن بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم وشەیە بکەوین. ئەمڕۆ وشەی volk (گەل) لەزمانی ئەڵمانی باڵاو نزمدا هەندێك رەهەندی واتایی ئەوتۆی هەیە کەهەمان ئەو وشانەن لە"natio"ـەوە داتاشراون، بەڵام ئەوەیە تێهەڵکێشییەکە ئاڵۆزە. کاتێك مرۆڤ لەبنجە لاتینیەکەی زاراوەی (natie) لەزمانی نزمە ئەڵمانی سەدەکانی ناوەڕاست وردەبێتەوە، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەئەم زاراوەیە تەنها لەنێوان خوێندەواران، یان خانەدان‌و ئەرستۆکراتەکان‌و ئەوانەدا بەکارهاتووە کەرەچەڵەکێکی شاهەنشاییان هەبووە — کەواتە ئەو زاراوەیە واتای volk (گەل)ی نەبووە تەنها لەسەدەی شازدەوە نەبێت. ئەمەش بەواتای کۆمەڵێکی هاوزاو هاوڕەگەز (ئەسڵ‌و نەسەب)Geschlecht[5]، هەروەها لەزمانی فەڕەنسایی سەدەی ناوەڕاستیشدا هەرهەمان واتای هەیە.

* زمانە رۆمانسییەکان مەبەست لەو زمانانەیە کە لەزمانی لاتینی جیابوونەتەوەو بریتین لە: فەڕەنسی، ئیتاڵیایی ئیسپانی، پورتوگالی، رۆمانی‌و هەندێك دیالێکتی ئەوروپاییانەی تر-و.ع-



ئەم زاراوەیە لەشوێنانی تر بەرەو وەسفکردنی گروپی سەربەخۆو دیسپلینکراوی قەوارە زۆر گەورەتر رۆیشتووە، وەك سەندیکاکانی بازرگان‌و سەنعەتکار guilds، یاخود ئەو دەستەو تاقمانەی تر کەدەیانەوێت لەو سەندیکاو دەستانەی تر جیابن کە لەگەڵیاندا ژیان دەکەن: لێرەدا وشەی nations (نەتەوەکان) وەك هاوواتاییەك بۆ کەسانی بیانی‌و، بەو شێوەیەی لەزمانی ئیسپانیدا هاتووە بریتییە لە"نەتەوەگەلی بازرگانە بیانییەکان" (جالیاتی بیانی، بەتایبەتیش ئەو جالیاتە بازرگانانەی لەشارێکدا دەژین‌و ئیمتیازاتیان هەیە)[6]، یاخود هاوواتایە بۆ "نەتەوەکان"ی قوتابی کە لەزانکۆ کۆنەکاندا باوبوون. هەر لەمەشەوە ناوی"فەوجێك لەنەتەوەی لۆکسمبۆرگ" هاتووە، کەدەنگێکی ئەوتۆیان نییەو کەمن[7]. هەروەها، پێدەچێت تلبوونەوەی ئەم وشەیە پێداگریی بکات لەسەر شوێن یاخود زێد – pays natal پێناسەی کۆنی فەڕەنسی کەبەخێرایی، لانیکەم لەلای دانەرانی فەرهەنگەکانی دواتر، بۆتە هاوواتا بۆ وشەی province "دەڤەر"، لەکاتێکدا هەندێکی تر پێیان لەسەر کۆمەڵی هاوڕەچەڵەك دادەگرت، بەمجۆرەش زاراوەکە بەئاڕاستەیەکی ئەتنیکیدا برا، کەئەمەش لەو جەختکردنەی فەرهەنگی هۆڵەندیدا رەنگیداوەتەوە کە لەسەر واتای سەرەتاییانەی وشەی Natie کردویەتی‌و، پێناسەی کردووە بەوەی کە"هەموو ئەو خەڵکانەن کەپێیانوایە سەر بەهەمان (رەگ- stam)ن".

لەهەموو بارەکاندا، کێشەی پەیوەندی تەنانەت وەك ئەم "نەتەوە" درێژبۆوە بەڵام خۆڕسکە رەسەنە بەدەوڵەتەوە هێشتا جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە ئاشکرا بووە، بەزاراوەگەلی ئەتنیکی یاخود زمانەوانی یاخود شتی تر، زۆربەی دەوڵەتەکان، قەبارەیان چەندێك بووبێت، وێکچوو نەبوون‌و، هەروەها نەشتوانراوە یەکسان بکرێن بەنەتەوەکان. فەرهەنگی هۆڵەندی بەشێوەیەکی تایبەت‌و جیاواز لەفەڕەنسایی‌و ئینگلیزەکان دەڕوانێت، ئەمەیش لەچۆنێتی تێگەیشتنیانەوەیە بۆ وشەی "nation"، کەبەلایانەوە بەو خەڵکانە دەگوترێت ئینتمایان بۆ یەك دەوڵەت هەیە ئەگەرچی بەهەمان زمانیش نەدوێن[9]. گفتوگۆیەکی روون‌و ئاشکرا لەسەر ئەم مەتەڵە هەیە کە لەئەڵمانیای سەدەی هەژدەهەمەوە هاتووە[10]. یۆهان هاینریش زێدلەر Zedler لەساڵی 1740دا گوتویەتی واتا راستەقینەو رەسەنەکەی نەتەوە ژمارەیەکی یەکگرتووە لەو هاوڵاتیانەی(Burger) (چاکتر بوو، ئەڵمانیا لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا دەستبەرداری نارۆشنییە خراپەکەی ئەم وشەیە بهاتبا) بەچەند داب‌و

نەریتو ئاكارو یاسایەك بەشداریدەكەن. لەمەوە ئەوە دەردەكەوێت كەبۆچی نەتەوە نەهاتووە واتایەكی ناوچەییو هەرێمیانەی هەبێت، چونكە ئەوانە تاكگەلی نەتەوەی جیاواز جیاوازن (لەسەر بنەمای جیاوازیی شێوازی ژیان-Lebensarten-و دابو نەریتەكانیان دابەشكراون)و دەكرێت پێكەوە لەیەك دەڤەردا بژین، تەنانەت ئەگەر دەڤەرەكە زۆر بچوكیش بێت. ئەگەر نەتەوەكان پەیوەندیو رایەڵەیەكی راستەقینەیان بەخاكەوە هەبووبێت، ئەوا دەبوایە بە وەندییەكانی ئەڵەمانیایان بگوتبا ئەڵەمانی، هەرچەندە ئەوان هەرگیز وەها نەبوون. ئەم راڤەیە وێنەیەكی باش لەبارەی دوا سەرژمێری دانیشتوانی سلاڤەكان وەبیر لێكۆڵیارێكی سەكسۆنی دەهێنێتەوە-كە تائێستاش ئەوانە لەناو چوارچێوەی زمانی ئەڵەمانیدا دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیر لەوە ناكاتەوە پۆلێنیان بكات بەزاراوەی "كەمایەتی نەتەوەیی"، كەجێگەی پرسیارە. زێدلەر پێیوایە ئەو وشەیەی بەكاردێت بۆ پێناسەكردنی هەموو تاكەكانی "نەتەوەكان"، كەپێكەوە لەچوارچێوەی یەك دەڤەردا نیشتەجێبوون، وشەی (Volk)ە. بەڵام ئاخ چەند بەداخەوەم بۆ نەبوونی وردێتی لەبەكارهێنانی زاراوەدا! زۆربەی جار زاراوەی "Nation" بەهەمان واتای "Volk" بەكاردێتو، هەندێكجاریش دەكرێتە هاوواتای "Estate" (توێژێك) لەكۆمەڵگە (Stand, Ordo)، هەندێكجاریش بۆ هەر گروپ یان جڤاتێك (Gesellschaft, Societas) بەكاردەهێنرێت.

ئەم زاراوەیە "Nation" چەندێك لەبارو رەسەن بێت، یاخود هەر واتایەكی تری هەبێت، بەڵام هەر ناكاتە واتا نوێكەیو زۆر جیاوازە. لەبەرئەوە ، بەبێ ئەوەی بچینە نێو وردەكارییەكانی ئەم بابەتەوە، دەبێت پێ لەوە بنێین كەچەمكی "نەتەوە" بەواتا نوێو سیاسییەكەیو لەرووی مێژوویشەوە، چەمكێكی زۆر نوێباوە. ئەوەی راستی بێت، ئەمە ئەو شتەیە كەفەرهەنگی ئینگلیزی نوێ The New English Dictionary لەساڵی 1908دا ئاماژەی بەوەداوە كە واتا كۆنەكەی وشەكە لەبنەڕەتدا یەكێتیەكی ئەتنیكی گرتۆتەوە، بەڵام هەرچی بەكارهێنانە نوێكەیەتی، لەبری ئەمە پێداگریی لەسەر "بیرۆكەی یەكەی سیاسیو سەربەخۆ"[11] دەكات.

لەروانگەی سەیركردنی مۆدێرنەی مێژوگەراییەوە بۆ چەمكی نوێی"نەتەوە"، باشترین رێگە بۆ تێگەیشتن لەسروشتەكەی، وەك دەبینم، ئەوەیە لاسایی ئەوانە بكەینەوە كەبەشێوەیەكی میتۆدیی لەگوتارە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكانی سەروبەندی شۆڕشدا كاریان بەم چەمكە كردووە، بەتایبەتیش لەژێر ناوی "پرەنسیپی



نەتەوایەتی"و لەساڵی 1830 بەدواوە. ئەم پەراوێزكارییەی كتێبی Bergriffsgeschichte (مێژووی چەمك) شتێكی خۆش نییە، چونكە لەلایەكەوە هاوچەرخان، وەك دەبینین، ئەم وشانەیان بەكارهێناوە بێ ئەوەی هۆشیارییان پێی هەبێت، لەلایەكی تریشەوە خودی ئەم وشەیە بەواتای شتێك هاتووە، یاخود رەنگە لەهەمانكاتدا شتگەلی زۆر جیاوازیشی گەیاندبێت.

واتا سەرەكیەكەی "نەتەوە"و ئەوەی زۆر ئاشكراو دیاربووە، سیاسی بووە. هاوواتای چەمكی "گەل"و دەوڵەتی هەردوو شۆڕشی ئەمریكیو فەڕەنسی بووە. ئەم هاوكێشە باوە لەدەستەواژەكانی وەك "دەوڵەت-نەتەوە"، "دەوڵەتی نەتەوەیی"، "نەتەوە یەكگرتووەكان" یاخود گوتاری سەرانی كۆتایی سەدەی بیستدایە. نۆبەرەی گوتارە سیاسییەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكان وای بەچاك دەزانی باس لە"گەل"، "یەكێتی"، "كۆنفیدرالی"، "جەماوەر"، "هەموو گەل"، "خۆشگوزەرانی گشتی"، "خاكی هاوبەشمان" بكەن، بەمەبەستی دوركەوتنەوە لەناوەڕۆكە ناوەندیو یەكێتیخوازەكانی زاراوەی "نەتەوە" لەبەرامبەر مافەكانی هەرێمە فیدرالییەكان[12]. چونكە ئەم وشەیە هەر زۆر زوو بووە بەشێك لەچەمكی نەتەوەی سەردەمی شۆڕشەكان، كەبەگوزارشتە فەڕەنسییەكەی دەبێتە "یەكێكی دابەشنەبوو"[13]. ئەو جۆرە "نەتەوە"یەی بەمچەشنە مەزەنەكراوەو، تێیدا كۆی كەسە مەدەنییەكانی سەروەریی دەستەجەمعییانەی دەوڵەتێكی بۆ پێكهێناون، دەربڕینێكی سیاسییە بۆیان. چونكە چەندێكیش نەتەوە بەمجۆرە نەبێت، بەڵام هەرگیز رەگەزی هاوڵاتیبوون Citizenship و بەشداری جەماوەر یاخود هەڵبژارنی لێ بزرنەبووە.جۆن ستیوارت میڵ نەتەوەی بەوە نەزانیوە كەتەنها سۆزی نەتەوەیی هەبێتو بەس، بەڵكو ئەوەشی خستۆتەسەر كەتاكەكانی نەتەوە "حەزدەكەن بەوەی لەژێر سایەی یەك حكومەتدا بن، ئەگەر هەمووشیان نەبێت ئەوا هەندێكیان ئارەزوویان هەیە لەوەی بەدەستی خۆیان حكومەت پێكبهێنن"[14]. ئەگەر سەرنجبدەین دەبینین جۆن ستیورات میڵ بەنوسینێكی تایبەت قسە لەسەر بیرۆكەی نەتەوایەتی ناكات، بەڵكو بەشێوەیەكی جیاو -بەكورتی- لەسیاقی وتارێكی بچوكیدا باس لەحكومەتی پەرلەمانی یاخود دیموكراتی دەكات.

گومانی تێدا نییە لەوەتەی هاوكێشەی نەتەوە = دەوڵەت = گەل (بەتایبەتیش گەلی خاوەن سەروەریی)، لەجەوهەرەوە بۆتە بونیادو پێناسەی دەوڵەتە ناوچەییەكان،

ئیدی نەتەوە بەخاك‌و زەوییەوە بەستراوەتەوەو، کەمیش نین ژمارەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی ئەم هاوکێشەیە گرتونیەتییەوەو بەم شێوەیە پێکهاتوون. کەئەمەش لەواقیعدا ئەنجامێکی چارەهەڵنەگری بڕیاری چارەی خۆنوسینی جەماوەرە، هەروەك لەجاڕنامەی فەرەنسی مافەکانی ساڵی 1795یشدا هاتووە:

(هەموو گەلێك سەربەخۆو سەروەرە بەبێ گوێدانە ژمارەی خەڵکەکەی‌و روبەری ئەو زەوییەی لەسەریەتی. ئەو سەروەرییە جێگەی دەستبەرداربوون نییە)[15].

ئەوەی راستی بێت ئەم جاڕنامەیە تەنها کەمێك باسی لەو کەرەستەیە کردووە کە"گەل" پێکدەهێنێت. پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان کۆی دانیشتوانی دەوڵەتێکی ناوچەیی لەلایەك‌و ئەوشتەدا نەبووە کەناسنامەی "نەتەوەیەك" لەسەر بنەمای ئەتنیك یان زمان یاخود شتەکانی تر دیاریدەکات، یاخود چەند تایبەتمەندێتییەکی تر کەدەبنە مایەی ئەوەی بەکۆمەڵ دان بەئەندامبوونی کۆمەڵەکەدا بنێت. مشتومڕێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی "زۆر نامۆ بووە بەبنەمای نەتەوایەتی، یاخود هەستی نەتەوایەتی‌و، بگرە زۆر دژیشی بووە"[16]. هەروەها دانەری فەرهەنگگەلی هۆڵەندیش زۆر بەجوانی پەی بەوە بردووە کەزمان لەبنەڕەتەوە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە ئینگلیزییە یان فەرەنسی؛ دواتریش هەروەك دەیبینین، دەبووایە پسپۆڕانی زمانی فەرەنسی هەروا شێلگیرانە لەدژی هەموو ئەو هەوڵانە بوەستنەوە کەدەیانەوێت زمانی زارەکی‌و قسەکردن بکەنە پێوەر بۆ نەتەوایەتی، لەکاتێکدا ئەم نەتەوایەتییە خۆی لەرێگەی بەهاوڵاتیبوونی فەرەنساییەوە دیاریدەکرێت. چونکە ئەو زمانەی ئەلزاسی‌و گاسکۆنییەکان پێیدەدوێن هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبووەو نییە کەئەمانە چەند تاکێکی نێو گەلی فەرەنساین.

تەنانەت ئەگەر "نەتەوە" لەروانگەیەکی جەماوەریی - شۆڕشگێڕیشەوە شتێکی هاوبەشی هەبووبێت، ئەوا هەرگیز ئەو شتە رەگەزو زمان‌و شتی تری لەوچەشنە نەبووە، ئەگەرچی رەنگە ئەم شتانە هێماگەلێك بن بۆ ئینتمای بەکۆمەڵ. پییر ڤیلار Pierre Vilar ئاماژە بەوە دەدات کەئەو شتەی (نەتەوە- گەل)ی لەخوارەوە پێجیادەکرێتەوە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی گشتییە لەبەرامبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا، یان بابڵێین بەرژەوەندی گشتی لەهەمبەر هەڵاواردن‌و ئیمتیازاتدا،



کەئەمەش ئەو زاراوەیە دەگەیەنێت کەئەمریکاییەکان پێش ساڵی 1800 وەك ئاماژەکردنێك بۆ نەتەوایەتیبوون (الأمـوة) بەکاریاندەهێنا، بەڵام دوایی ئەم وشەیەیان رەشڕاهێنا. لەدیدی سۆڕشگێڕە دیموکراتەکانەوە جیاوازی نێوان گروپە ئەتنیکەکان شتێکی لاوەکی بوو، کەدواتریش سۆشیالیستەکان هەر هەمان ئەم بۆچوونەیان هەبوو. چونکە وەك ئاشکرایە ئەوەی کۆلۆنیالیزمە ئەمریکاییەکانی لەجۆرجی پادشاو لایەنگرەکانی جیادەکردەوە نەزمان بوو نە رەگەزیش. بەپێچەوانەشەوە، کۆماری فەرەنساش هیچ گرفتێکی لەهەڵبژاردنی ئەنگلۆ- ئەمریکییەکی وەك تۆماس پین*دا نەدەبینییەوە کەببێتە ئەندامێك لەئەنجومەنە نیشتمانییەکەیدا.

لەبەرئەوە ناتوانین هیچ شتێکی وەك ئەوە لە"نەتەوە"دا بەدیبکەین کە لەبەرنامە نەتەوەییەکانی دواتری ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە بچێت کەهەوڵدەدەن لەپێناو دروستبوونی ئەو گروپانەی بەهۆی ئەو پێوەرانەوە پێناسەکراون کەمشتومڕێکی زۆر گەرمیان لەنێوان تیۆرمەندانی سەدەی نۆزدەهەمدا خستەوە، وەك زمانی هاوبەش، ئەتنیك، ئایین، خاك، یادەوەرییە مێژووییە هاوبەشەکان (با جارێکی تریش جۆن ستیوارت میل بەسەربکەینەوە)[18]. وەك بینیمان، جگە لەو خاکەی مەوداکەی دیاریکراو نییە (تارادەیەکیش رەنگی پێست)، ئیدی هیچکام لەو نیشانانەی تر نەتەوەی نوێی ئەمریکایان یەکنەخستووە. لەمەش گرنگتر، کاتێك "نەتەوە مەزنەکە" لەمیانەی جەنگە شۆڕشگێڕی‌و ناپلیۆنیەکەیدا سنورەکانی بۆ فەرەنساییەکان فراوانترکردو گەیاندییە ئەو ناوچانەی بەهیچ پێوەرێك لەپێوەرەکانی دواتری نەتەوایەتی فەرەنسی نەبوون، ئیدی ئەوە ئاشکرابوو کەهیچ یەکێك لەو پێوەرانە بناغەنەبوون بۆ پێکهێنانی نەتەوە.

هیچ جێگەی مەترسی نییە بڵێین، کەئەو توخمە جۆربەجۆرانەی دواتر بۆ کەشفکردنی پێناسەکانی نەتەوایەتی نادەوڵەتی non- state بەکارهاتوون، خۆیان لەئارادا هەبوون، ئیتر یان ئەوەتا پابەندی نەتەوەی شۆڕشگێڕ بوون یاخود بوونەتە مایەی نانەوەی کێشەو گرفت بۆی، هەتاوەکو ئەو توخمانە وەك یەك تۆپەڵی

* (تۆماس پین 1737-1809) یەکێك لەسەرکردە سیاسییەکانی شۆڕشی ئەمریکاو لەدایکبووی بەریتانیاش بوو، یەکێك لەکتێبەکانی (مافەکانی مرۆڤ)ـە کە لەساڵی 1791دا دەرچووە.

www.pertwk.com

دابەشنەکراو سەیربکرێن، ئەوا ئەو جیاوازییەی لەناوخۆی نەتەوەدا هەیە گیروگرفتێکی زۆرتری بۆ دەنێتەوە. گومانێکی کەم هەیە لەوەی کەئەو فەڕەنساییەی بەزمانی فەڕەنسی نادوێت لەلای یەعقوبییەکان Jacobins جێگەی گومان بووبێت، لەکاتێکدا زۆربەیجار پێوەری ئەتنیك – زمان، بەکردەوە، پەسەند بووە. هەروەك لەراپۆرتەکەی بارێر Barere یشدا هاتووە سەبارەت بەزمانەکان، کەبۆ لیژنەی سەلامەی گشتی ناردووە: (ئەوە کێیە لەهەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکەی راینی سەرو Haut-Rhin و راینی خوارو Bas-Rhin دا چۆتە ریزی خیانەتەوەو، پروسیو نەمساوییەکانی بۆ سەر سنورە داگیرکراوەکانمان بانگهێشت دەکات؟ ئەو کەسە گوندنشینی "ئەلزاسی"یە، کەبەهەمان زمانی دوژمنەکانمان دەئاخڤێتو، خۆشی بەبراو هاولاتیو هاوڕێی ئەوان زیاتر دەزانێت وەك لەوەی براو هاولاتی ئەو فەڕەنساییانە بێت کەبەزمانێکی تر دەیدوێننو دابونەریتێکی تریان هەیە)[19].

پێداگریی فەڕەنساییەکان لەسەر وێکچوویی زمان هەر لەشۆڕشی فەڕەنساوە شتێکی هەستپێکراوبووە، هەروەها لەهەمانکاتدا شتێکی بەدەگمەنیش بوو، کەدواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە. بەلام ئەو خالەی دەبێت، لەڕووی تیۆرییەوە، سەرنجی بدرێتێ، ئەوەیە کەبەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی نەبۆتە ئەوەی کەسێك بکاتە فەڕەنسایی- باشە ئەمە چۆن ئەنجامدرا، لەکاتێکدا شۆڕش کاتێکی زۆری خۆی تەرخانکرد بۆ سەلماندنی ئەوەی کەتەنها خەلکێکی کەم لەفەڕەنسادا زمانی فەڕەنسییان بەباشی زانیوە؟[20] تەنانەت فێربوونی زمانی فەڕەنسایی بەشێکە لەئازادییەکانی ترو، یاساو تایبەتمەندێتییە هاوبەشەکانی گەلی فەڕەنسای ئازاد. واتە فێربوونی زمانی فەڕەنسایی یەکێکە لەمەرجەکانی هاولاتیبوونو بوونە خاوەنی رەگەزی فەڕەنسایی تەواو، هەروەکچۆن بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیش مەرجێکە بۆ ئەوەی ببیتە هاولاتییەکی ئەمریکایی. بەمەبەستی دەرخستنو راڤەکردنی جیاوازی نێوان پێناسەی سەرەکی نەتەوایەتیو پێناسە زۆر توندڕەوە فەڕەنسییەکەدا، پێویستە باس لەو فیلۆلۆژییە ئەلەمانیە بکەین کە لەخوارەوە پێیدەگەین، ئەو باوەڕ بەکۆنگرەی ئاماری نێودەولەتی دەهێنێت بەوەی کە پێویستە لەئامارە فەرمییەکانی دەولەتدا پرسیارێك لەمەڕ زمانەوە هەبێت. ریچارد بلۆخ Richard Blokh کەنوسینە بلاوکراوەکانی لەشەستەکانی سەدەی نۆزدەدا مشتو مڕێکی زۆریان لەسەرکراو کاریگەربوون، ئەو پێیوایە کەزمان تاکە پێوەرێکی پڕاوپڕە بۆ نەتەوایەتی، بەمەش بەهانەیەکی گونجاوی دایەدەست ناسیۆنالیزمی ئەلەمانی، چونکە ئەلەمانیەکان بەشێوەیەکی زۆر بەربلاو بەسەر ئەوروپای ناوەڕاستو رۆژهەلاتدا دابەشببوون، ئەمەش وایلێکرد ناچاربێت بەوەی جوولەکە ئەشکەنازییەکان بخاتە خانەی ئەلەمانەوە، ئەویش لەروانگەی ئەو بەلگەنەویستەی کەییدی* دیالێکتێکی ئەلەمانی بووەو لەزمانی ئەلەمانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە وەرگیراوە. ئەم دەرەنجامە، وەك دیاربوو، لەوانە نەبوو ئەلەمانە دژە سامییەکان پەسەندی بکەن. بەلام هەرچی شۆڕشگێڕانی فەڕەنسایی بوو، ئەوانەی مشتومڕەکانیان بۆ خاتری تێکەلکردنی جولەکە بوو بەنەتەوەی فەڕەنسا نەپێویستیان بەم مشتومڕە هەبوو نەتێشیدەگەیشتن. فەڕەنساییەکان تێڕوانینیان وابوو کەهەریەك لەو جولەکە سەفاردییانەی بەزمانی ئیسپانی سەدەکانی ناوەڕاست دەئاخڤن لەگەلّ ئەو ئەشکەنازییانەشی بەزمانی ییدی دەدوێن –کەفەڕەنسا هەردووکیانی لەخۆگرتووە- هەمان مافی فەڕەنساییەکانیان دەبێت کاتێك مەرجەکانی بەهاولاتیبوونی فەڕەنسایان پەسەند کرد، کەدیارە لەنێویاندا مەرجی قسەکردنیشە بەزمانی فەڕەنسی. هەروەها، ئەو بەهانەیەی کەپێیوایە دریفۆس لەتوانایدا نەبووە بەکردەوە فەڕەنسایی بێت، لەبەرئەوەی ئەو بەبنەچە جوولەکە بووە، بەهانەیەکی بێ پێچو پەنایەو بەرەنگاربوونەوەیەکی رێکەوراستی سروشتی شۆڕشی فەڕەنساو پێناسەکەیەتی بۆ نەتەوەی فەڕەنسایی.

تێڕوانینێکی نابەجێیە ئەگەر واسەیربکەین کە لەخالێکی دیاریکراوی راپۆرتەکەی "بارێر"دا دوو چەمکی زۆر لەیەکتری جیاوازی نەتەوە یەکیانگرتووە، کەئەوانیش بریتین لە: چەمکی دیموکراسی- شۆڕشگێڕانەو چەمکی نەتەوەیی. هاوکێشەی دەولەت = نەتەوە = گەل بۆ هەردووکیان دەبێت. لەلای نەتەوەییەکان خولقاندنی ئەو قەوارە سیاسیانەی پێوەیدەلکێن لەپێشوەختی کۆمەلگەیەکەوە هاتوون کەخۆیان لەبیانی جیاکردۆتەوە، لەکاتێکدا چەمکی سەنتەرئامێز لەدیدی دیموکراسییە – شۆڕشگێڕەکانەوە بریتی بووە لەهاولاتیبوون- گەلێکی خاوەن سەروەریی sovereign citizen-people = بەو دەولەتەی لەلای زۆرینەی مرۆڤایەتی

* ییدییەکان Yidish: یەکێکە لەدیالێکتی زمانی ئەلەمانیو وشەی عیبریو سلاڤی تێدایەو جولەکە لەئەوروپای ناوەڕاستو رۆژهەلاتدا قسەی پێدەکەنو بەپیتە عیبرییەکانیش دەنوسرێت. و-ع

"نەتەوە"[21] پێکدەهێنێت. نابێت لەمەودوا ئەوەمان لەبیربچێت کەدەوڵەتەکان، هەرچۆنێك دروستبووبن، پێویستە لەسەریان ئاوڕ لەهاوڵاتیانیان بدەنەوە چونکە حوکمڕانییان زۆر گرانترە لەچاو سەردەمی شۆڕش. لەمبارەیەوە کۆلۆکۆترۆنس دەڵێت ، کارێکی راست نەبووە "خەڵکی باوەڕیان بەوە هەبووە کەپادشاکان خواوەندی سەر زەوین و پێویستە لەسەریان بڵێن کەهەرچییەك ئەوان دەیکەن راستە"[22]. چونکە خواوەندێتی نەیپاراستوون. وەختێك شارلی دەیەمی پاشای فەرەنسا ساڵی 1825 لەریمز سرووتە کۆنەکانی بەمەبەستی بەرزکردنەوە ژیاندەوە، بەتایبەتیش زیندوکردنەوەی سرووتگەلی چاککردنەوەی سیحریی، بەهۆیەوە تەنها120 کەس لەوانەی (داء الملوك- scrofula)* یان هەبوو، لەئەنجامی دەستلێوەدانی پادشایانەوە، چاکبوونەوە، بەڵام لەهەمان کردەی ساڵی 1774دا 2400 کەس چاکبوونەوە[23]. وەك دیارە، دیموکراتیزەکردن لەدوای ساڵی 1870وە کێشەی شەرعیەت و تەیارکردنی هاوڵاتی دەکاتە کێشەیەکی زۆر گرنگ. بەلای حکومەتەکانەوە لایەنی سەرەکی لەهاوکێشەی دەوڵەت = نەتەوە = گەلدا، دەوڵەتە.

بەڵام ئەی دەبێت شوێن و پێگەی نەتەوە لەکوێدا بێت، یاخود ئەوەندەی پەیوەندی بەهاوکێشەی دەوڵەت = نەتەوە = گەلەوە هەیە، دەبێت شێوەی ریزکردنی لایەنەکانی چۆن بن، لەگوتاری تیۆرییانەی ئەوانەی، دوای هەموو شتێك، جێدەستی خۆیان بەشێوەیەکی زۆر تۆخ بەسەر سەدەی نۆزدەی ئەورووپاوە جێهێشت، بەتایبەتیش لەو ماوەیەی کە"پرەنسیپی نەتەوە" خەریتەکەی ئەورووپای بەشێوەیەکی زۆر تراژیدیانە گۆڕی، واتە لەماوەی نێوان 1830 بۆ 1880داو دەبێت گوتاری تیۆرییانەی بۆرژوازی لیبرالیزم و رۆشنبیرەکانی چیبێت؟ پێدەچێت ئەمانەی دوایی لەتوانایاندا نەبووبێت، تەنانەت ئەگەر ویستبێتیشیان، بیر لەگرفتی ئەو پەنجا ساڵە نەکەنەوە، کەتەرازووی هێزە ئەوروپاییەکانی تێدا گۆڕاو، دوو زلهێزی گەورە لەسەر بنەمای نەتەوەیی (ئەڵەمانیاو ئیتالیا) دەرکەوتن، لەگەڵ دابەشبوونی هێزی سێهەمیش لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە (نەمسا- مەجەری پاش رێککەوتنامەی 1867)، ئەمە جگە لەدانپیانان بەهەندێك قەوارەی سیاسی بچوك لەشێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا کەرەوشە نوێکە دەیخواست وەك چەند میللەتێك لەسەر بنەمای نەتەوایەتی هەبن، کەئەمەش لەرۆژئاواوە بەبەلجیکا دەستپێدەکات تادەگاتە دەوڵەتە میراتگرەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەباشوری رۆژهەڵاتی ئەورووپا (یۆنان، سربیا، رۆمانیا، بولگاریا)، هەروەها بەرپابوونی دوو شۆڕشی نەتەوەیی پۆلۆنیەکان کەخوازیاری دامەزراندنەوەی ئەو شتەبوون کەبۆیان وەك دەوڵەتی نەتەوەیی وابوو باوەڕیان پێیهەبوو. ئەمانە حەزیان بەوە نەدەکرد خۆیان لەمە لابدەن. چونکە بەوپێیەی والتەر باغهوت بێت: جوغزی جەوهەرییانەی گەشەسەندنی سەدەی نۆزدەهەم "دامەزراندنی نەتەوەکان- nation making"بوو[24].

بەهەرحاڵ، "سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا کەم بوو، بەڵام پرسیاری ئاشکرا ئەوەبوو کەچ گروپێك لەگروپە جۆربەجۆرەکانی دانیشتووی ئەورووپا دەکرێت، لەسەر ئەم بنەما یان ئەویتر، وەك نەتەوە بپۆلێنرێت"و دەوڵەتێکی چنگبکەوێت (یان جۆرێك لەدانپیانانی سیاسی و کارگێڕیی سەربەخۆی بدرێتێ)، یاخود کام دەوڵەت لەوانەی هەن لەهەموو خەسڵەتەکانی "نەتەوایەتی" تێربووە. رەنگە دروستکردنی خشتەیەك بۆ پێوەرەکانی بەنەتەوەبوونی شیمانەیی و دروستبوو، خزمەتێکی گەورەی ئەم ئامانجەمان بکات. ئێستا ئەوە یەکلابۆتەوە کەمەرج نییە هێندەی ژمارەی دەوڵەتەکان نەتەوەش هەبن و، پێچەوانەکەشی هەر راستە. لەم چوارچێوەیەدا پرسیارە بەنێوبانگەکەی رینان کەدەڵێت"بۆچی هۆڵەندە نەتەوەیە لەکاتێکدا هانۆڤەرو دۆقیەی پارمای گەورە وانین؟"[25] رستێك لێکۆڵینەوەی بەدوای خۆیدا ورووژاند. لەلایەکی تریشەوە سەرنجەکەی جۆن ستیوارت میڵیش لەمەڕ ئەوەی کەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستی بەوەیە کە(ئەلف) ماقوڵ و بەجێ بێت و (بێ)ش لەلایەن کەسانی سەر بەهەمان نەتەوەوە داواکراوبێت، ئەمیش کۆمەڵێك بابەتی تری ورووژاند. ئەم بابەتە تەنانەت بۆ نەتەوەپەرستانی ناوەڕاستی سەردەمی ڤیکتۆریش هەر بەمجۆرە بوو، ئەوانەی بچوکترین گومانیان لەسەر وەڵامی ئەم دوو جۆرە پرسیارە نەبوو، کاتێك ئەو دوو پرسیارە پەیوەندی بەنەتەوەی خۆیان یان ئەو دەوڵەتەوە هەبووبێت کەخۆیانیان تێدا بینیوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەوانیش هەستیان بەخۆیان کردبوو کەبەشێوەیەکی زۆر ساردوسڕ سەیری بۆچوونی نەتەوەو دەوڵەتەکانی تر دەکەن.

هەربۆیە، ساتێك ئەم خاڵە دەربازدەکەین، لەگوتاری لیبرالیانەی سەدەی نۆزدەهەمدا روبەڕوی نارۆشنییەکی زۆر سەیر دەبینەوە. ئەمە بەزۆری بۆ چارەسەری شکستخواردوانەی کێشەی نەتەوە ناگەڕێنرێتەوە ئەوەندەی پەیوەندی بەو گریمانەیەوەیە کەرونکردنەوەی ئەو کێشەیە بەهەند وەرناگیرێت و بەشتێکی زۆر

www.pertwk.com



رۆشـــن و ئاشـــكراى دەزانێـــت. لێـــرەوە زۆربـــەى تیۆرگـــەلى رزگاریخوازانـــەى (لیـــبرالى) نەتەوەكان، لەپەراوێزگەلى گوتارى نوسەرە لیبرالیەكانەوە دەردەكەون. لەمەش گرنگتر، دەبیـــنین زۆر زەحمەتـــە بەشـــێكى ســـەرەكى لـــەگوتارى تیـــۆرەى رزگـــاریخوازى بـــەهیچ كلۆجێك توێژینـــەوەى عـــەقلانى لەســـەر "نەتـــەوە" بكـات.. ئـــەركى ئێمـــە لـــەو بەشـــەى كەماوەتـــــەوە، دارِشـــــتنەوەى تیۆرەیـــــەكى بۆرژوازییانـــــەى رزگـــــاریخوازى پابەنـــــد بە"نەتەوە"وە، یـاخود گرتنەبـەرى ئـەو شـێوازەیە كەئاركیۆلۆژیستەكان بەمەبەستى بیناكردنـــەوەى رێگـــە بازرگانیـــەكانى پاشمـــاوەى گروپـــەكانى نەختینـــەى كـــانزایى، پیادەیانكردووە.

رەنگـــە چـــاكترین رێگـــە بـــۆ ئەمـــە، بـــەكارهێنانى چـــەمكى "نەتـــەوە" بێـــت لەكـــەمترین واتایـــدا، یـــان بـــابڵێین بـــەو واتایـــەى كـــەئادەم سمـــس لەناونیشـــانى كتێبـــە گەورەكـــەى(ســـامانى نەتـــەوەكان -و.ك)دا ئـــەم وشـــەیەى بـــەكارهێناوە، لەبەرئـــەوەى لەوپەڕى حاڵەتدا لەسیاقەكەى خۆیدا لەدەوڵەتێكى ناوچەیى زیـاتر نییـە، یـان ئەگـەر دەســـــتەواژەكەى "جـــــۆن راى – John Rae" وەربگـــــرین، كـــــەبیریارێكى زرنگـــــى ســـكۆتلەندییەو لەســـەرەتاكانى ســـەدەى نۆزدەهەمـــدا بەئـــەمریكاى بـــاكوردا گـــەڕاوەو رەخنەگرە لـە ئـادەم سمـس، : "هـەموو جالیەیـەكى سـەربەخۆ یـان كۆمەڵگەیـەك یـان دەوڵـەتێك یـان گـەلێك دەگرێتـەوە (ئەمانـە تـەنها چـەند زاراوەیـەكن و، ئەوەنـدەى پەیوەنـدى بەبابەتەكەمانـەوە هەیـە، دەكرێـت بەچـەند هاوواتایـەكیان بـزانین)"[26].

لەگەڵ ئەوەى گەورە هـزرى ئـابورى سیاسـى لیـبرالى لەپەیوەندییـەكى بەتینیشدا بێـت لەگەڵ بیریارانى چینى مامناوەندى لیبرالیەكاندا، بەڵام ئەوان بەشێوەیەكى تر سەیرى نەتەوە دەكەن، تەنانەت ئەگەر وەك جۆن ستیوارت میڵ، ئابورناسیش نەبن، یان وەك واڵتەر باغهۆت لەدەستەى نوسەرانى گۆڤارى ئیكۆنۆمیست نەبن. چاكترە ئەو پرسـیارە بكـەین كـەئاخۆ رێكـەوتى مێـژوویى وایكـردووە سـەردەمى كلاسـیكیانەى لیبرالیزمـى بازرگـــانى ئـــازاد هاوكـــات بێـــت لەگـــەڵ "دروســـتكردنى نەتـــەوەكان"دا، كـــەباغهۆت بەدیاردەیـــەكى چـــەقئامێزانەى ئـــەو ســـەردەمەى دەزانێـــت؟ یـــان تـــۆ بڵێـــى دەوڵـــەتى نەتـــەوەیى ئـــەرك و وەزیفەیـــەكى ئـــەوتۆى لـــەرەوتى گەشـــەى ســـەرمایەداریدا هـــەبێت؟ یاخود، لێكۆڵیارە لیبراڵە هاوچەرخەكان چۆن سەیرى ئەم وەزیفەیەیان كردووە؟



ئەوە لاى كەسى مێژونوس ئاشكرایە كەئەو ئابورییانەى بەسنورەكانى دەوڵـەت دەورەدراون رۆڵێكـــى گـــەورەیان هـــەبووە، لەحاڵێكـــدا ئـــابوریى جیهـــان لەســـەدەى نۆزدەهەمـدا زیـاتر ئابورییـەكى نێودەوڵـەتى International بـووە لـەوەى ئابوریـیـەكى كۆسمۆپۆلێتى cosmopolitan* بووبێت. تیۆرمەنـدانى سیستمى جیهانى هەوڵیانـداوە بیســـەلمێنن كەســـەرمایەدارى وەك سیســـتمێكى جیهـــانى global لەیـــەك كیشـــوەردا لـــەدایكبووە، نـــەك لەشـــوێنێكى تـــر، ئـــەویش رێـــك بـــەهۆى پلـــورالیزمى سیاســـى ئەوروپاییەوەیـە كەهیچى لـە"ئیمپراتۆریایـەكى جیهـانى" پێكنـەهێناوە یـان بەشـێك بـووە لـەو ئیمپراتۆریەتـە. گەشـەى ئـابورى لەسـەدەكانى شـازدە تـا هـەژدەدا لەسـەر بناغـەى دەوڵـەتى ناوچـەیى بـووە، كەهەریـەكێك لەمانـە، وەك یەكەیـەكى یـەكگرتوو، بەرەو سیاسەتگەلى ماركانتلى* دەچوون، تەنانەت ئەگـەر بەشـێوەیەكى رۆشـنتر لەسـەر سـەرمایەدارى جیهـانى سـەدەى نـۆزدەو سـەرەتاى سـەدەى بیسـتەم بـدوێین، ئەوكاتـە بەزمانى یەكە نەتەوەییە پێكهێنەرەكانى جیهانى پێشكەوتوو – پیشەسازى بـەریتانى، ئـابورى ئـەمریكایى- باسـى ئەمـە دەكـەین. سـەرمایەدارى ئەڵـەمانى جیاهەڵكـەوتوو لەسەرمایەدارى فەرەنسایى و... تـاد. لەماوەیـەكى درێـژى نێـوان سـەدەى هەژدەهـەم و سـالانى دووەم جـەنگى جیهانیـدا بۆشـایى و بـوارێكى زۆر بچـوك لـەئابورى جیهانـدا هـەبووە بـۆ ئـەو یەكـە بـان ناوچـەیى territorial–extra ، یـاخود بـان نـەتەوەییانـەى كـەرۆڵێكى گـەورەیان گێـڕا لەهێنانـەئاراى ئـابورى جیهـانى سـەرمایەداریداو، ئـەوەتا ئـــەمرۆ ســـەرلەنوێ ســـەریان دەركردۆتـــەوە: بـــۆ نمونـــە، وەك ئـــەو دەوڵەتۆكـــە سەربەخۆیانەى كەلایەنە ئابورییەكەیان لەقەبارەو كەرەستەكانیان بایەخدارتربووە – لۆبیك Lubeck و غێنت Ghent ى سەدەى چواردەهەم؛ یان سەنگافورەو هۆنگ كۆنگ

---

* كۆسمۆپۆلێتى cosmopolitan: جیهانى، واتـە نـەبوونى هـیچ جـۆرە ئینتمایـەكى نەتـەوەیى و خـۆجێیى و تـەنها هاوڵاتییەكى جیهانى دەگرێتەوە. و-ع

* ماركانتلى: سیستمێكى ئابورییەو بەشێوەیەكى سەرەكى پشتى بەسەرمایەى بازرگـانى بەسـتووەو هەمیشـەش جـەختى لەسەر هاوردنى كانزا پڕ بەهاكانى وەك ئـاڵتون و زیـو كردۆتـەوەو هـەبوونى بڕێكـى زۆر لـەم كانزایانـەیان بـەپێوەرى ئابورییەكى بەهێز زانیوە، هەروەها دەستخستنە كاروبارى دەوڵەتەوە بەمەبەستى رێكخستنى ژیـانى ئـابورى یـەكێكى تـر بووە لەپێودانگەكانى ئەم سیستمەو، دۆزینەوەكانى كۆلۆمبس و گەشتە دەریاییەكانى سەدەى شازدەهەم بۆ بەدەستهێنانى زێڕو كانزا پڕبەهاكان دەكەونە ئەم چوارچێوەیەوە.. و-ك

جارێکیتر لەئەمڕۆدا. بەچاوخشاندنێك بەسەر گەشەی ئابوری نوێی جیهاندا، ئەو قۆناغە دەبینین کەتێیدا گەشەی ئابوری بەشێوەیەکی تەواوکەرانە بە"ئابوریگەلی نەتەوەیی"یانەی ژمارەیەك دەوڵەتی ناوچەییەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش کەوتۆتە نێوان دوو سەردەمەوە کەسنوری نەتەوەییان بەزاندووە.

لەبەرئەوەی ئابوریزانە لیبرالەکانی سەدەی نۆزدەهەم، وەك چاوەڕێ دەکرا، بەهانەکانی ئابوری سیاسی کلاسیکییان پەسەند کردبوو، هەربۆیە بەلایانەوە زۆر گرانبوو کەتەنها ئەوەیان بۆ مابۆوە، لەڕووی کردارییەوە، نەك تیۆرەیی، دان بەگرنگی ئابوری نەتەوەکاندا بنێن، چونکە ئابوری سیاسی کلاسیکی، بەتایبەتیش ئادەم سمس، وەك ڕەخنەگرتنێك لە"سیستمی مارکانتلی" هاتبووەئاراوە، واتە وەك ڕەخنەگرتنێك لەو سیستەمەی کەحکومەتەکان تێیدا لەشێوەی چەند دەستەیەك ensembles مامەڵەیان لەتەك ئابورییە نەتەوەییەکاندا کردووەو، پێیانوابووە کەدەبێت ئەم ئابورییە بەهیمەتو سیاسەتی دەوڵەت پێشبخرێت. هەریەك لەبازرگانی ئازادو بازاڕی ئازاد ڕێکەوڕاست لەدژی ئەم جۆرە چەمکەی گەشەی ئابوری نەتەوەیی ئاراستەکرابوون، کەسمس پێیوابوو ئەمە بۆتە مایەی پەکخستنی بەرهەمهێنان counter- productive. لەبەرئەوە تیۆرەی ئابوری بەشێوەیەکی ناوازەو لەسەر بنەمای پرۆژەگەلی تاکیانە –کەسان یان کۆمپانیاکان- جیاکرابۆوە، کە(ئەوەی لێرەچاودەکرا ) بەشێوەیەکی لۆژیکی قازانجەکانیان پتر بکەنو زیانەکانیشیان لەبازاڕێکدا کەهیچ جۆرە درێژبوونەوەیەکی جێگەیی دیاریکراوی نییە کەمبکەنەوە، کەئەمەش لەوپەڕی حاڵەتیدا، تەنها لەتوانای بازاڕێکی جیهانیدایە بتوانێت ئەم کارە بکات. لەکاتێکدا ئادەم سمس بەرهەڵستی هەندێك لەو کارو فرمانە حکومیانەی نەدەکرد کەپەیوەندییان بەئابورییەوە هەبوو، هەروەها ئەوەندەشی مەسەلەکە پەیوەندی بەتیۆرەی گشتی گەشەی ئابورییەوە هەبێت، ئەوا هیچ جێگەیەك بۆ نەتەوە یاخود بۆ گردبوونەوەیەکی گەورەتر لەکۆمپانیا نەبوو، ئەو شتەی، کەهەر بەرێکەوت، نەببووە جێگەی پرسیاری زۆر کەس.

هەربۆیە (ج.ی.کیرنز J.E.Cairnes)، لەوپەڕی گەشانەوەی سەردەمی لیبرالیەتدا، دە لاپەڕەی تەرخانکرد بۆ توێژینەوەیەکی جیددی لەبارەی ئەو گریمانەیەی کەتیۆرەی بازرگانی نێودەوڵەتی بەشتێکی پێویست نازانێت، ئەمەشی بۆ ئەوەکرد تاوەکو بازرگانی نێودەوڵەتی لەهەر جۆرە بازرگانییەکی تری نێوان کەسەکان جیابکاتەوە[27]. کیرنز بەو دەرەنجامە گەیشت ، لەکاتێکدا ئاڵۆگۆڕە نێودەوڵەتییەکان هەتا دێت ئاسانتر دەبن، کەچی هێشتا چەند ناکۆکییەك لەنێودا ماوە لەسەر پەسەندکردنی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەمەڕ کێشەی بازرگانی نێوان دەوڵەتان. شۆنبێرگ Schonberg ی ئابوریزانی لیبرالی ئەڵەمانی بەگومانە لەوەی چەمکی "داهاتی نەتەوەیی" هیچ مانایەکی هەبێت. بەبڕوای ئەو، ڕەنگە ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕواڵەتیانە سەیری ئەم بابەتە دەکەن بتوانرێت باوەڕیان بەمە پێبکرێتو لەخشتە ببرێن، بەڵام ڕەنگە هەر زۆر زیاتر لەوەی هەیە پەشیمان ببنەوە وێڕای ئەوەی خەملاندنەکانی "سامانی نەتەوایەتی" بەزمانە نەختینەییەکەی هەڵشی تێدا بێت[28]. ئێدوین کانان Edwin Cannan پێیوایە ئەو "نەتەوە"یەی ئادەم سمس باسیدەکات تەنها لەو کەسانە پێکدێت کە لەسەر خاکی دەوڵەت دەژین، هەروەها کانان لەوەشی کۆڵییەوە کەئەمانە لەماوەی سەد ساڵی تردا دەمرنو ئەوکاتە مەحاڵە بتوانین باس لە"نەتەوە" بکەین وەك قەوارەیەکی هەمیشە زیندوو. بەڵام بەزمانی سیاسەت، ئەمە ئەوەی گەیاندووە کەباشترین ڕێگە بۆ بەشینەوەی کەرەستەکان لەڕێگەی بازاڕەوەیەو، ئەمەش لەمیانەی کارکردنی بازاڕەوەو بەشێوەیەکی خۆڕسکانە بەرژەوەندییە شەخسییەکان دەکەونە خزمەت بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ — ئەویش لەبەرئەوەی لەتیۆریەکەدا بواری فراوانبوون بۆ چەمکی وەك بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بەگشتی هەیە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، ساڵی 1834 "جۆن ڕای" کتێبێکی تایبەتی لەبارەی بۆچوونەکانی سمسەوە نوسی، بۆ ئەوەی بەپێچەوانەی سمسەوە بیسەلمێنێت کەبەرژەوەندییە شەخسیو نەتەوایەتییەکان یەکتر تەواو ناکەن، واتە ئەو پرنسیپانەی هانی تاك دەدەن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە شەخسیەکان نابنە مایەی زیادبوونی سامانی نەتەوەیی[30]. ناکرێت ئەوانە پشتگوێبخرێن کەبەبێ مەرج خۆیان نەدایە پاڵ ئادەم سمس، لەکاتێکدا تیۆرییە ئابورییەکانی ئەمانە لەتوانایاندا نەبووە کێبڕکێ لەگەڵ فێرگەی کلاسیکیدا بکەن. زاراوەی "ئابوری نەتەوەیی " تەنها لەفەرهەنگی ئابوری سیاسی پلاگرەیڤداو لەپەیوەندیدا لەگەڵ تیۆرەی ئابوری ئەڵەمانیدا دەرکەوتووە. لەکاتێکدا زاراوەی "نەتەوە" لەفەرهەنگی نوێی ئابوری سیاسی فەرەنسی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بزربوو[31].

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کام لەئابوریزانانی هەرە بێگەردی کلاسیکی نەیتوانیوە خۆی لەچەمکی ئابوری نەتەوەیی لابداتو بەکاری نەهێنێت. هەروەك مایکل شیڤالییێر (M.Chevalier)ی سەر بەرێبازی سان- سیمۆنی وەك مامۆستایەکی ئابوری سیاسی لەکۆلێژی دۆفرانس لەبەراییە وانەکەیدا بەلێبوردنو سلکردنەوە رایگەیاند کە: (ئێمە مەحکومین بەوەی دەبێت خۆمان بەبەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆییەوە سەرقاڵ بکەین، بەلاَم ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەمان لێناگرێت رەچاوی رەوشی تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیە نەکەین کەتێیدا دەژین)[32].

یاخود هەروەك لۆرد رۆبنز Lord Robbins بۆ جاری دووەمو لەسەر هەمان پێودانگی ئابوریزانانی سیاسی کلاسیکی رایگەیاند کە"بەڵگەیەکی زۆر کەم لەوبارەیەوە هەن کەئەوان بەرژەوەندی نەتەوەییان بەکردەوە تێپەڕاندووەو خستویانەتە خزمەت سیاسەتەوە، تەنانەت لەمەش کەمتر ئەوان ئامادەبوون بیر لەهەڵوەشاندنەوەی رایەڵە نەتەوەییەکانیش بکەنەوە"[33].

بەکورتی، نەیاندەتوانیو نەیاندەویست لەو "نەتەوە"یە دووربکەونەوە کەپۆرتەر Porter لەساڵی 1835وە بەرەودوا بەلەخۆباییەوە چاوەڕێی بالاَبوونی لێدەکرد، تائەو جێگەیەی پێیوابوو، کەئەو حەزیکردووە "لەوەی ئەو ئامرازانە بەدیبهێنێت کەپێگەیەکی بڵند دەداتە هەر کۆمەڵگەیەك لەنێو میللەتاندا"، مەبەستی ئەو لەدەستەواژەی "هەر کۆمەڵگەیەك" بریتییە لە"کۆمەڵگەی تایبەت بەمرۆڤ"[34] کەرەنگە ئەمەش پێویستی بەروونکردنەوەی لەوە زیاتر نەبێت.

لەراستیدا چۆن دەکرێت نکۆڵی لەبەرژەوەندییە ئابورییەکان یاخود تەنانەت لەبەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بکرێت؟ هەبوونی ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی دراوی تایبەت بەخۆیانو ماڵو موڵکی گشتینو خاوەنی سیاسەتو چالاکی داراییین، راستییەکەو هەیە. هەڵوەشاندنەوەی ئەم چالاکییە ئابوورییانە شتێکی ئەستەم بووەو، تەنانەت لای ئەوانەشی حەزیانکردووە دەستێخستنە ئابورییە زرەرمەندەکانی نەهێڵن. سەرباری ئەمە، تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی لایەنگرانی توندڕەوی پرەنسیپەکانی ئازادیش لەگەڵ مۆلێنتاریدا ئەوە پەسەند بکەن کە"دابەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ چەند نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەجەوهەردا دابەشبوونێکی ئابورییە"[35]. چونکە دەوڵەت — دەوڵەتی نەتەوەیی پاش شۆڕشەکان- پاش هەموو شتێك، ئاسایشو پاراستنی موڵکدارێتیو رێکەوتننامەکانی گرتبووە ئەستۆ. هەروەك جێی. بی. سێی — J. B. Say ، کەبەدژایەتیکردنی پرۆژە گشتییەکان ناسراوە لەو بارەیەوە دەڵێت: "هیچ نەتەوەیەك نییە بەبێ حکومەتێکی رێکوپێك ئاستێك لەدەوڵەمەندی پچڕپبێت"[36]. تەنانەت دەکرێت کاروبارەکانی حکومەت لەرێگەی ئابوری لیبراڵیو بەزمانی کێبڕکێی ئازاد، عەقڵانی rationalization بکرێنەوە. هەربۆیە مۆلینار سووربوو لەسەر ئەوەی کەدابەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوەکان کارێکی سوودبەخشە لەبەرئەوەی پەرەیەکی زۆر بەهێز بەپرنسیپی کێبڕکێی ئابوری دەدات"[37]. لەساڵی 1851دا پشتگیرییەکی زۆر بۆ ئەم بۆچوونەی مۆلینار پەیدابوو، تەنانەت بەبێ ئەو بەهانانەی ئەویش دەیهێنانەوە، تەنانەت گەشەی ئابوری بەکاری حکومەت نەدەزانرا. جێی. بی. سێی کەنەیدەتوانی ناکۆکییەکی نێوان نەتەوەو دراوسێکانی لەناکۆکییەکی نێوان دوو هەرێمی دراوسێ زیاتر ببینێت، گوتەیەکی زۆر نابەجێیە واتێبگەین کەئەو فەرەنسا —دەوڵەتو حکومەتی فەرەنسایی- تاوانبار کردووە بەوەی گەشە بەکەرەسە نیشتمانییەکانی خۆی نادات و لەبری ئەوە چاوی بڕیوەتە دەروازە دەرەکییەکان. بەکورتی، هیچ ئابوریزانێك نییە، تەنانەت ئەگەر سەربەرێبازی لیبرالیزمێکی زۆر توندڕەویش بێت، بتوانێت ئابووری نەتەوەیی نەك هەر پشتگوێ بخات بەڵکو تەنانەت لەبەرچاویشی نەگرێت. تەنها ئابوریزانە لیبراڵەکانن کەحەزیان نەکردووە، یاخود نەیانزانیوە کتومت وەك خۆی قسەی لەبارەوە بکەن.

بەلاَم ئەو ولاَتانەی لەهەوڵی گەشەپێدانی ئابوری نەتەوەییاندان لەدژی ئابوری خۆسەپێنەری بەریتانیا، ئەوەیان تێدا دەرکەوتووە کەبازرگانییە ئازادەکەی ئادەم سمس داوایکردووە سەرنج راناکێشێت. ئێمە نالێین کەخەڵکانی راڕا نییە بەرامبەر ئابووری نەتەوەیی وەك گشتێك. ئەوەبوو دواتر ناوی رای (Rae) سکوتلەندی — کەنەدی لەبیرکراو هاتە نیو ناوانەوەو چەند تیۆرەیەکی پێشکەشکرد کەئەمانە پێش هەردوو پرەنسیپەکەی دەستهەڵگرتن بوو لەهاوردنو تەکنەلۆژیا هاوردنەکەی لیژنەی ئابوریی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بەئەمەریکای لاتین لەپەنجاکاندا. بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەم بابەتە ئەلکساندەر هامیلتۆن (A. Hamilton) ی گەورە فیدرال لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەریەك لەنەتەوەو دەوڵەتی بەئابورییەوە بەستەوەو ئەم رایەڵەشی بۆ ئەوە بەکارهێنا تاوەکو بەهانە بۆ ئەو حکومەتە نەتەوەییە بەهێزە بهێنێتەوە کە لەدژی سیاسییە پلە نزمەکان پشتگیری

لێدەكرد. ئەو لیستەیەی پێیدەگوترا "رێوشوێنە نەتەوەییە گەورەكان"و دواتر نوسەری وتاری "نەتەوە" لەسەرچاوەیەكی ئەمریكایی تردا پشتی پێبەست، لیستێكی تەواو ئابووری بوو: دامەزراندنی بانكی دەوڵەتی، بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لەبەرامبەر قەرزەكانی دەوڵەت، بەدەستهێنانی قەرزێكی نەتەوەیی، پاراستنی پیشەسازییە نیشتمانییەكان لەرێگەی باجە گومرگییە زۆرو ئیجبارییەكانەوە. رەنگە ئەوەی نوسەری سەرسوڕهێن پێشنیاری دەكات راست بێت كەدەڵێت هەموو رێوشوێنەكان "بەمەبەستی گەشەپێدانی تۆوی نەتەوایەتی بێت"، یاخود رەنگە وەك ئەوە بێت كەهەندێك لەفێدرالییەكان بەكەمی باس لەنەتەوایەتی دەكەن‌و مشتومڕی زۆریان لەسەر ئابوورییە، ئەوو هەستی بەوەكردبوو كەئەگەر حكومەتی فێدرالی بایەخ بەگەشەی ئابووری بدات ئەوكاتە نەتەوە دەبێت خۆی خەریكی خۆی بێت. لەهەموو حاڵێكدا، دواجار نەتەوە ئابوری نەتەوەیی‌و بەهێزكردنی میتۆدەكەی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ دەستەبەركرا، ئەوەی كەدواتر لەسەدەی نۆزدەهەمدا رێبازی (پاراستن protectionism)* ی لەگەڵ خۆیداهێنا.

ئابوریزانانی بواری پەرەسەندنی ئەمریكایی سەدەی نۆزدەهەم، بەشێوەیەكی گشتی، زۆر لەوە سادەتر بوون بتوانن، وەك كاری Carey و ئەوانی تر، مەسەلەیەكی تیۆرەیی لەبەرژەوەندی هامیلتۆنییەت دابرێژن[39]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەكی زۆر روون‌و رەوان لەلایەن ئابوریزانانی ئەڵەمانی‌و لەسەروشیانەوە فریدریك لیست (Friedrich List)ەوە دارێژرا، ئەو كەسەی لەمیانەی نیشتەجێبوونی لەویلایەتە یەكگرتووەكان و لەبیستەكانی سەدەی نۆزدەهەم(1820)دا بەشێوەیەكی زۆر راشكاوانە بیروبۆچوونەكانی لەهامیلتۆنەوە وەرگرت.، ئەویش لەوكاتەی كەبەشداری لەمشتومڕەكانی تایبەت بەئابوریی نەتەوەیی كرد، كە لەو ماوەیەدا هەبوون[40]. ئەركی زانستی ئابوری بەلای لیستەوە، كە لەودەمەدا ئەڵمانەكان پێیاندەگوت "ئابوری نەتەوەیی" یاخود "ئابوری گەل" لەبری ئەوەی پێیبڵێن "ئابوری سیاسی"، خۆئامادەكردنیەتی بۆ چوونەنێو كۆمەڵگەی جیهانی داهاتوو[41]. وەختە مرۆڤ بڵێت كەئەو گەشەكردنە فۆرمی پیشەسازیی

* رێبازی پاراستن- protectionism: گرتنەبەری سیاسەتێكی داراییە بۆ پشتگیریكردنی بەرهەمی نەتەوایەتی لەرێگەی سەپاندنی باجێكی بەرز بۆ سەر ئەو كاڵاو شمەكانەی لەدەرەوە دەهێنرێن.

سەرمایەداری بەخۆوە دەگرێت، كەئەمەش بۆرژوازیەتێكی چالاك بەرەو پێشەوەی دەبات.

بەهەرحاڵ، بەپێی بۆچوونی ئێمە، ئەوەی لەبارەی لیست‌و "قوتابخانەی مێژووگەرایی" ئابوریزانانی ئەڵمانییەوە جێگەی سەرنجدانە ئەوەیەكە ئەویان بەسروشبەخشی خۆیان دەزانی- هەروەك ئەوەی نەتەوەییە ئابوریزانەكانی وەك ئەرسەر گریفیس لەئێرلەندە[41] كردیان- كەبەشێوەیەكی روون‌و ئاشكرا خاسیەتێكی جیای بۆ چەمكی "لیبرالی"یانەی نەتەوە دارشت‌و بێ مشتومڕ پەسەندكرا. دەبووایە ئەو نەتەوەیە خاوەن قەبارەیەكی ئەوتۆ بووایە بۆ ئەوەی یەكەیەكی پەرەسەندنئامێزی شایستە بەژیانی هەبێت. جائەگەر كەوتبێتە ژێر ئەو ئاستەوە، ئەوا ئەودەمە هیچ بەهانەیەكی مێژوویی ناوێت‌و ئەوەش زۆر لەوە روونتر دەبێت كەپێویستی بەسەلماندن بێت‌و، مەگەر چۆنها بووبێتە جێگەی مشتومڕ. بەپێی /فەرهەنگی سیاسی/ گۆرمێر پەیجزە Gormier Pages وە جێگەی گاڵتەجاڕییە كەبەلجیكاو پورتوگال دوو نەتەوەی سەربەخۆ پێكبهێنن، چونكە زۆر بچووكترن لەوەی كەپێویستە"[43]. جۆن ستیوارت میل پاساوی بۆ جۆش‌و خرۆشی نەتەوەیی ئێرلەندییەكان هێنایەوە بەوەی كەئەوانە هێندە زۆرن تا بتوانن نەتەوەیەكی بەرێز پێكبهێنن[44]. لەكاتێكدا هەندێكی تر، لەوانەش مازینی* Mazzini و كاڤۆر Cavour** (1810-1861) ، لەگەڵ ئەوەی دوو لایەنگری بیروباوەڕی نەتەوەیی بوون، كەچی دژایەتی ئەمەی ئێرلەندەیان كرد. ئەوەی راستی بێت، خودی فەرهەنگی ئینگلیزی نوێ New English Dictionary بۆ خۆی وشەی "Nation"ی بەو شێوە باوەی بەریتانیاو لەجۆن ستیوارت میلەوە پێناسە نەكردووە، بەڵكو بە"گردبوونەوەیەكی پەرش‌وبڵاوی ئەو خەڵكانە"ی داناوە كەخاوەنی چەند تایبەتمەندێتییەكی جیاهەڵكەوتووی پێویستن[45].

ئەوەتانێ لیست بەئاشكرایی رایدەگەینێت كە:

* مازینی Mazzini : 1805 -1872، شۆڕشگێڕو قارەمانێكی نەتەوەیی ئیتاڵیایی بوو، لەپێناو یەكخستنی ئیتاڵیای كۆماریدا تێكۆشاو خەباتی كرد.

** كاڤۆر Cavour ، پێشەوایەكی نیشتمانی ئیتاڵیایی بوو، بەداهێنەری راستەقینەی یەكخستنی ئیتاڵیا دادەنرێت.

(ژمارەی زۆروزەبەندی دانیشتوانو زەوی پانو بەرینو بەهرەمەند بەکەرەسەی نەتەوەیی هەمەجۆر، دوو مەرجی سەرەکین بۆ نەتەوایەتییەکی ئاسایی. بەڵام ئەو نەتەوەیەی ژمارەی دانیشتوانو زەوییەکەی کەم بێت، ئەگەر وایدابنێین خاوەن زمانێکی سەربەخۆش بێت، ئەوا دواجار جگە لەئەدەبێکی ئیفلیجو چەند دامەزراوەیەکی خواروخێچ بۆ هاندانی هونەرو زانست هیچی تری نابێت. هەرگیز دەوڵەتی بچوک ناتوانێت لەفۆرمێکی کامڵدا بوارە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێنان لەسەر خاکەکەی بەدەستبهێنێت)[46].

کەڵکە ئابوورییەکانی دەوڵەتانی گەورە Grosstaanet بەلای پرۆفیسۆر گۆستاف کۆن (Gostav Cohn )ـەوە لەمێژووی بەریتانیاو فەرەنسادا بەرجەستەبوونو، گومان لەوەدا نییە کەسوودو قازانجەکانیان لەوە کەمتر بووە کە یەک ئابوری جیهانی دەستەبەری دەکات، لەکاتێکدا، بەدبەختانە، یەکێتی جیهان هەتا ئەو دەمەش نەهاتبووەدی. لەو سەروبەندەدا، "هەموو ئەو شتانەی لەپێناو سەرجەم رەگەزی بەشەریدا چاوی تێدەبڕرا، ئەو شتە، لەو خاڵەدا، لەپێناو بەشێکی گرنگی مرۆڤایەتیدا بوو – واتە لەپێناو 30-60 ملیۆن دانیشتواندا "، ئەمەش وایدەخواست کەئایندەی جیهانی شارستانی بۆ ماوەیەکی درێژ شێوەی دەوڵەتانی گەورە (Grosstaatenbildung)[47] بەخۆوە بگرێت. ئێمە بەلاچاوێك سەرنجدەدەینە ئەو گریمانە هەمیشەییەی، کەپێیوایە چاکترین حاڵەتی "نەتەوەکان" لەوەدایە لەدوای یەکێتی جیهانەوە بێن، کەدواتر دێینەوە سەر ئەم باسە.

دوو ئەنجامی یەکبەدواییەك بەشوێن ئەو تێزەدا دێن، کە لەلایەن زۆرینەی بیریارانی سەرقاڵبوو بەم بابەتەوە پەسەندکراون، ئەگەرچی شێوەی پەسەندکردنەکە لەلای هەندێکیان شێوەیەکی زۆر راشکاوانەی بەخۆوەنەدیوە، وەك ئەوەی ئەڵمانەکان چەند پاساوێکی مێژووییان بۆ ئەم هەڵوێستەیان هێنایەوە.

یەکەم، مەسەلەکە وادەردەکەوێت کە"پرەنسیپی نەتەوایەتی" بەکردەوە تەنها بەسەر ئەو نەتەوانەدا بچەسپێت کەقەبارەیەکی گەورەیان هەیە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە پێغەمبەری ئەم پرەنسیپە، کەماتزینییە، باوەڕی بەسەربەخۆیی ئێرلەندە نەبووە، هەروەکچۆن هەمان بۆچوون بەرامبەر نەتەوە بچوکترەکانو نەتەوە شیمانەییەکانی وەك – سەقلی، بریتۆنیو وێڵزی، هەبووە، هەربۆیە ئەم بۆچوونەیان پێویستی بەوەیە زۆر بەهەند وەرنەگیرێت. ئەگەر بێینە سەر راستی، وشەی (پێرۆی دەوڵەتە بچوکەکان- Kleinstaaterei) هەر بەئەنقەست وشەیەك بووە بۆ گاڵتەپێکردنو، نەتەوەپەرستانی ئەڵمانی دانوویان لەگەڵیدا نەکوڵاوەو پێی قەڵس بوون. هەروەها وشەی "بەلقانیبوون- Balkanization" کەزادەی دابەشبوونی ئەو زەویانەیە پێشتر لەژێر سایەی ئیمپراتۆریای تورکیدا بوونو، دواتر چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی بچووکی جیاوازیان لێپێکهاتووە، بەڵام هێشتا وشەکە ئەو خاسیەتە خراپەی هەر پێوە ماوە. هەردوو زاراوەی (دەوڵەتانی گچکەو بەبەلقانیکردن) لەفەرهەنگی سووکایەتیکردنی سیاسیدا هەن. هەرچی "پرەنسیپی ئاستانە – مبدأ العتبە"یشە بەشێوەیەکی زۆر جوان باس لەنەخشەی ئەورووپاو ئەو نەتەوانەی داهاتوو دەکات کە مازینی لەساڵی 1857دا خەیاڵی لێکردوونەتەوە: کەتەنها چەند دەوڵەتو یەکێتییەکی لەخۆگرتووە؛ یەکێك لەو دەوڵەتانەش تەنها (ئاساییە ئەگەر بڵێین ئیتاڵیایە) وەك ئاشکرایە ئیتالیا بەپێی پێوەرەکانی دواتر[48] ناچێتە خانەی فرە نەتەوەوە. "پرەنسیپی نەتەوایەتی" لەفۆرمە ویلسۆنییەکەیدا کەپاش یەکەم جەنگی جیهانی باڵی بەسەر پەیماننامەکانی ئاشتیدا کێشا، بووە مایەی دروستکردنی ئەورووپای 26 دەوڵەت- یاخود 27 دەوڵەت ئەگەر دەوڵەتی ئێرلەندەی ئازادی بخەینەسەر کەدوای ماوەیەکی کورت پێکهات. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کەتەنها تۆژینەوەیەکی نوێ لەمەڕ بزاوتە ناوچەییەکانی ئەورووپای رۆژئاواوە ژمارەی ئەو دەوڵەتانە بۆ 46 دەوڵەت بەرزدەکاتەوە[49] و تێیدا ئەوەشی نیشاندابوو کەئەگەر واز لە"پرەنسیپی ئاستانە – the threshold principle" بهێنرێت دەبێت چی روودات.

بەهەرحاڵ، ئەو خاڵەی دەبێت دیاریبکەین ئەوەیە کەهیچ کەسێك نەبووە لەسەردەمی ناسیۆنالیزمی رزگاریخوازی کلاسیکییانەدا خەونی بەوازهێنانی ئەو پرەنسیپەوە دیبێت. دیاریکردنی مافی چارەنووس تەنها بۆ ئەو نەتەوانە بووە کەوا زانراوە توانای ژیانیان هەیەو: لەرووی رۆشنبیریو، ئابوورییەوە دەمێنن (جا ئەو توانای ژیانە کتومت چی گەیاندبێت گرفت نییە). تا ئەو ئاستە جیاوازی لەنێوان بۆچوونی مازینیو میلی لەلایەكو سەرۆك ویلسۆندا هەیە لەمەڕ دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەیی. لەمەودوا باس لەهۆکارە تایبەتییەکانی ئەوجیاوازییەی نێوان بۆچوونو بۆچوونێکی تر دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی هەتا ئێستا جێگەی سەرنجی بەردەوامە ئەوەیە کە بەتەواوی دەستبەرداری "پرەنسیپی ئاستانەیی" نەبوون، تەنانەت لەسەردەمی ویلسۆنیشدا. مانەوەی لۆکسمبۆرگو لیشتنشتاین بووە

www.pertwk.com

سەرچاوەی سووکە ئیحراجییەك، هەرچەندە ئەم دوو دەوڵەتە لەلایەن کەسانی پوول کۆکەرەوە پێشوازی لێکرا. هیچ کەسێك سەری ڕەزامەندی بۆ بوونی شاری دانزیگ Danzig ی ئازاد نەلەقاند، نەك لەو دوو دەوڵەتە دراوسێیەی کەهەریەکەیان دەیویست بیخاتە سەرخۆی‌و بێکات بەبەشێك لەخۆی، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەنێو ئەوانەدا کەوا هەستیان دەکرد ئەگەری ژیانکردن بۆ دەوڵەت- شار نییە لەسەدەی بیستەمدا، چونکە ئەمانە پێیانوابوو خۆ ئەمە کاتی کۆمەڵەی هانسیەت* نییە، پاشماوەی دانیشتوانی نەمسا، زۆرینەیان، حەزی دەکرد لەگەڵ ئەڵەمانیادا یەکبگرنەوە، ئەویش لەبەرئەوەی زۆر بەسادەیی نەیاندەتوانی باوەڕ بەوەبکەن دەوڵەتێکی بچووکی وەك دەوڵەتەکەی ئەوان بتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ بژی‌و خاوەن ئابوورییەکی ئەوتۆ بێت توانای ژیانکردنی هەبێت(lebensfahig). ئەمەش هەتا ساڵی 1945 روویندەدا، یاخود تەنانەت لەدوای نەمانی داگیرکەریش، ئەگەر دەرفەتمان بۆ ڕەخسا لەکۆمەڵگەی نەتەوەکانی وەك دۆمینیك یاخود ماڵدیف یاخود ئەندۆرادا.

دووەمین دەرەنجام کەلێیکەوتەوە ئەوەیە کەدامەزراندنی نەتەوەکان هەر تەنها وەك پرۆسەیەکی فراوانخوازیی process of expansion چاوی لێکراوە. ئەمەش هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەو شزوزەی لەحاڵەتی ئێرلەندی یان هەر خولیایەکی رووتی جیابوونەوەی نەتەوەیی تردا بەدیدەکرێت. دواجار، لەرووی تیۆرییەوە شتێکی بەجێیە ئەگەر گەشەی کۆمەڵایەتی ببێتەهۆی فراوانکردنی رووبەری یەکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤو، لەخێزان‌و تیرەوە بیانکاتە هەرێم‌و پاریزگار (کانتۆن)، لەناوچەوە بۆ هەرێم‌و نەتەوەو دواتریش بیکاتە جیهانی. هەربۆیە نەتەوەکان، کەئێستاش هەروان، تەنها ئەو کاتە باوەشیان بۆ پێشکەوتنی مێژوویی گرتۆتەوە چونکە بۆتە مایەی فراوانترکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەکاتێکدا شتەکانی تر هاوتابن.

(ئەگەر لەسەرمان پێویستی بکردایە بیروباوەڕمان لەشێوەی گریمانەیەکدا کورتبکەینەوە، دەمانگوت، ڕەنگە، پرەنسیپەکانی نەتەوەکان،

---

* کۆمەڵەی هانسیەت: پەیمانێکی بازرگانی نێوان شارەکانی باکوری ئەڵەمانیایە لەسەدەی سێزدەهەمدا دامەزرا بەئامانجی دەستگرتن بەسەر بازرگانی ناوچەی دەریای بەڵتیکدا. ژمارەی ئەو شارانەی لەسەدەی چواردەهەمدا پەیوەندییان پێوەکرد گەیشتە 70 شارو لەسەدەی پانزەهەمدا توانی دەست بەسەر بازرگانی باکوری ئەوروپادا بگرێت.. و-ع

بەشێوەیەکی گشتی، ڕەوا دەبێت ئەگەر لەهەموو لایەکەوە بەئاڕاستەی یەکخستنی گروپە پەرش‌وبڵاوەکانی خەڵك کاری بکردایە، بەڵام ڕەوا نەدەبوو ئەگەر بەرەو دابەشبوونی دەوڵەت ملبنێت)[50].

ئەمە لەدنیای واقیعدا بەو واتایە دێت کەبزووتنەوەکانی نەتەوایەتی هیوای ئەوەیان لێدەکرێت ببنە بزاوتگەلێك بۆ یەکخستنی نەتەوەیی یاخود بۆ فراوانبوون. هەربۆیە هەموو ئەڵەمانییەکان بەهیوای ئەوەوە بوون پێکەوە لەدەوڵەتێکدا، بەچەشنی یۆنانییەکان، یەکبگرن، هەرچۆن سرب‌و کرواتییەکان لەیە یۆگۆسلاڤیادا یەکدەگرن (کەهیچ پێشینەیەکی دیرۆکی نەبووە)، بەدوای ئەویشدا خەو بەیەکگرتنی ئەو بەڵقانەوە دەبینرێت کەبکەرەکانی هەتا ئێستا خوازیاری یەکێتییەکی گەورەتری بۆ دەکەن. کەئەمە هەتا هەڵایسانی دووەم جەنگی جیهانیش وەك ئیلتزامێك بەسەر شانی کۆمۆنیستەکانەوە مایەوە. دواتر چیك‌و سلۆڤاکییەکان یەکدەگرن‌و، پۆڵەندییەکانیش لەگەڵ لیتوانی‌و رۆثان (Ruthenes)ییەکاندا* دەبنەیەك کەبەدوایاندا دەوڵەتێکی گەورەیان لەپۆڵەندەی پێش دابەشکردن پێکهێنا – پاشتر رۆمانیۆ مۆلداڤیا لەگەڵ رۆمانیی والاچیاو ترانسلڤانیادا یەکدەگرن... هتد. بێگومان ئەمە لەگەڵ پێناسەگەلی نەتەوەکاندا نەگونجاوە کە لەسەر بنەمای ئەتنیك‌و زمان‌و مێژووی هاوبەش دیاریکراون، بەڵام هەروەك دیشمان، ئەو بەڵگانە دواجار ئەو شتە یەکلاکەرەوەیە نەبوون لەدروستکردنی نەتەوەی ئازاددا. بەهەرحاڵ، هیچ کەسێك نکۆڵی نەکردووە لەفرە نەتەوەیی راستەقینە یاخود فرە زمان یاخود فرە ئەتنیکی دێرینترین دەوڵەتانی نەتەوەیی ئەوتۆ کەهیچ گومانێك هەڵناگرن، هەروەك بەریتانیاو فەڕەنساو ئیسپانیا.

ئەو راستییەی کەدەوڵەتی نەتەوەیی، لەرووی نەتەوەییەوە، ناوێکچوو دەبن، بەم رێگەیە هەر هەموویان بەشێوەیەکی گەلێك ئاسان پەسەندکراو دەبن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەچەند بەشێکی زۆر لەئەوروپاو چەندینی تر لەجیهاندا هەن‌و نەتەوەکان بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا لەسەر هەمان زەمین تێکەڵاوبوون، بەجۆرێك تەنها بەگەڕانەوەیان بۆ زێدی باووباپیرانیان وەك شتێکی ناواقیعی لێدێت. ئەمەبوو

---

* رۆثان: خەڵکی ناوچەی رۆسینیان کەپێشتر کەوتبووە نێو ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە، لەساڵی 1919دا بۆتە هەرێمێك لەچیکۆسلۆڤاکیاو، ساڵی 1945یش بەشێك بووە لەئۆکرانیا .و-ع

بناغەی ڕاڤەکردنەکانی نەتەوە، وەك ڕاڤە مارکسییە نەمساوییەکەی دواتر، کەمەسەلەی نەتەوایەتی بەخاکەوە نەبەستەوە بەڵکو بەخەڵك (گەل)ییەوە گرێیدا. خۆ شتێکی ڕێکەوت نییە کەدەسپێشکەرییەکی لەو جۆرە لەناو پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی نەمساویدا لەلایەن سلۆڤینییەکانەوە پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێت، ئەو سلۆڤینیانەی لەناوچەیەکدا ژیاون کەبۆیان زۆر زەحمەت بووە ئەو ئۆردوگا سلۆڤێنیو ئەڵمانیانە هەڵبوەشێننەوە کەزۆرجار لەشێوەی هەرێمێکی دەورەدراو بەزەوییەکی بیانیانەی نێو چەند ناوچەیەکی دابڕاو enclaves یاخود ناوچەگەلێکی سنوورییانەی خاوەن شوناسێکی ناڕۆشن و گۆڕاودا هەبوون[51]. بەڵام دیسانەوە، وێکنەچوویی نەتەوەیی دەوڵەتی نەتەوەیی سەرباری هەموو شتێك شتێکی بەجێ بووە، چونکە ئەوە ئاشکرابوو کەنەتەوە بچوکەکان، بەتایبەتیش بچووك و دواکەوتووەکانیان، زۆر شتیان لەبەردەمدا بوو بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ نەتەوە گەورەکاندا یەکبگرن و لەرێیەوە بەشدارییەکانی خۆیان بۆ مرۆڤایەتی پەرەپێبدەن. میل دەڵێت "دەکرێت نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا یەکبگرێت یان تێیدا بتوێتەوە". ئەمەش دەبێتە دەسکەوتێکی مەزن بۆ نەتەوە دواکەوتووە نابوتەکان:

(کەس هاشوهوشی ئەوە نەکات کەبریتۆنییەك یان باسکییەك لەناڤارییەکی فەرەنسایی سوودمەندتر نابێت وەختێك ببێتە تاکێك لەنەتەوەی فەرەنسیو بەشێوەیەکی یەکسان دانیپێدا بنرێتو هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی هەبێت کەهاوڵاتییەکی فەرەنسایی هەیەتی لەوەی بەروویەکی عەبوسەوە لەداروبەردەکەی بڕوانێت، ئەو پاشماوە نیمچە هۆڤیو وەحشییەی چاخە دێرینەکان لەمێشکۆڵەکەیدا خولدەخوات، بێئەوەی هیچ بەشداریو بایەخدانێکی بۆ ڕەوتی گشتی جیهان هەبێت. هەمان تێبینی بۆ وێلزیو سکۆتلەندییەکانی سەر بەرزاییەکانیش ڕاستە، بەو سیفەتەی دوو تاکی سەر بەنەتەوەی بەریتانین)[52]

کاتێك دانبەوەدا نرا کەپێویستە لەسەر نەتەوەی سەربەخۆ یاخود "ڕاستینە"ش، بەپێی تۆمارەکانی سەردەمی خۆی، نەتەوەیەکی شایستە بەژیان بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەهەندێك لەنەتەوەو زمانە بچووکەکان مەحکومن بەوەی نەمێنن. چەندینجار فردریك ئەنگلز زۆر بەسەختی وەك گەورە شۆڤێنییەکی ئەڵمانی هێرشی کراوەتەسەر لەبەرئەوەی پێشبینی نەمانی چیکییەکانی وەك گەلێك کردووەو چەند توانجێکی گاڵتەجاڕییانەی لەداهاتووی چەردەیەك لەگەلانی تر گرتووە[53]. ڕاستە ئەنگلز بەهەق ئەڵمانییەکی لەخۆبایی بووەو گەلەکەی خۆی لەوانیدی بەپەسەندتر زانیوە، بەڵام تائەو جێگەیەی پەیوەندی بەکەلتووری شۆڕشگێڕانەوە هەیە. دیارە ئەنگلز لەهەمبەر چیکییەکانو هەندێك لەگەلانی تر زۆر هەڵە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەرووی جیاوازییەکی مێژوویی رووتەوە رەخنەی بکەین لەپێناو هەڵوێستی جەوهەرییانەیدا کەهەموو مرۆڤێکی بێگەردو ئەبستراکت لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بەخەیاڵیدا هاتووە. هەندێك لەنەتەوەو زمانە بچوکەکان هیچ دوارۆژێکی سەربەخۆیان نەبووە. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی شتێکی زۆر بەڵگەنەویستانە بوو، تەنانەت لای ئەوانەشی، لەرووی باوەڕو کردەوەوە، هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکیان بۆ رزگاری نەتەوەیی نەبوو.

هیچ بۆنێکی شۆڤێنی لەم هەڵوێستەدا نەبووە. چونکە هیچ دوژمنکارییەکی بۆ زمانو کلتوورگەلی قوربانیانی یاساکانی پێشکەوتن نەبووە (کەدیارە ئەو دەمە وایان پێدەگوت). بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەهەرشوێنێك سەروەری دەوڵەتی نەتەوەییو زمانی دەوڵەت نەبووبێتە جێگەی بگرەو بەردە ئەوا دەوڵەتە گەورەکە دەتوانێت نازی دیالێکتو زمانە بچووکەکانی ناو خودی خۆی هەڵبگرێتو چاوی لەنەریتە مێژوویيو فۆلکلۆرییەکانی ئەو کەمایەتییانەوە بێت کەچوونەتە پاڵی، ئەویش تەنها بۆ سەلماندنی ئەو شەبەنگە ڕەنگەی لەسەر تابلۆی مایکرۆ- نەتەوە هەیەتی. سەرباری ئەمەش، نەتەوە بچووکەکانو تەنانەت ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەشی ڕازیبوون بەوەی لەگەڵ نەتەوەیەکی گەورەتردا یەکبگرن و بەشتێکی باشیان زانیوە، یاخود –ئەگەر مرۆڤ ویستی- یاساکانی پێشکەوتنی پەسەندکرد- نەچووە ژێر باری هیچ بگرەوبەردەیەکەوە کەسازش نەکات لەنێوان هیچ کام لەکلتوری بچوك micro- culture و کلتوری گەورە macro- culutre وە، یاخود ڕاهاتبوو لەگەڵ ئەوەی گوێنەداتە بزرکردنی ئەو شتانەی لەگەڵ سەردەمی نوێدا ناگونجێت. ئەوە سکۆتلەندییەکان بوون نەك ئینگلیز کەچەمکی "باکوری بریتۆن" North Briton یان لەپاش یەکگرتنی ساڵی 1707 داهێنا[54]. یاخود هەر ئەوانەی بەزمانی ویلزی دەدوانو لایەنگرانیان بوون کە لەوێلزی سەدەی نۆزدەهەمدا گومانیان دەکرد لەوەی کەبشێت زمانەکەیان، کەئامرازێکی زۆر بەهێز بوو بۆ گەیاندنی شیعرو ئایین، وەك زمانێکی گشتی all-purpose بۆ ڕۆشنبیری سەدەی نۆزدەهەم دەستبدات، واتە ئەوانە خۆیان بڕیاریان لەسەر زەرورەتو خەسڵەتەکانی دوانەیی

www.pertwk.com

زمانەکەیان bilingualism[55] دا. گومانی تێدا نییە کەئەوان پەییان بەوە نەبردبوو کەبەریتانییەکان چ توانایەکیان هەیە لەهەڵبژاردنی ئەو کارەی دەیدەنە ئەو وێڵزییانەی بەئینگلیزی دەئاخڤن، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی لاوازکردنی رایەڵەی هاوسۆزییان لەگەڵ کەلەپووری کۆندا. تەنانەت ئەمە بەروونی لەنێوان ئەو کەسانەشدا دەردەکەوێت کەملیان دا بۆ ئەوەی زمانی (وێڵزی) لەداهاتوودا نەمێنێت، لەوانەش وەك "گریفیسز - Griffiths"ی قەشەی سەر بەکۆلیژی جیابۆوە، برکنۆك، کەخوازیاری ئەوەبوو لێگەڕێن گەشەی سروشتی رەوتی خۆی بگرێت:

(لێگەڕێن "زمانی وێڵزی" لەشایستەیی خۆیدا، بەبێ قڕەو شەرەفمەندانە، سەربنێتەوە، وێڕای گرێدراویمان پێیەوە تائەو رادەیە، بەڵام تەنها کەمێکمان ئارەزوویانە مەرگە شکۆدارەکەی دوابخرێت. هیچ قوربانییەك لەوە مەزنتر نییە کەنەهێڵین دووچاری کوشتن بێتەوە)[56].

دوای ئەوە بەچل ساڵ، کەسێکی تر لەگچکە نەتەوەیەکەوە، کارل کاوتسکی بیرمەندی سۆشیالیستی –بەرەچەڵەك چیکی- لەسەر هەمان پێودانگو بەزمانێکی دنەدەرانە، بەڵام بەشێوازێکی دڕدۆنگانە گوتی :

زمانە نەتەوەییەکان وایان لێدێت زێتر لەناوماڵەکاندا بەکارببرێن، تەنانەت وەك پارچەیەکی فۆلکۆری ناوماڵ سەیری دەکرێت، وەك شتێکی پیرۆزی لێدێت ئەگەرچی سوودێکی ئەوتۆشی نامێنێت)[57].

ئیدی ئەمە گرفتەکانی کەمایەتییەکان بوون کەدواڕۆژی سەربەخۆییان روون نەبوو، وەختبوو ئینگلیز بایەخ بەمەراقەکانی سکۆتلەندیو وێڵزییەکان بدات، کاتێك شانازییان بەو شتانەوە دەکرد کە لەدوورگەکانی بەریتانیاوە هێنرابوون. ئەوەی راستی بێت، هەروەك شانۆکارانی ئێرلەندە بەشێوەیەکی خێرا کەشفیانکرد، ئەوانەی شانازییان بەو نەتەوە بچوکانەوە دەکرد کەنەیاندابووە پاڵ نەتەوەی گەورە، ئەمانە بەئەندازەی جیاوازبوونی ئەدگارو رەفتاریان لەئینگلیز سروشتی ئێرلەندێتی Irishness و سکۆتلەندێتیان Scottishness تۆختر دەبوو، کەچوو بووە خوێنیانەوە.

بەهەمان شێوە سەرجەم نەتەوەپەرستانی ئەڵەمانیا* Pangerman، کاریان بۆ ئەوە دەکرد ئەدەب بەزمانی ئەڵەمانی یاخود زمانی فریزی Frisian بەرهەمبهێنرێت، دوای ئەوەی هەر یەك لەو دوو زمانە بەشێوەیەکی بێدەنگ کورتکرانەوە بۆ دوو زمانی پاشکۆ لەبری ئەوەی ببنە دوو زمانی پێشبڕکەری زمانی ئەڵەمانی باڵا، هەروەها نەتەوەپەرستانی ئیتاڵیایش شانازییان بەبێڵی Belli و گۆڵدۆنی Goldoni و ئەو سترانو گۆرانیانەوە دەکرد کەبەزمانی ناپۆلی دەگوتران. هەر لەم چوارچێوەیەدا بەلجیکای فرەنکفۆنی گازندەی لەو بەلجیکییانە نەدەکرد کەبەزمانی فلامنگی دەدوانو دەیاننوسی، نەخێر بەڵکو Flamingants ئەوانە بوون کەبەرەنگاری زمانی فەرەنسی بوونەوە ( ئەوانەی بەزمانی فلامنگی دەدوان، لەبنەچەدا وشەکە فەرەنسییە. و-ع). ئەوەی راستی بێت چەند نموونەیەك هەن کەتێیدا نەتەوەی سەرکردە یاخود Staatvolk* هەوڵیداوە بەکردەوە زمانو کلتووره بچوکترەکان بنەبڕ بکات، بەڵام ئەمە هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش زۆر بەدەگمەن لەدەرەوەی فەرەنسادا روویداوە.

بەمچەشنە هەندێك گەلو نەتەوە هەرگیز حیسابی ئەوەیان بۆ نەکراوە ببنە نەتەوەگەلی تەواو لەکاتێکدا هەندێکی تریان توانیویەتی یاخود لەوانە بووە کەبتوانێت سیفەتی نەتەوەی تەواو بەدەستبهێنێت. بەڵام ئەوە کامیان بوو توانی دواڕۆژ بۆ خۆی مسۆگەربکاتو کامەشیان نەیتوانی؟ ئەو مشتومڕانەی لەبارەی ئەو تایبەتمەندێتیانەوە دەکرا کەنەتەوە- هەرێم، زمان، ئیتنیك پێکدەهێنن، نەیانتوانی بارەکە ئاسان بکەن. "پرەنسیپی ئاستانە" بەشێوەیەکی سروشتی کەڵکێکی زۆری هەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی چەند گەلێکی بچووکی نەهێشت، بەڵام هەروەك دیمان شتێکی بنەبڕو یەکلاکەرەوەش نەبوو، چونکە چەندین "نەتەوە" هەبوون کەبەقەبارە گەورە نەبوونو ژیاشن. لەوانەش بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانی وەك بزاڤی ئێرلەندی کەبووە مایەی دابەشکردنی بیروڕاکان لەمەڕ ئەوەی کەئاخۆ دەتوانێت دەوڵەتێکی

* نەتەوەپەرستانی ئەڵەمانیا Pangerman : لایەنگرانی ئەو بزاڤەی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوتو بانگەوازی بۆ یەکبوونی هەموو ئەوانە دەکرد کەبەزمانی ئەڵەمانی دەدوێن، بچنە ژێر سایەی یەك فەرمانڕەوای ئەڵەمانییەوە.)

* Staatvolk گەلی دەوڵەتدار، ئەم چەمکە لەبنەچەدا بەزمانی ئەڵەمانییە.

www.pertwk.com

نەتەوەیی چێبکات کەدەرفەتی ژیانی لەبەردەمدا بێت. ئامانجی سەرەکی پرسیارەکەی ڕێنان لەبارەی هانۆڤەرو گەورە دۆقنشینی بارما، لەسەروو هەموو شتێکەوە بۆ بەراوردکردنیان نییە لەگەڵ هەموو نەتەوەیەکدا، بەڵکو لەگەڵ ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی تردایە کەهێندێك گەورەن، بەزەوییە نەوییەکان (هۆڵەندە)و سویسرا. دواتر دەبینین کەدەرکەوتنی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بەپاڵپشتی جەماوەر جێگەی تێڕامانەو پێویستی بەپێداچوونەوەیەکی جەوهەرییانەی ئەحکامەکانە، بەڵام لەسەردەمی لیبرالیزمی کلاسیکیدا، کەمێکیان، لەدەرەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەکردەوە هەتا ئەو دەمە، خوازیاری ئەوە بوون، وەك چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی، دانیان پێدابنرێت، کەجیاواز بێت لەهەموو ئەو داخوازییانەی بۆ ئۆتۆنۆمی بەرزکراونەتەوە. مەسەلەی ئێرلەندە لەو ڕووەشەوە حاڵەتێکی دانسقەو بەدەگمەنە- لەهەموو بارێکدا لەگەڵ دەرکەوتنی شین- فیندا وایلێهات کەداوای کۆمارێکی ئێرلەندی دەکەن کەبەهەموو شێوەیەك لەبەریتانیا سەربەخۆ بێت.

ئەوەی بەکردەوە گەلێك بەتەواویی دەخاتە خانەی نەتەوەوە سێ مەرجە، هەمیشەش بەو مەرجەی ئەو گەلە هێندە گەورەبێت کەبتوانێت "پرەنسیپی ئاستانە" لەسەر خۆی لابەرێت. بەڵگەی یەکەم ئەوەیە پەیوەندی مێژوویی بەو دەوڵەتەی ئێستایەوە یاخود بەدەوڵەتێکی خاوەن رابوردویەکی زۆر دێرین یان نوێوە هەبێت. بۆ ئەمە مشتومڕێکی زۆر هەبوو لەسەر هەبوونی گەلێکی نەتەوەیی ئینگلیزی یاخود فەرەنسی، یاخود لەمەڕ هەبوونی گەلێکی روسی (مەزن) یاخود لەبارەی هەبوونی پۆڵەندییەکانەوە، لەکاتێکدا قسەوباسێکی کەم لەدەرەوەی ئیسپانیا هەبوو سەبارەت بەهەبوونی نەتەوەیەکی ئیسپانی خاوەن تایبەتمەندێتی نەتەوەیی ئاشکرا[58]. چونکە بەپێی پێناسەی نەتەوە لەرێگەی دەوڵەتەوە، بۆ بیانییەکان شتێکی سروشتی بوو بانگهێشتی ئەوە بکەن کەتاکە گەلێکی نێو وڵاتێك ئەوانەن کەسەر بەگەلی دەوڵەتدارن state people ، ئەمەش هەمیشە سکۆتلەندییەکان جاڕز دەکات.

مەرجی دووەمی بریتییە لەبوونی نوخبەیەکی ڕۆشنبیری دێرین کەخاوەنی زمانێکی خۆماڵی، وێژەییو کارگێڕیی نەتەوەییانەی نوسراو بێت. ئەم بەڵگەیە بناغە بوو بۆ بانگەوازەکانی بەنەتەوەبوون nationhood ی ئیتاڵیاییو ئەڵمانی، سەرباری ئەوەی هەردوو "گەل"ی دیاریکراو هیچ دەوڵەتێکیان نەبووە تاوەکو ناسنامەی خۆیانی پێدیاریبکەن. لەهەردوو حاڵەتەکەدا زمانی ڕۆژانەی خەڵك تەنها لەلایەن کەمایەتییەکی کەمەوە بەکارهێنراوە؛ لەئیتاڵیای ساتەوەختی یەکگرتندا ئەم ڕێژەیە بە2.5٪ مەزندە دەکرێت[59]، لەکاتێکدا ئەوەی ماوەتەوە بەزمانە ناوچەییە رەشۆکییە idiom جیاوازەکان قسەیانکردووە کەبۆ ئەوە دەستیان نەداوە یەکتری تێبگەیەنن[60].

ئەوەشی توانای جێبەجێکردنی مەرجی سێهەمی هەیە، بۆ بەدبەختی، داگیرکاری دەرەکییە. شتێك نییە وەك ئەوەی گەل بەئیمپریالی ببێتو کۆمەڵگەیەك population لەئاست بوونی بەکۆمەڵی خۆیدا هۆشیار بکات، هەروەك /فردریك لیست/ باش تێیگەیشتووە. هەروەها داگیرکاریی، لەماوەی یەدەی نۆزدەهەمدا، ئەو سەلماندنە داروینییەی لەمەڕ باڵادەستی گەشەسەندنەوە پشتڕاستکردەوە وەك ئەوەی جۆرێکی کۆمەڵایەتییە – Social Species .

هەروەها دوو فیلتەری تریش بۆ نەتەوەبوون هەبوون کەهەروا بەئاسانیو پێشوەخت دوورنەخراونەتەوە، ئەگەرچی پێشوەخت هیچ دانێکی خێریشیان پێدا نەنراوە. رەنگە رەوتی زۆر هێمنانەیان ئینتماکردن بووبێت بۆ قەوارەیەکی سیاسی کەئەویش بەپێی پێوەرە لیبرالییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شتێکی شازو دابڕاوو مەحکوم نەبێت بەمێژووی پێشکەوتن. لەو نێوەدا ئیمپراتۆریای عوسمانی ئاشکراترین پەرەسەندنی لەو چەشنەی بەخۆوەدیوە، ئەگەرچی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ لەم بوارەدا لەو کەمتر بووبێت..

بەمجۆرە، وێناکانی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی بەلای ئایدیۆلۆجیستەکانی سەردەمی لیبرالیزمی بۆرژوای سەرکەوتووەوە: بابڵێین لەساڵی 1830 یەوە بۆ ساڵی 1880، بەشێك بووە لەئایدیۆلۆژیای لیبرالیزم، ئەمەش بەدوو رێگە؛ یەکەمیان، مادامەکی سەرهەڵدانی نەتەوەکان بەجۆرێك بوو گومانی ئەوەی نەهێشتبۆوە بەوەی کەئاستێکە لەقۆناغەکانی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەگروپی بچوکەوە بۆ گروپی گەورەتر، لەخێزانەوە بۆ تیرەو هۆزو لەوێشەوە بۆ ناوچەو پاشان نەتەوە، دوای ئەمەش لەداهاتوودا بەرەو جیهانێکی یەکگرتوو ملدەنێت کەتێیدا (با ئاماژە بەگوتە رواڵەتیو نمونەییەکەی ج. دیکنسۆن Dickinson بدەین) "ئەو بەربەستە نەتەوەییانەی مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ تافی منداڵێتی رەگەزی مرۆڤ چیدی لەژێر خۆری بەتینی زانستو هونەردا بەرەو توانەوە دەڕۆن"[61].

ئەمە ئەو جیهانە بوو کەمەزەندەی ئەوەی لێدەکرا تەنانەت لەرووی زمانیشەوە یەکگرتووبێت، کەدیارە بوونی زمانێکی یەکگرتووی جیهانی لەپاڵ چەند زمانێکی تری نەتەوەییدا وادەکات رۆڵیان کەمبێتەوە بەجۆرێك ئەمانەی دوایی ببنە چەند دیالێکتو شێوەزارێکی ناوماڵەکانو سۆزداریی، کەئەمەش بەمێشكو خەیاڵی هەریەك لەئۆلیسسیس س. گرانتو کارل کاوتسکیشدا هاتووە. وەختێك ئێستا سەیری ئەو پێشبینیانە دەکەین هەستدەکەین بەوەی لەراستییەوە دوور نەبوون، لەکاتێکدا هەموو ئەو هەولانەی، لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا، دەدرێن لەپێناو دامەزراندنی چەند زمانێکی جیهانی دەستکردو خۆیان لەشێوازی جفرەی بروسکەییو ئاماژەی نێودەوڵەتی هەفتاکاندا دەنوێنن، بەگشتی لەئەرزی واقیعدا شکستیانخوارد، تەنها یەکێکیان نەبێت کەزمانی ئێسپێرانتۆیە Esperanto*، هێشتا گرۆتینێکی کەمی لەنێو هەندێك وردە گروپی خرۆشەردا ماوەو لەژێر چاودێری هەندێك لقی جیابۆوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی سۆشیالیستی ئەو دەمەدا بوون. لەلایەکی ترەوە، گومانە بەجێکەی کارل کاوتسکی لەهەمبەر ئەو جۆرە هەولانەو پێشبینیکردنی ئەوەی کەیەکێك لەزمانەکانی دەوڵەتە گەورەکان دەبێتە زمانێکی جیهانی، لەسەر ئەرزی واقیع defacto و بەکردەوە راستێتی خۆی سەلماند. ئەوەتا ئینگلیزی بۆتە ئەو زمانە جیهانییە، ئەگەرچی خۆیلەخۆیدا تەواوکەری زمانە نەتەوەییەکانە زیاتر لەوەی جێیان بگرێتەوە.

کەواتە لەروانگەی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمەوە، نەتەوە (مەبەست لەو نەتەوەیەیە کەتوانای ژیانکردنی هەیە) قۆناغێکی گەشەسەندن بووەو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە گەیشتۆتە ئاستی پێگەیشتنی خۆی. هەروەك دیشمان، دیوەکەی تری دراوەکە "نەتەوە وەك پەرەسەندن- Nation as Progress" لەرووی لۆژیکییەوە بریتی بوو لەوەی جڤاتو نەتەوەی بچووك برژێنە نێو کۆمەڵو گەلانی گەورەترەوە. ئەمە نەیکردۆتە ئەوەی کەدەبێت ئەوانە دەستبەرداری وەلائو سۆزە دێرینەکانیان بن، کەرەنگە ئەوەش روویدابێت، بەتایبەتی لای ئەوانەی جوگرافیا بەجێدەهێڵنو باری کۆمەلایەتییان گۆڕانی بەسەردێت، یان ئەوانەی لەهەموو رابوردویاندا تۆزقاڵێك شتی

* ئێسپێرانتۆ Esperanto زمانێکی نێودەوڵەتی داهێنراوەو لەچەند وشەیەکی هاوبەشی زمانە ئەوروپاییە سەرەکییەکان پێکهاتووە. و-ع

دڵخۆشکەر نادۆزنەوە تاوەکو یادیبکەن، دیارە کەسانێکی لەمجۆرە ئامادەن واز لەو سۆزە بهێنن. ئەمەش زیاتر لەلای جولەکەکانی سەر بەچینی ناوەندی ئەو ولاتانە رویدا کەتێیدا یەکسانییەکی تەواویان بەهۆی وەرگرتنیانەوە دەستەبەر کردبوو — پاریس لە شا هێنری چوارەم زیاتر یەکسانی بۆ جەماوەر فەراهەمکردبوو- تا ئەو دەمەی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم ولاتە ئەوەی بۆ دەرکەوت کەمەسەلەکە تەنها بەوەوە ناوەستێت ئامادەباشییەکی بێ سنووری هەبێت لەوەرگرتندا، ئەوەندەی مەسەلەکە وەستاوەتە سەر ئەوەی تا چەندێك نەتەوەی وەرگیراو ئامادەیی تێدایە سەرلەبەری نەتەوەی وەرگر پەسەند بکات. بەلام نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کەویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز ئەو تاکە دەوڵەتە نەبووە کەبەشێوەیەکی ئازادانە مافی ئەندامێتی" نەتەوە"ی بەخشیبێتە هەر کەسێك خواستبێتی سەر بەوبێت، لەکاتێکدا "نەتەوەکان" بەشێوەیەکی ئاسانتر لەچینەکان دەرگایان خستۆتەسەرپشت. نەوەکانی پێش ساڵی 1941 سیخناخن بەشۆڤێنیەتی ئەو نەتەوە گەورانەی کەباوکەکانیان، چ جای دایکیان، بەزمانی نەتەوەی هەڵبژاردە بۆ رۆڵەکانیان نەدواون، ئەوانەشی ناوەکانیان ئەڵەمانی- سلاڤی یاخود ئەڵەمانییەکی بەمەجەریکراو Magyarized یاخود سلاڤی بووە، شێوەیەکی ئارەزومەندانەیان پێوە دیاربووەو، پاداشتەکانی ئیندماجکردنیان زۆر باشو بەکەڵك بووە.

بەلام نەتەوەی مۆدێرن بەرێگەیەکی تردا بەشێك لەئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمی پێکهێناوە، بەسەرجەم دروشمە گەورە لیبرالیەکانەوە گرێدراوە، ئەویش زیاتر لەرێگەی رێکردنێکی دورودرێژەوە نەك لەزەرورەتێکی لۆژیکییەوە بێت: وەك گرێدانەکەی ئازادیو یەکسانی بەبرایەتییەوە. بەواتایەکی تر، لەبەرئەوەی نەتەوە لەرووی مێژووییەوە نوێیە هەربۆیە لەلایەن پارێزگارانو سەلەفیەکانەوە دووچاری بەرهەڵستکاری هاتو لەهەمانکاتدا دوژمنەکانیشی بەلای خۆیدا راکێشا. دەکرێت رێکردنی نێوان ئەو دوو هێڵە فیکرییە بەنمونەی ئەو کەسایەتییە ئەڵەمانییە ئایدیالە راڤە بکەین کەبانگەشەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئەڵەمانی Pan-Germany لەنەمسادا دەکاتو، خۆشی لەناوچەیەکی پڕ لەکێشەو ململانێی توندی نەتەوەیی وەك مۆرافیادا لەدایکبووە. ئارنۆڵد پیچلەر(63) Arnold Pichler کەبەوپەڕی فیداکارییەوە لەهێزی پۆلیسی ڤییەننادا خزمەتیکردووەو هیچکام لەئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی سالانی 1901 بۆ 1938 نەیانتوانیوە پەرێزی بکەونو بیخەن، کاتی

www.pertwk.com

خۆشیو هەموو ژیانی هەر بەو شێوەیەو وەك ئەڵمانییەكی نەتەوەپەرست لەدژی چیكو سامیەت مایەوە- لەگەڵ ئەوەی دژایەتی بارودۆخی هەموو جولەكەكانی دەكرد لەسەربازگە زیندانییەكانداو هاوڕێ دژ بەسامییەكانی گەواهی ئەمەی لەسەر دەدەن[64]. لەهەمانكاتدا خۆڕاگرێكی بەهێزبوو لەبەرامبەر پیاوانی كڵێساداو تەنانەت لەسیاسەتیشدا لیبرال بوو، بەجۆرێك بەشداری لەهەموو یادو بۆنەكانی رۆژنامە هەرە لیبرالییەكانی ڤییەنناى كۆماری یەكەمدا دەكرد. لەنوسینەكانیدا هەریەك لەناسیۆنالیزمو بیركردنەوەی ئیۆجینی Eugenics * تێكەڵ بەحەماسەتی شۆڕشی پیشەسازی دەكرد، كە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە، بۆ ئەوەی جڤاتێك لە"هاوڵاتیانی جیهان - Weltburger" بخولقێنێت، ئەو شۆڕشەی هەموو جیهانی كردەوە لەبەردەم ئەو بەندكراوانەی لەرابوردودا لەناوچە گۆشەگیرەكان خزێنرابوونو سنوری تێفكرینیان لەسنوری شارە بچوكەكان تێنەدەپەڕی یاخود بەهۆی قەڵای كڵێساوە ئاسۆی روانینیان سنوردار كرابوو[65].

ئیدی بەمجۆرە هەریەك لە"نەتەوە" و "ناسیۆنالیزم" هەروەك بیریارانی لیبرالیش لەترۆپكی لیبرالیزمی بۆرژوازیدا بینییان، لەو سەردەمەی "پرنسیپی نەتەوایەتی"ش بۆ یەكەمینجار وەك بابەتێكی گەورەی سیاسەتی نێودەوڵەتی چاویلێكرا. وەك دەشبینین، ئەم چەمكە لەروویەكی سەرەكییەوە جیاواز بوو لەچەمكی دیاریكردنی چارەنوسی نەتەوەیی ویلسۆن، چونكە ئەمیشیان لەڕووی تیۆرییەوە، كتومت هەر ئەو پرنسیپە لینینیە بوو كەئەوساشو ئێستاش باڵادەستە بەسەر هەموو ئەو دۆزانەی لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەئارادان.

خۆ نەبێت ئەم پرنسیپە مەرجدار نەبووبێت، بەو واتایەی ئەویش لەو تێڕوانینە رادیكالە- دیموكراتییە نەچووە كە لەراگەیاندنی شۆڕشی فەرەنسیدا گوزارشتی لێكراوە سەبارەت بەو مافانەی كەپێشتر باسكراونو بەشێوەیەكی زۆر تایبەتیانە "پرەنسیپی ئاستانە - العُتبة" ی رەتكردۆتەوە. بەرهەرحاڵ، ئەو نەتەوە بچوكانەی مافی سەروەرییو دیاریكردنی چارەنوسیان هەبووە، هەر ئەوەندەیان پێڕابینیونو، لەڕووی پراكتیكیو بەهەمووان لەلایەن دەورودراسێ زەبەلاحەكانو

* ئیۆجینا ugenics : زانستی چاككردنی ئەو رەچەڵەكەیە كەنازییەكان سوودیان لێوەرگرت بۆ پاساودانی بۆچوونە رەگەزپەرستیەكەیانو ئەو شاڵاوی پاكتاوكردنە ئەتنیكییەی بەرپایانكرد. و-ع

چاوچنۆكەكانیانەوە رێگەیان پێنەدراوە مومارەسەی هیچ كام لەم مافانە بكەنو، بەلای زۆربەشیانەوە، كەزۆریان خۆیان بەلایەنگری پرنسیپەكانی 1795 دەزانن، كانتۆنە شاخاوییە ئازادەكانی سویسرایان هەر بەبیریشدا نەهاتووە، كەزۆر دووربوون لەمێشكی خوێنەرانی ئەو جان جاك رۆسۆیەی جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤی لەو سەردەمەدا دارِشت، دواتریش هێشتا لەنێو ئەو كۆمەڵگەیانەدا سەروبەندی ئەو بزاوتە چەپانە نەهاتبوو ئاراوە كەخوازیاری ئۆتۆنۆمی بوون یاخود ئەو بزووتنەوانەی داوای سەربەخۆییان دەكرد.

لەروانگەی لیبرالیزمەوەو بگرە نەك تەنها لیبرالیزمیشەوە – هەروەك ماركسو ئەنگڵزیش دەیسەلمێنن- ئەو خواستەی لەپێناو "نەتەوە"دا بەرزركراوەتەوە گوزارشتی لەقۆناغێك لەقۆناغەكانی گەشەی مێژوویی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی كردووە، لەگەل ئەو خواستەی بۆ دامەزراندنی هەر دەوڵەتێكی نەتەوەیی بەرزكراوەتەوە بەبێ گوێدانە خولیای تاكەكانی ئەو نەتەوەیە، یان هەستو سۆزە كەسێتییەكانی چاودێر، بەڵكو هەردوو خواستەكە پشتیان بەستووە بەوەی كەداخۆ دەتوانن نەتەوە وادەربخەن هاوشان یاخود پێش گەشەو پەرەسەندنی مێژووییانەیان بكەوێت. هەموو ئەو ئیعجابە زۆرەی بۆرژوازیەت لەبەرامبەر دانیشتوانی دەشتاییەكانی سكۆتلەندەدا هەیبوو، ئەوەندەی من دەیزانم، پاڵی بەتاكە نوسەرێكەوە نەنا بۆ ئەوەی داوای نەتەوەبوونیان بۆ بكات، تەنانەت بەو كەسە سۆزدارانەشەوە كە لەژێر سایەی بۆنی برینس چارلیدا پرسەیان بۆ شكستی گەڕانەوەی ستیوارت راگەیاند، لەكاتێكدا پیاوانی نێو تیرەكانی دەشتایی نشین لایەنگرە سەرەكییەكانی چارلییان پێكدەهێنا.

بەڵام خۆ ئەگەر تاكە بەهانەهێنانەوە بۆ ناسیۆنالیزم، لەرووی مێژووییەوە، ئەوەبێت كەخرۆشو خولیا نەتەوەییەكەی لەپاڵ ئەو پەرەسەندنەدا رێدەكات كەبواری كاركردنی بۆ ئابوورییەكان، كۆمەڵگەكانو كلتورەكانی مرۆڤایەتی فراوانكردووە، نەك تەسكی بكاتەوە، ئەی داخۆ بەرگریكردنی گەلە گچكەو كەلەپوورە بچووكو زمانەكانی نەتەوە بچوكەكان، لەزۆربەی حاڵەتەكاندا، چیبن جگە لەبەرەنگارییەكی خۆپارێزانە بەڕووی پێشكەوتنی حەتمیانەی مێژوودا؟ كەواتە نەتەوەگەلی بچوك یان خاوەن زمانگەلی بچوك، یاخود ئەوانەی خاوەن كەلەپوورێكنو ژمارەیان زۆر نییە هیچ كام لەمانە نەیانتوانیوە لەگەڵ پێشكەوتندا رێبكەن تاوەكو ملكەچبوونی خۆیان بۆ یەكەیەكی گەورەتر لەخۆیان رانەگەیاندبێت، یان ئەوەتا

لەشەڕەکە کشاونەتەوەو تەنها کۆگەیەك بوون بۆ نۆستالۆژیاو چەند سۆزێکی تر. بەکورتی، چەندێك ئەو حاڵەتەت قبولکرد کەکاوتسکی پێیدەڵێت ""کەلوپەلە کۆنەکانی خێزان" کەئەم حاڵەتەش بەراستینەیی لەلای زۆرێك لەجالیاتو کلتورگەلی بچوکی جیهان روویداو پەسەندیانکرد. رەنگە چاودێرێکی لیبرالی رۆشنبیر بپرسێت بۆچی پێویستە ئەوانەی بەزمانی گیلیە Gaelic دەدوێن، وەك ئەوانە هەڵسوکەوت نەکەن کەبەدایلێکتی نۆرسۆمبرلاند دەئاخڤن؟ دیارە هیچ شتێك رێگەی ئەوەیان لێناگرێت خاوەنی دوو زمان بن، چونکە دیارە ئەو کاتەی نوسەرانی دایلێکتی ئینگلیزی ئەم شێوەزارەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەنەبووە دژایەتی زمانی نەتەوایەتی نوسینی پێبکەن، بەڵکو لەتێگەیشتنیانەوە بووە لەوەی کەهەردووکیان بەهاو جێگەو رێگەی خۆیان هەیە. تەنانەت ئەگەر بەتێپەڕبوونی کات دایلێکتی ناوچەیی لەبەردەم دایلێکتی نەتەوەییشدا پاشەکشەو بگرە لەناویش چووبێت، وەك ئەوەی بەسەر هەندێك لەزمانە سلتی Celtic یە پەراوێزبووەکاندا هات (هەریەك لەزمانی کۆرنی Cornish[*] و زمانی مانکس Manx لەسەدەی هەژدەدا لەوە دەرچوون قسەیان پێبکرێت). رەنگە ئەمە بۆ کاتی خۆی جێگەی داخو کەسەر بووبێت بەڵام لەوەدەچێت ئەم چارەنوسەیان شتێکی حەتمیش بووبێت. هەروەها ئەمانە بۆ ئەوە نەمردن جێگەی کەسەر نەبن، بەڵام ئەو نەوەیەی چەمكو زاراوەی "فۆلکلۆر"ی داهێنا، ئەو دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان زیندووەکانی ئێستاو ئەوانەی لەرابوردوودا لەژیاندا ماون.

- بۆ ئەوەی لە"نەتەوە" تێبگەین لەسەردەمی لیبرالیزمی کلاسیکیدا، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە"دامەزراندنی نەتەوە / nation- building" چەندێك بۆ مێژووی سەدەی نۆزدەهەم شتێکی بنەڕەتی بێت، بەڵام دیسانەوە هەر بەسەر چەند نەتەوەیەکدا پراکتیزە دەکرێت. چونکە ئەوەی راستی بێت تەنها لای هەندێکەوە داوای جێبەجێکردنی "پرنسیپی نەتەوایەتی" دەکراو هەمووانی نەگرتبۆوە. ئەم پرنسیپە وەك گرفتێکی جیهانیو وەك کێشەیەکی سیای نێوخۆ تەنها کاریگەریی بۆ

---

* کۆرنی زمانێکی سلتی برایتۆنییەو هەتا ساڵی 1800یش لەلایەن دانیشتوانی کۆرۆنۆیلەوە قسەی پێدەکراو هەتا ئێستاش کەمایەتییەکی گچکە بەکاریدەهێنن.. هەرچی زمانی مانکسیشە بۆتە زمانێکی نیمچە پوکاوەو دانیشتوانی دورگەی (مان- Man) کەدەکەوێتە دەریای ئێرلەندەوە، قسەیان پێکردووە. و-ع

سەر ژمارەیەکی دیاریکراوی گەلانو هەندێك ناوچە دانابوو. تەنانەت لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتانی فرە زمانو ئەتنیکەکانی وەك ئیمپراتۆریای هابسبۆرگدا بەتەواوەتیو زۆر بەئاشکرا تەنها باڵی بەسەر بواری سیاسەتدا کێشابوو. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین لەدوای ساڵی 1871وە- دیارە بەبێ ئیمپراتۆرە دارزاوە لەسەرخۆکەی عوسمانییەکان- تەنها کەسانێکی کەم هەبوون پێشبینی گۆڕانی جەوهەری لەنەخشەی ئەوروپادا بکەنو دان بەو چەند کێشە نەتەوەییە کەمەدا بنێن کەرەنگە هەر ئەوانەش بووبنە مایەی ئەو گۆڕانکارییانەی ئەوروپا، ئەمە جگە لەمەسەلە هەمیشەییەکەی پۆڵۆنیا. لەراستیشدا تاکە گۆڕانێك لەدەرەوەی بەلقانو لەنەخشەی ئەوروپای نێوان دامەزراندنی ئیمپراتۆریای جێرمانیو یەکەم جەنگی جیهانیدا روویدابێت، جیابوونەوەی نەرویج بوو لەسوید. لەمەش گرنگتر، پاش Alarums و ئەو رستە لادانە نەتەوایەتییەی لەنێوان ساڵانی 1848 بۆ 1867 روویاندا، هیچ زێدەڕۆیی نییە ئەگەر پێمانوابێت هەڵچوونو هەستو سۆزەکان تەنانەت لەنەمسا- مەجەریشدا خامۆش بوونەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە لەهەموو بارەکاندا کارمەندانی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ (بەلای کەمەوە) پێشبینییان دەکرد، وەختێك بڕیاری کۆنگرەی ئاماری نێودەوڵەتییانەی ساڵی 1873 یان لەسانت بترسبۆرگ پەسەند کرد، کەئەویش مسۆگەرکردنی پرسیارێکە سەبارەت بەزمان لەئامارگەلی دانیشتوانی داهاتوودا، ئەگەرچی پێشنیاری دواخستنی جێبەجێکردنیان کرد بۆ دوای ساڵی 1880 تاوەکو کات بەدەستەوەبێت بۆ کەمکردنەوەی هەڵچوونی رای گشتی[(67)]. نەیاندەتوانی لەوە زیاتر هەڵە بن وەك ئەوەی لەم پێشنبینییەیاندا کردیان.

بەگشتی دەگەینە ئەوەی کەنەتەوەو ناسیۆنالیزم لەو سەروبەندەدا گرفتی ناوخۆیی گەورە نەبوون بەلای ئەو قەوارە سیاسییانەی گەیشتبوونە ئاستی "دەوڵەتانی نەتەوەیی" ئەگەرچی لەرووی نەتەوەییەوەو بەپێی پێودانگە نوێکانیش وێکچوو نەبووبن، لەکاتێکدا سەرچاوەی جاڕزکردنی زۆری ئەو ئیمپراتۆریا نانەتەوەییانە بوون کەناکرێت (بەپێی رەوتی جیاوازی مێژوویی) ئەمانە لەخانەی "فرە نەتەوەکان"دا پۆلێن بکرێن. هیچ یەکێك لەدەوڵەتە ئەوروپاییەکانی رۆژئاوای راین لەم رووەوە روبەڕوی کاری ئاڵۆزو گران نەبوونەوە، بەدەر لەبەریتانیا کەهەمیشە خولیای شازبوونی هەیە، ئێرلەندییەکان. ئەمەش ئەو ناگەیەنێت کەسیاسەتمەداران

www.pertwk.com

ئاگایان لەکاتالۆنیو باسکیو بریتۆنییەکان یاخود فلێمنگیو سکۆتلەندیو وێلزییەکان نەبووە، بەڵکو ئەوان ئەمانەیان بەهێزێکی سەربارو یەدەك دەزانی بۆ ئەو هێزە سیاسییەی بەهەموو جەستەی دەوڵەتدا بڵاوبۆتەوە. هەرچی سکۆتلەندیو وێلزییەکانە وەك دوو هێزی پاڵپشتی لیبرالیزم بوون، لەکاتێکدا بریتۆنیو فلێمنگی بوونە دوو هێزی پاڵپشت بۆ کاسۆلیکیەتی ئسولگەرا. ئەوەی لەو نێوەدا سیستمە سیاسییەکەی دەوڵەتانی نەتەوەیی سوودیان لێبینی نەبوونی دیموکراتیەتی هەڵبژاردن بوو، کەبووە مایەی لەباربردنی تیۆرەو پراکتیکی لیبرالیانەی نەتەوە، بەو شێوەیەی لەلیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدا تارادەیەکی زۆر لەباربرا.

رەنگە ئەمە هۆکار بێت بۆ ئەوەی کەئەدەبیاتە تیۆرییە جیددییەکانی تایبەت بەبیری نەتەوەیی لەسەردەمی لیبرالیزمدا بۆنوبەرامەیەکی راگوزەریان هەبێت تا ئەو رادەیەی چاودێرانی وەك مێلۆ رێنان لەبارەی توخمە پێکهێنەرەکانی "بیری نەتەوایەتی"- ئەتنیك" — نەرمو نیان بوون - ئەگەرچی فیکتۆرییەکان زۆر سەرقاڵی مەسەلەی "ئەتنیك" - زمان، ئایین، خاكو مێژوو، کلتورو چەند شتێکی تر- بوون، چونکە لەرووی سیاسییەوە بۆیان زۆر گرنگ نەبوو ئەگەر یەکێك لەتوخمەکان لەوانی تر لەپێشتر بێت. بەڵام لەهەشتاکانی سەدەی بیست بەملاوە ، مشتومڕەکان لەمەڕ "مەسەلەی نەتەوایەتی" گەرموگوڕو توندتر بوون، بەتایبەتیش لەنێو سۆشیالیستیەکاندا، ئەویش لەبەرئەوەی بانگەوازی سیاسی دروشمە نەتەوایەتییەکان بۆ جەماوەری دەنگدەر یان بۆ ئەوانەی بۆنی لایەنگرییان بۆ بزاوتە سیاسییە جەماوەرییەکان لێدەهاتو بەئێجگاری بووە خەمێکی راستینە. مشتومڕەکانی تایبەت بەبابەتەکانی وەك مەرجە تیۆرییەکانی بەنەتەوەبوون گرێیان دەکردەوە، چونکە هەر وەڵامێك بۆ خۆی والێکدەدرایەوە کەرەنگرێژی ستراتیژێکی سیاسیو خەباتو پرۆگرامێکی سیاسییانەیە. ئەم بابەتە تەنها لای ئەو حکومەتانە بەهەند وەرنەگیرابوو کەروبەڕوی کێشەو خواستە نەتەوەییەکان ببوونەوە، بەڵکو بەلای ئەو پارتە سیاسیانەشەوە جێگەی بایەخ بوو، کە لەسەر بناغەی بانگەوازە نەتەوەییو نانەتەوەییەکان یاخود نەتەوەی ئەڵتەرناتیڤ، هەوڵیان بۆ جۆشدانی جەماوەر دەدا. ئەمەش چەندین ناکۆکی لەنێوان سۆشیالیستەکانی ئەورووپای ناوەندو رۆژهەڵاتدا خستەوە لەسەر دیاریکردنی ئەو بنەما تیۆرییانەی کەنەتەوەو داهاتووەکەی پێدەناسرێت. مارکسو ئەنگلزیش هەروەك میلۆ رێنان، ئەو مەسەلانەیان بەچەند شتێکی لاوەکیو پەراوێزئاسا لەقەڵەمدا. بەڵام لەئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا مەسەلەی نەتەوایەتی بووە بابەتێکی تەوەرەیی مشتومڕەکانی کاوتسکی، رۆزا لۆکسمبۆرغ، پاوەر، لینینو ستالینو چەندین بابەتی گرنگی لەسەر نووسرا. جا ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەلای تیۆرمەندانی مارکسییەوە گرنگبووبێت، لەبەرئەوەبووە بۆ خۆی بۆتە بابەتێکی سەر ئەرزی واقیعو پێویست بۆ چەندینی وەك کرواتو سربەکان، مەکدۆنیو بولگارییەکان، جا ئەگەر نەتەوە سلاڤییەکانی باشوور بەم رێگەیە یان بەویتر ناسراوبن[68].

ئەو "پرەنسیپی نەتەوایەتی"یەی دیبلۆماسییەکان گفتوگۆیان کردو نەخشەی ئەورووپای نێوان ساڵانی 1830-1878 ی گۆڕی، ئەمە جیاوازە لەو سیما سیاسییەی ناسیۆنالیزم کە لەسەردەمی دیموکراتیزەکردنی ئەورووپاو سیاسەتی جەماوەریدا زۆر ناوەندی بۆوە. لەرۆژانی ماتزینیدا بەلای خەڵکی رەشۆکیانەی ئیتاڵیاییەوە ئەوە زۆر گرنگ نەبوو کەرابوون (Risorgimento)* روویندداوە هەروەك لەگوتە بەناوبانگەکەی ماسیمۆ دازیلیۆ Massimo d’ Azeglio دا هاتووە: " ئێمە ئیتاڵیامان دروستکرد، ماوەتەوە سەرئەوەی دەبێت ئیتاڵیایی دروستبکەین"[69]. هیچ گرنگ نەبوو تەنانەت بەلای ئەوانەی "دۆزی پۆلۆنیا"شیان خوێندبۆوە، کەرەنگە ئەوەش لەبەرئەوەبووبێت کەزۆرینەی ئەو جووتیارانەی بەزمانی پۆڵەندی دواون (چ جای ئەو سێ یەکەی دانیشتوانی کۆنی پێش ساڵی 1772 کەبەچەند زمانێکی ناوچەیی تر دەدوان) هەستیان بەپۆڵەندیبوونی خۆیان وەك نەتەوە نەکردووە، ئەمەش لەگوتە بەنێوبانگەکەی دوا رزگارکەری پۆڵۆنیاوە Colonal Pilsudski پێیلێنراوە: "ئەوە دەوڵەتە کەنەتەوە دروستدەکات نەك نەتەوە دەوڵەت چێبکات"[70]. بەڵام ئەوەی دوای ساڵی 1880 زۆر گرنگ بوو ئەوەبوو کەدەبێت هەستی پیاوانو ئافرەتانی ئاساییو رەشە خەڵکەکە لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمدا چۆن بێت. هەربۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەمەڕ هەستو سۆزی گەلێکی پێش قۆناغی پیشەسازی Pre- industrial کەدەشێت بانگەوازی نوێی ناسیۆنالیزمی سیاسی لەسەر هەڵچنرێت، کارێکی پڕبایەخە.

---

* رابوون - Risorgimento : ناوی ئەو شۆڕشەیە کەئیتاڵیاییەکان بەسەرۆکایەتی ماتزینیو گاریباڵدیو کافورو لەماوەی نێوان 1815-1870دا لەدژی هەیمەنەی نەمساوی بەرپایان کرد. و-ع

www.pertwk.com



## پەراوێزەکان

(1) (بەئیسپانی) L1uis Garsia I sevilla, “L1engua, nacio I estat al diccionario de la real academia espanyola” (L’Avenc, 16 May 1979, pp.50-5).

(2) (بەئیسپانی) Enciclopedia Universal Ilustrata Europeo – Americana (Barcelona 1907-34), Vol. 37, pp. 854-67: “nation”.

(3) (بەبەرازیلی) (sao paulo Rio-Porto) Alegre 1958-64, vol. 13, p.581.

(4) (بەفەرەنسی) L. Curne de Sainte pelaye, Dictionnaire historique de I’ancien Language Francais (Niort n.d.), 8 Vols, “nation”.

(5) (بەهۆڵەندی) Dr. E. Verwijs and Dr. j. Verdam, Middlenederlandsch Woordenboek, Vol, 4 (The Hague 1899), Col, 2078.

(6) (بەهۆڵەندی) Woordenboek der nederlandsche taal, Vol, 9 (The Hague 1913), Col, 1586-90

(7) (بەهۆڵەندی) Verwijs and Verdam, Middlenederlandsch Woordenboek, Vol, 4

(8) (بەفەرەنسی) L. Huguet, Dictionnaire de la langue francaise du 16e siecle, Vol. 5 (paris 1961) p. 400.

(9) (بەهۆڵەندی) Woordenboek (1913), col, 1588.

(10) (بەئەڵەمانی) John. Heinrich Zedler, Grosses Vollstandiges Universal – Lexicon aller wissenschaften und kunste…, vol, 23 (Leipzig-Halle 1740, repr, Graz 1961) col, 901-3.

(11) (بەئینگلیزی) Oxford English Dictionary, vol, VII (Oxford 1933), p.30

(12) (بەئینگلیزی) John J. Lalor (ed.), Cyclopedia of political Science (New York 1889), vol, II, p.30.

جۆن ج . لالۆر (نوسەر)، ئینسایکلۆپیدیای زانستی سیاسی (نیۆیۆرك1889)، بەرگی II ، ل932.

نەتەوە : ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەمەوە هەیە تارادەیەکی زۆر چاپدەکرێنەوە، یاخود لەکتێبە فەرەنسییەکانی رابوردووەوە تەرجەمەکراون.

(13) "لەم پێناسەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت کەنەتەوە توانای پێکهێنانی تەنها یەك دەوڵەتی هەیەو پێکەوە یەکەیەکی تێکسمڕاو پێکدەهێنن" (سەرچاوەی پێشو، ل923). ئەو پێناسەیەی ئەمەی "لێهەڵدەهێنجرێت" بەلایەوە نەتەوە "کۆمەڵێك مرۆڤە کەبەیەك زمان دەدوێن، هەمان دابونەریتیان هەیە، هەروەها بەچەند خەسڵەتێکی ئاکاری دیاریکراو لەگروپەکانی تر جیادەکرێنەوە". ئەمە یەکێکە لەو چەندین مەشقەی هونەری سواڵکردن لەو مەسەلانەی کەزۆرجار مشتومڕی نەتەوەیی دەمەزەرد دەکاتەوە.

(14) ج.س. میلّ ، تیۆرەی سوودگەرایی ، ئازادیو حکومەتی نوێنەرایەتی (چاپی ئیڤیرمان ، لەندەن 10) ل 359-366.

(15) پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە لەهیچ کام لەجاڕنامەی مافە گشتییەکانی ساڵی 1789 و 1793دا ئاماژە بەمافی گەلان لەسەروەرییو سەربەخۆییدا نەدراوە. بۆ ئەمم مەبەستە سەیری لۆسیان جۆم، گوتاری یەعقوبیو دیموکراتی (پاریس 1989) (بەفەرەنسی) پاشکۆکانی 1-3، ل 407-414 بکە.

بەهەرحاڵ، سەیری کتێبی و. دان و ج. دویندی (دوو نوسەرن) بکە: "ناسیۆنالیزم لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا"، (لەندەن 1988) ل340 لەبەر هەمان بیروڕا لە1793.

(16) مۆریس بلۆك، "پرنسیپی نەتەوەکان" لای ج. لالۆر (نوسەر) ئینسایکلۆپیدیای زانستی سیاسی (نیۆیۆرك 1889)، بەرگی □□ ، ل939.

(17) (بەئیسپانی) P. Vilar, “Sobre los Fundamentos de las estructuras nacionales” (Historia, 16/Extra v) (Madrid, April 1978), p.11.

(18) ج.س. میلّ ، تیۆرەی سوودگەرایی ، ئازادیو حکومەتی نوێنەرایەتی (چاپی ئیڤیرمان ، لەندەن 10) ل 359-366.

(19) هاتووە لە: M. de Certeau, D. Julia, and J, Revel, Une politique de la langue. La Revolution Francaise et les patois: L’enquete de L’Abbe Gregoire (paris 1975) p.293.

سەبارەت بەکێشەی گشتی شۆڕشی فەرەنساو زمانی نەتەوەییەوە، سەیری ئەمەش بکە:

Renee Balibar and Dominique Laporte, Le Francais national, Politique et pratique de la langue nation – ale sous la Revolution (paris 1974).

(20) (بەفەڕەنسی) De Certeau, Julia and Revel, Une politique de la langue (passim).

(21) "سەبارەت بەدەولەت هاوڵاتیان گەل پێکدەهێنن، سەبارەت بەرەگەزی مرۆڤایەتی، ئەوان نەتـەوە پێکـدەهێنن". سـەیری ج. هیلی، "پێناسەی نەتەوە" بکە لای لالۆر، ئینسایکلۆپیدیای زانسـتی سیاسـی (نیۆیـۆرك 1889)، بـەرگی □□ ، ل923 (بەئینگلیزی).

(22) أ. ج. هۆبسباوم ، سەردەمی شۆڕش 1789-1848، (لەندەن1962)، ل ل 91-92 (بەئینگلیزی).

(23) بەفەڕەنسایی Mare Bloch, Les Rois thaumaturges (Paris 1924), pp.402-4

(24) والتەر باغوت، فیزیا و سیاسەت (لەندەن1887)، بەشی □□□ ، □□، لەمەڕ "دروستکردنی نەتەوەکان".



(25) ئارنست رینان، "نەتەوە چییە؟" لای ئەلفێرد زیمرن (نوسەر)، "ڕێبازە سیاسییە نوێکان" (ئۆکسفۆرد1939)، ل192.

(26) تیۆرەی سۆسیۆلۆژیای سەرمایە، وەك چاپێکی تەواو بۆ بنەماکانی ئابوری سیاسـی نـوێ، نوسـینی جـۆن رای (1834) (نوسینی س . و. میکستر) (نیۆیۆرك 1905) ل26. (بەئینگلیزی)

(27) ج . إ. کیرنەر، هەندێك پرەنسیپی سەرەکی ئابوری سیاسی دووبارە لێکدراوەتەوە (لەنـدەن 1874)، ل ل355-365، (بەئینگلیزی).

(28) (بەئەڵمانی) Dr. Gustav Schonberg (ed.) Handbuch der politischen oekonomie, vol, 1 (Tubingen 1882), pp.15 8ff. (ڕێبەری ئابوری سیاسی) بەرگی 1.

(29) ئیدوین کانان، مێژووی تیۆرەکانی بەرهەمهێنانو بەشینەوە لەئابووری سیاسی ئینگلیزیدا لەسـاڵی 1776 بـۆ 1848 لەندەن 1894) ل10و لاپەڕەکانی دواتری (بەئینگلیزی).

(30) رای ، تیۆرەی سۆسیۆلۆژیای سەرمایە.

(31) (بەفەڕەنسایی) Nauveau Dictionnaire d'Economie politique (ed.) Leon Say and Joseph Chailley (paris, 1892).

(32) (بەفەڕەنسایی) Michel Chevalier, coursd' economie politicque fait au College de France, vol, 1 (paris 1855), p.43.

وانەکەی لەساڵی 1841دا گوتۆتەوە.

(33) ل. رۆبنـز، تیـۆرەی سیاسـی ئـابوری لـەئابوری سیاسـی ئینگلیزیـی کلاسـیکدا (چـاپی2، لەندەن1977)، ل ل 9-10. هەروەها شتێکی جیاواز هەیە پێویستە جیابکرێتەوە بۆ بنتهامی جیهانی بەشێوەیەکی رەسەن.

(34) جۆرج ریچاردسۆن بۆرتەر، هەڵکشانی نەتـەوە لـەرووی کۆمەڵایـەتیو ئـابوری جیاوازەوە، لەسـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە هەتاکو ئێستا (لەندەن1836) پێشەکی.

(35) (بەفەڕەنسایی) Molinari in Dictionnaire d' economie politicque, (paris 1854). لەلایەن مۆرەوە چاپکراوەتەوە، ئینسایکلۆپیدیای زانستی سیاسی، بەرگی 2، ل957، "نەتەوەکان لەئابوری سیاسیدا".

(36) Ibid.. pp.958-9 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(37) Ibid.. pp.957 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(38) Ibid.. pp.933 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(39) ج . شۆمپیوتەر. مێژووی شیکاری ئابوری (ئۆکسفۆرد1954) ل ل 515-516.

(40) کتێبەکانی (کورتەی ئابوری سیاسی ئەمریکایی)(فیلادفیا 1827)، زەمینەی بۆ بۆچوونەکانی دواتری خۆی خۆشـکرد" بەتایبەتی لیست لەئەمەریکا لە:



W. notz "Friedrich List in Amerika" (Weltwirtschattliches Archiv, 29, 1925, pp.199-265 and vol, 22, 1925, pp.154-82 and "Friedrich List in Amerika" (American Economic Review, 16, 1926, pp.249-65).

(41) فردریك لیست، سیستمی نەتەوایەتی ئابوری سیاسی (لەندەن 1885)، ل174.

(42) لەپێناو کورتەیەك لەبیروڕاکانی، سەیری ئەمە بکە:

إ. شتراوس، ناسیۆنالیزمی ئێرلەندیو دیموکراتیەتی بەریتانی، (لەندەن1951)، ل ل218-220.

(43) "نەتەوە" نوسینی ئیلیاس ریگنۆڵت، فەرهـەنگی سیاسـی (بەفەڕەنسی) لەگـەڵ پێشـەکییەك بەخامـەی گـارنییر- بـاج (پاریس1842) ل ل623-625،

N'y-a-t-il pas queique chose de derisoire d'appeler la Belgique une "nation?",

(44) تێڕامانگەلێك لەمەڕ حکومەتی نوێنەرایەتی لەڕێبازی سوودگەراییدا، ل365.

(45) فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی، □□□، ل30.

(46) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل175-176.

(47) (بەئەڵمانی) Gustav Cohn, grudlegung der nationaloekonornie, vol.1 (stuttgart 1885), pp.447-9

(48) (بەئیتالیایی) Denis mackSmith (ed.), 11 Risorgimento (Bari 1968), p.422.

(49) (بەئەڵمانی) Jochen Blaschke (ed.), Handbuch der westeuropaischen Regional bewegungen (Frankfurt1980).

(50) مۆریس بلۆك لای لالۆر، ئینسایکلۆپیدیای زانستی سیاسی (نیۆیۆرك 1889)، بەرگی □□ ، ل941.

www.pertwk.com

(51) لەمەڕ بەشداریکردنی ئیتبین کریستان لەکۆنگرەی برین (□□□□)ی ئەو پارتەی بەرنامە نەتەوایەتیەکەی پەرەپێدابوو، سەیری جۆرج هاوبت، میشیل لوی‌و کلۆدیا ویلّ (بەفەرەنسی) (مارکسییەکان‌و مەسەلەی نەتەوایەتی) Les Marxistes et la question nationale 1848-1914 (paris 1937) pp.204-7.

(52) میلّ، ڕێبازی سوودگەرایی، ئازادی‌و حکومەتی نوێنەرایەتی، ل ل363-364.

(53) (بەئەلّەمانی) cf.Roman Rosdolsky, “Fredrich Engels und das problem der “geschichtslosen volker” (Archv fur Sozialgeschichte, □/□□□□, □□.□□–□□□.”

(54) سەیری لیندا کۆلی بکە، "نەتەوە بۆ کێیە؟" هۆشیاری چینایەتی‌و نەتەوەیی لەبەریتانیادا 1750-1830 (ئەوساو ئێستا، 113، 1986)، ل ل96-117.

(55) ئیوان گۆیند جۆنز، "زمان‌و کۆمەڵگە لەوێلزی سەدەی نۆزدەدا" لای دیڤید سمیس (نوسەر)، گەل‌و پرۆلیتاریا:چەند وتارێك لەبارەی مێژووی وێلزەوە 1780-1980 (لەندەن1980) ل ل41-71 بەتایبەتیش ل ل59-63.

(56) لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ فێرکردن لەوێلزدا، ڕۆژنامەی پەرلەمانی، 1847، XXVII ، بەشی (ڕاپۆرتێك لەبارەی هەرێمەکانی برکنۆك‌و کاردیگان‌و رادنۆر)، ل67.

(57) هاوبت، لوی، وویلّ، مارکسییەکان، ل 122.

(58) جیاوازی کلتوریی‌و زمانی‌و دامزراوەیی لەناو ئیسپانیاداو لەنێوان هەردوو گەلی ئەراگۆن‌و قشتالّەدا ئاشکراو روون بوو، بەلاّم لەئیمپراتۆریای ئیسپانیادا، کەئەراگۆنی لێدوورخرایەوە، جیاوازییەکان تەنانەت لەوەش گەورەتر بوون.

(59) (بەئیتالّیایی) Tullio de Mauro, Storia Linguistica dell ‘Italia Unita’ (Bari 1963), p.41.

(60) بەئەلّەمانی “Obwohl sie alle in einem Reich” Deutscher Nation” nebeneinander lebten, draf, nichts daruber hinwegtauschen, dasz ihnen sogar die gemeinsame Umgangssprache fehlte”. Hans-Ulrich Wehler, Deutsche Gesellschaftsgeschichte, vol. 1 (Munich 1987), p.50.

(61) ب. بۆرتەر، ڕەخنەکردنی ئیمپراتۆریا. هەڵوێستە رادیکالیەکانی بەریتانیا لەبەرامبەر داگیرکاری لەئەفریقیادا1895-1914 (لەندەن 1968)، ل321، هاتووە لەلای : ج، لویز دیکنسۆن، "کۆڕێکی نوێ"(1908).

(62) سەبارەت بەبڕگەیەکی تایبەت بەوتارێکی بوونە سەرۆکی گرانت، سەیری ئەمە بکە:

ئی.ج. هۆبزباوم، سەردەمی سەرمایە 1848-1875 ( لەندەن1975)...

(63) Franz Pichler, Polizeihofrat P. Ein treuer Dienes ungetreuen Staates. Wiener Polizeidienst, 1901-1938 (Vienna1984).

(64) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل19.

(65) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل30.



(66) فردریك ئەنگلز "نامەیەك بۆ بێرنشتاین، 22-5ی شوبات1882 (دانراوەکانی بەرگی35، ل ل8ff 27و لاپەڕەکانی دوای ئەو بەئەلّەمانی)سەبارەت بەسلاڤی بەلّقان: تەنانەت ئەگەر ئەو پیاوانە جێگەی سەرسوڕمان بن هەرچۆن خەلّکی دەشتاییەکانی سکۆتلەندە لەلایەن والّتەر سکۆتەوە جێگەی ڕێز بوون- ئەوانە چەتەی تری ئاژەلّ دزی ترسناکن- ئەوەی بتوانین بەهەموو توانای خۆمانەوە بیکەین ئەوەیە ئیدانەی ئەو ڕێگەیانە بکەین کەکۆمەلّگەی ئەمڕۆ مامەلّەیان پێوەدەکات، ئەگەر لەدەسەلاّتدا بووینایە ئێمەش دەبووایە مامەلّەمان لەگەلّ دزێتی ئەواندا بکردایە، چونکە بەشێکە لەکەلەپووریان".

(67) Emil Brix, Die Umgangssprachen in Altosterreich zwischen Agitation und Assimilation. Die Sprachenstatistik in den zisleithanischen Volkszablungen 1880-1910 (Vienna-Cologne-Graz 1982).

(68) سەیربکە: ئیڤۆ پاناك، مەسەلەی نەتەوایەتی لەیوگۆسلاڤیادا: بنەچە،مێژوو، سیاسەت، (ئیساکا و لەندەن 1984)، ل ل76-86.

(69) بەم نزیکانە لەکۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەمانی مەملەکەتی ئیتالیای یەکگرتوودا گوترا.

( ئی. لاسام. پەندی پێشینانو کتێبەکانی، دیترۆیت 1970).

(70) هـ. روس، دیرۆکی پۆلّەندەی نوێ (لەندەن 1966)، ل48.

**سەرچاوە:**

**اریک هوبسباوم/ کتێبی الأمم والنزعة القومیة منذ عام 1780 / وتاری الأمة کبدعة: من الثورة الی اللیبرالیة – ترجمة: عدنان حسن/ دار المدی للثقافة والنشر / چاپی یەکەم ، 1999.**

www.pertwk.com



# سەرچاوەکانی هۆشمەندی ناسیۆنالیزم

نوسینی: بندکت ئەندرسۆن

ئەگەر گەشەسەندنی چاپەمەنی – کالآیی کلیلێکی گەیەنەر بووبێت لەبەرهەمهێنانی ئەو هزرانەی هەموو شتێکیان نوێیە لەچاو هاوکاتەکانیان، کەواتە ئێمە، وێڕای ئەمەش، تازە بەتازە لەو خاڵەداین کەتەنها ئیمکانی ئەوەی تێدایە گروپو جڤاتگەلی (Communities) عەلمانی- ئاسۆیی تێدا دروست ببێت.

بۆچی **نەتەوە** لەناو ئەمجۆرە جڤاتانەدا بۆتە شتێکی باو؟ دیارە ئەو هۆکارانەی بەشداری لەوەلامدانەوەی ئەم خاڵەدا دەکەن چەند شتێکی تێکچڕژاوو هەمەچەشنەن. بەلام دەتوانرێت مشتومڕ لەسەر ئەوە بکرێت کە گەشەی سەرمایەداریی لەدروستبوونی نەتەوەدا رۆڵی پێشینەی هەیە.

ئاماژەمان بەوەدا کە لەساڵی (1500)دا نزیکەی (20) هەزار کتێب چاپکراوە[1]، بەمەش وەك بنجامین دەڵێت "سەردەمی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی" سەریهەڵدا. خۆ ئەگەر دەستنووسەکان مەعریفەیەکی دانسقەو نهێنیان دابێت، ئەوا مەعریفە بەهۆی دەقە چاپکراوەکانەوە بوژاوەتەوە، ئەویش بەهۆی توانای زۆربوونو بلاوبوونەوەوە[2].

ئەگەر ژمارەی ئەو کتێبانەی تاساڵی (1600) بەچاپگەیەنراون، بەپێی بۆچوونی فیڤەرو مارتن، خۆی لە (20) ملیۆن دانە بدات، کەواتە هیچ سەیر نییە کەسێکی وەك (فرانسیس بێکۆن) بێتو بلێت: چاپەمەنی "شێوەو دۆخی جیهان"ی گۆڕیوە[3].

پیشەسازیی بلاوکردنەوەی کتێب بووە یەکێك لەپرۆژە هەرە زووەکانی پرۆژەی سەرمایەداریو، ئەویش هەرچی لەدەستهات لەبازاڕدا بۆی کرد. ئەوانەی لەسەرەتاوە کاری چاپیان دەکرد لقیان لەسەرتاسەری ئەورووپادا دامەزراند:(بەمجۆرە خانەگەلێکی بلاوکردنەوەی "نێونەتەوەیی" پەیدابوو کەسنوورە نەتەوەییەکانی {بەجۆرێك لەجۆرەکان{ فەرامۆشکرد)[4]. هەربۆیە کاتێکیش ساڵانی (1500 - 1550) بوونە ساڵانی پەرەسەندنێکی بێهاوتا لەئەورووپادا، کەرتی بلاوکردنەوە بەشداری لەخۆشگوزەرانی گشتیدا کرد.

ئەم پیشەسازییە" زیاتر لەهەموو ئەو کاتانەی رابورد" بووە پیشەسازییەکی "مەزنی ژێر چاودێریی سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان"[5]. بێگومان "فرۆشیارانی کتێبەکانیش لەبنەڕەتدا گرنگییان بەکۆکردنەوەی قازانجو ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەداو، پێش هەر شتێك هەوڵی بلاوکردنەوەی ئەو کتێبانەیان دەدا کە بەلای خەڵکانێکی زۆری سەردەمەکەیانەوە گرنگ بوو"[6].

ئەورووپای ئەبجەدیی یەکەمین بازاڕ بوو، کە لەتوێژێکی فراوان پێکهاتبوو بەلام ژمارەیەکی کەمیان بەلاتینی دەیانخوێندەوە. تێربوونی ئەم بازاڕە (150) ساڵی خایاند. لەراستیدا لاتینی (ئەگەر واز لە پیرۆزییەکەی بهێنین) زمانی ئەوانە بوو کە بە دوو زمان قسەیان دەکرد. ئەوانەی هەر لە لەدایکبوونەوە قسەیان پێدەکرد ژمارەیان زۆرکەمبوو، لەکاتێکدا ئەوانەی بەلاتینی خەویان دەبینی، ژمارەیان زۆر لەمەش کەمتربوو. رێژەی ئەوانەی لەسەدەی شازدەهەمدا بەم دوو زمانە قسەیان دەکرد لەچاو کۆی دانیشتوانی ئەورووپادا زۆر کەمبوون، رەنگە لەمرۆشدا رێژەیان لەچاو کۆی دانیشتوانی جیهاندا شتێکی ئەوتۆ زیادی نەکردبێ، بەهەمان شێوە – وێڕای ئێنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا- لەسەدەکانی داهاتوودا. زۆربەی زۆری خەڵك خاوەنی یەك زمانن. بەمجۆرە خودی لۆژیکی سەرمایەداری خۆی دەسنیشانی ئەوەیکرد کە سنووردارببوونی نوخبەی لاتینی بەمانای ئەوەیە ئەو بازاڕە شاراوەیەی جەماوەرێکی بەرفراوانی (خاوەن یەکزمان) پێکیدێنێ، بزوێنەری خولیاو تەماحە. بادڵنیابین لەوەی کە ئەو (( دژە ریفۆرم))ەی کڵێسای کاسۆلیك بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆتستانت پێی هەستا، بۆ ماوەیەك توانی هانی بوژاندنەوەی پرۆسەی بلاوکردنەوەی زمانی لاتینی بدا، بەلام ئەم بزاڤە (واتە دژە ریفۆرم) لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا پووکایەوەو بەمەش پەڕتووکخانەی کاسۆلیکی نەیتوانی لەتوانای خۆی زیاتر هەڵبگرێو لەژێر ئەم بارەدا پسا. لەم سەروبەندەدا کەمپارەیی رووی لە ئەورووپا کردو ئەمەش پاڵی بە بلاوکەرەوەکانەوە نا تا بیر لەچاپی هەرزانو زمانی ناوچەیی بکەنەوە[7].

سێ هاندەری نوێ، سێ هۆكاری دەرەكی پاڵیان بەسەرمایەدارییەوە نا بەوەی برەو بەزمانی ناوچەیی بدات، كە دوانیان بەشێوەیەكی راستەوخۆ بەشدارییان لەپێكهێنانی هۆشیاری نەتەوایەتیدا كرد.

یەكەمیان، كە بایەخێكی كەمتری هەیە، خۆی لەگۆڕینی شەقڵو مۆركی خودی زمانی لاتینیدا دەبینێتەوە. هەوڵو تەقەللای هیومانیستەكان(**Humanists**) لەبوژانەوەی ئەدەبی كلاسیكی فراوان، كە پێش مەسیحیەتەو، بڵاوكردنەوەی لەرێگەی بازاڕەكانی چاپەمەنییەوە، تەقدیرێكی تازەی لای سەرجەم ئەنتلجنیسیای ئەوروپی رسكاندو ئەو دەسكەوتە شێوازخوازە پێشكەوتووانەی باووباپیرانیان بەرز نرخاند.

بەمجۆرە ئەو لاتینییەی كە حەزیاندەكرد پێی بنووسن وایلێهات كە زیاتر لەزمانو شێوازەكەی شیشرۆنەوە نزیك بێتو، زۆریش لەزمانی كڵێساو زمانی ژیانی رۆژانە دووركەوێتەوە. بەمچەشنە ئەم زمانە خەسڵەتێكی سۆفیگەریانەی (ناوەكی) وەرگرت كە بەهەموو شێوەیەك لەو خەسڵەتانەی لاتینیەتی كڵێسای سەدەكانی ناوەڕاست جیاواز بوو. هەروەها زمانی لاتینی كۆن بەهۆی بابەتو شێوازەكانیەوە لێڵو ناڕۆشن نەبوو، ئەوەندەی لەبەر ئەوەبوو نوسرابۆوە؛ واتە بەهۆی جێگەكەیەوە بوو وەك تێكستێك. بەڵام ئاڵۆزیی ئێستای بەهۆی ئەو بابەتانەوەیە كە نوسراون، بەهۆی زمانەكەوەیە- لە- خۆیدا.

دووەم، كاریگەریی ریفۆرمی ئایینی، كە بەشێكی زۆری سەركەوتنەكەی قەرزاری چاپەمەنی- سەرمایەدارییە. پێش سەردەمی چاپەمەنیو لەئەورووپای رۆژئاوادا، رۆما زۆر بەئاسانی شەڕەكانی دژ بە هەرتەقەی دەبردەوە، ئەویش لەبەرئەوەی كڵێسا لەنەیارەكانی زیاترو بەشێوەیەكی بەتواناترو باشتر هێڵە پەیوەندییە ناوخۆییەكانی لەبەردەستدا بوو. بەڵام وەختێك مارتن لۆسەر لەساڵی 1517دا بزماری بەدەروازەكانی كڵێسای جیابۆوەی فیتێنبرگەوە داكوتا، تاوەكو تێزو بۆچوونە چاپكراوەكانی خۆی پیاهەڵواسێ، تێزو نووسراوەكان چاپكراو بوونو وەریشگێڕدرابوونە سەر زمانی ئەڵەمانیو "لەماوەی (15) رۆژدا بەسەرتاسەری وڵاتدا بڵاوبۆوە"[8]. ئەوەبوو لەماوەی تەنها دوو دەیەدا (1540-1520) ژمارەی ئەو كتێبانەی لەئەڵمانیادا بڵاوكرانەوە سێ ئەوەندەی هەمان ئەو كتێبانە بوون كە لەماوەی نێوان ساڵانی (1520-1500)دا بڵاوكرابوونەوە، ئەمەش ئاڵوگۆڕێكی سەرسوڕهێنەر بوو كە دیارە لوسەر چەقە قورساییەكەی پێكدێنێ. كتێبەكانی (لوسەر) لانیكەم یەك لەسەر سێی هەموو ئەو كتێبە ئەڵمانیانەی پێكدەهێنا كە لەنێوان ساڵانی 1518و 1522دا فرۆشراون. بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی 1522-1546دا 430 چاپی تەواو و بەش بەشی لە وەرگێڕراوە ئینگلیزییەكانی بڵاوكرایەوە. "ئێمە لێرەداو، بۆ یەكەمین جار، بەڕاستی لەبەردەم جەماوەرێكی خوێندەواری بەرفراوانو ئەدەبێكی میللیدا دەوەستین كەنووسینەكان دەست هەمووان دەكەون"[9]. لەڕاستیدا لوسەر بووە یەكەمین نووسەر لەجیهانداو شانسی ئەو شتەی هەیە كە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت "زۆرترین فرۆشتن"و هەر بەم سیفەتەشەوە دەناسرێ، یاخود، ئەگەر بەشێوەیەكی جیاوازتر گوزارشت لەهەمان ئەم مەسەلەیە بكەین، دەتوانین بڵێین لۆسەر یەكەمین نووسەرێك بووە كە توانیویەتی كتێبە نوێكانی خۆی لەسەر بنەمای ناوو ناوبانگی خۆی "بفرۆشێت"[10].

چەند نووسەرێكی تر لەدوای لوسەرەوە هاتن بۆ تەواوكردنی ئەوەی ئەو دەستی پێكردووەو، لەو پێناوەدا شەڕێكی پڕوپاگەندەیی ئایینی گەورەیان لەسەدەی دواییدا لەسەرتاسەری ئەوروپادا دەستپێكرد. لەم شەڕە مەزنەدا (شەڕی بەدەستهێنانو راكێشانی عەقڵی خەڵكی)، مەزهەبی پرۆتستانی، بەبەردەوامی لەحاڵەتی هێرشبردندا بوو، چونكە زۆر باش دەیزانی كە بە چ شێوەیەك فراوانی بازاڕی چاپەمەنی بەزمانە ناوچەییەكان وەگەڕبخات كە سەرمایەداری خوڵقاندوویەتی، ئەمە لەحاڵێكدا بزووتنەوەی دژە ریفۆرمی كاسۆلیكیەت داكۆكی لەپایەكانی زمانی لاتینی دەكرد. هێماو سیمبوڵی ئەم داكۆكیەش كتێبەكەی ڤاتیكانە **Index Librorum Prohibitorum** ( كە لەبەرامبەر ئەمەدا هیچ كتێبێكی پرۆتستانتی پێچەوانە بەمە نییە)، كەبریتییە لە كەتەلۆگێكی نوێو پێویستیی دەركردنی ئەم كتێبەش دەگەڕێتەوە بۆ قەبارەی ئەو بابەتە تێكدەرانەی چاپكراون. هیچ شتێك نییە باشتر لەو ترسەی فرانسوای یەكەم بتوانێ وێنای ئەو هەستكردن بەگەمارۆدانە بكات كە بڕیاری قەدەغەكردنی چاپكردنی هەر كتێبێكی لە وڵاتەكەیدا دەركرد- لەژێر لیستی سزای لەسێدارەدان هەتا مردن! هۆكاری ئەم یاساغكردنەو سەختی پیادەكردنەكەی لەوەوە بوو كە سنووری رۆژهەڵاتی وڵاتەكەی بەچەند شارو شارۆچكەیەكی پرۆتستانتی گەمارۆ درابوو، كە ژمارەیەك بڵاوكراوە زۆریان چاپدەكردو دەیانناردە ئەوێ. با شاری جنێڤ تەنها وەك نموونەیەكی سەردەمی كالڤین وەربگرین. لەنێوان ساڵانی 1533 و 1540دا تەنها 42 كتێب دەرچوو، كەچی

لەماوەی نێوان ساڵانی 1556-1564دا ئەم ژمارەیە گەیشتە 527 کتێب. لەدوا ساڵدا چل خانەی چاپەمەنی لەو شارەدا هەبووەو بەوپەڕی تواناو وزەیانەوە زێدەکارییان کردووە[11].

هاوئاهەنگی نێوان پرۆتستانتو چاپەمەنی سەرمایەداری، چاپە میللییە هەرزانەکانی وەگەڕخست، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەماوەیەکی کورتدا جەماوەرێکی خوێندەواری نوێی بەرفراوان دروست بکرێت- بەو بازرگانو ئافرەتانەشەوە کەخۆبەخۆ زمانی لاتینی نازانن یان تەنها شتێکی کەمی لێدەزانن، ئەمەش لەپێناو بزواندنو ئاڕاستەکردنی ئەو جەماوەرە بەرەو چەند ئامانجێکی ئایینی- رامیاریی. ئاکامەکەشی ئەوەبوو هەژانەکە گەیشتە سەر بنجو ئێسقانو تەنها بەلەرزاندانی کلێساشەوە نەوەستا. ئەم زریانە بووە سەرەتایەك بۆ ئەو دەوڵەتە ئەوروپییە گرنگانەی کە دەوڵەتی – بنەماڵە، یان دەوڵەتی شار نین، بەڵکو دەوڵەتێکی نوێیەو لەسەر شێوازی کۆماریخوازیی هۆڵەندیی‌و کۆمۆنوێڵسی بیورتانییەکان پێکهاتووە (ترسی فرانسوای یەکەم چەندێك ئایینی بوو ئەوەندەش سیاسی بوو).

هۆکاری سێهەم، بڵاوبوونەوەیەکی بەکاووخۆی چەند زمانێکی ناوچەییە، کە لەڕووی جوگرافییەوە وێکچوو نین‌و، وەك ئامرازگەلێك وان بۆ بەڕێوەبردنێکی سەنتڕالیستی (یان سەنتڕالیزمێکی کارگێڕیی) لەسەر دەستی چەند پاشایەکی تۆکمە، کە خەریکن ببنە چەند پادشایەکی موتڵەق (پادشایەتی رەها).

لەڕاستیدا پێدەچێ بەراوردکردنی نێوان ئەوروپاو ئیمپراتۆریای چین مەسەلەیەکی بەکەڵك بێت، ئەویش لەبەرئەوەی پانتایی بەڕێوەبردنی بیرۆکراتیانەی ئیمپراتۆریەت، تاڕادەیەکی زۆر، هاوجوتە لەگەڵ رووبەری بڵاوبونەوەی پیتە وێنەییەکاندا.لەراستیشدا، دابەشبوونە سیاسییەکەی ئەوروپای رۆژئاوای پاش روخانی ئیمپراتۆریای رۆژئاوا بەو مانایە دێت کە هیچ میرنشینێك بەتەنیا ناتوانێت زمانی لاتینی بۆ خۆی قۆرغ بکاتو بیکاتە زمانی دەوڵەتەکەی‌و بەتەنها زمانی دەوڵەتەکەی خۆی بێت، لەبەرئەوە دەسەڵاتە ئایینییەکەی زمانی لاتینی هەرگیز هاوتایەکی سیاسی راستەقینەی لەپاڵدا نەبووە.

لەدایکبوونی زمانە ناوچەییەکان، وەك زمانی بەڕێوەبردن، دەکەونە پێش لەدایکبوونی چاپەمەنی‌و شۆڕشی ئایینیی سەدەی شازدەوە، لەبەرئەوە پێویستە (لانیکەم لەسەرەتاوە) وەك فاکتەرێکی سەربەخۆو بێلایەن سەیری کاریگەریی ئەو هۆکارە بکەین لەپەرتکردنی جڤاتە پیرۆزە فەنتازیکراوەکەدا. لەهەمانکاتدا هەرگیز شتێکیش نییە ئاماژە بۆ ئامادەبوونی چەند پاڵنەرێکی قووڵی ئایدیۆلۆژی بکات کە زمانە ناوچەییەکان لەبەڕێوەبردندا پشتی پێببەستن، چ جای پاڵنەرە نەتەوەییە سەرەتاییەکان. "ئینگلتەرا" لەلای باکوری رۆژئاوای ئەوروپای لاتینییەوە- نموونەیەکی تایبەتی رۆشنگەرییە. پێش داگیرکردنی نۆرماندی، ئەنگلۆ- ساکسۆنی زمانی ناو کۆشك‌و زمانی ئەدەب‌و بەڕێوەبردن بوو، بەڵام لەسەدەو نیوی داهاتوودا هەموو دۆکیومێنتەکانی پاشایەتی، بەکردەوە، بەزمانی لاتینی دەنووسران. لەنێوان ساڵانی (1200-1350)دا زمانی فەرەنسی نۆرماندی جێگەی لاتینی- رەسمی (لاتینی - دەوڵەت)ی گرتەوە. لەو سەروبەندەدا ئاوێتەبوونێك لەنێوان زمانە فەرەنسییەکە – کە زمانی چینی فەرمانڕەوای بیانییە- لەگەڵ زمانی ئەنگلۆساکسۆنیدا - کە زمانی خەڵکانی رەشۆك‌و بەستەزمانە- روویداو، بەوەش ئینگلیزییەکی بەرایی هاتە ئاراوە. ئەم ئاوێتەبوونە دەرفەتی لەبەردەم زمانە نوێکەدا کردەوە بەوەی کە لەدوای ساڵی (1362)ەوە رۆڵی خۆی بگێڕێ، تاوەکو ببێتە زمانی نێو کۆشکەکان‌و- ئەو زمانەی دەرکەی پەرلەمانی پێدەکرێتەوە- لەپاش ئەویش دەسنوسێکی وایکلیف هاتە پێشەوەو لەساڵی 1382دا (ئەنجیل)ی وەرگێڕدرایە سەر زمانی ناوچەیی[12]. زۆر پێویستە ئەوە رەچاو بکرێت کە ئەو یەکبەدوای یەکهاتنە زنجیرە زمانێکی (دەوڵەت) دەگرێتەوە نەك زنجیرەیەك زمانی (نەتەوەیی)؛ ئەو دەوڵەتەشی لێرەدا مەبەستە، تەنها ئینگلتەرەو وێلزی ئەمڕۆ ناگرێتەوە، بەڵکو لەهەندێ کاتی جیاجیادا، چەند بەشێکی ئێرلەندەو ئۆسکوتلەندەو فەرەنساش لەخۆدەگرێت. وەك دەزانرێت ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی رەشۆکی هەبوون هیچ کام لەزمانەکانی لاتینی‌و فەرەنسی‌و نۆرماندی‌و، ئینگلیزی سەرەتایشیان نەزانیوە[13]. بەهەمووی سەدەیەك بەسەر باڵادەستی سیاسییانەی زمانی ئینگلیزیدا تێنەپەڕیبوو کە دەسەڵاتی لەندەن لەفەرەنسا داماڵرا.

هەمان رەوت لەسەر رۆخەکانی "سین"یش روویاندا، ئەگەرچی بەئاستێکی سستریش بووبێت. بلوخ سەبارەت بەم پێشکەوتنانە دەڵێت"زمانی فەرەنسی کە پێشتر جگە لە شێوەیەکی گەندەڵیانەی زمانی لاتینی شتێکی تر نەبوو، چەند سەدەیەکی خایاند بۆ ئەوەی خۆی بخاتە ئاستی زمانێکی ئەدەبی ناوازەوە"[14]، بەڵام لەساڵی 1539دا لەناو گۆڕەپانی داوەریدا بووە زمانی رەسمی، بەتایبەتیش ئەو کاتەی شا

فرانسوای یەکەم بڕیارنامەی Edit of Villers[15] ی دەرکرد، ئەمە لەکاتێکدا زمانی لاتینیش ماوەیەکی زۆر درێژتر لەشاشینەکانی تردا بەزیندوویی مایەوە- لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتی خێزانی هابسبۆرگدا تا بەشێك لەسەدەی نۆزدەهەم بڕیکرد- لەلای شانشینەکانی تریش چەند زمانێکی ناوچەیی (بیانی) دەرکەوتن‌و جێگەی زمانی لاتینیان گرتەوە: زمانی ناو کۆشکی وەچەی ڕۆمانۆڤ لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا فەڕەنسی‌و ئەڵمانی بووە[16].

لەهەموو حاڵەتێکدا، "هەڵبژاردن"ی زمان، ئاڵوگۆڕێکی هێواشی بەخۆوە دیوە، کە بەدەربووە لەهۆشیاری خودیی‌و، بەپێی سوودو بەرژەوەندی خۆی چۆتەپێش، چ جای بڵێین هەڕەمەکی‌و لەخۆوە بووە، چونکە ئەم هەڵبژاردنە بەم سیفەتەی بەتەواویی لەو سیاسەتگەلە زمانەوانییە هۆشمەندە مەبەستدارە جیاواز بووە کە بنەماڵەکانی پاشایەتی فەرمانڕەوا لەسەدەی نۆزدەهەمدا گرتویانەتەبەر کاتێ ڕووبەڕووی هەڵکشانی تەوژمی ناسیۆنالیزمی- زمانەوانی جەماوەریی‌و دوژمنکارانە بوونەتەوە. هێمایەکی ڕوون‌و ئاشکرای بۆ ئەم جیاوازییەش ئەوەبوو کە زمانە کۆنەکانی بەڕێوەبردن کورتبوونەتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە: ئەمانە ئەو زمانگەلە بوون کە دەستەو ناوەندە ڕەسمییەکان بەپێی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانیان بەکاریانهێناون. هیچ بیرۆکەو نیازێکی پێشوەخت لەئارادا نەبووە تا بێت‌و بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو زمانێك بەسەر چەند گەلێکی ڕەشۆکیدا بسەپێنێ[17]. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرزکردنەوەی ئەو زمانە ناوچەییانە بۆ ئاستی زمانەکانی — دەسەڵات، پێویستییان بەوەیە، بەمانایەك لەماناکان، وایان لێبکرێت کێبڕکێ لەگەڵ زمانی لاتینیدا بکەن (فەڕەنسی لەپاریس‌و، ئینگلیزی }سەرەتا{ لە لەندەن)، کە ئەمەش ڕۆڵی خۆی لە تێکشکاندنی بیرۆکەی جڤاتی بە فەنتازیکراوی جیهانی مەسیحیەتدا گێڕا.

ئەگەر بەقووڵی بەناخی مەسەلەکاندا ڕۆچین، ئەوەمان بەلاوە پەسەند دەبێت کەلەچوارچێوەی ئێستادا دەستەبژێری زمانی لاتینی، بەبەرچاو لێڵییەکەیەوە، ریفۆرمە پرۆتستانتی‌و، پەرەسەندنە هەڕەمەکییەکەی زمانە ناوچەییەکان لەکاروباری بەڕێوەبردندا، هەموویان چەند کارێکی پڕ بایەخن، کە ئەم گرنگیەشیان بەمانا سلبییەکەی — لەبەشداریکردنیانەوەیە لەهێنانەخوارەوەی زمانی لاتینی لەسەر تەختی دەسەڵات‌و لەتوپەتکردنی بیرۆکەی جڤاتی فەنتازیکراوە لەجیهانی مەسیحیەتدا. هەروەها دەکرێت بەتەواوی وێنای چۆنێتی دەرکەوتنی جڤاتە ناسیۆنالیزمە فەنتازیکراوەکان لەسەردەمی هاوچەرخدا، بکەین، بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان، یاخود بێ ئەوەی هەموویان بەشارستانی بووبن. بەڵام ئەوەی وای لەم کۆمەڵ‌و جڤاتە نوێیانە کرد، بەمانا ئیجابییەکەی، بەفەنتازیا بکرێن، ئەو کارلێکە نیمچە ڕێکەوت‌و لەخۆوەی نێوان سیستمی بەرهەمهێنان‌و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی (سەرمایەداری)و تەکنەلۆژیای گەیاندن (چاپەمەنی)و حەتمیەتی هەمەجۆرییەکەی زمانی مرۆڤایەتییە.

چەمکی (حەتمیەت) لێرەدا بەمەسەلەیەکی جەوهەری دادەنرێت. هەرچۆنێك بێت تەنها لەتوانای سەرمایەداریدایە تراژیدیا بان — مرۆیی بیهێنێتە ئاراوە، کەلە هەریەك لە مەرگ‌و فرەیی زماندا دوو دوژمنی سەختی پێکهێناوە[19]. دەکرێت زمان بمرێت یان بپوکێتەوە، بەڵام هەرگیز ناکرێت هەموو مرۆڤایەتی لەزمانێکدا کۆبکرێتەوە. پێکەوەگرێدانی ئەم دوو ڕاستییەو زەحمەتبینین لەتێگەیشتنیاندا، بایەخێکی کەمی هەیە گەر لەروانگەیەکی مێژوویی بەر لە سەردەمی سەرمایەدارییەوە سەیریان بکەین، بەڵام ڕەوشەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری‌و چاپەمەنیدا گۆڕرا، چونکە ئەم دووانەی دوایی خوێنەرێکی فراوانیان پەیدا کرد کە بەیەك زمان دەخوێننەوە.

کاتێك کەدەڵێین پێویستە دەست بەبیرۆکەی حەتمیەتی ڕەوشە گشتییەکەی فرە زمانێتییەوە بگرین‌و، ناکرێت لەیەکتری بترازێنرێن، هەڵەیە ئەو حەتمیەتە بکەینە هاوشانی توخمە باوە بەربڵاوەکەی نێو ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، ئەو توخمەی کە پێ لەسەر حەتمیەتی ئەسڵی (بەرایی) چەند زمانێکی دیاریکراو دادەگرێت کە لەپاڵ چەند یەکەیەکی ناوچەیی دیاریکراودان. بەڵام ئەوەی بەلامانەوە شتێکی جەوهەری بێت تێهەڵکێشبوون‌و کارلێکی نێوان هەریەك لەحەتمیەت‌و تەکنەلۆژیاو سەرمایەدارییە. لەئەوروپاداو، بەتایبەتیش لەهەموو ئەو شوێنانەی کەوتوونەتە پێش قۆناغی چاپەمەنییەوە، ژمارەیەکی زۆر لەزمانی ئاخاوتن هەبوون، واتە ئەو زمانانەی کە بەلای ئەوانەی پێی دواون هەموو شتێك بووە. بەڵام قەبەیی

www.pertwk.com

ئـەم هەمەجۆرییـەی لەئاسـتێکدا بـووە ئەگـەر سـەرمایەداری چـاپەمەنی هـەوڵی وەگەڕخستنی هەر بازاڕێکی خاوەن زمانێکی ناوچەیی و شەفەوییانەی دابێت، ئـەوا لەدواجاردا تـەنها سەرمایەدارییەکی کورتەبنـەی گرگنی بـۆ هێشتۆتەوە. بـەڵام ئـەو شێوازە هەمەجۆرانە دەکرێن لەسنوورێکدا یەکبخرێن و کۆبکرێنەوە، تاوەکو بکرێنە زمانگەلێکی چاپئامێزو لەڕووی ژمارەشیانەوە کەمبکرێنەوە. مۆرکە چلۆنایەتییەکەی هەر پێڕەوگەلێکی هێمای دەنگەکان پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاسانکردووە[20].

هاوکـات، تـاوەکو هێماکـان زیـاتر وێنـەیی-ڕەمزیـی بـووبن، ڕووبـەری کۆکردنەوەشیان فراوانتر بووە. مرۆڤ دەتوانێت سەرنجی ئەو جۆرێك لەو پلەبەندییە بدات کە لەجەبرەوە بەرەوخوار داکشاوەو بەرەو زمانی چینی و ئینگلیزی دەڕوات و لەوێشەوە بەهەنـدێك برگـەی ئەبجەدیی زمانـەکانی وەك فەرەنسـی و ئەندەنووسـی دەگـات. هـیچ شـتێك ئەوەنـدەی سـەرمایەداری نـەیتوانیوە زمانـەکان (یـەکبخات)و لەچوارچێوەیەکی شیاوی ڕێزمان و ڕستەسازیدا، زمانگەلێکی – چاپئامێزانە دابهێنێ و لەڕووی میکانیکیشەوە بەرهەمی بهێنێتەوەو بەنێو بازاڕیشدا بڵاوی بکاتەوە[21].

ئەم زمانە- چاپئامێزانە بەسێ ڕێگەی جیاواز بنەمایان بۆ هۆشیاری نەتەوەیی دارشتووە:

یەکـەم: پـێش هـەر شـتێك، ئـەم زمانـە- چـاپئامێزانە چـەند کایەیـەکی یەکگرتوویان بۆ ئاڵوگۆڕکردن و گەیاندن دروستکردووە کە لەزمانی لاتینی نزمترو لەزمانە ناوچەییە شەفەوییەکانیش باڵاتر بوون. ئەوانەی بەشێوەزارە هەمەچەشنە زۆرو زەبەندەکانی فەرەنسی (Frenches)، یاخود ئینگلیزی (English)، یان ئیسپانی (Spanishes) دەدوان، ئەوانەی ڕەنگە لەکاتی ئاخاوتنـدا زەحمەتی زۆریان بۆ لێکتر تێگەیشتن دیبێ ، دواتر لەڕێگەی چاپەمەنی و کاغەزەوە بەباشی لێکتر تێدەگەیشتن. هێدی هێدی، لەمیانەی ئەم پرۆسەیەوە پەییان بەوە برد کە بەسەدان هەزارو بگرە ملیۆنان کەس هەن لەهەمان کایەی – زمانەوانی تایبەتدان، هەروەها لەوەش تێگەیشتن کە هەر ئەو سەدان هەزارو چەند ملیۆن کەسەن ئینتمایان بۆ ئەو کایەیە هەیە. ئەو خوێنەرانەی کە چاپەمەنی بەیەکەوە گرێیداون، لە وجودە دونیاییە (عەلمانی)یە تایبەتییەکەیاندا ئەو نادیارە بینراوەیان پێکهێنا، کە کۆرپەلەی جڤاتە فەنتازیکراوە ناسیۆنالیستییەکانە.

دووەم: چاپەمەنی سەرمایەداری مۆرکێکی جێگیربووی نوێی بەخشییە زمان، کە لەمەودای دووردا، زەمینەی بۆ پێکهێنانی وێنەی ئەو رابوردووە دوورە خۆشکرد کە لەبیرۆکەی خودێتی گەلاندا چەقێکی ناوەندی پێکدێنێ. کتێبی چاپکراو، هەروەك مارتن و فیڤەر پێمانـدەڵێن، هەمیشە پارێزگاری لەوەکردووە کە لەهەموو کات و شوێنێکدا دەتوانێت بەشێوەیەکی لەئەژماردن نەهاتوو زیاد بکات. هەروەها نەشچۆتە ژێر ڕکێفی نەریتە تاکی و (نوێخوازییە ناهۆشیاریەکان)ی کۆپینوسانی (کلێسا)وە. بەمجۆرە، لەکاتێکدا ئەو زمانە فەرەنسییەی سەدەی دوازدە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو فەرەنسییەی (فیلۆن)ی سەدەی پازدەدا هەبووە کەپێی نوسیوە، کەچی تاوی گۆڕان لەسـەدەی شـازدەدا خاوبوونەوەیەکی گـەورەی بـەخۆوە دیـوە. "بـەهاتنی سـەدەی حەڤدەهەم، زمانەکان لەئەوروپادا، چەند فۆرمێکی نوێیان لەخۆگرت"[22]. ئەگەر بەشێوازێکی تر ئەمە دەربڕین، ئەوکات دەڵێین، ئەو سێ سەدەیەی بەدوای ئەم کاتەدا هاتوون، وای لەو زمانە – چاپئامێزە سەقامگرتووانە کردووە، بریقەیەکی تاریك و ئەنگوستەچاویان هەبێت. وشەکانی باووباپیرانمان کە لەسەدەی هەڤدەهەمدا هاتونەتە بەردەستمان زۆر جیاوازە لەو ڕەوشەی فیلۆن، چونکە ئەو وشەکانی باپیرانی سەدەی دوازدەهەمی خۆی لێ کلۆمدرابوو.

سێهەم، چاپەمەنی سەرمایەداری چەند زمانێکی بۆ دەسەڵات خوڵقاندووە کە جیاوازن لەزمانە ناوچەییە کارگێڕییە کۆنەکان. هەندێ لە شێوەزارەکان "نزیکتر" بوون لەزمانی چاپەمەنییەوەو توانییان بەسەر دوا فۆرمی خۆیاندا زاڵبن. بەڵام هەرچی شێوەزارەکانی تری سەر بە خێزانی (کچە ئامۆزا زەرەمەندەکان) بوو، ئەوان ڕۆڵی خۆیان ونکرد، ئەگەرچی دەکرا ئەمانە لەلایەن زمانی – چاپئامێزانەی تازە سەرهەڵداوەوە لەخۆبگیرێن، بەڵام هۆکاری لەدەستدانی ئەو ڕۆڵەشیان بۆ سەرنەکەوتوویی ئەم شێوەزارانە دەگەڕێتەوە ( یاخود سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەستهێنا) لەپێدانی فۆرمێکی چاپئامێزانەی تایبەت بەخۆیان. زمانی ڕەشۆکیانەی (ئەڵمانی / باکوری ڕۆژئاوا) سەرباری ئەوەی شێوەزارێکی پلە دووە، کەچی توانی ببێتە ئەڵمانییەکی قسەپێکراو، هۆکارەکەشی ئەو نەرمییەیە کە ئەم شێوەزارە لەکاتی گۆڕانیدا بۆ ئەڵمانییەکی چاپئامێز نواندی، بەپێچەوانەی زمانی چیکی شەفەویی لە بۆهیمیا، کە نەیتوانی لەگەڵ بواری چاپەمەنیدا بێتەوەو لەگەڵیدا نەگونجا. هەریەك لەزمانی (ئەڵەمانی باڵا)و شا ئینگلیزو، (پاشتریش) تایلەندی نێوەند، هەر هەموویان

www.pertwk.com

بەرەو ئاستێکی نوێی سیاسی – رۆشنبیریی باڵا هەڵکشان. ( لێرەدایە کانگای ناکۆکییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم لە ئەوروپادا، لەلایەن هەندێ لە " لقە" نەتەوەکان کە دەیانویست پێگە نزمو لاوەکیەکانیان لەرێگەی بڕینی دیواری چاپەمەنی – رادیۆوە، بگۆڕن).

پێویستە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە جێگیربونی زمانە بەچاپگەیشتووەکانو گۆڕینی جێوڕێی هەریەکەیان، تاڕأدەیەکی زۆر پرۆسەیەکی نائاگایانەیەو، زادەی ئەو کارلێکە بەتینەی نێوان هەریەك لەسەرمایەداریو تەکنەلۆژیاو فرەییە لەزمانی مرۆڤدا. بەڵام ئەو ئەنجامانەش، وەك هەر کام لەسیماکانی تری ناسیۆنالیزم، هەر کەدەرکەوتن.. ئیدی دەشێت ببنە چەند مۆدێلێکی روکەش کە مایەی لاساییکردنەوە بن، تەنانەت دەشێت بەشێوەیەکی هۆشیارانەو بەرۆحێکی میکیاڤیلانەوە بخرێنە گەڕ بەجۆرێك کە سودبەخش بن. بۆ نموونە، لەمرۆماندا حکومەتی تایلەندی دژی ئەو مزگێنبەخشە بیانیانەیە کە دەخوازن سیستمی ئەبجەدیی بدەنە هۆزو تیرە کەمایەتییەکانی سەر چیاکان بەمەبەستی پێشخستنی نووسین بەزمانی ئەو کەمایەتیانە خۆیان، لەکاتێکدا ئەو حکومەتە گوێیەکی ئەوتۆ بەهیچ کام لەو زمانانە نادات کە ئەو کەمایەتییانە لەنێو یەکدا پێی دەئاخڤن. یاخود ئەو گەلانەی بەزمانی تورکی دەدوێنو لەو ناوچانەشدا نیشتەجێن کە بەهەریەك لەتورکیای هاوچەرخو ئێرانو عێراقو یەکێتی سۆڤێتەوە لکێنراون، نموونەیەکی تری زۆر ئاشکراو تایبەتە، ئەوانە خێزانێکیان لەچەند شێوەزارێکی شەفەوی پێکهێناوە کەدەشێت لەرێگەی رێنووسی عەرەبییەوە کۆبکرێنەوەو لێیان تێبگەین، بەڵام کە ئەم یەکێتییەیان بزرکردووە. ئەوە بەهۆی چەند گەمەیەکی ئاگایانەی مەبەستدارەوەیە. (ئەتاتورك) بۆ بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی تورك پیتە رۆمانییەکانی بەزۆریزۆردارەکی سەپاند کە ئەمەش لەسەر حیسابی ئینتماکردنێك بوو بۆ شوناسێکی ئیسلامی فراوانتر[23]. پاش ئەویش یەکێتی سۆڤێت هەمان رێچکەی گرتەبەرو پیتە رۆمانییەکانی سەپاند بەنیازی ئەوەی دژایەتی ئیسلامو فارسەکانی پێبکات، بەڵام لەسەردەمی ستالینداو لە سییەکانی سەدەی بیستدا، کاروبارەکان بەئاقاری سەپاندنی پرۆسەی بەڕوسیکردندا رۆیشتن، ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی پیتی سلاڤییەوە[24].

هەموو ئەوانەی باسکران، دەکرێت بۆ چەند دەرەنجامێك کورتبکرێنەوە کەئەویش دەرەنجامی ئاوێتەبوونی هەریەك لەسەرمایەدارییو تەکنەلۆژیای چاپەمەنیو فرەبوونی حەتمیانەی زمانی مرۆڤایەتییە، پێکەوە هەموویان زەمینەیان بۆشێوەیەکی نوێ لەو جڤاتە فەنتازیکراوە رەخساند کە لەلای خۆیەوەو لەمیانەی مۆرفۆلۆجییە سەرەکیەکەیەوە فەزای بۆ نەتەوەیەکی نوێ خولڤاند. توانای درێژبوونەوەی ئەو جڤاتانە لەرووی پێکهاتنەوە سنووردارن، هەروەك چۆن ئەو جڤاتانە پەیوەندییەکی تەواو رێکەوتینەشیان لەگەڵ سنووری سیاسیدا هەبووە (ئەو سنوورەی کە هەمیشە، راژەو ئاماژەگەلێك بوون بۆ خولیای فراوانخوازانەی سولالە پادشاهییەکان).

وەك ئاشکرایە هەموو ئەو قەوارە نوێیانەی کە ئەمڕۆ خۆیان بە نەتەوە (Nation)، یان دەوڵەت- نەتەوە (Nation-state) دەزانن، خاوەنی (زمانگەلێکی نەتەوەیی بەچاپگەیشتوون)، ئەمە لەحالێکدا زۆرێك لەدەولەتەکان تەنها یەك زمانی هاوبەشیان هەیە، یان هەندێ دەوڵەتی تر هەن زمانی نەتەوەییان لەئاخاوتنو لەسەر رووپەڕی کاغەز (بەکارناهێنن)، تەنها بەشێکی کەمیان نەبێت..

دەوڵەت- نەتەوەییەکانی ئەمریکای ئیسپانی، یاخود ئەوانەی سەر بەخێزانی (ئەنگلۆ-ساکسۆنین) نموونەیەکی بەرچاوی حاڵەتی یەکەمن، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە داگیرکراوەکانی رابوردو، بەتایبەتیش ئەوانەی ئەفریقیا، نموونەن بۆ حاڵەتی دووەم. بەواتایەکی دی، بەهیچ شێوەیەك گردبوونەوەو پێکهاتنی دەوڵەتە- نەتەوەییە هاوچەرخەکان لەڕووی فۆرمەوە هاوشێوەی ئەو بڵاوبوونەوە زۆرەی زمانە بەچاپگەیشتووە تایبەتیەکانی نین. راڤەکردنی ئەو بەردەوامنەبوونو پچڕانەی نێوان زمانە – چاپئامێزەکانو هۆشیاری نەتەوەیی، دەوڵەت-نەتەوە، پێویستی بەلالێکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو قەوارە سیاسییانە هەیە کە لەنیوەی گۆی رۆژئاوای نێوان ساڵانی 1776-1836دا بەدەرکەوتن، ئەمانە چەند قەوارەیەکنو بەشێوەیەکی ئاگایانە خۆیان بە نەتەوە داناوە، لەگەڵ ئەو کۆمارانەشی (خاوەن سولالەی پادشاهی نین، تەنها نموونەی بەرازیل نەبێت کە جێگەی سەرنجو تێڕامانە). کەواتە ئەمانە یەکەمین دەوڵەتی لەمجۆرە نین کە لەڕووی مێژووییەوە لەسەر شانۆی جیهانی دەرکەوتبنو، بەمەش یەکەمین مۆدێلیان پێشکەشکردبێت، تا پێویست بکات

www.pertwk.com

**ئەم جۆرە دەوڵەتانە وەك ئەو دەربكەون، بەڵام ژمارەی ئەو دەوڵەتانەو لەدایکبوونە هاوچەرخەکەیان زەمینەیەکی بەپیت بۆ توێژینەوەیان لەڕووی بەراوردکارییەوە.**



## پەراوێزەکان

1. وەختێك ئەوروپا چاپەمەنی ناسی ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (100) میلۆن کەس بووە. بنوارە فیڤەرو مارتن، هاتنی کتێب، لاتینی 248-249 **Fever & Martin, The Coming of the Book**
2. لەو کاروکردەوانەی دەلالەتی خۆیان هەیە،کتێبی "گەشتەکانی مارکۆ ئەپۆلۆ" بەنادیاریی مایەوە تائەو دەمەی بۆ یەکەمین جار لەرێگەی چاپخانەوەو لەساڵی 1559دا چاپکرا، لاتینی 13.
3. ئیزنشتاین لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی "**بعض الحدوس**"، ئاماژەی پێداوە: **Some Conjecures, p.56.**
4. فیڤەرو مارتن، هاتنی کتێب، لاتینی 122. (بەڵام دەقە ئەسڵییەکە زۆر بەسادەیی تەنها باس لە"بەزاندنی سنوور" دەکات): **L’Apparition,p.184**
5. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 187. دەقە ئەسڵییەکە باس لەسەرمایەدارانی "بەهێز" دەکات نەك "دەوڵەمەند": **L’Apparition,p.281**
6. "لێرەداو لەو رووەوە، هاتنە ناوەوەی چاپەمەنی، قۆناغێك بوو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگاکانی ئێستامان، کۆمەڵگەی بەکاربەری بەکۆمەڵو یەکبوونی پێوانەیی " – هەمان سەرچاوە، ل259-260. رەنگە باشترین وەرگێڕانێکی ئەم دەقە بەوەی: ژیارێکی بەکۆمەڵی یەکبووی پێوانەیی بێت: **L’Apparition,p.394**
7. هەمان سەرچاوە، ل195.
8. هەمان سەرچاوە، ل289-290.
9. هەمان سەرچاوە، ل291-295.
10. لەسەرتای ئەمەوە، رەوشەکە هەنگاوێك دوور بوو لەفەڕەنسای سەدەی حەڤدەهەمەوەکە هەریەك لەکۆرلیو مۆلییرو لافۆنتین توانییان ئەو دەستنووسانەیان بەکەسە بڵاوکەرەوەکان بفرۆشن کە باسیان لە تراژیدیاو کۆمیدیاکان دەکرد، ئەم کەسانەش بەو ئامانجە دەیانکڕین کە شاکاری نایابنو نووسەرەکانی بەناوبانگنو نووسینەکانیان لەناو بازاڕی کتێبدا دەنگی داوەتەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل161.
11. هەمان سەرچاوە، ل310-315.
12. ستیون-واتسون، نەتەوەکانو دەوڵەتەکان، لاتینی 28-29. **Seton-Watson: Nations & States** ، بلوخ، کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، بەرگی یەکەم، ل 75.
13. پێویستیمان بەو گریمانەیە کە یەکخستنی کارگێڕیی زمانەوانی بەزمانی ناوچەیی دەمودەست یان بەتەواویی پێکدێت. چاکتر وانییە کە جوییەکان (**Guyennce**) کە لەناو لەندەندا مەحکومن هەر لەبناغەوە بەزمانی ئینگلیزی بەرایی بەڕێوەچووە.



14. بلوخ، کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، بەرگی یەکەم، ل98.
15. سیتون-واتسون، ل48.
16. هەمان سەرچاوە،ل83.
17. جەختکردنەوەیەکی لەبارو گونجاو لەم خاڵەدا هەیەو، فرانسوای یەکەم پێشکەشمان دەکات، کە لەساڵی 1935دا چاپکردنی هەموو جۆرە کتێبێکی یاساغکرد، پاشان بەچوار ساڵ دوای ئەمە زمانی فەڕەنسی کردە زمانی ناو کۆشکەکەی!
18. ئەمە یەکەم (بەریەککەوتن)ی کاتی لەمجۆرە نییە. چونکە فیڤەرو مارتن سەرنجی ئەوە دەدەن کە لەکۆتایی سەدەی سیازدەداو لەئەوروپادا بۆرژوازیەتێکی دیارو بەرچاو لەئارادایە، لەگەڵ ئەوەشدا کاغەز بەشێوەیەکی گشتی بەکارنەهاتووە تەنها لەکۆتایی سەدەی چواردەدا نەبێت. رووتەختە لووە رێکەکەی کاغەز رێگە بەوە دەدا لەسەر ئاستێکی فراوان نووسینەکان زیادبکرێن، هەروەها چاپکردنی وێنەش – ئەمەش دوای تێپەڕبوونی 75 ساڵ بەسەر بلاوبوونەوەی کاغەزدا داهات. بەڵام دیسانەوە کاغەز داهێنانێکی ئەوروپی نییە، بەڵکو لەمێژوویەکی ترەوە- لەرێگەی جیهانی ئیسلامەوە- بۆمان هاتووە. سەیری، هاتنی کتێب، ل22 و 30 و 45 بکە.
19. هەتا ئێستاش کۆمپانیای زەیەلاحی فرە رەگەزمان نییە لەبۆ چاپو بڵاوکردنەوە.
20. لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز لەسەر ئەم خاڵە هەبێت، بنوارە بەشی پێنجەمی five hundred Years of S.H steinberg printing

www.pertwk.com



س. شتاینبێرگ: پێنجسەد ساڵ چاپەمەنی. هێمای ough بەشێوازی جۆراوجۆر لەم وشانەی خوارەوەدا دەدرکێنرێت: Hiccough, Cough, Rough, Bough, Though ئەمەش ئەو هەمەڕەنگییەیە کە لەدیالێکتە تاکەکانی زمانی ئینگلیزی ستانداردەوە دەرکەوتوون، لەگەڵ هەموو ئەو کرك‌و حونجانەی تێیدایەو، تایبەتمەندێتی ئەو هێمایەی بەسیمبوڵو وێنە (نەك بەدەنگ) لەدوا بەرهەمیدا هەیە.

21. من گوتم "هیچ شتێك... ئەوەندەی ەسەرمایەداری خزمەتی نەکردووە" ئەویش لەروانگەی مشتومڕێکەوە. هەر یەك لە شتاینبێرگو ئیزنشتاین نزیکدەبنەوە لەبەخواکردنی فۆرمی "چاپەمەنی" بەوەی کە چاپەمەنی خودێکی بلیمەتی نێو مێژووی هاوچەرخە. بەڵام فیڤەرو مارتن ئەوە لەیاد ناکەن کە لەپشت چاپەمەنییەوە کەسانی چاپکەرو کۆمپانیای بڵاوکردنەوە هەیە. شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەوە بخەینەڕوو کە وێڕای ئەوەی چینییەکان بۆ یەکەمینجارو 500 ساڵ لەپێش ئەوروپاییەکانەوە ئەم هونەرەیان داهێنا، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئەوتۆی لەلای چینییەکان بەجێ نەهێشت کەشایانی باسکردن بێت، چ جای شوێنەوارێکی شۆڕشگێڕانە- ئەمەشیان بۆ نەبوونی سەرمایەداری گەڕاندۆتەوە لەچیندا.

22. هاتنی کتێب، ل 319. بگەڕێرەوە بۆ L’Apparition ، ل 477.

23. هانز کۆهن : سەردەمی نەتەوایەتی، ل 108 .Hans – Kohn, The Age of Nationalism ، هەروەها جێی خۆیەتی باس لەوە بکەین کە کەمال ئەتاتورك هیوای ئەوەی دەخواست بەمە ناسیۆنالیومی تورکی بکاتە هاوشانی شارستانێتی رۆمانی نوێی ئەوروپای رۆژئاواوە.

24. بنوارە : سیتۆن – وتسۆن، نەتەوەکانو دەوڵەتەکان، ل317.



**سەرچاوە:**

**بندكت اندرسون – منابع الوعي القومي – القومية مرض العصر ام خلاصه؟ – د. فالح عبدالجبار وآخرون – دارالساقي- الطبعة الأولى-** 1995.

# نەتەوەکانو ناسیۆنالیزم

نوسینی: ئێرنست گێلنەر

## پێناسەکان

ناسیۆنالیزم بەگشتی پرەنسیپێکی سیاسییەو پێیوایە دەبێت یەکەی رامیاریو ناسیۆنالیزم لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن.

هەروەها دەشێت ناسیۆنالیزم وەك سۆزێكو بزاوتێك، لەروانگەی ئەم پرەنسیپەوە باشترین پێناسەی پێبکرێت. لەکاتێکدا سۆزی نەتەوایەتی توڕەبوونە لەو پێشێلکارییەی بەرامبەر ئەم پرەنسیپە ئەنجامدەدرێت، یان نیشاندانی رازیبونە بەرامبەر بەدیهاتنی ئەم پرەنسیپە. ئەوەشی جۆشو دنەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم دەدات سۆزێکی لەم جۆرەیە.

چەندین شێواز بۆ پێشێلکردنی ئەم پرەنسیپە هەن. رەنگە سنوری رامیاریی دەوڵەتێکی دیاریکراو نەتوانێت سەرلەبەری ئەندامانی نەتەوەیەك لەخۆبگرێت، لەوانەشە بتوانێت هەموویان لەخۆبگرێت، یان تەنانەت هەموو هاوڵاتیانیش بگرێتەخۆیو، لەپاڵیدا هەندێك لەوانەشی کەهاوڵاتی خۆی نین، بگرێتە خۆی. یاخود، دەشێت نەتەوەیەکی پاکژ لەبیانی، لەچەند دەوڵەتێکدا بژی. کەواتە تاکە دەوڵەتێك بەتەنیا ناتوانێت دەوڵەتێکی نیشتمانی بێت.

بەڵام ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر تایبەتییانە پرەنسیپە نەتەوەییەکە پێشێل دەکاتو سۆزی نەتەوەیی گەلێك هەستیارە بەرامبەری، ئەو کاتەیە کە: ئێتنمای کەسە فەرمانڕەواکانی نێو یەکە رامیارییەکە بکەوێتە دەرەوەی نەتەوەی زۆرینەی حوکمکراوەوە، کە ئەم بارەش پێشێلییەکی شاراوە بۆ کردەو لیاقەی سیاسی چاوڕێنەکراوی ناسیۆنالیستەکان پێکدەهێنێت. روودانی ئەمەش یان ئەوەتا لەمیانەی لکاندنی ناوچە نەتەوەییەکەوەیە بەئیمپراتۆریایەکی گەورەتر، یاخود لەرێگەی کۆنترۆڵی گروپێکی بیانییەوەیە بەسەر ناوخۆدا.



بەکورتی، ناسیۆنالیزم تیۆرەیەکە بۆ پێدانی شەرعیەتی سیاسیو خوازیاری یەکترنەبڕینی سنوری نەژادییە لەگەڵ تخوبی سیاسیدا، بەتایبەتیش پێویستە لەسەر سنوری نەژادییانەی دەوڵەتێکی دیاریکراو، جیاکاریی نەخاتە نێوان دەسەڵاتدارانو ئەوانی دییەوە - ئەمە ئەو مەرجەیە کەپرەنسیپەکە لەداڕشتە گشتییەکەیدا بەشێوەیەکی رواڵەتیانە خۆی لێلاداوە.

دەشێت بەگیانێکی نەژادییانەی "سەراپاگیر"ەوە جەخت لەسەر پرەنسیپی نەتەوەیی بکرێت. یان لەهەندێك بۆنەداو لەچەند ناسیۆنالیستێك روویداوە بەشێوەیەکی بێلایەنانەو بێ ئەوەی بیشکێننەوە بەلای نەتەوە تایبەتییەکەی خۆیاندا، زۆر بەدڵفراوانیو بەخشندەییەوە مزگێنی پرەنسیپەکەیان داوە بەهەریەك لەنەتەوەکان ؛ باهەموو نەتەوەکان سنوری رامیاریی تایبەت بەخۆیان هەبێتو، هیچیشیان رێگە بەکەسانی تری بێگانە نەدەن بچنە ژێر سایەیانەوە. هیچ جۆرە ناکۆکییەکی رواڵەتیانە لەم ناسیۆنالیزمە خۆنەویستەدا بەدیناکرێت. دەشێت ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە وەك رێبازێك پشت بەچەند بەڵگەیەکی باش ببەستێت، وەك پاراستنی هەمەڕەنگی رۆشنبیریی، فرە سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی، هێنانەخوارەوەی ئاستی بارگرژییە ناوەکییەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتەکاندا.

ئەوەی راستی بێت، هەرگیز ناسیۆنالیزم بەو ئاستە میانڕەو نەبووەو، هیچ کاتێکیش بەو رادەیەو بەو شێوە ژیرە هاوتەریب نەبووە. پێدەچێت لایەنگیریو داشکانەوە بەلایەکدا، هەروەك عەمانوێل کانتیش جەختی لەسەر کردۆتەوە، خۆکوتانی مرۆڤ بێت بەرەو ئەنجامدانی چەند کارێکی جیاواز لەپێناو خۆیو دۆزەکەیدا، ئەمەش ئەو خاڵە لاوازە سەرەکییە کەسەرچاوەی هەموو خەوشەکانی ترە؛ ئەم لاوازییە تووشی سۆزی نەتەوایەتیو هەموو کایەکانی تریش دێتو، ئەوەی لێپەیدادەبێت کە ئیتاڵیاییەکان لەژێر سایەی حوکمڕانێتی مۆسۆلۆنیدا پێیاندەگوت "خۆویستییەکی پیرۆزی نەتەوایەتی-Sacro egoismo". رەنگە کاریگەری سیاسیانەی سۆزی نەتەوایەتی زیانێکی زۆریش بخاتەوە، ئەگەر لای ناسیۆنالیستەکان هەستێکی بەجۆش بەرامبەر بەو هەڵانە هەبوو کەنەتەوەکەیان ئەنجامیدەداتو، وەك ئەو هەستەیان بێت بەرامبەر بەو هەڵانەی لەدژیان دەکرێت.

بەڵام لەسەرو ئەمانەشەوە چەند فاکتەرێکی تریش لەئارادا هەن، کەئەمانە پەیوەستن بەسروشتی تایبەتی ئەو جیهانەی تێیدا دەژینو راستەوخۆ لەدژی

ناسیۆنالیزمی پاكو بێگەرد، گشتی، یان ماقوڵو بەجێیە. بۆ ئەوەی مەسەلەكە بەئاسانترین شێوە دەربڕین دەڵێین: لەسەر گۆی زەوی ژمارەیەكی زۆر نەتەوەی شیمانەیی (الأمم المحتملة) هەنو، هەسارەكەشمان بەژمارەیەك یەكەی رامیاری سەربەخۆو خۆبەڕێوەبەر بەرەو فراوانبوون دەچێت. كاتێكیش دەست بۆ هەر ئامارێكی بەجێ درێژدەكەین، رەنگە ژمارەی (نەتەوە شیمانەییەكان)ی رابوردو زۆر پتر بووبن لەژمارەی ئەو دەوڵەتانەی توانای مانەوەیان لەژیاندا ماوە. جا ئەگەر ئەو بەلگەو ژماردنە راستبێت، ئەوا نابێت نەتەوەكان لەهیچ كاتو زەمانێكداو بەهیچ رێژەیەك رازی بن؛ چونكە رازیبونی هەندێكیان بەواتای شكستخواردنە بەوانی تر. ئەو بەلگەیەی تاڕادەیەكی زۆر، پشت ئەستوور دەكات بەو حەقیقەتەی كەژمارەیەكی زۆر لەنەتەوە شیمانەییەكانی ئەم جیهانە، كە تائەم دواییانە ژیاونو ماون، لەچەند یەكەیەكی ناوچەیی پەستێنراودا ناژین، بەڵكو هەریەكەیان تێكەڵ بەوی تر كراوەو لەشێوەی چەند ئاوێتەیەكدان. لەمەشەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، كە یەكەیەكی سیاسی ناوچەیی تەنها لەم حاڵەتانەدا دەتوانێت لەروی نەژادییەوە هارمۆنیدار بێت : ئەگەر هەموو كەسە بێگانەكانی (non-nationals) كوشت، دەركرد یان هەموویانی لەخۆیدا تواندەوە. ئەگەر یەكە سیاسییەكە نەیەوێت ئەم رێوڕەسمانە بگرێتەبەر، ئەوا لەوكاتەدا پیادەكردنی پرەنسیپی ناسیۆنالیزمیش بەشێوەیەكی ئاشتیانە كارێكی قورسە.

ئەم پێناسانەش، وەك زۆربەی پێناسەكانی دی، پێویستە بەشێوەیەكی رێكوپێك پیادەبكرێن؛ چونكە پێناسەی پرەنسیپی نەتەوەیی، بەهۆی بوونی چەند نیشتەنییەكی بیانییەوە پێشێل ناكرێت، یان تەنانەت بەهۆی بوونی ئەو بیانییە كاتیەشی سەر بە، بابلێین، خێزانێكی نەتەوەی سەردەستو فەرمانڕەوایە. ناتوانین ژمارەی بیانییەكان، یان ئەندامانی سەر بەچینی دەسەڵاتدار بەشێوەیەكی ورد دیاریبكەین تاوەكو بەشێوەیەكی چالاكانە پرەنسیپی نەتەوایەتی پێشێل نەكرێت. كەواتە شتێك نییە پێیبگوترێت رێژەی سەدیی نەگۆڕو پیرۆز. دەكرێت نەگەینە ئەم رێژە پیرۆزەو بەوپەڕی بەخشندەییشەوە بیانییەكان ببەخشین، چونكە بەدەستدرێژیكردنە سەریان ژیانو پێشیلكردنی ئەم پرەنسیپە بوونیو سەلامەتیو ژیانی دەكەونە مەترسییەوە. گومان لەوەدا نییە كەژمارەكان بەپێی گۆڕینی بارودۆخەكە دەگۆڕدرێن. لەبەرئەوە نەبوونی ژمارەیەكی تەواو ورد، بۆ هەموو كاتەكان، بەهیچ شێوەیەك ناكاتە مایەی پووچبوونی پێناسەكە.



## دەوڵەتونەتەوە

پێناسەكردنمان بۆ ناسیۆنالیزم لەسەر جەستەی دوو زاراوەی تر دەژی، كەتا ئێستا نەناسێنراون: دەوڵەتو نەتەوە.

رەنگە مشتومڕكردن لەبارەی دەوڵەتەوە بەو پێناسەیەی ماكس ڤێبەر دەستپێبكات كەپێیوایە دەوڵەت ئەو ئاژانسەیە كە لەنێو كۆمەڵگەدا، قۆرغی توندوتیژیی شەرعیو رەوای كردووەو خاوەنیەتی. ئەو بیرۆكەیەی لەپشت ئەم بۆچونەوەیە ئاسان سادەیە: لەو كۆمەڵگەیانەی بەشێوەیەكی چاك رێكخراون، وەك ئەوانە ئێستا زۆربەمان تێیدا دەژین، یان ئاواتمانە تێیاندا بژین، توندوتیژیی تایبەتی (private) یاخود كەرتی (sectional) ناڕەواو نامەشروعن. ململانێكە خۆیلەخۆیدا ناڕەوا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانیت لەرێگەی هیچكام لەتوندوتیژیی تایبەتو كەرتییەوە بەشێوەیەكی ساغڵەم چارەسەری بكەیت. توندوتیژیی تەنها لەرێگەی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندییو، ئەوانەشی ئەو مافەیان پێدەدەن، پیادە دەكرێت. توندترین سزاش- كەهێزە - لەو سزا هەمەجۆرانەن دەكەونە خزمەت پاراستنی سیستمەكەوەو، تەنها ئاژانسێكیش كەبتوانێت بەرپرسیارێتی توندترین سزا بگرێتە ئەستۆی خۆی، كەزۆر ئاشكراو رۆشنو چەقداری ناو كۆمەڵگەیە، ئەو ئاژانسە یاخود ئەو ئاژانسگەلەیە، كەپێی دەگوترێت دەوڵەت.

ئەو بیرۆكەیەی لەناواخنی ئەم پێناسەیەدایە، تاڕادەیەكی زۆر، لەگەڵ بەلگەنەویستە مۆڕاڵییەكانی زۆرینەو، بگرە زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵگە نوێكانیشدا دێتەوە. لەپاڵ ئەوەشدا، دیسانەوە ئەمە هەر بەتەواویی شتێكی بڕواپێهێنەر نییە. بەڵام چەندین "دەوڵەت" - یان چەندین دامەزراوە هەن كەدواتر بەشێوەیەكی سروشتی حەزدەكەین ئەم ناوەیان لێبنێین- لەو هەرێمەی دەستیان بەسەریدا دەڕوات، كەمو زۆر، قۆرغی توندوتیژیی ناكەن. هیچ پێویست ناكات دەوڵەتێكی فیودالی دژایەتی جەنگە تایبەتییەكانی (Sprivate wars) نێوان موڵكدارە دەرەبەگەكان بكات، بەو مەرجەی ئەمانەی دوایی پابەندیی خۆیان بۆ ئەمیری سەرەوەیان دووپاتبكەنەوە؛ یاخود جارێكی دی. دەوڵەتێك پێیوابێت خەڵكێكی كۆچبەر نابێتەهۆی ئەوەی نەریتی (institution) دوژمنایەتی بخاتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەوانەی لەخۆشیو چڵپەو گولپەدا نقومبوون، ناهێڵن كەسە بێلایەنەكان لەسەر رێگە گشتیو بازاڕەكاندا دوچاری

مەترسی بێن. دەوڵەتی عێراق لەسەردەمی ماندێتی بەیتانیاداو پاش یەکەم جەنگی جیهانی، سازشی لەگەڵ شەڕی تیرەکاندا کرد، بەو مەرجەی لایەنی شەڕکەر بەڕێزەوە پێش‌و دوای هەڵایسانی شەڕەکە هەواڵ بداتە نزیکترین مەڵبەندی پۆلیس‌و، ئەمەش تۆمارێکی نوسراوی ڕێکوپێکی لەمەڕ ژمارەی کوژراوو دەسکەوتەکان لێکەوتەوە. بەکورتی، چەندین دەوڵەت هەن، یان ئەوەتا بێ ئیرادەن، یاخود ئەوەتا ئامرازیی ئەوتۆیان بۆ قۆرغکردنی توندوتیژیی ڕەوا نییە، کەچی لەگەل ئەوەشدا لەچەندین ڕووەوە، وەك چەند دەوڵەتێکی دانپیانراو ماونەتەوە.

بەهەرحاڵ، لەوەدەچێت ئێستا ڕاستیی پرەنسیپە سەرەکییەکەی ڤێبەر ئاشکراتر بێت، هەرچەندە نەژادخوازییەکەی (Ethnocentric) وەك پێناسەیەکی گشتی سەیر دێتەپێشچاو، ئەویش بەگریمانە بێدەنگەکەی لەئاست سەنترالیزمە زۆرەکەی دەوڵەتی ڕۆژئاواییدا. دەوڵەت لەسەر ئاستێکی بەرز لەجیاهەڵکەوتویی‌و پڕ لەبایەخ، دەتوانێت پێشکەوتن لەدابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتیدا پێکبهێنێت. لەهەرکوێیەکدا دابەشبونێکی کار نەبێت ئەوا مرۆڤ ناتوانێت تەنانەت قسە لەسەر دەوڵەتیش بکات. بەڵام دیسانەوە هەموو ئەمانەش ناکەنە ئەوەی کەهەموو پسپۆڕییەك ببێتە ئەوەی (یەکێتی) بکاتە دەوڵەت: دەوڵەت پسپۆڕیی‌و پێداگرییە لەسەر پاراستن‌و هێشتنەوەی سیستم. "دەوڵەت" ئەو دامەزراوگەل‌و تۆڕی دامەزراوانەن، کەبەشێوەیەکی تایبەتی گرنگی دەداتە سەپاندنی سیستم (وەکچۆن بایەخی بەکاروبارەکانی تریش داوە). لەهەر کوێیەك دەزگاگەلی وەك هێزەکانی پۆلیس‌و دادگای تایبەت بەسەپاندنی سیستمەکە هەبن، کە لەکایەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی دابڕاون، ئەوا دەوڵەتیش لەوێدا هەیەو؛ ئەو دەزگایانەش دەوڵەتن.

وەنەبێت هەموو کۆمەڵگەکان خاوەن دەوڵەت (state-endowed) بن. لەمەشەوە ئەوە دەکەوێتەوە، کەمەسەلەی نەتەوایەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا پێکنایەت کەبێ دەوڵەتن. ئەگەر دەوڵەت نەبوو، ئاشکرایە، ئەوکات مرۆڤ ناتوانێت پرسیار بکات لەوەی کەبۆچی سنورەکانی لەگەڵ سنوری نەتەوەکاندا نایەنەوەو ناگونجێن. یاخود ئەگەر حوکمڕانانیش نەبوون، ئەوا دەوڵەتیش نابێت‌و، ئەو دەمە مرۆڤیش ناتوانێت پرسیار بکات لەوەی کە ئەویش وەك حوکمکراوانی تر ڕۆڵەیەکی نەتەوەیە. کاتێکیش دەوڵەت‌و حوکمڕانان نابن، ئەوا مرۆڤ ناتوانێت نیگەران بێت لەشکست، یان لەوەی



نەیانتوانیوە لەگەڵ پێداویستییەکانی پرەنسیپی ناسیناليزمدا جوتبن. دەشێت مرۆڤ بێزاربێت لەوەی دەوڵەتی نییە، بەڵام ئەمە شتێکی ترە، چونکە ناسیۆنالیستەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕێگەیان لەدابەشبوونی دەسەڵات و سروشتی تخوبی سیاسی گرتووە، بەڵام زۆر بەدەگمەن‌و بگرە هەرگیز ئەمانە بۆنەیەکی خەمخۆرییان بۆ نائامادەگی هەریەك لەدەسەڵات‌و سنوور پێکەوە، نەبووە. ئەو هەلومەرجەی ناسیۆنالیزمی تێدا دروستبووە هەمان ئەو هەلومەرجە نییە کەدەوڵەت تیایدا لەریزی نەبوواندا بوو، یاخود ئەوەتا بوونەکەی لەژێر گومانێکی جیددیدا بوو. تانوپۆی دەوڵەت بەتەواوی دەرکەوتبوو. ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو تەنها سنورو/ یاخود دابەشکردنی دەسەڵات بوو تیایدا، لەگەڵ هەندێك بەرژەوەندی تری ناوخۆیدا.

ئەمە خۆی لەخۆیدا بایەخێکی زۆری هەیە. کەواتە پێناسەمان بۆ ناسیۆنالیزم مشەخۆر نەبووە لەسەر جەستەی پێناسەیەکی پێشوەختەو گریمانەکراوی دەوڵەت: ئەمەش ئەو بارە دەردەخات کەناسیۆنالیزم تەنها لەژینگەیەکدایە کەپێشوەخت لەڕێی مشت‌ومڕەوە ئامادەگی دەوڵەت تاڕادەیەکی زۆر یەکلابۆتەوە. بوونی یەکەگەلێکی سیاسی چەقبەستوو، لەگەڵ کەشوهەوایەکی ڕامیاریی‌و مۆراڵی، کەتیایاندا ئەم چەشنە یەکە چەقبەستوانە یەکلابوبێتنەوەو وەك پێوەرێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کە ئەمەوەش مەرجێکی پێویستە بۆ ناسیۆنالیزم، جا ئەگەرچی مەرجێکی تەواو ڕەهاش نەبێت.

پێویستە لەتەقەلایەکی پێشبڕکێئامێزدا، گوێ لەهەندێك سەرنجگەلی مێژوویی گشتی بگرین لەبارەی دەوڵەتەوە. مرۆڤایەتی لەمێژووی خۆیدا بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە: قۆناغی پێش کشتوکاڵی، قۆناغی کشتوکاڵی، قۆناغی پیشەسازی. گروپگەلی ڕاوکردن هەتا ئێستاش زۆر بچوکن، بەجۆرێك کە ڕێگە بۆ هیچ لەو جۆرە دابەشبوونی کارە سیاسییە خۆشناکات کەدەوڵەت پێکدێنن؛ بەمجۆرە، مەسەلەی دەوڵەت لەلایان، وەك مەسەلەی دامەزراوێکی سەقامگیری تایبەت وایە کەکاری سەپاندنی سیستمەو، پێکنایەت. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، زۆربەی کۆمەڵگە کشتوکاڵیەکان، نەك هەموویان، دەوڵەتێکی خۆیان هەیە. هەندێك لەو دەوڵەتانە بەهێزبوون‌و، هەندێکیشیان لاواز؛ ژمارەیەکیان دەوڵەتی داپڵۆسێنەرو، بەشێکیشیان

www.pertwk.com

پابەندی یاسا بوونو ئەمانەشیان لەڕوی سیماو ڕواڵەتەوە جیاوازییەکی زۆریان هەبووە. قۆناغی کشتوکاڵی لەمێژوی مرۆڤایەتیدا ئەو ماوەیەیە کە لەمیانەیدا — ئەگەر ئەم گوتەیە ڕاست بێت- بوونی دەوڵەت تیایدا شتێکی ئارەزومەندانە بووە. ئەمە جگە لەوەی، شێوەی دەوڵەت زۆر گۆڕاو بووە.

لەقۆناغی پاش کشتوکاڵی، واتە پیشەسازیدا، جارێکی تر، دەوڵەت بۆوە مەسەلەیەکی ئیجباریی؛ بەلاَم ئەوەی لەئێستەدا ناکرێت لێیهەڵبێین، مەسەلەی ئامادەگی دەوڵەتە نەك نەبوونی. ئەگەر گوتەکەی هیگڵمان دارِشتەوە، دەبینین بەجارێ هیچ کەس خاوەن دەوڵەت نەبووە، دواتر هەندێکیانو، دواجار هەمووان بونەتە خاوەنی. هەندێك نەریتی فیکری کۆمەلاَیەتی وەك — ئەنارشیزم، مارکسیزم- پێیانوایە دەکرێت لەسیستمێکی پیشەسازی، یاخود سیستمێکی تایبەت بەودا تەنانەت دەستبەرداری دەوڵەت بین، یان لانیکەم دەتوانرێت لەهەلومەرجێکی لەبار، یاخود لەژێر سایەی ڕەوشی کامڵبونی کاتدا (fullness of time) دەوڵەت پێکبهێنرێت. چەند هۆکارێکی ڕوونو ئاشکراو بەهێز هەن بۆ گومانخستنە سەر ئەم تێڕوانینە: کۆمەڵگە پیشەسازییە گەورەکان، بەشێوەیەکی زۆرو، لەپێناو ئەو ئاستی بژێوییەی لەسەری ڕاهاتوون (یاخود ئەوەی بەجۆشو خرۆشەوە لەسەری ڕابێت) پشت بەدابەشبونی گشتی کارو هاوکاری ئاڵۆزە وەها دەبەستن باوەڕناکرێت. بەشێك لەو هاوکارییە، لەژێر سایەی هەلومەرجێکی گونجاودا، ببێتە شتێکی خۆڕسکانەو پێویستی بەیاساگەلی ناوەندی نابێت. ئەو بیرۆکەیەشی کەپێیوایە دەشێت هەموو ئەمانە لەسەر ئەم پێودانگە کاربکەنو، بێ هیچ زۆرییو خۆسەپاندنو کۆنترۆڵێك هەبن، ئەمانەش بەشێوەیەکی تەواو جەخد لەسەر ڕاکێشانی متمانەی خێرای مرۆڤ دەکەنەوە.

بەمجۆرە، مەسەلەی ناسیۆنالیزم چەکەرە ناکات تاوەکو دەوڵەتێك نەبێت. بەلاَم ئەمە ناکاتە ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ هەموو دەوڵەتێك دروست دەبێت. بەپێچەوانەوە، بەڵکو تەنها بۆ چەند دەوڵەتێکەو، ماوەتەوە ئەوەی ببینین کە ئەو دەوڵەتانە کامانەن ڕوبەڕووی ئەم مەسەلەیە دەبنەوە.



## نەتەوە

پێناسەی نەتەوە تەنگوچەڵەمەی زۆر مەترسیدار تری لەو کێشانە هەیە کە لەگەڵ پێناسەی دەوڵەتدا هاتن. هەرچەندە بەلای مرۆڤی نوێوە دەوڵەتی چەقداکوتاو (بەتایبەتیش دەوڵەتی نەتەوەیی چەقداکوتراو) مەسەلەیەکی سەلمێنراوو بەلگەنەویستە، بەلاَم بەتەقەللایەکی، تاڕادەیەك کەمەوە، دەتوانێت ئەگەری هەبوونی دەوڵەت ببینێتو، بیر لەرەوشێکی کۆمەلاَیەتی وەها بکاتەوە کەدەوڵەت تیایدا ئامادەگی نەبێت. مرۆڤی نوێ کارامەیە لەدیتنی "دەوڵەتی سروشت"دا. زانای ئەنسرۆپۆلۆژیستی (anthropologist) دەتوانێت شرۆڤەی ئەوە بکات، کەهۆزو تیرە ئەو دەوڵەتە نین بەپیتی بچوك (writ small)نوسرابێت، بەڵکو شێوەو فۆرمەکانی ڕێکخستنی هۆزێتی دەکرێت بەو شێوەیە باسبکرێت کە بێ دەوڵەتە. لەبەرامبەریشدا، وەك دەردەکەوێت بیرۆکەی مرۆڤێکی بێنەتەوە پشێوییەکی زۆر بەسەر ئەو خەیاڵە نوێیەدا دەسەپێنێت. کاسیمۆ، کەکۆچبەرێکی فەرەنسییەو، لەسەروبەندی ناپلیۆندا چۆتە ئەڵمانیا، ڕۆمانێکی بەهێزی وەك ئەوەی کافکای لەبارەی مرۆڤی بێ سایەوە نوسیوە: هەرچەندە گومان لەوەدا نییە کەبەشێك لەکاریی ئەو ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ لێڵییە بەئەنقەستەکەی چیرۆکەکە، بەلاَم دیسانەوە کارێکی ئاسان نییەو شتێکی دژوارە بێین گومان لەسەر ئەو مرۆڤە بێ سایەیە لابەرین، کەبەلای نوسەرەوە، مرۆڤێکی بێ نەتەوەیە. کاتێکیش هاوەڵو زانیارییەکانی پیتەر شلیمیهل (پاڵەوانی ڕۆمانەکە- وەرگێڕ) بێ سایەییە شازەکەی کەشفدەکەن، ئەمە جگە لەوەی کارزانییەکی چاکە، دوریشی دەخەنەوە. مرۆڤە بێ نەتەوەکە بەرەنگاری چەمکە باوەڕپێکراوەکان دەبێتەوەو گاڵتەیان پێدەکات.

تێگەیشتنی کاسیمۆ- ئەگەر بەڕاستی ئەمەی مەبەست بێت- پڕاوپڕ ڕاستە، بەلاَم ئەمەش تەنها بۆ یەکجۆر لەهەلومەرجی مرۆیی ڕاستە، نەك بۆ مرۆیەك لەهەموو شوێنو کاتێکدا. پێویستە مرۆڤ چۆن لووتێكو دوو گوێی هەیە، ئاوهاش نەتەوەی هەبێتو، هەبونی کەموکوڕیی، لەو تایبەتمەندیانەدا لەپەی نەبردنیانەوە

www.pertwk.com

نییە، چونكە ئەمە ناوبەناو رودەدات، بەڵكو ئەمە لەئاكامی رودانی كارەساتێكەوە رودەدات؛ كەخودی ئەمەش كارەساتێكی لەوجۆرەیە. هەموو ئەمانە خەریكە ئاشكرا بن، هەرچەندە، پەنا بەخوا، راست نین. بەڵام ئەگەر پێویستی كرد بەوەی كەدەبێت هێندەی ئەم رەوانییە راست دەربكەوێت، ئەوا لەراستیدا ئەمە لایەنێكی مەسەلەی نەتەوایەتییە، یاخود رەنگە ئەمە خودی ناوەڕۆكەكەی بێت. ئەوەی كەمرۆڤ پێویستە نەتەوەویەكی هەبێت، خەسڵەتێكی رەسەنو بنچداكوتراوی مرۆڤایەتی نییە. ئەگەرچی ئێستا مەسەلەكە بەمجۆرە دەردەكەوێت.

ئەوەی راستی بێت، نەتەوەكانیش، وەك دەوڵەتەكان ئەگەرئامێزن (coningency) نەك زەرورەتێكی سەراپاگیر، چونكە نەتەوەو دەوڵەتەكان لەهەموو ساتو سەردەمەكاندا نەبوون، ئەمە جگە لەوەی، نەتەوەو دەوڵەتەكان هەمان ئەگەریان لەبەردەمدا نییە. بەڵام ناسیۆنالیزم پێیوایە كەچارەنوسی ئەم دوانە هەردوكیان پێكەوە گرێدراوەو؛ هەركامیان بێ ئەویتریان بگریت، شتێكی ناتەواوەو كارەسات دەخوڵقێنێت. بەڵام پێش ئەوەی ببنە چاودێریكراوی یەكتر، ئەوا پێویستە هەریەكەیان تەنیا خۆی دەربكەوێتو، دەركەوتنەكانیشیان بەشێوەیەكی سەربەخۆو ئەگەرئامێزیانە بێت. راستە كەدەوڵەت بەبێ یارمەتی نەتەوە دەركەوت، یاخود هەندێك نەتەوە بەبێ دەستخۆشیكردنی دەوڵەتە تایبەتیەكەی پێكهات. مەسەلەی ئەوەی بیرۆكەی پێوەرییانەی نەتەوە، بەواتا نوێكەی، پێویستی بەبونێكی تیرەگەرییانەی (Prior) دەوڵەت نەبووە، بابەتێكە مشتومڕێكی زۆر هەڵدەگرێت.

ئەی كەواتە ئەو بیرۆكە ئەگەرئامێزییە چییە، كە لەم سەردەمەماندا بەشێوەیەكی سەراپاگیرو پێوەرئامێزدا دەردەكەوێت. بیرۆكەی نەتەوەیە؟ مشتومڕ لەسەر دوو پێناسەی كاتی كەزۆر گۆڕاون، دەبنە هۆكارێكی یارمەتیدەر بۆ دیاریكردنی ئەم چەمكە جیوەییە.

1- دوو مرۆڤ، سەر بەهەمان نەتەوە دەبن، ئەگەرو، ئەگەر تەنها یەك كلتوریان هەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەخودی كلتور سیستمێكە بۆ بیروبۆچونو ئاماژەو پەیوەندییو رەفتارو پەیوەندیكردنەكان.

2- دوو مرۆڤ، سەر بەهەمان نەتەوەن، ئەگەرو، ئەگەر تەنها، یەكێكیان دانی بەوەدا نا كەئەویتریشیان سەربەهەمان نەتەوەیە. یان بابگوترێت، نەتەوەكان مرۆڤ دروستدەكەنو؛ نەتەوەكان ئامرازگەلن بۆ دروستكردنی بیروباوەڕەكانی خەڵكو



گوێڕایەڵیو مسۆگەركردنی ژیانیان. تەنها توێژێك (بۆ نمونە كەسانی نێو هەرێمێكی دیاریكراو، یاخود كەسانێك بەزمانێك دەئاخڤن) دەبێتە نەتەوەیەك ئەگەر پێیلێناو ئەندامانی ئەو توێژە بەشێوەیەكی لێبڕاوانەو لەڕوانگەی ئەوەی كەئەندامن تێیدا، دانیان بەمافە هاوبەشو ئەركە دیاریكراوەكانیانی یەكتردا نا. ئەمە دانپیانانی هەندێكیانە بەوانی تردا، ئەمانە بەشێوەیەك هاوشانی یەكترن، كەدەیانكاتە نەتەوەیەك، نەك ئەو خەسڵەتانەی تر. كەلێكیان جیادەكاتەوە.

هەریەك لەم پێناسە پیشەیی، فەرهەنگیو ئیرادەگەرییانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. هەركامیشیان بگریت رەگەزێكی ئەوەندە گرنگە، كەمایەی بایەخێكی راستەقینە بێت بۆ تێگەیشتن لەنەتەوایەتی. لەكاتێكدا هەرچیەكیان بەتەنیا بگریت، شتێكی ناتەواو بەدەستەوە دەدات. ئەو رەگەزە رۆشنبیریانەی كەپێناسەی یەكەم، زیاتر لەواتا ئەنسرۆپۆلۆژییەكەیدا گریمانەیان دەكات وەك لەواتا پێوەرییەكەی، بەنێوبانگە بەوەی گرانەو، واتای تەواویش بەدەستەوە نادات. رەنگە چاكتر بێت ئەگەر لەرێگەی بەكارهێنانی ئەو زاراوەیەوە لەو مەسەلەیە نزیكببینەوە، بێئەوەی هەوڵێكی زۆر بدەین بۆ گەیشتنە پێناسەیەكی روكەشی رواڵەتئامێز. باسەیری ئەوە بكەین رۆشنبیریی چیدەكات.


***سەرچاوە:***

**ارنست كيلنر – الامم والقومية – ترجمة د. مجيد الراضي – دارالمدى للثقافة والنشر – الطبعة الأولى** 1999 - ص15-25.

# گۆڕانی ناسیۆنالیزمی (1870 – 1918)

**نوسینی: ئیێریک هۆبزباوم**

**"سـەروەختێك ئـەوروپا ئاسـتێكی دیـاریكراوی گەشەسـەندنی بـەخۆوە دی، گروپگەلە زمانیو كەلتورییەكان، كـە بـەهێمنی لەمیانـەی بڕینـی سـەدەكانەوە خۆیاندادەڕشت، بەناوی خەڵكەوەو لەدنیایەكی سستو خامۆشـدا سـەریانهەڵدا. ئەوانە وەك هێزێك بەچارەنوسی مێژویی خۆیان گەیشتن. ئەو گروپانە خوازیاری كـۆنترۆڵكردنی دەوڵـەت بـوون وەك بـاڵاترین ئۆرگـانی گەیشـتنە دەسـەڵات، لەپاڵیشیدا لەهەوڵی دیاریكردنی مافی چارەی خۆنوسینیشدا بوون. سـاتەوەختی لەدایكبونی بیرۆكەی سیاسی نەتەوەو ساڵی لەدایكبونی ئـەم هۆشـیارییە نوێیـە، (1789)یە، كەساڵی بەرپابونی شۆڕشی فەڕەنسایە"[1].**

ئێسـتاش دوای تێپـەڕبونی دووسـەد سـاڵ بەسـەر شۆڕشـی فەڕەنسـادا، تاكـە مێژوونوسـێكی جیـددیو بگـرە تەنانـەت هـیچ كەسـێكیش نادۆزیتـەوە ئـەم دەسـتەواژەیەی لـەو كتێبـەدا، وەك راگەیانـدنێگ خوێندبێتـەوە، چـونكە ئـەوەی لەسـەرەوەڕا هـاتووە زۆر زیـاترە لـەوەی تـەنها مەشـقێكی میسیۆلۆژیانەی بەرنامـەیی بێت. لەكاتێكدا ئـەو پەرەگرافـەی سـەرەوە گوزارشـتێكە لـەو "بنـەما نەتـەوەیی"یـەی، سیاسـەتی نێودەوڵەتیانـەی ئـەوروپای لـەدوای سـاڵی (1830)ــەوە هێنایـە لـەرزینو، ژمارەیەك دەوڵەتی نوێشی بەدوای خۆیدا هێناو بەمـەش تاڕادەیـەك نیـوەی گوتەكـەی "مازینی- Mazzini"* پێكهـات كـەدەیگوت "بـۆ هـەر نەتـەوەیـەك دەوڵـەتێك هـەبێت"، (ئەگەرچی كـەمتر لەگـەڵ نیوەكـەی تـری گوتەكـەیدا دێتـەوە كەپێیوایـە "تـەنها یـەك دەوڵەت بۆ تەواوی نەتەوەیەك هەبێت")[2]. مازینی ئـەو بنـەما نەتەوەییـەی لـەپێنج شێوازدا دەبینیەوە : 1- لەجەختكردنەوەیدا بۆ سـەر ئـەو گروپـە زمـانیو كلتورییـەی

* "مازینی- **Mazzini**" (1805-1872): شۆڕشگێڕو پاڵەوانێكی نەتەوەیی ئیتاڵیایەو، لەپێناو یەكخستنی كۆماری ئیتاڵیادا تێكۆشاوە.



لەداهێنانـەكانی سـەدەی نۆزدەهـەم بـوون[3]؛ 2- لەجەختكردنەوەیـدا بـۆ سـەر ئـەو ناسـیۆنالیزمەی چـاوی بڕیبـووە پێكهێنـانی دەوڵەتـەكان یـان دەسـتگرتن بەسـەریاندا (نەك ئەو نەتەوانەی لـەنێو دەوڵـەتانی ئێستادا هـەن)؛ 3- لـەروی مێژوكردییەكـەیو گەیاندنی پەیامە مێژوییەكەیەوە؛ 4- لەدەرخستنی شكۆمەندیی سـاڵی 1789 دا؛ 5- لەو ناڕۆشنییەی لەریفۆرمو گوتارەكەیدا هەیبوو.

رەنگە ئەو پەرەگرافە لەیەكـەم سـەرنجدا وابێتـە بەردیـدە كە لەلایـەن خـودی مـازینی خۆیـەوە نوسـرابێت، لەكاتێكـدا ئەمـە دوای تێپـەڕبوونی هـەفتا سـاڵ بەسـەر شۆڕشـەكانی 1830داو، لەلایـەن سۆشیالیسـتێكی ماركسـی- بەڕەگـەز مـوراڤی-یـەوەو لەكتێبێكیـدا سـەبارەت بەتەنگوچـەڵەمە تایبەتییـەكانی ئیمپراتۆریـای هـابزبێرگ، نوسـراوە. بـەكورتی، رەنگـە ئـەو پەرەگرافـە ناڕۆشـنییەك بخاتەسـەر "بنـەماكانی نەتەوە" وە – ئـەو بنەمایانـەی لـەنێوان سالانی 1830و 1870دا نەخشـەی سیاسـی ئـەوروپایان گـۆڕی- بـەڵام ئـەوەی راسـتی بێـت پەرەگرافەكـە بـۆ قۆنـاغێكی دواتـرو جیاوازی گەشەی ناسیۆنالیزمە لەمێژووی ئەوروپادا.

ناسیۆنالیزمی سالانی 1880-1914 لەچاو ناسیۆنالیزمی سـەردەمی مازینیـدا لەسێ رووی سەرەكیەوە جیاواز بووە:

یەكەم ، لەبەرئەوەی ئەم ناسـیۆنالیزمە " پرەنسیپی ئاسـتانەیی – threshold principle"ی وەلاخسـت، لەكاتێكـدا ئـەم پرەنسـیپە لـەقۆناغی لیبرالیزمـدا رۆڵێكـی تەوەرەیی بۆ ناسیۆنالیزم گێڕا. ئیدی لەمـە بـەدواوە، هـەموو ئـەو كۆمەڵـە خەڵكانـەی خۆیـان بـە یـەك "نەتـەوە" دەدایـە قەڵـەم، بانگەشـەیان بـۆ مـافی دیـاریكردنی چارەنوسیان دەكرد. كەئەمـەش دواجـار، بـەواتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتێكی سـەربەخۆ دێت لەسەر زەمینی خۆیان.

دووەم ، لەئەنجامی زیادبوونی "نامێژوییانەی" ژمـارەی نەتـەوەكان، ئـەتنیكو زمـان، لـەجاران زیـاتر، خۆیـان وەك پێـوەرێكی تـەوەرەییو تەنانـەت بەتاكـە پێـوەری بەرەسمیەتناسـینی "بەنەتـەوەبوون nationhood" سـەپاند. هەربۆیـە، كاتێـك گـۆڕانی سـێهەمیش رویـدا كاریگەرییـەكی ئـەوتۆی بـۆ سـەر بزوتنـەوە نەتەوەییـە بـێ- دەوڵەتییەكان نەبوو ( كەئێستا هەتا دێت ژمارەی ئەم بزوتنەوانە زێتر دەبنو چاویان بەرزتر دەفڕێت)، بەڵكو زیاتر كاریكردە سەر تێڕوانینی نەتەوەییانەی نـاو دەوڵـەتانی نەتەوەیی خۆیان: ئەمەش بەواتای ئاڵوگۆڕێكی ئاشكرا دێت لـەمافی سیاسـی نەتـەوەو

www.pertwk.com

ئالآدا، كە لەپێناویدا گوتەزای "ناسیۆنالیزم"یان لەدوا دەیەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ داتاشرا. پەرەگرافەكەی "رێنەر Renner" لەسەرەتاوە پێناسەیە بۆ دوو گۆڕانەكەی یەكەم، بەڵام لەبەرئەوەی دیدگایەكی چەپیانەی بەڕوونی پێوەدیارە، گۆڕانی سێهەمی نیشان نەداوە.

سێ هۆكار هەن وادەكەن پێوەری ئەتنیك- زمان نەبێتە كاراكتەرێكی زاڵ لەپێناسەكردنی نەتەوەدا ؛ هۆكاری یەكەم: بەهۆی ئەو دوو بزوتنەوە نەتەوەییە یان – دەوڵەتییە هەرە دیارەی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بوو، كە لەبنەڕەتدا پشتیان بەو گروپگەلە رۆشنبیرانە بەستبوو كە لەسەر بناغەی بەكارهێنانی زمانێكی تۆكمەو جێگیری سەربە كلتورێكی باڵا لەنێو سنووره سیاسیو جوگرافییەكاندا یەكیانگرتبوو. بەڵام زمانی نەتەوەیی بەلای ئەڵمانیو ئیتاڵیاییەكانەوە تەنها ئامرازێكی گونجاوی كارگێڕی، یاخود هۆكارێك نەبووە بۆ گەیاندنو بەستنەوەیەكی سەرتاسەرییانەی هەموو دەوڵەت پێكەوە؛ وەك ئەو رۆڵو دەورەی زمانی فەرەنسی لەدوای دەرچونی فەرمانی (ڤیلێرەر)ەوە لەساڵی 1539دا بۆ فەرەنسای گێڕا. تەنانەت زمان بۆیان – بەپێچەوانەی ژاكۆبیەكانیشەوە[4]- ئامرازێكی شۆڕشگێڕانە نەبوو بۆ گەیاندنی هەقیقەتەكانی ئازادیو، زانستو پێشكەوتن لەپێناو هەمووانداو، دابینكردنی یەكسانیەكی بەردەوام بۆ هاوڵاتیانو رێگرتن لەبوژانەوەی پلەبەندیی"رژێمی كۆن – ancient regime"؛ بەڵكو زمانی نەتەوەیی بەلای ئەڵمانیو ئیتاڵیاییەكانەوە تەنانەت لەوەش زێتر بوو تەنها شوناسێك بێت بۆ ئەدەبێكی دانسقەو گوزارشتكردنێكی فیكریی سەراپاگیرانەی ئاست بەرزو بڵند. (زمان) تاكە هۆكارێك بوو كە ئەوانی دەكردە ئەڵمانیو ئیتاڵیاییو، زۆربەی بارە گرانەكەی ناسنامەی نەتەوەیی خستبووە ئەستۆی خۆی، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی، بۆ نمونە، بەزمانی ئینگلیزی دەیانخوێندەوەو دەیاننوسی. بەمجۆرە زمان بۆ چینی ناوەڕاستی لیبرالیی ئەڵمانیو ئیتاڵیایی بووە بەهانەو بەڵگەیەكی باش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی یەكگرتوو. ئەمە لەكاتێكدا هێشتا زمان نەیتوانیبوو ئەو رۆڵە لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمو هیچ شوێنێكی تردا بگێڕێت. چونكە نەداخوازییە رامیارییە جوداخوازییەكەی پۆڵەندەو بەلژیكاو، نەخرۆشانە جەماوەرییە هەمەچەشنەكانی ناوچەی بەڵكانی دژ بەئیمپراتۆریای عوسمانیش، كەدواجار دامەزراندنی چەند وڵاتێكی سەربەخۆی لێكەوتەوە، پشتیان بەزمان نەبەستبوو، ئەمە جگە لەوەی



بزوتنەوەی ئێرلەندییەكانی بەریتانیاش دیسانەوە پایەیەكی زمانییان نەبوو. تەنانەت لەهەموو ئەو جێگەیانەشی كەبزوتنەوەكانی پشتبەستوو بەزمان، بۆ نمونە وەك چیكیەكان، پایەیەكی رامیاریی دیاریان هەبووە، بەڵام دیسانەوە مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەیی (وەك ئەڵتەرناتیڤێك لەبەرامبەر خواستی كلتوریدا) بەرزنەكراوەتەوەو، تەنانەت دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ مشتومڕێكی جیددیشی لەسەر نەكراوە.

هەربۆیە، لەكۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا (بەتایبەتیش لەژێر كاریگەریی فیكری ئەڵمانیدا) شەپۆلی عەشقو شەیدابوونێكی رۆمانتیكیانە بۆ ئەو جووتیارو پاڵە پاكو سادەو خاوێنانەی گەندەڵ نەبوون، ئەوروپای تەنیوەو، لەپێناوی ئەم كەشفكردنە نوێیەی فۆلكلۆری "خەڵك"دا - ئاخاوتن بەزمانە خۆجێیەكەیان بایەخێكی زۆری پەیدا كردو، بەمەش بوژاندنەوەی ئەم كلتورە جەماوەرییە، بۆ خۆی بووە بناغەدانەری زۆرێك لەبزوتنەوە ناسیۆنالیستیەكانی دواترو، پاساویشی بۆ ئەوە هێنایەوە كەئەم بوژاندنەوەیە بەقۆناغی یەكەمی "خولی ئەلف"ی پەرەسەندنەكانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم دادەنرێت، لەم میانەدا رۆچ (Hroch) دێتو ئەوە رووندەكاتەوە كە ئەم بزوتنەوەیە بەهیچ كلۆجێك بزاڤێكی رامیارییانەی خەڵك نەبووەو هیچ كاتێكیش هەڵگری ئاوات، یان پرۆگرامێكی رامیاری نەبووە. (ئیم. رۆچ "پێشمەرجەكانی بوژاندنەوەی نەتەوایەتی لەئەوروپادا"- لەبڵاوكراوەكانی زانكۆی كامبریج، كامبریج 1985). ئەوەی راستی بێت، كەشفكردنی "دابونەریتەكانی خەڵك"و گۆڕینیان بە "كەلەپورێكی نەتەوەیی"یانەی هەندێك لەگوندییانی فەرامۆشكراوی مێژوو، زیاتر لەكارو كردەوەی كەسە بەجۆشوخرۆشەكانی نێو چین یاخود نوخبەی فەرمانڕەوای (بیانی) وەك ئەڵمانیەكانی بەڵتیك یان سویدییە فەنلەندییەكان دەچێت تا شتێكی تر. ئەنجومەنی وێژەیی فەنلەندی، كەساڵی 1831 لەسەر دەستی سویدییەكان دامەزرا، هەموو بەڵگەنامەكانی بەزمانی سویدی دەرچوو، تەنانەت لەوەدەچێت سەرلەبەری نوسینە ئایدیۆلۆژییە ئەسڵییەكانی تیۆرمەندی ناسیۆنالیستی فەنلەندی (ئەسنڵ مان)یش هەر بەزمانی سویدی نوسرابێت[5]. لەكاتێكدا هیچ كەس ناتوانێت نكۆڵی لەبزوتنەوەكانی بوژاندنەوەی revivalist ی زمانو كلتوری ئەوروپای قۆناغی نێوان ساڵانی 1780و 1840 بكات؛ هەروەها

هەنگاوێکی چەوتو نادروستیشە ئەگەر "قۆناغی ئەلف"ی (رۆچ – Hroch)* لەگەڵ "قۆناغی بێ"کەیدا تێکەڵ بەیەکتر بکەین – کە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی دڵسۆز دەرکەوتوون و خۆیان بۆ هاندان و جۆشدانی سیاسی تەرخانکردووە لەپێناو سەرخستنی "بیرو ئایدیای نەتەوەیی" دا، کە بەشێوەیەکی کەمتر لەقۆناغی سێهەم "قۆناغی جیم"دا دادەنرێن، کە لەمەیاندا توانای ئەوە رەخساوە پشت بەجەماوەر ببەسترێت بۆ پشتگیریکردن لە"بیرو ئایدیای نەتەوەیی"و، دورگەکانی بەریتانیاش باشترین نمونەی لەمجۆرەن، کەتێیدا وا رێکەوتووە، نەك هەر هیچ پەیوەندییەکی زەروری و پێویست لەنێوان بزوتنەوەی بوژاندنەوەی کلتوری لەمچەشنەو بانگەشە نەتەوەییەکانی دواتر یاخود جوڵانەوە ناسیۆنالیزمە رامیارییەکاندا نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەو چەشنە بزوتنەوە ناسیۆنالیستانە پەیوەندییەکی کزو لاوازیشیان لەگەڵ رەوتی بوژاندنەوەی کلتوریدا هەبووە، یاخود لەوانەیە هەرهیچ پەیوەندییەکیشیان نەبووبێت. خۆ نەبێت ئەنجومەنی فۆلکلۆر (1878)و بوژاندنەوەی سترانە فۆلکلۆرییەکان لەئینگلتەرە لە (ئەنجومەنی دابونەریتی قەرەجیانە – Gipsy Lore Society) ناسیۆنالیستی تر بوون.

بەڵگەی سێهەم پەیوەستە بەناسنامەی ئەتنیکییەوە نەك ناسنامەی زمانییەوە - ئەمەش بۆ نائامادەگی تیۆرە دیارو ناسراوەکان یاخود ئامادەگی ئەو تیۆرە ساختانە دەگەڕێتەوە کەنەتەوەکان لەڕوانگەی ئەسڵو بنەچەی ژینۆلۆژییانەوە پێناسە دەکەن و ئەمەش تا دواییەکانی سەدەی بیست کاری پێدەکرا. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە.

ناکرێت بایەخپێدانی زۆری "کێشەی نەتەوایەتی" لەچل ساڵی بەر لەیەکەم جەنگی جیهانی گرێبدرێتەوە بەخەستبوونەوەی ئەم کێشەیە لەنێو دوو

* رۆچ – Hroch: ئەم نوسەرە لەتوێژینەوەکانیدا ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم، لەرووی گەشەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستییەوە، بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکات، (قۆناغی ئەلف) کەقۆناغێکی کلتوریی و ئەدەبی و فۆلکلۆریی رووتەو هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی لەخۆنەگرتووە، بەڵام لە(قۆناغی بێ)دا چەند لەرێبەرو تێکۆشەرێکی "بیری نەتەوایەتی" هەڵدەکەون و سەرەتای شاڵاوی سیاسی لەپێناو ئەم ئایدیایەدا دەستپێدەکات و زۆربنەی کارەکانی رۆچ بەم قۆناغەوە سەرقاڵەو تێیدا بنەماو پێکهاتەو دابەشکردنەکانی "کەمایەتی چالاك – minoriite agissante" شیتاڵدەکات... (قۆناغی جیم)یش ئەو کاتەیە کەبەرنامەی نەتەوایەتی پشتگیرییەکی جەماوەری بۆ پەیدا دەبێت، یان لانیکەم هەندێك لەو پشتگیرییە جەماوەرییەی بۆ دروستدەبێت کەناسیۆنالیستەکان هەمیشە پێیانوابێت ئەوان نوێنەریانن. و-ك



ئیمپراتۆریا فرەنەتەوەییە کۆنەکانی وەك نەمسا- مەجەرستان و تورکیادا. لەو ماوەیەدا کێشەی نەتەوایەتی بابەتێکی پڕبایەخی سیاسەتی ناوخۆیی، هەموو دەوڵەتانی ئەوروپای پێکدەهێنا. ئەمەش بەو واتایەی کە تەنانەت لەبەریتانیای گەورەشدا، کێشەی نەتەوایەتی تەنها لەکێشەی ئێرلەندەدا کورتناکرێتەوە، هەرچەندە ناسیۆنالیزمی ئێرلەندیش بەهەمان ئاست گەشەیکردو لەڕوی رامیاریشەوە لەنێو گۆڕەپانی سیاسی بەریتانیادا گەیشتە ئاستێکی تەقینەوەئامێز (ژمارەی ئەو رۆژنامانەی کەخۆیان بە "نەتەوەیی" یان "ناسیۆنالیست") دەزانی لەماوەی دە ساڵی نێوان (1871-1881)دا لەیەك دانەوە بووە سیازدە دانەو تەنانەت لەساڵی 1891دا ئەم ژمارەیە گەیشتە سی و سێ دانە)[6]. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا ئەوە لەبەرچاوناگیرێت کە لەو قۆناغەدا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی "وێڵز" (هەرێمێکی سەر بە بەریتانیایە) بەشێوەیەکی گشتی و بۆ یەکەمینجار بەڕەسمی ناسرا (فەرمانی ساڵی 1881 کەبریتییە لە بەپشوونەناسینی یەکشەمموان لە وێڵز، کە ئەمەش بە "یەکەمین فەرمانی پەرلەمانی تایبەت بە وێڵز"دەناسرێت)[7]. هەر لەو سەروبەندەدا سکۆتلەندەش دەستی بۆ بزوتنەوەیەکی خودموختارانەی نێوخۆیی نەرمڕەو بردو، لەدەوڵەوتدا بووە خاوەن وەزارەتێك، ئەویش لەمیانەی ئەوەی پێیدەگوترێت "فۆرمولەی گوشەن - Goschen Formula"و بەمەش پشکێکی نەتەوەیی لەداهاتی گشتی ساڵانەی بەریتانیای مەزن مسۆگەرکرد. ناسیۆنالیزمی خۆجێیی – بۆ نمونە لەفەرەنساو ئیتاڵیاو ئەڵمانیادا- توانی شکڵ و شێوەی هەڵکشانی بزوتنەوە راستڕەوەکانی بگرێت، کە لەو سەردەمەدا گوتەزای "ناسیۆنالیزم" یان بۆ داتاشرا. بەشێوەیەکی گشتیتر دەتوانرێت بگوترێت کە ئەو بزوتنەوانە لەناکۆکییەکی رامیاریدا بوون لەدژی بێگانەو، لەدروەشاوەترین وێنەشیدا (نەك وەك تاکەشێوەی دەرکەوتنی) خۆیان لە "دژایەتیکردنی جولەکە"دا دەدۆزییەوە. لەرزەی دەوڵەتێکی هێمنی وەك سوید لەو ماوەیەدا بەهۆی جیابوونەوەی نەتەوەییانەی نەرویج (1907)ـەوە – کە هەتاکو هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمیش ئەم داخوازییە لەلایەن کەسەوە نەخرابووەڕوو - لانیکەمی هەمان بایەخی ئەو ئیفلیجییەی هەیە کە دووچاری سیاسەتی هابزبێرگ هات، ئەویش بەهۆی بانگەشە ناسیۆنالیستە رەقیبەکانیەوە.

هەر لەمیانەی ئەم قۆناغەدا چەند بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی زێتر دەبینین لەو ناوچانەی کەپێشتر بزوتنەوەی لەو جۆرەیان تێدا نەبوو. یاخود بزوتنەوەی

نەتەوەیی لەنێوان خەڵكانێكدا دەبینین كە پێشتر لەهیچ كونێكەوە دیارنەبوون مەگەر هەر ئەوانە ناسیبێتیانن كە لەبواری فۆلكلۆردا پسپۆڕن، تەنانەت بۆ یەكەمینجارە، لەڕووی تیۆرییەوە، شتی لەمجۆرە لەدەرەوەی جیهانی رۆژئاوادا ببینین. ئەو شتە رۆشن نییە كە بزوتنەوە نوێیە دژە ئیمپریالیستییەكانی ئەو سەردەمە تاكویَو چەندێك دەتوانن ناسیۆنالیستی بن، لەكاتێكدا ناكرێت نكوڵی لەكاریگەریی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی بكەین بۆ سەر ئەوانەی هەڵگری ئەو ناوەندو هەڵسوڕاوانی ئەو بوارەن. وەك كاریگەریی ناسیۆنالیزمی ئێرلەندی بۆ سەر ناسیۆنالیزمی هیندی. هەربۆیە تەنانەت ئەگەر خۆشمان لەچوارچێوەی ئەورووپاو دەوروبەرەكەشیدا بهێڵینەوە، ژمارەیەك بزوتنەوەمان لەساڵی 1914دا بەرچاو دەكەوێت كە لەساڵی 1870دا بەحاڵ دەبینران یاخود هەر نەبوون. لەم راستایەدا دەتوانرێت ئاماژە بەم بزوتنەوانە بدرێت: ئەرمەنییەكان، جۆرجی، لیتوانیو گەلانی تری سەر رۆخی دەریای باڵتیك، بزوتنەوەی جولەكەكان (بەهەردوو شێوە زایۆنیستیو غەیرە زایۆنیستیەكەیەوە)، بزوتنەوەی مەكدۆنیو ئەلبانیەكانی دەڤەری باڵكان، ( رۆثنی - Ruthenian ) و كرواتەكانی نێو ئیمپراتۆریای هابزبێرگ (بەڵام نابێت تێكەڵی لەنێوان ناسیۆنالیزمی كەرواتی لەگەڵ بزاڤی باسك، كاتالۆنو وێڵزییەكاندا بكرێت. لەبەلژیكاش بزوتنەوەی فلەمەنگی بەچاكی رەگی خۆی داكوتیوە، هەروەها دەركەوتنی كتوپڕو لەناكاوی ناسیۆنالیزمی خۆجێی تر لەناوچەكانی وەك "ساردینیا". تەنانەت دەتوانین یەكەمین سیماكانی ناسیۆنالیزمی عارەبی لەنێو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بدۆزینەوە.

وەك بینیمان زۆربەی ئەم بزوتنەوانە جەختیان لەسەر رەگەزی زمانو/ یان ئەتنیكی دەكرد. دەتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت كەئەمە تارادەیەكی زۆر دیاردەیەكی نوێیە. پێش دروستبوونی كۆمەڵەی گیلیك the Gaelic League ، لەساڵی 1893دا، كە لەسەرەتادا هیچ ئامانجێكی رامیاری نەبوو، زمانی ئێرلەندی لەنێو بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێرلەندەدا جێگەی قسەوباس نەبوو، بەوجۆرە دەرنەخرا كەبایەخو پایەیەكی ئەوتۆی لەهاندانەكانی هەڵوەشاندنەوەی "ئۆكۆنێڵ"دا بدرێتیَ – كە لەدژی هەڵوەشاندنەوەی یاساكانی ئینگلتەرە خرابووەگەڕ- لەكاتێكدا رزگاركەرە گوندییەكە خۆی بەزمانی "گێلیك" دەئاخفی، هەروەها ئەم زمانە لەپرۆگرامی فێنینەكانیشدا



Fenian* بایەخی پێنەدرابوو. هەتا پێش ساڵی 1900یش تاكە هەوڵێكی جیددی چییە بۆ خولقاندنی زمانێكی یەكگرتووی ئێرلەندی لەئارادا نەبوو. هەروەها ئامانجی ناسیۆنالیزمی فەنلەندیش لەدەوروبەری بەرگریكردن لەخودموختاری مەزنە هەرێمی (شانشینی) ژێر سایەی تزارییەكان؛ لیبڕاله فەنلەندییەكانیش، كەدوای ساڵی 1848 دەركەوتن، لەسەر ئەو باوەڕە بوون كەئەوان نوێنەری یەك نەتەوەی دوو زمانن. هەتا دەیەی (1860)یش ناسیۆنالیزمی فەنلەندی نەببووە ناسیۆنالیزمێكی زمانی (كاتێك فەرمانی ئیمپراتۆر باری گشتی زمانی فەنلەندی لەبەرامبەر زمانی سویدیدا بەهێزكرد). تاكو دەیەی 1880یش ململانیَو بگرەو بەردەی زمان تاڕادەیەكی زۆر لەشێوەی ململانێیەكی چینایەتی نێوخۆی فەنلەندییەكانی چینی خوارەوە (كەئەمانە لەلایەن "فنومن – Fenomen"ەوە سەركردایەتی دەكرانو ئەویش خوازیاری نەتەوەیەكی یەكگرتوی زمان فەنلەندی بوو) لەگەڵ كەمایەتی چینی دەسەڵاتداری سویدیدا كەخۆی لە"سڤیكۆمێن – Svecomen" دا دەبینیەوە، بەرپابوو. مشتومڕەكان لەسەر ئەوەبوو كە وڵات دوو نەتەوەو دوو زمانیشی تێدایە). هەروەها پێویستە ئەوەش بگوترێت هەتاكو هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەمیش هیچ هاوئاهەنگییەك لەنێوان خەبات لەپێناو خودموختاری فەنلەندەو تێكۆشان لەپێناو زمانو كلتوردا نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی تزاریزم بەرەو شێوەیەك لەناسیۆنالیزمی روسی چوو، ئەم هاوئاهەنگییە لەو مێژووە بەدواوە پەیدابوو[8].

هەروەها زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت "ناسیۆنالیزمی كاتالۆنی"، وەك بزوتنەوەیەكی (موحافیزكار)ی كلتوریی- زمانی، بۆ ساڵانی پێش 1850 بگەڕێنرێتەوە؛ هەتا پێش ساڵی 1859یش ڤیستڤاڵی "جۆكس فلۆرالز" (لەبابەتی ڤێسڤاڵی"Eisteddfodau"ی وێلزییە) زیندو نەكرابۆوە. هەتا سەدەی بیستەمیش زمانی كاتالان بەشێوەیەكی رەسمی پاراوو پەتی نەكرابۆوە[9]، هەروەها كاتالۆنییە ناوچەگەرییەكانیش تا ناوەڕاست یاخود كۆتایی دەیەی 1880 زمانیان بەهەند وەرنەگرتبوو[10]. وەك دیارە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی باسك سی ساڵ لەدوای بزوتنەوەی كاتالۆنیەوە دەركەوتووە؛ هەربۆیە گۆڕانی ئایدیۆلۆژیی سەربەخۆخوازانەی باسك، لەداكۆكیكردنی لەكۆنە ئیمتیازاتەكانی فیودالیزمو

* فێنین Fenian : مەبەست لەباڵی سیاسی سوپای كۆماریخوازی ئێرلەندییە، واتە شین فین. و-ع

سەرلەنوێ بەدەستهێناوەیان بۆ خواستێکی زمانی – ئەتنیکی، وەرچەرخانێکی کتوپڕ بوو: لەساڵی 1894 داو، پاش تێپەڕبونی کەمتر لەبیست ساڵ بەسەر برانەوەی دووەمین جەنگی کارلیست Carlist * دا، سابینۆ ئارانا Aranna Sabins پارتی نەتەوەیی باسك (PNV) ی دامەزراندو، تەنها ڕێکەوتیش وایکرد کەناوی باسك بۆ وڵاتەکەیان "Euskadi" دابنرێت، لەحاڵێکدا پێش ئەو کاتە ئەو جۆرە ناوە هەر نەبوو[11].

لەدیوەکەی تری ئەوروپادا، بزوتنەوە نەتەوەییەکانی گەلانی بەڵتیك لەدوا چارەکی ئەو سەدەیەدا تازە بەتازە توانیبوویان هەنگاو بەرەو قۆناغی (کلتوریی) ناسیۆنالیزم بهاوێژن، لەوڵاتە دوردەستەکانی بەلکانیشدا، کەتێیدا کێشە خوێناوییەکەی مەکدۆنیا لەپاش ساڵی 1870 ەوە سەریهەڵدا، ئەو بیرۆکەیەی کەپێیوایە"نەتەوە جۆراوجۆرەکانی سەر روی ئەم زەمینە دەبێت لەرێگەی زمانیانەوە لەیەکدی جیابکرێنەوە"، یەکێك بوو لەو دوا بۆچوونانەی کەبووە مایەی فیتنەنانەوە لەوڵاتانی سربستان، یۆنان، بولگارستانو بابولعالی، چونکە شەڕیان لەپێناودا دەکرد[12]. دانیشتوانی مەکدۆنیا لەسەر بناغەی ئایینەکەیان یان بەهۆی ئەو بۆچوونانەی ترەوە جیاکرانەوە کەپێانوایە ئەم بەشەی یان ئەو بەشەی خاوەنی مێژوویەکە لەسەدە کۆنەکانەوە تاکو سەدەکانی ناوەڕاست درێژدەبێتەوە، یاخود پشتی بەچەندین بەڵگەی ئەتنۆگرافی لەمەڕ دابونەریتو سرووتی هاوبەش بەستووە. مەکدۆنیا تا سەدەی بیستیش نەبووە گۆڕەپانێك بۆ فیلۆلۆژییەکانی سلاڤ، تا ئەو کاتە نەبێت کەیۆنانیەکان توانای کێبڕکێیان لەپێناو ئەم ناوچەیەدا نەماو لەبری ئەوە چوون پشتیان بەئەتنیکێکی وەهمی بەست.

هەر لەو سەروبەندەدا، واتە لەدەوروبەری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ناسیۆنالیزمی نەژادی پشتگیری زۆری بۆ پەیدابوو. بەکردەوە، بەهۆی کۆچی گەورەی جوگرافیایی رولەزیادبووی گەلانەوە؛ لەڕوی تیۆریشەوە، گۆڕینی چەمکی –نەژاد- بوو

* **جەنگەکانی کارلیست Carlist: سێ جەنگی ناوخۆی ئیسپانیایە (1833-1839)، (1860)، (1872-1876)، ئەم جەنگانە لەلایەن بەرگریکەرانی دۆن کاولۆسی کوڕی دووەمی چارلزی چوارەمی سەرتەختی ئیسپانیاوە بەرپاکراون لەدژی شازادە ئیزابێلای دووەم، هەموو جەنگەکان بەشکست تەواوبوون. و-ع**



لەسۆسیۆلۆژیای سەدەی نۆزدەهەمدا. لەلایەکەوە، ئەو دابەشکردنە کلاسیکیە زۆر کۆنەی رەگەزی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای چەند "رەگەزێك" دەبینی کە بەرەنگی پێست جیادەکرانەوە، ئێستا ئەم دابەشکردنە پەلی بۆ کۆمەڵێك جیاوازی "نەژادی" هاویشتووە، کەخودی گەلە هاوپێستەکەشی لەسەر بناغەی نەژادە جیاوازەکانی وەك "ئاریایی"و "سامی" پۆلێنکردووە، یاخود جیاوازی کردووە لەنێوان "ئاریایی"و "نۆردیی"و "ئالپی"و "ناوەڕاستییەکان"دا.. لەلایەکی تریشەوە تیۆرەی گەشەسەندنی داروین evolutionsim ، کەدواتر بەهۆی زانستی بۆماوەییەوە"genetics" پێگەیشتو نەژادپەرستی بەکۆمەڵێك بەڵگەو پاساوی بەهێزی "بەزانستیکراو" پڕچەککردو بەهانەی دایەدەست بۆ دورخستنەوەی کەسانی بێگانەو، تەنانەت دواتر کارگەیشتە ئەوەی دەریانپەڕێنو بیانکوژن. هەموو ئەمانە، دیاردەگەلێکی تارادەیەك نوێن، ئەنتی سامینیزم تا ساڵی 1880ش ماهیەتێکی "نەژادیی" (جیاواز لەماهیەتی ئایینی- کلتوریی) لەخۆنەگرت. پەیامبەرانی رەسەنی نەژادپەرستی ئەڵمانیو فەرەنسایی (واخر دو لاپوك، هۆستۆن ستیوارت چەمبەرلاین)،کە لەساڵانی (1890)ەکاندا ژیاونو، هەروەها "نۆردیکەکان"(مەبەست لەئەڵمانییەکانو دانیشتوانی باکوری ئەوروپایە) تا کۆتایی ساڵی 1900یش، نەچوبوونە نێو مشتومڕی تایبەت بەنەژادپەرستیو راسیستییەوە[13].

پەیوەندییەکانی نێوان راسیزمو ناسیۆنالیزم ئاشکران، کەچی توخمەکانی وەك زمانو نەژاد بەئاسانی تێکەڵکراونو، ئەمەش لەنێوان "ئاریایی"و "سامی"یەکاندا ئەنجامدراو، ئەمەش وایکرد بیریارانی بەسەلیقەی وەك ماکس مۆلێر جێگەی بوغزاندن بن، چونکە ئاماژە بەوە دەدات کە "نەژاد" وەك چەمکێکی بۆماوەییو ژینۆلۆژی ناتوانێت هیچ بەرەنجامێك لەزمان بەدەستبهێنێت، چونکە زمان سروشتێکی بۆماوەیی نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، وێکچونێکی ئاشکرا هەیە لەنێوان سوربونی رەگەزپەرستەکان لەسەر گرنگ پاکڕاگرتنی نەژادیو ترس لەتێکەڵبوونی نەژادەکان miscegenation لەلایەکو، جەختکردنەوەی زۆری "یان قەستە مرۆڤ بڵێت زۆرینەی" شێوەکانی ناسیۆنالیزمی زمانی لەسەر پاککردنەوەی زمانی نەتەوەیی لەوشەی بێگانە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئینگلیزەکان دەگمەنن لەرووی خۆهەڵکێشانیان بەوەی کەزمانەکەیان چەند رەگەیە (بریتۆن، ئەنگلۆساکسۆن، ئەسکەندەناڤی، نۆرماندی، سکۆتلەندی، ئێرلەندیو شتیر) و بەخۆیانەوە دەنازنو ئەوان لەو بارەیەوە تەواو

جیاوازبوون. بەهەرحاڵ، ئەوەی "نەژاد"و "نەتەوە"ی لێکتر نزیکترکردەوە، بەکارهێنانیان بوو وەك دوو زاراوەی هاوواتاو، بەگشتاندنێکی توندڕەوانە لەهەمبەر ناسنامەی "نەژادی-نەتەوەیی" کە لەو سەردەمەدا باوبوو. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ڕێککەوتنی نێوان دوو وڵاتی بەریتانیاو فەرەنسا لەپێش ڕێکەوتنی ئەنگلۆ-ساکسۆنی ساڵی 1904 وەوە شتێکی دوورەو بگرە مەحاڵیش بوو ئەویش بەهۆی "دوژمنایەتی زگماکی"یانەی نێوان دوو نەژادەوە[14]، بەمجۆرە، هەردوو ناسیۆنالیزمی زمانیو نەژادی یەکتری بەهێزدەکەن.

نابێت جێگیربوونی خێرای ناسیۆنالیزمی نێوان ساڵانی (1870-1914) مان زۆر بەلاوە کتوپڕ بێت. بەڵکو ئەمە ئەنجامی کاریگەریی ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بوو، ئەمە جگە لەو ڕەوشە نێودەوڵەتییەی دنیایەك لەبەهانە بەدەستەوە دەدا ت بۆ دژایەتیکردنی  بێگانەکان. لەروانگەی کۆمەڵایەتییەوە، سێ ئاڵوگۆڕ بوارێکی زۆری بۆ دروستبوونی چەند فۆرمێکی نوێی کۆمەڵگە "خەیاڵی"یەکان، یاخود تەنانەت بۆ کۆمەڵگە واقیعیەکان رەخساندو حیسابی "نەتەوە"ی بۆ کردن: پیاهەڵشاخانەوەی گروپە کلاسیکیەکانی بەردەم هەرەشەی مۆدێرنە؛ گەشەسەندنی خێرای چینو توێژە نوێباوو غەیرە تەقلیدییەکانی، ئەوکاتەی، کۆمەڵگە شارستانیەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەو کۆچە بەلێشاوە بێ وێنانەی بوونەهۆی پەرشوبڵاوبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی جۆراوجۆر بەسەرتاسەری گۆی زەویدا. ئەو خەڵکە کۆچبەرە، نامۆن بەهەریەك لەخەڵکانی رەسەنی وڵاتە تازەکەی بۆی چوونو بەکۆچبەرەکانی تریشو هیچ کام لەمانە نەریتی پێکەوە ژیانی هاوبەشیان نییە.

کێشو ریتمی گۆڕانەکانی ئەم قۆناغە بەسن بۆ رونکردنەوەی ئەو هۆکارەی کەدەرفەتی کارلێککردنی نێوان گروپەکان لەژێر سایەی ئەم هەلومەرجەدا چەند ئەوەندە زیادیکردووە، تەنانەت ئەگەر هەڵبەزو دابەزەکانی "قەیرانە گەورەکان" (کە لەو ساڵانەدا، ژیانی زۆربەی خەڵکانی هەژارو بێدەرامەتی ژێرەوژوور دەکرد) مان لەبەرچاو نەگرت. ئەوەی وایکرد ناسیۆنالیزم بەرەو سیاسەت رابکێشرێت، ئەو چەند گروپەی پیاوانو ژنان بوو، کەبەهەر کلۆجێك بووە خۆیان لەحاڵی هاوڵاتیانی رۆریتانی (نیشتمانێکی گریمانەییە-و.ف-) دانابوو، یان بابڵێین دەیانویست لەدیدگەی کەسانی ترەوە وەها ببینرێن، ئەوسا دەبێت ئامادەی بیستنی ئەو بەهانەیە بن



کەپێیوایە سەرچاوەی بێزارییەکانیان، بەشێوەیەك لەشێوەکان، لەئەنجامی مامەڵەو سەیرکردنە نزمەکانی (کە راستییان تێدا هەیە) نەتەوەکانی ترەوە، یاخود چینێکی دەسەڵاتدارو دەوڵەتێکی غەیرە رۆریتانیاییە لەگەڵ رۆریتانیاییەکاندا. بەهەرحاڵ، چاودێران پێشبینی ئەو گروپە ئەوروپاییانەیان دەکرد کەهێشتاکە ناتوانن هیچ بانگەوازێکی نەتەوەیی پەسەند بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو بانگەوازو داوایە هیچ پەیوەندییەکیشی بەپرۆگرامێکی ناسیۆنالیستییەوە نەبووبێت. لەم چوارچێوەیەدا وەنەبێت هاوڵاتیە کۆچبەرەکانی ئەمریکا هیچ چەشنە ئیمتیازێکی زمانی – یاخود ئیمتیازێکی تریان لەحکومەتی فیدراڵی بۆ نەتەوەکانیان داواکردبێت. بەڵام هەر سیاسەتمەدارێکی دیموکراتخوازی شار بگریت ئەوە باش دەزانێت کەئەو بانگەوازانەی ئاراستەی ئێرلەندییەکان دەکرێن وەك ئێرلەندیو ئەوانەشی بۆ پۆڵەندییەکانەو بەپۆڵەندییان دەزانێت، چەند بەسوود بووە.

هەروەك دیمان، گۆڕانە سیاسییە مەزنەکان توانیان بانگەوازە نەتەوەییەکان لەپێقوتچونێکی ئەگەرئامێزەوە بگۆڕنەسەر پەسەندکردنێکی راستەقینە، کەئەمەش بە بەدیموکراتیزەبوونی سیاسەت دەژمێردرێت لەژمارەیەکی زۆری دەوڵەتانداو، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کارگێڕیی مۆدێرن کەهاوڵاتی تەیارو مۆبێلیزە بکات citizen- mobilizingو، کاریگەریش لەسەر هاوڵاتی citizen- influencing دابنێت. پەیدابوونی سیاسەت لەپێناو جەماوەردا (لەهەمبەر سیاسەت لەپێناو ئەو نوخبانەی لەسەردەمی پیاوماقوڵاندا باوبوو. و-ف) یارمەتیماندەدات بۆ دارشتنەوەی ئەو پرسیارەی کەبریتییە لەپشتگیریکردنی جەماوەر لەناسیۆنالیزم نەك وەڵامدانەوەی. ئەوەی پێویستە کەشفی بکەین ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم چی لەسیاسەتدا دەوێت، خۆ ئەگەر هەر ئەو شتانەی بوێت کەلایەنگرانی بزاڤە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەیانەوێت، ئەوسا دەپرسین چۆن گۆڕاو لەژێر باری چ ڕەوشێکدا لەگەڵ دروشمەکانی تردا یەکیگرتو دوورکەوتەوە لەپێناو تەیارکردنی هاوڵاتیدا، یان باشە چۆن باڵادەستبوو بەسەریاندا یان تێیدا شکستیهێنا.

دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوە لەرێگەی زمانەوە یارمەتی وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانەمان دەدات، ئەویش لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزمی زمانی، هەرخۆی، بەدوای کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتەوەیە، یان لانیکەم بەشوێن دانپیانانێکی فەرمیانەی

زمانەوەیە. شتێکی ئاشکرایە کەئەم مەسەلەیە بەیەك ئەندازە بۆ هەموو توێژو گروهەکانی نێو چوارچێوەی دەوڵەت یان نەتەوە، یان تەنانەت بۆ هەر دەوڵەت یان نەتەوەیەك گرنگو بایەخدار نییە. هەرچۆنێك بیگریت، ئەوەی لەناوجەرگەی ناسیۆنالیزمی زماندا کاردەکات کێشەکانی دەسەڵاتو شەرعیەتدانو سیاسەتو ئایدیۆلۆژیایە، نەك کێشەگەلی گەیاندن یاخود تەنانەت کەلتوریش. ئەگەر گەیاندن یاخود کەلتور دوو بابەتی یەکلاکەرەوە بوونایە، ئەوا بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی جولەکە (زایۆنیزم) نەدەچوو زمانێکی عیبری مۆدێرن هەڵبژێرێت کە تائەوکاتەش هیچ کەسێك پێی نەدەدوا، هەروەها لەروی درکاندنیشەوە جیاوازە لەو درکاندنەی لەکڵێسا یەهودییەکانی ئەوروپادا بەکاردێت. بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی یەهودی زمانی "ییدیش" ی پەسەند نەکرد، لەکاتێکدا لەلایەن 95٪ی جولەکە ئەشکەنازییەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتو کۆچبەرە جولەکەکانی رۆژئاواوە، واتە لەلایەن زۆربەی زۆری سەرجەم جولەکەکانی جیهانەوە قسەی پێدەکرا. لەساڵی 1935 دا، بەهۆی ئەو ئەدەبیاتە هەمەجۆرو دانسقەیەی زمانی "یی دیش" بۆ 10 ملیۆن کەس لەقسەپێکەرانی خۆی فەراهەمیکردبوو، بەیەکێك لەزمانە پێشەنگەکانی ئەو سەردەمە دانرا[15]. هەروەها ئەگەر گەیاندنو کلتور بابەتگەلێکی سەرەکی بوونایە، ئەوا بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێرلەندی لەدوای ساڵی 1900 ەوە نەدەچوو خۆی بەتەقەللایەکی مۆلەقەئامێزەوە ببەستێتەوەو لەزمانی ئێرلەندی زمانێك دابڕێژیتەوە کەزۆرینەی ئێرلەندییەکان خۆیان تێینەگەیشتوون. ئەو کەسانەی وابڕیار بوو ئەو زمانە فێری هاونیشتمانیەکانیان بکەن، خۆیان تازە دەستیان بەفێرکردنێکی پڕ لەکەموکوڕیی ئەو زمانە کردبوو[16].

لەلایەکی ترەوەو، ئەوەی زمانی "ییدیش" وەك نمونە دەریدەخاتو، چاخی ئاڵتونینی ئەدەبیاتی دیالێکتەکانیش لەسەدەی نۆزدەهەمدا پشتڕاستیدەکاتەوە، بوونی زمانێکی تایبەت idiom ی قسەپێکراو لەسەر ئاستێکی فراوان یاخود تەنانەت نوسراویش، بەزەرورەت نەبۆتە مایەی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمێکی زمانئامێز - لەکاتێکدا ئەمجۆرە زمانو ئەدەبیاتانە دەیانتوانی ئەوە لەخۆیان راببینن یاخود لەوپەڕی هۆشیاریدا وایان لێڕاببینرێت کەئەمانە تەواوکەری ئەو زمانە هەژموندارەن کەباڵی بەسەر کلتوری گشتیو گەیاندندا گرتووە، نەك وەك رکەبەرێکی ئەو بناسرێن.

رۆڵی توخمی سیاسی- ئایدیۆلۆژی ئاشکرایە لەپێکهێنانی ئەو زمانەی کەرەنگە بتوانێت زیاتربێت لەوەی تەنها دەوری "راستکردنەوە"و "رەوانی" زمانی ئەدەبیو زمانە کلتورییەکان بگێرێت، بەڵکو لەتوانایدایە بچێت بەرەو پێکهێنانی ئەو زمانانەی پێکهاتەیەکی ئاسایین لەچەند دیالێکتێکی تێهەڵکێش بەیەکتری بەئامانجی ژیاندنەوەی ئەو زمانانەی مردوون یان ئەوەندەیان نەماوە بپوکێنەوە، کەدەگاتە ئاستی داتاشینی چەند زمانێکی نوێ. چونکە زمانی گەل، بەپێچەوانەی ئەفسانەی ناسیۆنالیزمەوە، بناغە نییە بۆ هۆشیاری نەتەوەیی، بەڵکو هەروەك ئینار هۆگنیش (Einar Haugen) دەڵێت "بەرهەمێکی دروستکراوەی کلتورییە"[17] زمانە نوێیە هیندییە شارەوانییەکان باشترین بەڵگەی ئەمەن.

دابڕینی مۆرکی سەنسکریتی بەئەنقەست بەسەر زمانی ئەدەبیانەی بنگالی، کە لەسەدەی نۆزدەدا وەك زمانێکی کلتوریی دەرکەوت، نەك هەر تەنها چینە باڵا خوێندەوارەکەی لەچینە میللییەکە جیاکردەوە، بەڵکو لەپاڵیدا مۆرکێکی هیندۆسیانەشی بەخشییە کلتوری بەنگالی پایەبڵند، بەمەش پایەی جەماوەریی موسوڵمانی بنگالی هاتەخوارەوە؛ لەبەرامبەریشدا، لەگەڵ دابەشبووندا، چەند لابردنو کەمکردنەوەیەك لەسروشتی سەنسکریتیانەی زمانی بنگلادیشیدا (بەنگالی رۆژهەڵاتی) روویدا. دیارترین خاڵ بۆ روونکردنەوەی ئەمە ئەو هەوڵەی گاندی بوو لەپێناو پێشخستنو پاراستنی زمانێکی هیندی پشتبەستوو بە بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی یەکگرتوو، واتە رێگرتن لەوەی زمانی هاوبەشی باکوری هیندستان زیاتر لەوە دووچاری فرەجۆری هیندۆسیو ئیسلامی ببێت، لەکاتێکدا بەدیلێکی نەتەوەیی بۆ ئینگلیزی دەخاتەڕوو. بەهەرحاڵ، لایەنگرانی مێشك وەستاوی زمانی هیندی کە لەلایەن گروپێکی هیندۆسخوازی دژە ئیسلامییەوە (دژە ئۆردوش) بەرەنگاریکرانو لەسییەکاندا کۆنترۆڵی ئەو رێکخراوەیان کرد کە کۆنگرەی نیشتمانی هیندی بەئامانجی بڵاوکردنەوەی زمان پێکیهێنابوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەریەك لەگاندیو نەهرۆو هەندێکی تر لەسەرکردایەتی کۆنگرە واز لەو رێکخراوە (Hindi Sahitya Samuelan or HSS) بهێنن، هەروەها لەساڵی 1942دا گاندی بێئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەستبهێنێت گەڕایەوە بۆ پرۆژەی "زمانی پان – هیندی". لەو سەروبەندەدا رێکخراوی HSS زمانێکی هیندی رەوانی ، بەپێی تێگەیشتنی خۆی، پێکهێناو دواجار چەند ناوەندێکی تاقیکردنەوەی بۆ قۆناغەکانی

ئامادەیی‌و دیبلۆم‌و بڕوانامەی زانکۆیی بۆ ئەو زمانە دامەزراند بەمەبەستی ئەوەی لەرووی فێرکارییەوە رەوان بێت‌و هەر لەم چوارچێوەیەداو لەساڵی 1950دا "دەستەی زاراوە زانستییەکان – Board of scientific Terminology"ی دامەزراند بەهیوای فراوانکردنی فەرهەنگ‌و ژمارەی زاراوەو وشەکان، لوتکەی ئەم هەوڵەش نۆبەرەی "ئینسایکلۆپێدیای هیندی Hindi Encyclopedia " لەساڵی 1956دا لێکەوتەوە[18].

ئەوەی راستی بێت زمانەکان دەبنە باشترین مەشقی هۆشیارانە لەهەندەسەی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش بەهاوتەریبی لەگەڵ سەروەری ئەو بایەخە رەمزییەی لەڕووی بەکارهێنانە راستینەکانیەوە هەیەتی، هەروەك لەهەموو ئەو بزوتنەوانەدا دەبینرێت کە لەهەوڵی بەئەهلیکردنی indigenization زاراوەو کردنیان بەوەی زێتر "نەتەوەیی" ببنەوە، شەڕی حکومەتەکانی فەرەنسی لەگەڵ "فرنگلیزی"[*]دا باتشرین نمونەیە لەو بارەیەوە. ئەو حەزو خولیایەی لەپشتییەوە بوو ئاسانە تێگەیشتنی، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بەقسەکردن‌و نوسین‌و تێگەیشتن‌و تەنانەت رۆحی ئەدەبیشەوە نییە. زمانی نەرویجی کە لەژێر کاریگەرێتی زمانی دانیمارکیدایە ئەوساش‌و ئێستاش هەر وەك زمانی ئەدەبی نەرویجی ماوەتەوە. ئەو کاردانەوەیەشی لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەدژی بەرپاکرا ناسیۆنالیستانە بوو. یاخود گازینۆی ئەڵەمانی لە براگ کە لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا (1890) رایگەیاند کە فێربوونی زمانی چیکی – کە ئەو کاتە زمانی 93٪ی دانیشتوانی شارەکە بوو- خیانەتە [19]، بەیاننامەیەکی لەبارەی گەیاندنەکانەوە بلاونەکردەوە وەك لەریتمیدا دیاربوو. کەسە بەجۆشوخرۆشە وێڵزییەکان، ئەوانەی هەتا ئێستاش هەر خەریکی دۆزینەوەو داهێنانی ناوە وێڵزییەکانن Cymric بۆ ئەو شوێنانەی هەتا ئێستاش ناویان نەبووە، زۆر باش دەزانن کە وێڵزییەکان پێویستییان بە وێڵزکردنی Cymricise ناوی پەرمەنگهام نییە بەقەدەر ئەوەی پێویستیان بە وێڵزکردنی ناوی باماکۆ Bamako یان هەر شارێکی بیانی تر هەبێت. ئاشکراشە ئەو پاڵنەرەی هەوڵی ئاوێتەبوونێکی بەرنامەڕێژیانەی زمان دەدات‌و یاری پێدەکات لە چ ئاستێکدا بێت‌و، ئاستی گۆڕانی

فەنتازیاکەی چەندێك بێت، بەڵام دیسانەوە ئەوەی رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، هەر دەسەڵاتی دەوڵەتە.

چۆن ناسیۆنالیزمی رۆمانی لە(ساڵی 1863) دا توانی، ئەگەر بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە نەبێت، لەرێگەی نوسین‌و چاپکردنی پیتە رۆمییەکانەوە (مەبەست لەرۆمایە) (لاتینی) نەك لەمیانەی پیتە سیریلیەکانی تا ئەو دەمەش باو بوون، جەخت لەسەر بنەچە لاتینیەکەی (نەك سلاڤی‌و مەجەرییەکەی دەوروبەریان) بکاتەوە؟ (کۆنت سید لنیتسکی سەرۆکی پۆلیسی هابسبۆرگ لەکاتی فەرمانڕەوایەتی مەترنیخدا دەستپێشکەربوو لەمومارەسەکردنی شێوەیەك لە سیاسەتی کلتوریی-زمانی، ئەویش بەپێشکەشکردنی یارمەتی دارایی بۆ چاپکردنی نوسینە ئاینییە ئەرسەدۆکسییەکان بەپیتی رۆمی نەك سیریلی، بۆ ئەوەی کێشە سلاڤییە سەراسەرییەکانی نێوان سلاڤییەکانی ناو ئیمپراتریای هابسبۆرگ خەستتر بکاتەوە)[20]. چۆن زمانە شاریی‌و گوندییەکان وایان لێدێت بتوانن کیبڕکێی زمانە دیارەکانی کلتوری نەتەوەیی یان جیهانی بکەن، چ جای ئەو زمانانەی بوونێکی ئەوتۆیان نییە بەڵام بەپاڵپشتی دەسەڵاتی گشتی‌و دانپێدانانیان لەپرۆسەی فێرکردن‌و بەڕێوەبردندا دەیانهێننە بوونەوە؟ دەبووایە دوارۆژی زمانی عیبری چی بووایە ئەگەر ماندێتی بەریتانی لەساڵی 1919دا وەك یەکێك لەسێ زمانە رەسمییەکەی فەلەستین پەسەندی نەکردایە، لەکاتێکدا ژمارەی ئەوانەی بەعیبری دەئاخڤن، وەك زمانێکی رۆژانە، لە 20هەزار کەس کەمترن؟ دەبێت جگە لە سیستمی فێرکردنی ئامادەیی‌و سیانەیی بەزمانی فەنلەندی، چ شتێکی تر توانیویەتی ئەو راستییە ئاشکرایە چارەسەر بکات، کەبریتییە لەوەی کاتێك رایەڵەکانی زمانی فەنلەندی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا جامبوون، ژمارەی ئەو رۆشنبیرانەی بەزمانی سویدی دەدوان زۆر زیاتر بوون لەکۆی گەل کە بەزمانی فەنلەندی قسەدەکەن، واتە خوێندەوارانی فەنلەندی لەسەر ئەم پێودانگەیان بەردەوامبوون لەسەر بناغەی ئەوەی کە زمانی سویدی بۆ ئەوان سوودی لەزمانی دایك زیاترە[21]؟

لەبەرئەوە، سەرباری ئەوەی زمانەکان هێمان بۆ خواستی نەتەوەیی، بەڵام دیسانەوە چەندین بەکارهێنانی پراکتیکی‌و جیاوازیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەیەو، ئەو هەڵوێستانەشی لەبەرامبەر زمانە (زمانەکان) هەڵبژێردراوەکاندا هەن،

* فرنگلیزی، ئەو کۆمەڵە زاراوەو گوزارشتە ئینگلیزییەیە کە لەفەرەنسیدا بەکاردەهێنرێت. و-ع

وەك زمانێكی فەرمی بۆ ئامانجی كارگێڕیی یاخود فێركاریی یان شتی تر، لەئەنجامی ئەووەوە دەگۆڕێن. باجارێكی تر ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە، كە ئەوەی زۆ جێگەی مشتومڕە زمانی نوسینە، یاخود زمانی قسەپێكردنە لەژیانی گشتیدا. زمانی قسەكردن یەكێكە لەبازنە تایبەتیەكانی ناو بازنەكانی دوواندن‌و هیچ گێچەڵێك نانێتەوە تەنانەت ئەگەر شوێنی تایبەتی خۆشی بگرێت، هەروەك ئەوەی منداڵ كاتێك زمانی قسەكردنی لەدایك‌و باوكیەوە دەگوێزێتەوە بۆ قسەكردن لەگەڵ مامۆستاو هاوڕێكانی.

هەروەها كاتێك هەڵسوڕاوانی كۆمەلایەتی‌و جوگرافی سەردەم ناچاركراون، یان وەختێك ژمارەیەكی بێهاوتای پیاوان هاندراون — تەنانەت لەئافرەتانیش وێڕای گەمارۆدانیان لەنێو بازنەیەكی تایبەتدا- بۆ ئەوەی فێری چەند زمانێكی نوێ ببن، ئەم پرۆسەیە بۆ خۆی هیچ مەسەلەیەكی ئایدیۆلۆژی، وەك زەرورەتێك، لێنەكەوتۆتەوە، مەگەر ئەوەیە یەكێك لەزمانەكان بەشێوەیەكی ئەنقەست رەتكرابێتەوەو زمانێكی تری لەجێگە دانرابێت بەشێوەیەكی گشتی —یان بابڵێین بەشێوەیەكی نیمچە تەواو-، بەمەبەستی چوونە نێو كلتورێكی بەرفراوانتر یان چینێكی كۆمەلایەتی پێشكەوتووتر كەخاوەنی ناسنامەی دیاریكراوە بەزمانێكی دیكە. ئەمە بەزۆری لەو جوولەكە ئەشكەنازییانەی چینی مامناوەند روویداوە كە لەنێو بۆتەی ئەوروپای ناوەڕاست‌و رۆژئاواد توێنراونەتەوە، بەهۆی شانازیكردنیان بەوەی كە بەزمانی ییدی نادوێن‌و تەنانەت لێشی تێناگەن، یاخود بەشێوەیەكی گریمانەیی لەكاتێكی تردا، یاخود بەهۆی شانازیكردنیانەوە بووە بەمێژووی خێزانیی ئەو ناسیۆنالیستە سەرگەرمە ئەڵەمانیانەی ژمارەشیان زۆربووە، یاخود ئەو سۆشیالیستە ناسیۆنالیستانەی ئەوروپای ناوەڕاست كەناوی خێزانەكانیان‌و لەقەبەكانیان زۆر بەروونی دەچێتەوە سەر ئەسڵی سلاڤی. هیچ پێویست بەوەناكات باس لەوە بكەین كە زمانە كۆن‌و تازەكان پێكەوە ژیاون، هەریەكەیان لەبازنەی تایبەتی خۆیدا بووە. چونكە ئەوەندەی پەیوەندی بەچینی ناوەڕاستی خوێندەواری شاری ڤینیسیا (البندقیە)وە هەیە كەبەزمانی ئیتالیایی دەدوێن، هیچ پێویستی نەكردووە بەوەی لەماڵەوە یان لەبازاڕ بەدیالێكتی ڤینیسی نەدوێن‌و ریشەكێشی بكەن، زیاتر لەوەی لوید جۆرج* پێیوابوو كەبەكارهێنانی جووتە زمان bilingualism بەخیانەتكردن لەزمانی وێڵزی دەزانێت.

كەواتە هیچ كاتێك زمانی قسەكردن كێشەی سیاسی گەورەی بۆ هیچ كام لەتوێژە بالاكانی كۆمەڵگەو جەماوەری خوارەوە نەناوەتەوە. خەڵكانی سەرەوە بەیەكێك لەزمانە خاوەن كلتورە دەوڵەمەندەكان دواون، خۆ ئەگەر ئەوە زمانی رەشەخەڵكی نەتەوەكەیان، یان زمانی خێزانەكەیان یەكێك لەو زمانانە نەبووبێت، ئەوا پیاوەكانیان — تەنانەت هەندێكجار ئافرەتەكانیشیان لەسەرەتای دەیەی یەكەمی سەدەی بیستدا- خۆیان فێری زمانێك یان زیاتر كردووە. بەلایانەوە شتێكی سروشتی بوو ئەگەر بەشێوازێكی "خوێندەوارانە" زمانی خاراوو پاراوی نەتەوەییان بەكاربهێنابا، لەگەڵ یان بەبێ زمانقورسی ناوچەیی یان كاریگەریی زاراوە ناوچەییەكان، بەلام بەو مەرجەی ناسنامەكەیان وەك چەند كەسێكی توێژە كۆمەلایەتییەكەیان دیاریبكات[22]. دەبووایە، یان لەوانەیە هەر رێگەی تێنەچووبێت پاتۆیس( *Patois ) ییەكان، تێكەڵبوونیان وایكردبێت، بەدیالێكت‌و رەشەخەڵكی سەر بەچینی خوارەوە قسان بكەن، ئەویش بەپێی رەچەڵەكی خێزانییان‌و شوێنی نیشتەجێبوون‌و لەدایكبوون‌و نەریتی چینەكەیانەوە، یان لەكاتی قسەكردن لەگەڵ گروپی ئەواندا كەسی قسەكەر هەستی بەرادەی پێویستی زانینی زمانەكەیان (زمانەكانیان) یاخود زانینی شتێك لە زمانی كریۆلە **Creole یان پیدگین Pidgin*** كردووە. باری رەسمی‌و فەرمی هیچ كام لەم زمانانە بایەخێكی ئەوتۆیان نەبووە، چونكە چەندێك زمانی بەكارهێنانی فەرمی‌و كلتوریش بن، بەلام دیسانەوە ئەو زمانە هەر لەژێر ركێفیاندا بووە.

بەلای نەخوێندەوارێكەوە دنیای وشەكان دنیایەكی تەواو زارەكی‌و شەفەوییە، ئەمەش وادەكات زمانی نوسینی فەرمی یاخود هەر جۆرە نوسینێكی تر بایەخێكی

---

* لوید جۆرج (1863-1945) سیاسەتمەدارێكی بەریتانییە، لەسالانی نێوان (1916-1922)دا سەرەك وەزیران بووەو لەیەكەم جەنگی جیهانیدا ولاتەكەی بەرەو سەركەوتن بردووە. و-ع

* پاتۆیس(Patois) زمانێكی تایبەتە بەئەهلی پیشەسازو پیشەوەرو...تاد. وشەكە لەبنچینەدا فەڕەنسییە. و-ع

** كریۆلە Creole، ئەو فەڕەنسییەیە كەزۆرێك لەزنجەكان لەبەشی خوارووی لویزیانا قسەی پێدەكەن. و-ع

*** پیدگین Pidgin ، زمانێكی ئاسان‌و خۆشی ئینگلیزییەو بۆ مەبەستی بازرگانی لەبەندەرەكانی چیندا بەكاردەهێنرێت. و-ع

www.pertwk.com

ئەوتۆی نەبێت تەنها مەگەر وەك یادەوەرییەك بیریانبخاتەوە، یان بەزۆری بەهۆی نەبوونی خواستنیانەوە بێت بۆ زانینو دەسەڵات. ئەوەی ناسیۆنالیستە ئەلبانییەكان خوازیارین كەزمانەكەیان بەپیتی عارەبیو پیتی یۆنانی نەنوسرێت، بەڵكو بەئەبجەدی لاتینی بنوسرێت، ئەمە پەیوەندی بەنزمیو خۆبەكەمزانینی ئەوانەوە نییە لەبەردەم یۆنانیو توركەكان*؛ لەكاتێكدا ئاشكرایە كەئەمە هیچ پەیوەندییەكی بەو خەڵكانەوە نەبووە كە سەرە واویان لەلەش بۆ جیانەكراوەتەوەو نەخوێندەوار بوون. ئەوكاتەی خەڵك لەنیشتمانە جیاوازەكانەوە تێكەڵی یەكتر بوونو دیاردەی خۆبژێوی گوند دارما، كێشەی پێكهێنانی زمانێكی هاوبەش بۆ گەیاندن بووە گرفتێكی جیددی — بەڵام ئەمە بۆ ئەو ئافرەتانەی لەرووبەرێكی دیاریكراودا گەمارۆدراون، ئەو گرنگییەی نەبووە، تەنانەت لەمەش كەمتر بەلای ئەو كەسانەوە بووە كەبەروبووم دەچێننو ئاژەڵداری دەكەن — لەم بارەدا سوكترین چارەسەری بۆ رایيكردنی كاروبارەكان فێركردنی زمانی نەتەوەییە بەپێی پێویست. دیارترین شتێك كەقوتابخانەی سەرەتاییو سوپا وەك دوو دامەزراوەی گەورە ئەنجامیانداوە، ئەوەیە كەهەردووكیان هەندێك مەعریفەو زانینیان بەزمانی فەرمی بردۆتە هەموو ماڵێكەوە[23]. شتێكی كتوپڕ نەبێت كاتێك ئەو زمانانەی لەچوارچێوەیەكی ناوچەیی تەسكو دیاریكراوی كۆمەڵایەتیدا بەكاردەهێنرێن جێگەی خۆی بۆ ئەو زمانانە چۆڵبكات كەرووبەری بەكارهێنانەكەی بەرفراوانترە. هیچ بەڵگەیەكیش نییە بۆ ئەوەی كە لەژێرەوە چ بەرەنگارییەك لەهەمبەر ئەم گۆڕانو خۆگونجاندنە زمانییە لەئارادا هەبێت. ئەوەی لەنێوان دوو زماندا "روودەدات" ئەوەیە كە ئەو زمانەی پانتایی بەكارهێنانەكەی فراوان بووە، چەندین خەسڵەتی ستەمكارانەو ئاشكرای هەبووە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بەروویەوە دیاربێت، هەربۆیە هیچ رێگرییەك نەبووە لەبەردەم بەكارهێنانی زمانی دایك لەنێوان Monoglots ـەكاندا. هەروەها Breton Monoglot هیچ فرۆفێڵێكی نەبووە بۆ دەرەوەی ناوچەكەیو پیشە كلاسیكیەكەی... لەناوچەكانی تردا شتێك لەئاژەڵی بیانی باشتر بووە : گورزێك ماسولكەی كوێر. بەلای ئەو پیاوە هەژارانەی لەدنیای مۆدێرندا بەدوای كارو چاككردنی هەلومەرجی ژیانیاندا وێڵن، شتێكی هەڵە لەوەدا نییە جووتیارەكان ببنە فەرەنسایی یان پۆڵەندی، یاخود ئیتاڵییەكانی شیكاگۆ فێری زمانی ئینگلیزی ببنو حەزیشبكەن ببنە ئەمریكایی.

ئەگەر بێتو خەسڵەتەكانی ناسینی زمانێكی دەرەوەی زمانی ناوچەیی ئاشكراو روونبێت، ئەوكاتە ئەوانەی حەز بەزمانێكی زۆر بەربڵاو دەكەن بەتایبەتیش ئەوانەیان كەبایەخ بەزمانێكی جیهانی دەدەن، ئیمتیازێكی زۆریان دەبێت. ئەو فشارە لەئەمریكا لاتیندا هەیە لەپێناو ئەوەی بەزمانە شارەوانییەكانی هیندی فێرببیت، كە زمانی نوسینیان نییە، لەهیندییەكانەوە ئەمە دانەكەوتووە بەڵكو ئەمە داوای رۆشنبیرانی indigenista یە. یەك زمانی وەك ئەوە وایە زنجیر كرابیت، ئەگەر بێتو زمانە ناوچەییەكەت بەحوكمی واقیع نەبووبێتە زمانێكی جیهانی. خەسڵەتەكانی ناسینی زمانی فەرەنسی بەم شێوەیە بوو بەجۆرێك لەبەلجیكای نێوان ساڵانی 1846 و 1910دا ئەوانەی بەزمانی فلمنكی قسەیان دەكردو بووبنە بەكارهێنەری دوو زمان bilingual زۆر زیاتر بوون لەوانەی بەفەرەنسی قسەیان دەكردو بەهۆی سەرقاڵییانەوە بەفێربوونی زمانی فلمنكیی خۆیان جاڕز كردبوو[24]. كەوتنی زمانە خۆماڵییەكان، ئەوانەی بەشێوەیەكی دیاریكراو بڵاوبوونەتەوەو خۆیان داوەتە پاڵ زمانە گەورەكان، پێویست بەوە ناكات بەگریمانەی چەوساندنەوەی زمانی نەتەوەیی راڤە بكرێت. بەپێچەوانەشەوە، ئەو كۆششە سەرسوڕهێنەرو میتۆدییەی لەپێناو پاراستنیاندا دراوە، زۆرجار بەرز هەڵدەسەنگێنرێت، شتێكی زیاتر نییە جگە لەخاوكردنەوە لەپاشەكشەی زمانی Sorbian یان Rhaetoroman (Ladinsch Romansch) یان گیلیەی سكۆتلەندییەكان Scots Gaelic. سەرباری ئەو یادەوەرییە قەدەغە تاڵانەی رۆشنبیرانی شارەوانی هەیانبوو بەدەست مامۆستایانی خەمسارد بەرامبەر بەكارهێنانی دیالێكت یان زمانەكەیان لەپۆلەكانی قوتابخانەدا كەوانەكانی تێدا بەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسی دەخوێنرا، هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی كەكەسوكاری فێرخوازەكان وایان پێباشتر بووبێت كەخوێندن تەنها بەزمانی تایبەتی خۆیان بێت، بەڵام بەستنەوەی مرۆڤ بەوەی كە دەبێت وانەكانی تەنها بەزمانێكی تری ئاسایی بخوێنێت — وەك ئەوەی بەزمانی رۆمانی بێت لەبری بولگاری — پێویستە بەرەنگارییەكی زۆری روبەڕو بكرێتەوە.

* پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت كەزمانی توركی لەپێش هاتنی مستەفا كەمال بۆ سەر دەسەڵات لەساڵی 1923دا بەپیتی عارەبی نوسراوە. و-ع

وادەردەکەوێت کەهیچ جۆش‌وخرۆشێکی تایبەتی بۆ ناسیۆنالیزمی زمان نەبووە، چ لەلای ئەرستۆکراتیەتەوە بێت یان بۆرژوازی گەورە لەلایەکەوەو، چ لەلای کرێکاران‌و جووتیارانیشەوە بێت لەلایەکی ترەوە. خودی "بۆرژوازیەتی گەورە" بەهیچ شێوەیەك پابەند نەبووە بەدوو شێوەکەی ناسیۆنالیزمی زمانەوە کە لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەرکەوتن، واتە مەبەستم لەشۆڤێنیزمی ئیمپریالی یان ناسیۆنالیزمی نەتەوە بچوکەکانە، کەئەمانەی دوایی بەحەماسەتێکی کەمترەوە بەرەو پیری ئەم ناسیۆنالیزمە چوون. هەرچی بۆرژوازیەتی فلمنکیە لە غێنت Ghentو ئەنتوێرب Antwerb ، کە رەنگە ئێستا بەرادەیەك، هەر بەئەنقەست خۆی بەفرانکفۆنی بزانێت‌و دژە فلمنکی anti-Flamingant بێت. ئەو پیشەسازە پۆڵەندییانەی کەزۆربەیان خۆیان زیاتر بە ئەڵمان‌و یەهود دەزانی وەك لەوەی پۆڵەندی[25] بن، بەئاشکرا ئەوەیان پێوەدیاربوو کە بەرژەوەندییەکانیان باشتر پێکدێت ئەگەر کالاکانیان بنێرنە بازارەکانی سەرتاسەری روسیا یان هەر بازارێکی بان — نەتەوەیی تر، ئەمە لەلای رۆزا لۆکسمبۆرگ بەئاستێك گەیشت کەگومرا بێت‌و بەچاوێکی نزمەوە لەهێزی ناسیۆنالیزمی پۆڵەندی بنوارێت. هەروەها دەستەو تاقمەکانی خاوەنکارە سکۆتلەندییەکان وێرای شانازیکردنیان بەسکۆتلەندیبوونیانەوە، کەچی هەر پێشنیارێکی تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکەی ساڵی 1707یان بەگەمژەییەکی عاتفی دەزانی.

وەك دیمان، چینی کرێکار ئامادەییەکی دەگمەنئاساى تێدا بوو لەوەی زمان کاریگەری لەسەر دابنێت، ئەگەرچی ئەم چینە تارادەیەکی زۆر کرابووە رەمزی دووبەرەکینانەوەکانی تری نێوان هەموو جۆرە جڤات‌و گروپەکان. کاتێك کرێکارانی گێنت‌و ئەنتیوێرب تواناى وتوێژیان نییە لەگەڵ هاورێکانیان لە لیگ Liegeو چارلروا charleroi بەبێ وەرگێر، بەلام دیسانەوە زمان نەبووە مایەی رێگرتن لەبەردەم دروستکردنی بزووتنەوەیەکی کرێکاریدا کەتێیدا زمان کێشەیەکی زۆر بچووك بوو بەجۆرێك نوسەرێکی زۆر کارامە وەختێك لەساڵی 1903دا لەبارەی سۆشیالزم لەبەلجیکادا دوواوە هێندە باسی کێشەی فلمنکی نەکردووە: ئەمە حالەتێکە ناتوانرێت لەمرۆدا تەسەوری بکەیت[26]. ئەوەی راستی بێت بەرژەوەندی رزگاریخوازانەی هەریەك لەبۆرژوازیەت‌و چینی کرێکار لەباشوری وێڵزدا لەو خاڵەدا یەکیان گرتۆتەوە کەبەرەنگاری هەوڵە ناسیۆنالیستەکانی ئەوکاتەی لیبرالەکانی باکوری وێڵز ببنەوە کە"لوید جۆرج"ی لاو سەرۆکایەتی کردووە بۆ هاوشانیکردنی وێڵزێتی Welshness بەوێڵزیبوونی خۆی‌و پارتی لیبرالیش — لەبەشە نەتەوەییەکەی هەرێمەکە — داکۆکی لێدەکرد. ئەمەش لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

لەو چینانەی پشتگیری یان بەرهەڵستکاری بەکارهێنانی رەسمییانەی نوسراویان دەکرد توێژە مامناوەندییە کۆمەڵایەتییە بەژمارە کەم بەلام خوێندەوار بوون‌و هەموو ئەوانەی لەخۆگرتبوو کەپلەوپایەی چینی مامناوەندی خوارەوەیان بەدەستهێنابوو، بەتایبەتیش بەهۆی سروشتی ئیشی نادەستییانەوە کە وایکردبوو خەریکی کاروباری قوتابخانە بن. سۆشیالیستەکانی ئەو دەمە زۆر بەدەگمەن وشەی ناسیۆنالیزمیان بەبێ وشەی بۆرژوای بچووك petty bourgeois بەرکارهێناوە، ئەوان دەیانزانی دەڵێن چی. هێڵی شەرگەکانی ناسیۆنالیزمی زمان پربوون لەرۆژنامەنووسە ناوچەیی‌و مامۆستایانی قوتابخانەو کارمەندانی خاوەن ئومێدەکان. کاتێکیش شەرە سیاسییەکانی هابسبۆرگ، وای لەکێشەی نەتەوایەتی کرد نەتوانرێت بەکردەوە حوکمرانێتی نیوەی ئیمپراتۆریای نەمساوی بکرێت، شەرەکە چووە واری زمانی فێربوونەوە لەقوتابخانە ئامادەییەکان یاخود پەرییەوە بۆ نێو رەگەزی ئەوانەی لەوێستگەکاندا کاردەکەن. بەمجۆرە هەڵسوراوانی ناسیۆنالیستی توندرەو لەزانکۆی ئەڵمانی کاتی ئیمپراتۆریای ولیامی دووهەمدا بەشێوەیەکی چروپر لەنێو خوێندەواراندا دەرکەوتن، بەلام لەوێشدا زێتر لەنێو Oberlehrer دا نەك مامۆستایاندا — لەئاستی خوێندەواراندا لەکۆمەڵگەیەکی بەرفرەو گۆراو لەرووی کۆمەڵایەتییەوە.

حەز بەوە ناکەم ناسیۆنالیزمی زمان کورتبکەمەوە بۆ مەسەلەیەکی تایبەت بەکاروباری حکومییەوەو وەك ئەو لیبرالیستە ماتەرییە کالوکرچانەم لێبێت کە جەنگەکان کورتدەکەنەوە بۆ مەسەلەی قازانجی کۆمپانیا چەکفرۆشەکان. هیچ پێویست بەوە ناکات بگوترێت کەناتوانرێت بەتێروتەسەلی لەناسیۆنالیزمی زمان تێبگەین، کەبەرهەڵستکار تەنانەت لەوەش کەمتر تێناگات، ئەگەر لەنێو شتەکاندا سەیری زمانی نیشتمانی نەکردبێت وەك بەرژەوەندییەکی بەدەستهاتوو مافێکی ئەو چینانەی لەتاقیکردنەوەکاندا بەرێژەیەکی کەم دەرچوون. سەرباری ئەمەش، هەموو هەنگاوێك پایەو شوێنێکی فەرمیانەی فراوانتری بەخشیوەتە زمانی شارەوانی، بەتایبەتی زمانی فێرکردن، کەژمارەیەکی چەندباری لەپیاوان‌و ئافرەتان ئاراستەکردووە بەمەبەستی بەهرەمەندبوونیان لەبەشێك لەو دەستکەوتە.

رووداوەکانی ئـەو ناوچـانەی لەهیندسـتانی پـاش سـەربەخۆیی لەسـەر بنـەمای زمـان روویاندا، لەگەڵ بەرەنگاربوونـەوە بـەڕووی ئـەو هەڵوێستەی هـەوڵی سـەپاندنی یـەك زمانی دەدا (هینـدی Hindi) وەك تاکـە زمـانی نەتـەوەیی، هـەردووکیان رەنگدەرەوەی ئـەو بارودۆخـەن : لەناوچـەی تامیلنـادۆ Tamilnadu دا فێربـوون بـەزمانی تـامیلی دەرگـای لەبـەردەم پیـادەکردنی هـەموو کاروبارەکانـدا  لەهـەموو شـوێنێکی دەوڵەتـدا کـردەوە، لەکاتێکـدا هێشـتنەوەی زمـانی ئینگلیـزی بـۆ کەسـێك کـە بـەزمانی تـامیلی خوێندوویەتی نابێتەهۆی ئـەوەی پێگەیـەکی ناسیۆنالیستی وەهـای بـداتێ کـە لەگـەڵ ئەوانەدا نەگونجێت کە بـەزمانێکی تـر فێربـوونو خوێندوویانـە. لێـرەدا ساتەوەختی یەکلاکـەرەوە لەدروسـتکردنی زمانـدا، وەك سەرچـاوەیەکی هێـز، ئـەوە نییـە وەك ئامرازێـك بـۆ فێرکردنـی قۆنـاغی سـەرەتایی پەسـەندی بکـەین (هەرچـەندە ئەمـە بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستای قۆناغی سەرەتاییو مامۆستایانی زمـان پێکدەهێنێت)، بـەڵکو وەگـەڕخستنیەتی وەك ئامرازێـك بـۆ فێرکردنـی قۆنـاغی ئامادەیی، کە لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەمە لەفلانـدرزو فەنلەنـدەدا روویـدا. چـونکە بەمـە، رەوتـی کۆمەڵایـەتی بـەزمانی وڵاتـەوەو هـەروەها بەناسیۆنالیسـتی زمانیشـەوە دەبەسـترێتەوەو، لـەم چوارچێوەیەشـدا ناسیۆنالیسـتە فەنلەندییـەکان لەوانەن کەئەمـە بـاش تێدەگـەن. "لەهەریـەك لەئـەنوێربو گێنتـدا ئـەوە روویـدا کـە نـەوەی نـوێی خـاوەن بیرکردنـەوەی عـەلمانی، کـەقۆناغی ئامادەییـان بـەزمانی فلمنکـی خوێندبوو، ژمارەیەکی زۆری  لەو کەسو گروپانە دەرخست کەئایدیۆلۆژیای فلامینکی Flamingant نوێیان داڕشتو پشتگیرییان لێکرد".

هەربۆیـە، لەدروسـتکردنی توێـژە ناوەندییـە نەتەوەییەکانـدا (نیشـتمانی) پەرەسـەندن لـەڕووی زمانـەوە جـەختی لەسـەر نزمـیو ناسـەقامگیریی پایـەی کۆمەڵایـەتیو بێـزاری خـۆی کـردەوە، ئـەو سـیفاتانەی توێـژە مامناوەندییـەکانی خـوارەوەی جیاکردۆتـەوەو وایلێکـردوون کەناسـیۆنالیزمی نـوێ شـتێکی سـەرنجڕاکێش بێت بەلایانەوە. لەبەرئەوە چینی نوێی خوێندەوارو گۆشبوو بـەزمانی فلمنکـی خـۆی بەشێوەیەکی دابەشبوو دەبینیەوە، لەلایەکەوە بەسەر جەماوەری فلمنکیدا کەئەندامـە هـەرە چالاکەکانی خۆیـان بـەرەو زمـانی فەڕەنسی دەکوتی، کـەدیارە ئـەویش بـەهۆی خەسـڵەتە پراکتیکیـەکانی ئـەو زمانـەوە بـوو، لەلایـەکی تریشـەوە بەسـەر ئاسـتە بـەرزەکـەی کـارگێڕییو کلتـورو کاروبارەکـانی بەلجیکیـدا، کەبەشـێوەیەکی نـەگۆڕ بەفرانکفۆنی مابۆوە[28]. راستییەکەی کەسێکی فلمنکی بۆ پاراستنی پلەو پایەی خۆی دەبووایە دوو زمانی بەکاربهێنایە، لەکاتێکدا ئەو هاوڵاتیـەی بـەزمانی فەڕەنسی دەدوا تەنها پێویستی بەزانینێکی کەمی زمانەکەی تر هـەبوو، کەئەمـە جەختکردنەوەیەکە لەسـەر ئاسـت نزمـی زمـانی بچـوك، کـەدواتر لـەکیوبیك روویـدا. (چـونکە کـارو فەرمانـەکان هێزیـان لەدوانـەیی زمانـەوە وەردەگـرتو ئەوانەشـی بـەزمانی نەتـەوەیی خوارەوە دەدوان کاری لابەلایان پێدەدان).

دەکرێـت مـرۆڤ رەچـاوی ئـەوە لـەفلمنکییو کیوبیکییـەکان بکـات بـەهیواو باوەڕەوە سەیری دواڕۆژ بکەین، ئەویش لەبەر چاکیو گونجاوی باری دیموگرافییـان. ئەگـەر وەك ئـەنجام سـەیری ئەمـەمان کـرد دەبیـنین ئەمانـە لـەبارێکی زۆر باشـتردان لەچاو ئەوانـەی بەزمانـەکانی گونـدی کـۆن دەئـاخڤنو بـەرەو لەناوچـوون دەچـن وك ئێرلەنـدیو بریتـۆنیو باسـکیو گریزیـانیو رۆمانشـی  و تەنانـەت وێڵـزیش، ئەگـەر بەتەنیا بەجێبهێڵرێن، لەوەناچێت بتوانن کێبڕکێیەکی چالاکانە لەشەڕێکی زمانـەوانی داروینـی پەتیـدا لـەپێناو مانـەوەدا ئەنجامبـدەن. هـیچ کـام لـەزمانی فلمنکـیو زمـانی فەڕەنسـی کەنـەدی بـەهیچ شـێوەیەك وەك دوو زمـان هەڕەشـەیان لەسـەر نـەبووە، ئەوانەشـی قسـەیان پێکـردووە هـیچ کاتێـك پێویسـتییان نەکەوتۆتـە نوخبەیـەکی کۆمەڵایـەتی بـۆ زمانەکـەیان، لەبەرامبەریشـدا ئەوانـەی بـەزمانی بـاو قسـاندەکەن پێویسـتیان بـەوە نـەبووە دان بەنوخبـەبوونی ئەوانـەدا بنـێن کـەزمانی نەتـەوەیی لەفێربوونـدا بـەکاردەهێنن. ئـەوەی هەڕەشـەی لێکـراوە زمانەکـەیان نـەبووە بـەڵکو جێگـەو رێگـەی کۆمەڵایـەتی توێـژەکانی مامناوەنـدی فلمنکـی Flamingant و کیوبیکیـەکان Quebeccois بـووە. تـەنها پاراسـتنی سیاسـی دەتوانێـت پایـەو پێگـە بەرزبکاتەوە.

مەسەلەکە هەمووی لەبنەڕەتدا وەك یەکە، لەهەرکوێیـەك داکـۆکی لـەزمانێکی ناوچەیی بکرێـت کەبـەرەو لەناوچـوون بـڕوات – کـەزۆرجار روودەدات، وەك باسکیو وێڵزی، کە لەناوەندە پیشەسازییە شارییە نوێکانی وڵاتـدا لەسـەر لێـواری تیاچوونن. بـەرگریکردن لـەزمانێکی کـۆن بـەواتای داکـۆکیکردن دێـت لەدابونەریتـە کۆنـەکانی سەرجەم کۆمەڵگەیەك لـەدژی ئـەو شتانەی مۆدێرنـە دایانـدەڕمێنێت: لێرەوەیـە ئـەو هاریکارییـەی بزووتنـەوەکانی وەك بریتـۆنو فلمنکییـەکانو باسـکییەکانو ئـەوانیتر لەئەکلیرۆسی کاسۆلیکی رۆمانی وەردەگرن. تا ئەم ئاستەش ئەمانە بزووتنەوەی چینی

مامناوەند نەبوون. هەروەها ناسیۆنالیزمی باسکی بزووتنەوەیەکی گوندییانەی کلاسیکی نەبووەو خەڵك هێشتا بەو زمانە قسان دەکەن کەدەبووایە دامەزرێنەری هیسپانوفۆنی* پارتی نەتەوەیی باسکی (PNV) وەك مرۆڤێکی پێگەیشتوو فێری ببێت، ئەویش لەمەدا وەك زۆرێك لەخەباتکارانی دواتری بواری زمان. جووتیارە باسکییەکان بایەخێکی کەمیان بەناسیۆنالیزمی نوێ دا. ئەم ناسیۆنالیزمە زیاتر رەگی خۆی لەناو " چینی مامناوەند (شارو کەناری دەریا)ی موحافیزەکارو کاسۆلیکیو وردە بۆرژوا" دا داکوتیوە[29] کەبەرگەی هەڕەشەی بەپیشەسازیکردنو سۆشیالیزمی پرۆلیتاریای کۆچبەری بێئیمان دەگرێت، لەکاتێکدا گەورە بۆرژوازی باسك بەرژەوەندی لەگەڵ پاشایەتی سەرجەم ئیسپانیا spanish - allدا هەبوو. بەپێچەوانەی خواستی سەربەخۆخوازانەی کاتالۆنییەوە، پارتی نەتەوەیی باسکی (PNV) جگە لەپشتگیرییەکی راگوزەر شتێکی لەبۆرژوازیەتەوە پێنەگەیشت، بەڵام ئەو بانگەشەیەی ناسیۆنالیزمی باسك بۆ تاقانەیی زمانو ئەتنیکەکەی پشتی پێبەست، کاریگەرییەکی دیاری بۆ سەر هەر شارەزایەکی راستڕەوی رادیکالی وردە بۆرژوا هەبوو : باسکییەکان لەهەموو گەلانی تر بالاٌترن، ئەویش بەهۆی ئەو کلتورە ئەتنیکییەی کەزمانە تاقانەکەی سەلماندویەتیو نابێت تێکەڵ بەهیچ کام لەگەلانی تر بێت، لەسەرووشیانەوە عارەبو جوولەکە. دەتوانرێت هەمان شت لەبارەی ناسیۆنالیزمی ئەتنیك بێخەوشی کەرواتیشەوە بگوترێت، کە لەشەستەکانی سەدەی نۆزدەدا بۆ یەکەمجارو لەچوارچێوەیەکی تەسکدا دەرکەوت (لەلایەن بۆرژوازی بچووكو بەشێوەی سەرەکیش لەلایەن دوکاندارو پیشەوەرانەوە پشتگیری لێکرا)، هەروەها جارێکی تر توانی جێ پێی خۆی لەنێو چینە نزمەکانی ناوەڕاستدا قایم بکات، ئەوانەی قەیرانی ئابووری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەڕووی ئابوورییەوە هیچی بۆ نەهێشتبوونەوە. "بەرهەڵستکاری بۆرژوای بچوك لەدژی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی یۆگۆسلاڤی هەڵگەڕایەوە بۆ سەر بۆرژوازی زێدە دەوڵەمەند". لەبەرئەوەی ئەمەیان هیچ کام لەزمانو ئەتنیکی تاقانەی نییە – بەمەبەستی خۆجیاکردنەوەی لەوانی تر وەك گەلی هەڵبژێردراو، هەربۆیە ئەرکی مێژوویی نەتەوەی کەرواتی، خۆی لەداکۆکیکردنی مەسیحیەتدا دەبینیەوە لەدژی ئەو شالاٌوەی لەرۆژهەلاٌتەوە

---

* هیسپانوفۆنی Hispanoophone بەو کەسە دەگوترێت کەزمانی ئیسپانیو کلتوری ئیسپانی خۆشدەوێت.



ورگیهێنابوو، کەئەمەش هەستی سەرکەوتنی بۆ ئەو توێژانە گەڕاندبۆوە کەهیچ باوەڕو متمانەیەکیان بەخۆیان نەمابوو[30].

توێژە کۆمەلاٌیەتییەکان خۆیان پێکهێنەری جوغزی ئەو جۆرە لە ناسیۆنالیزم بوون، مەبەستم لەو بزوتنەوە سیاسییە دژە سامیەیە کە لەهەردوو دەیەی دوایی ئەم سەدەیەداو بەتایبەتیش لەئەڵمانیا (شتوکەر Stocker و نەمسا "شۆرنر Schonerer ، لۆگەر Lueger") و فەڕەنسا (دریمۆن Drumont و دۆزی دریفۆس) دەرکەوت. دڵەڕاوکێی ئەمانە لەبارەی پایەی کۆمەلاٌیەتیو پێناسەو، ناجێگیریی توێژە گەورەکانی نێو ئەو کوڕو کچانەی کاری دەستییان دەکرد لەلایەکەوەو کەسانی سەر بەچینە بەرزەکانو مامناوەندی بالاٌ ئەوانەی هیچ ناکۆك نەبوون لەسەری، قەرەبووکردنەوەی زێدەڕۆیانە لەرێگەی بانگەشەوە بۆ خۆ بەتاكو بالاٌ زانین، کە لەلایەن ئەمو ئەوەوە جێگەی هەڕەشە بوون – هەموو ئەمانە بوونە مایەی رەخساندنی چەند رایەڵەو پەیوەندییەك لەنێوان توێژی مامناوەندی بەژمارە کەمو ئەو ناسیۆنالیزمە تێکۆشەرەی کەرەنگە وەك وەلاٌمدەرەوەی ئەو هەڕەشانە پێناسە بکرێت – ئەو هەڕەشانەی لەلایەن کرێکارانو دەوڵەتانی بیانیو کەسە بێگانەکانو کۆچبەرو سەرمایەدارو پارەدارانەوە دەکرایەسەری، کەئەمانەش بەئاسانی لەگەڵ جوولەکەدا هاوشاندەکرانو ئەمانیش لەهاندەرانی شۆڕشگێر دەژمێردران. چونکە ئەو توێژانەی ناوەند خۆی وادەبینی کەئامادەن بۆ جەنگو روبەڕوی مەترسی دەبنەوە. کلیلە وشەی نێو فەرهەنگی سیاسی راستڕەوی فەڕەنسایی لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا وشەی "خێزان"، "کەلەپور"، "ئایین" یان "ئاکارو ئەخلاق" یاخود هەر زاراوەیەکی تری هاوشێوەی ئەمانە نەبوو، بەڵکو بەلای لێکۆلیارانەوە وشەی "هەڕەشە" بووە[31].

بەمجۆرە ناسیۆنالیزمی نێوان توێژەکانی خوارەوەی ناوەڕاست لەچەمکی تایبەت بەلیبرالیزمو چەپەوە گۆڕا بۆ بزوتنەوەیەکی راستڕەوی شۆڤێنی ئیمپریالی گرێدراو بەتۆقاندنی بیانییەکان، یان باوردتر بلێین، بووە بزاوتێکی راستڕەوی رادیکال، دەشێت ئەم گواستنەوەیە لەو بەرکارهێنانە نارۆشنەی چەمکەکانی وەك "نیشتمان- patrie}"و "نیشتمانپەروەری - Patriotism"دا ببینرێتەوە، لەدەوروبەری سالاٌنی 1870دا لەفەڕەنسا[32]. زاراوەی nationalism بۆ خۆی بۆ دەرخستنی ئەو بزاوتە هەڵکۆلرا، بەتایبەتیش لەفەڕەنساو دوای ماوەیەکی کورتیش لەئیتالٌیا، کە زمانە رۆمانسییەکان گونجاوو لەبار بوون بۆ ئەو پێکهاتەیە[33]. لەکۆتایی ئەو

سەدەیەدا ئەمە سەرلەنوێو بەجوانی دەرکەوتەوە. لەبەرئەوە لەهەرکوێیەك بەردەوامییەکی وەك Turner و رێکخراوە وەرزشییە جەماوەرییە ناسیۆنالیستە ئەڵمانییەکاندا هەبووبێت، ئەوا دەکرێت گواستنەوە بەرەو راسترەوی لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەپێی رادەی تەنینەوەی دوژمنایەتیکردنی سامیەت بێت لەنەمساوە بۆ ئەڵمانیاو، گۆڕینی ئاڵا سێ رەنگییەکە بێت لە(رەش- سپی-سوور)ەوە بۆ (رەش-سوور-ئاڵتونی) کەتایبەتە بەئاڵای لیبراڵیەتی – ناسیۆنالیستی لەساڵی 1848داو جۆشوخرۆشی نوێی خولیای فراوانخوازانەی ئیمپریالی[34]. کەواتە، هەر بابەتێکی تایبەت بەئاستێك لەئاستەکانی چینی مامناوەند وەربگرین دەبینین رەنگە چەقی قورسایی ئەو جۆرە بزوتنەوانە – بۆ نموونە چەقی قورسایی "ئەو یاخیبوونەی گروپەکانی خوارەوەو ناوەڕاستی بۆرژوازیەتی شار لەدژی ئەوەی ئەوان پێیانوابوو پرۆلیتاریای هەڵکشاوی دژ بەوانە – ئەو یاخیبوونەی ئیتاڵیای بەرەو یەکەم جەنگی جیهانی پەلکێشکرد- ببێتە خاڵی ناکۆك‌و جیاوازی. بەڵام لێکۆڵینەوە لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیانەی فاشیزمی ئیتاڵیایی‌و ئەڵەمانی جێگەی گومان بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کەئەم بزوتنەوانە هێزی سەرەکی خۆیان لەتوێژەکانی مامناوەندەوە وەرگرتووە[36].

سەرباری ئەمەش، حەماسەتی نیشتمانپەروەریانەی ئەم توێژەی مامناوەند لەدەوڵەتانی ناسیۆنالیستی‌و هێزە چەسپێنەرەکانی لەلایەن ئەو حکومەتانەوە پێشوازی لێکرا کەبەشداربوون لەفراوانخوازیی ئیمپریالی‌و کێبڕکێی ناسیۆنالیستی لەدژی دەوڵەتانی تری ناسیۆنالیستی وەك خۆیان، رەسەنی ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە دەرکەوت‌و ناکرێت لەسەرەوە یاری بەهەموو شتێکی پێبکرێت. هەندێك حکومەت، تەنانەت پێش ساڵی 1914 یش، هێندەی شێتگیریی ئەو ناسیۆنالیستە توندڕەوانەی دنەو هانیاندەدان، شۆڤێنی بوون، بەڵام هیچ حکومەتێك نەبووە توندەڕەوەکان پێکیانهێنابێت.

ئاشکرایە کەهیچ حکومەتێك نەیتوانیوە هەموو ناسیۆنالیزمی نوێ بۆ خۆی رکێف بکات، وەك چۆن ئەو ناسیۆنالیزمەش نەیتوانیوە دەست بەسەر ئەو حکومەتانەدا بگرێت، خۆگرێدان بەدەوڵەتەوە بۆ بۆرژوازی بچوکی خاوەن خولیای ناسیۆنالیستی‌و چینی مامناوەندی خوارەوە شتێکی پێویست بوو. خۆ ئەگەر ئەم بزوتنەوانە لەحاڵێکدا هێشتا دەوڵەتیشیان نەبووبێت، بەڵام سەربەخۆیی نەتەوەیی

ئەو پێگەیەیان پێدەبەخشێت کەهەست بەوە بکەن شایستەین. مزگێنی گەڕانەوەی ئێرلەندە بۆ زمانە کۆنەکەی خۆی هیچ دروشمێکی پڕوپاگەندەئامێز نەبوو بۆ ئەو پیاوو ئافرەتانەی سەرەتاکانی زمانی گیلییان لەخوێندنگەکانی ئێوارانی "دیبلن"دا دەخوێندو ئەوە فێردەبوون کەفێری تێکۆشەرەکانی تریان دەکرد. مێژووی دەوڵەتی ئێرلەندەی ئازاد ئەوەی سەلماند کەئەو فێرکردنە بۆ ئەو وەك ئامادەکردنێکی پێویستی هەموو شتەکان وابوو، جگە لەهەندێك کاری خزمەتگوزاری زۆر پەراوێزی نەبێت، هەربۆیە سەرکەوتن لەو تاقیکردنەوانەدا بووە سەنگی مەحەکی ئینتماکردن بۆ دەستە پیشەیی‌و فیکرییەکان. خۆ ئەگەر ئەوان لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەییدا ژیابان ئەوا ناسیۆنالیزم بۆیان دەبووە ئەو پێناسە کۆمەڵایەتییەی کەپرۆلیتاریاکان لەبزوتنەوەی چینایەتیاندا چنگیاندەکەوێت. رەنگە ئەو دەرەنجامە هەڵهێنجێنین کەپێناسەی چینەکانی خوارەوەی مامناوەند – ئەو کەرتەیە کەجاڕز بووە وك پیشەوەران‌و دوکاندارو ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی تاڕادەیەك نوێ‌و تازەیە، وەك کرێکاران، ئەویش بەهۆی بەرفراوانبوونی بێ وێنەی خاوەن یەخە سپییەکانەوە، کەخوێندنی باڵاو پیشەی دەستییان تەواوکردووە – ئەم پێناسەیە چین نەبووە ئەوەندەی گروپێکی پڕ لەحەماسەت‌و وەلائی رۆڵەکانی کوڕو کچی نیشتمانی گرتۆتەوە، کە لەپاڵیدا "زۆر بەڕێز"یش بوون.

سروشتی ناسیۆنالیزمی پەنجا ساڵی پێش 1914 هەرچییەك بێت، بەڵام لەیەك شتدا هاوبەشن: ئەویش رەتکردنەوەی بزوتنەوە نوێکانی سۆشیالیزمی پرۆلیتاریایە، نەك تەنها لەبەرئەوەی پرۆلیتارییە بەڵکو لەبەرئەوەی بەهۆش‌و تێکۆشانیش نێونەتەوەییە- یان لانیکەم نا-نەتەوەیی‌و کۆسمۆپۆلیتییە[37]. هەربۆیە زۆر بەجێیە کەهەردوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم‌و سۆشیالیزم بەدوو نەفیکەرەوەو دوورخەرەوەی* matually exclsive یەکتر بزانرێت، کەپێشکەوتنی یەکێکیان دەکاتە تێکشکانی ئەویتریان. ئەو بیروڕا دروستەی لەنێو مێژووناساندا هەیە بریتییە لەوی کە ناسیۆنالیزم لەو ماوەیەدا توانی بەسەر ئایدیۆلۆژیا رکەبەرەکەیدا بەتایبەتیش سۆشیالیزمدا سەربکەوێت کەخاوەنی بنکەیەکی چینایەتی بوو، ئەمەش لەهەلایسانی

* واتە هەریەکێکیان ئەویتریان نەفی‌و دووردەخاتەوە. و-ع

www.pertwk.com

جەنگی ساڵی 1914دا دەرکەوت کەبەتاڵی ئەنتەرناسیۆنالیزمی نێونەتەوەیی* دەرخست، کەئەمەش سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەی "پرەنسیپی ناسیۆنالیزم" بوو لەپرۆسە ئاشتییەکانی دوای ساڵی 1918 دا.

لەبەرئەوە، رێك بەپێچەوانەی گریمانە باوەکان، پرەنسیپی جۆربەجۆری ئەو بانگەوازە سیاسییانەی (ئاڕاستە)ی جەماوەر کراون، بەتایبەتیش بانگەوازی چینایەتییانەی سۆشیالیستی‌و، بانگەوازی تایەفەگەرییانەی گروپە ئایینییەکان‌و بانگەوازی ناسیۆنالیزم، نەك هەر یەکتری نەفی ناکەنەوە، بەڵکو تەنانەت هێڵێکی جیاکەرەوەشیان لەنێواندا نییە، تەنانەت لەو کاتانەشی هەردوولا بۆ جەختکردنەوە لەشوناسییان بەشەڕدێن. وەك ئەوەی بۆ دەستنیشانکردنی پلەو پایە ex-officio پێکدادەدەن، وەك پێکدادانی ئایین‌و سۆشیالیزمی بێدین. پیاوان‌و ژنان بەشێوەی هەڵبژاردنی پێڵاوەکانیان ئەو شتەیان هەڵنەبژاردووە کە ناسنامەی بەکۆمەڵیان دیاریدەکات، چونکە ئەوان ئەوە دەزانن کەمرۆڤ لەیەککاتدا تەنها دەتوانێت یەك جووت پێڵاو لەپێبکات. لەکاتێکدا ئەوان هەتا ئێستاش چەندین رایەڵەو گرێدان‌و وەلائیان لەیەککاتدا ماوە، لەنێویشیاندا ناسیۆنالیزمە، هەروەها لەیەککاتدا سەرقاڵی چەندین لایەنی ژیانن کەرەنگە هەر کاتێك هەریەکێك لەوانە بگریت رۆڵی سەرەکی گێڕابێت، لەوانەش وەك یادو بۆنەکان. بۆ ماوەیەکی درێژ هیچ کام لەم گرێدان‌و وەلائە جۆربەجۆرانە پێویستی دژ بەیەکیان بەسەر تاکدا نەسەپاندووە، بۆ نمونە، پیاو هەستی بەهیچ گرفتێك نەکردووە کاتێك هەستی کردبێت کەئەو کوڕی پیاوێکی ئێرلەندییە، مێردی ئافرەتێکی ئەڵەمانییەو ئەندامێکە لەکۆمەڵەی پشکنینی کانزا، کرێکارە، لایەنگری تیپی تۆپی پێی پارسناڵە، لیبراڵە، میسۆدێکی* سادەیە، ئینگلیزێکی نیشتمانپەروەرو، بگرە کۆماریخوازە، لایەنگری ئیمپراتۆریای بەریتانییە.

وەختێك یەکێك لەم وەلائانە راستەوخۆ ناکۆك دەبێت لەگەڵ وەلائێك یان وەلائەکانی تردا لەو کاتەدا کێشەی هەڵبژاردن لەنێوانیاندا دێتەگۆڕێ. دیارە

* مەبەست لەئەنتەرناسیۆنالیزمی نێونەتەوەیی دووەمە کە ساڵی 1889 لەپارتە سۆشیالیستە ئەوروپاییەکان پێکهات‌و شکستیخوارد لەوەی بتوانێت بەر بەهەڵایسانی یەکەم جەنگی جیهانی بگرێت، لەبیستەکانیشدا چەند هەوڵێکی بێهودە درا بۆ زیندوکردنەوەی. و-ع

* میسۆدیزم Methodism بزاوتێکی ئایینی ریفۆرمخوازەو ساڵی 1729 چارلز وجون ویسلی لەئۆکسفۆرد پێشەوایەتی کرد لەپێناو زیندوکردنەوەی کڵێسای ئینگلتەرەدا. و-ع

کەمایەتیەك لەتێکۆشەرانی سیاسی مولتەزم کەمترین حەساسیەتیان بەرامبەر ئەو ناکۆکیانە دەبێت، بەجۆرێك دەکرێت بەباوەڕەوە بڵێین کە ئەزموونی ئابی 1941 زۆرینەی کرێکارانی بەریتانی‌و فەڕەنسایی‌و ئەڵەمانی تووشی کەمترین شۆك کرد بەبەراورد لەگەڵ سەرکردەی پارتە سۆشیالیستەکانیان، بەهۆی ئەو چەند هۆکارەی پێشتر هەندێکیمان باسکرد (...) چونکە پشتگیریکردنیان لەحکومەتەکەیان بۆ جەنگ، ئەوەی بۆ کرێکارانی ئاسایی دەرخست کە زۆر لەگەڵ دەرخستنی هۆشیاری چینایەتی‌و دوژمنایەتیکردنی خاوەنکاردا گونجاوە. کرێکارانی کانەکانی باشووری وێڵز لەلایەن سەرکردە شۆڕشگێڕە سەندیکاییەکانیان‌و نێونەتەوەییەکانەوە تووشی شۆك هاتن وەختێك بەدەنگ بانگەوازی جەنگەوە چوون، بەپەلە مانگرتنێکی گشتییان راگەیاندو دوای ئەوە کانەکانی خەڵوز بۆ نزیکەی شتێك لەساڵێك کەمتر لەکارکەوت‌و، هیچ گوێشیان بەو تۆمەتە نەدا کەئاڕاستەیان دەکراو بەنانیشتمانی ناوزەد دەکران. هەروەها، تەنانەت دەکرا تێکۆشەرەکان ئەو شتانە پێکەوە کۆبکەنەوە کەتیۆرمەندەکان بەشتگەلی دژبەیەکیان دەزانین: بۆ نموونە، وەك ئەو کۆکردنەوەیەی تێکۆشەرانی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسایی لەنێوان ناسیۆنالیزمی فەڕەنسایی‌و وەلائی رەها بۆ یەکێتی سۆڤێتدا دەیانکرد.

ئەوەی هەیە، هەمان ئەو راستییەیە کەبزوتنەوە سیاسییە جەماوەرییە نوێکان، بەناسیۆنالیست‌و سۆشیالیست‌و تایەفەگەرو ئەوانیترەوە، هەرهەموویان، زۆربەی کات راکێش راکێشیانە لەسەر هەمان ئەو جەماوەرەو، وایاندەرخستووە کەلایەنگرانیان ئامادەن بەدەنگ هەموو بانگەوازە جۆربەجۆرەکانیانەوە بێن. هاوپەیمانێتی نێوان ناسیۆنالیزم‌و ئایین ئەوەندە رۆشنە، بەتایبەتی لەئێرلەندەو پۆڵەندەدا، کەکامیان بناغەیە؟ وەڵامەکە زۆری دەوێت. ئەوەشی زۆر سەرسوڕهێنەو پشتگوێخراوە ئەو تێهەڵکێشکردنە فراوانەی نێوان دوو بانگەوازە تووڕەکەی، ناسیۆنالیزم‌و سۆشیالیزمە، کەلینین بەتێڕامانە قووڵەکەیەوە بۆ پێشهاتە سیاسییەکان، لەبنەماکانی سیاسەتی شیوعیدا بۆ جیهانی کۆلۆنیالی دارشت. مشتومڕە بەناوبانگەکانی مارکسیزم لەمەڕ "مەسەلەی نەتەوایەتی" تەنها لەبارەی بانگەشەی نەتەوایەتییەوە نییە بۆ ئەو کرێکارانەی کەپێویستە لەسەریان تەنها گوێبیستی بانگەوازی نێونەتەوەیی‌و چینایەتی بن، بەڵکو ئەو مشتومڕانە رەنگە زیاتر لەبارەی چۆنێتی نزیکبوونەوەی پارتەکانی چینی کرێکارەوە بێت لەپشتگیریکردنی داخوازییە

نەتەوایەتیو سۆشیالیستیەکاندا[38]. لەمەش زیاتر، ئەوەیە هەرچەندە لینین ئەم سیفەتەی لەکاتی خۆیدا زۆر دەرنەخستۆتەپێش – بەڵام لەئێستادا هیچ گومان لەوەدا نییە کەچەندین پارتی سۆشیالیستی پەیدابوونو هەڵگری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلەکانیانن، هەرچۆن پارتی جووتیاری پەیدابوونو لەبنەڕەتدا هەڵگری پەیامی سۆشیالیستینو رەهەندێکی نەتەوایەتیشیان هەیە (وەك لە کرواتیادا هەیە). بەکورتی، ئاوێتەبوونی رزگاریی سۆشیالیستیو نیشتمانی، کە کۆنۆلی Conolly لەئێرلەندەدا خەوی پێوەدەبینیو نەیتوانی تیایدا سەربکەوێت، لەشوێنی تر بەکردەوە بەدیهاتووە.

مرۆڤ لەمەدا دەکارێت واوەتر بچێتو بڵێت؛ یەکانگیرکردنی کۆی خواستە کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتییەکان پێکەوە ئەوەی سەلماند کەئەمە لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا زۆر بەگوڕترە لەو بانگەوازە رووتەنەی ناسیۆنالیزم کەتەنها لەناو چینی خوارەوەی مامناوەندی پەستو تووڕەدا گیریخواردووەو، پەرنامەی کۆمەڵایەتیو سیاسی کردۆتە قوربانی –یان وادیارە.

پۆڵەندە نموونەیەکی باشە لەوبارەیەوە. یەکگرتنەوە وڵات دوای سەدەو نیوێك دابەشبوون، لەسەر دەستی هیچ کام لەو بزوتنەوە سیاسییانە نەبوو کەتەنها خۆیان بۆ ئەو ئامانجە تەرخانکردبوو، بەڵکو لەژێر سایەی پارتی سۆشیالیستی پۆڵەندیدا ئەمە هاتەدیو، سەرۆکەکەشی کۆلۆنێل پیلسۆدسکی Col. Pilsudski بووە رزگارکەری وڵاتەکەی. لەوڵاتی فەنلەندەش پارتی سۆشیالیست، کە بەحوکمی واقیع بووە پارتی نەتەوەیی فەنلەندی، رێژەی 47٪ی کۆی دەنگەکانی دوا هەڵبژاردنی (ئازادانە)ی پێش شۆڕشی روسیای ساڵی 1917ی بەدەستهێنا. لەجۆرجیاش پارتێکی سۆشیالیستی تر هەبوو ئەو توانی ئەو کارە بەدەستبهێنێت کەئەویش پارتی مەنشەفیك Manshafic بوو؛ لەئەرمینیاش پارتی تاشناق هەبوو، کەسەر بەنێونەتەوەیی سۆشیالیستی[39] بوو. هەروەها ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیستی بەنێو جولەکەی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا بڵاوبۆوەو باڵی بەسەر هەردوو لقەکەی زایۆنیزمو نازایۆنیزم (بۆندی Bondist)دا کێشا. ئەم دیاردەیە تەنها لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریای قەیسەریدا وانەبوو، بەڵکو بۆ هەر رێکخستنێك، یان هەر ئایدیۆلۆژیایەك خەون بەگۆڕانەوە ببینێت خۆی بەنوێنەر، یان خۆی لەریزی پێشەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا دەبینیەوە.

هەستی نەتەوایەتی وێڵزیو سکۆتلەندییەکان لە بەریتانیادا نەیدەتوانی لەرێگەی پارتە ناسیۆنالیستە تایبەتەکانەوە گوزارشت لەخۆی بکات، بەڵکو لەمیانەی پارتە بەرهەڵستکارە گەورەکانی سەرتاسەری بەریتانیاوە all-UK ئەم گوزارشتەی دەردەبڕی، کە لەسەرەتاوە لیبراڵەکانو پاشانیش پارتی کرێکاران بوو. هەروەها لەزەوییە نەوییەکانیش (هۆڵەندە – نەك لەئەڵمانیادا) سووکە هەستێکی راستەقینەی نەتەوایەتی گەلێکە بچووك گوزارشتی لێکراو گۆڕا بۆ رادیکالێکی چەپڕەو. بەم پێیە لەمێژووی چەپی هۆڵەندیدا فریزیانییەکان frizians بەئاستێکی زۆر نوێنەر بوون، بەهەمان شێوە سکۆتلەندیو وێڵزییەکانیش نوێنەرایەتی مێژووی چەپی بەریتانیایان کردووە. سەرۆکی هەرە دیاری پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندی ترۆڵستەر trolstral (1860-1930) لەسەرەتای ژیانیدا شاعیرێك بوو بەزمانی فریزیانی هۆنراوەی دەهۆنییەوەو سەرۆکی "فریزلاندی لاو – young friesland "یش بوو، وەك گروپێك بۆ ژیاندنەوەی زمانی فریزیانی[40]. لەدوا دەیەکانیشدا ئەم دیاردەیە هەر بەرچاو دەکەوێت، هەرچەندە تارادەیەکی زۆر پەیامی بزوتنەوەو پارتە ناسیۆنالیستە وردەبۆرژوا کۆنەکانی تێوەپێچراوە، کە ئەمانەی دوایی لەبنەڕەتەوە بەئایدیۆلۆژیای راستڕەویی پێش 1914 گرێدرابوون (وەك لەوێڵزو ئۆسکادیو فلاندرزو شوێنەکانی تر هەبوون) پاشان بەرگی شۆڕشی کۆمەڵایەتیو مارکسیزمیان لەبەرکرد. جێگەی ئاماژەدانە بەوەی DMK کەبووە نوێنەری سەرەکی خواستە نەتەوەییەکانی تامیل لەهیندستان، کەچی وەك پارتێکی سۆشیالیستی لەقوتابخانەکانی Madras دا دەستی بەکارکرد، یاخود بۆ بەدبەختی هەندێکجار گواستنەوەی تری لەمجۆرە بەرەو شۆڤێنیەتی سەنهالی رۆیشتووە، وەك ئەوەی لەلای چەپی سریلانکا روویدا[41].

ئامانج لەهێنانەوەی ئەم نمونانە بۆ ئەوە نییە گرنگیو قەبارەو بەهای پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو سۆشیالیزم لەنێو ئەو بزاوتانەدا بخەینەڕوو کەئەوەندەی توانییان نێونەتەوەیی دووەمیان سەرقاڵو شپرزە کرد. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بزوتنەوە جەماوەرییەکان لەکاتی خۆیاندا توانیویانە گوزارشت لەو هیواو ئومێدانە بکەن کەسروشتی یەکتر نەفیکردنەوەیان هەیە، ئەوەشی هەیە، ئەو بزوتنەوانەی کەپەیامی کۆمەڵایەتی–شۆڕشگێڕانە دەکەنە بناغە بۆ خۆیان، ئەوانە

لەتوانایاندا هەیە ئەو ناوکانە پێکبهێنن کە لەکۆتاییدا بگۆڕێن بەبزوتنەوەی نەتەوایەتی جەماوەری گەلەکانیان.

ئەوەی راستی بێت، ئەو حاڵەتەی کەزۆرجار وا باسکراوە وەك ئەوەی سەلماندنێکی بڕێنراوە بێت لەبارەی سەرکەوتنی پەیامی نەتەوەیی بەسەر پەیامی چینایەتیدا، بەڵام ئەم جۆرە راڤەکردنە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دووانە ئاڵۆزدەکات. بەهۆی هەندێك توێژینەوەی نایابەوە زانیاری چاکمان لەمەڕ مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوە بەدیکرد بۆ بڕیاردان لەسەر ئەمجۆرە ململانێیەی بیروبۆچوونەکان، لێرەدا مەبەستم لەئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگی فرە نەتەوەیە[42].

بەکورتی راگوزەرێك بەناو بۆچوونەکانی (پیتەر هاناك)دا دەکەم کەپشتی بەژمارەیەکی زۆر لەو نامانە بەستووە کە لەنێوان سەربازو خێزانەکانیاندا گۆڕراونەتەوە، ئەم نامانە خراونەتە ژێر سانسۆرەوە یاخود لەیەکەم جەنگی جیهاندا لەڤێناو بۆدابست دەستیان بەسەردا گیراوە[43]، لە نامەکانی سالانی یەکەمدا هەست بەبوونی گیانێکی ناسیۆنالیستی زۆر یان دژایەتیکردنی شاهەنشاهی ناکرێت، تەنها ئەوانە نەبێت کە سەر بە (irredena )*ن، وەك سرب (بەتایبەتی ئەوانەیان کە رەگوڕیشەیان دەچێتەوە سەر بۆسنەو فویفۆدنیا) هاوسۆزییەکی زۆریان لەگەڵ سربستاندا هەیەو، وەك سلاڤو ئەرسەدۆکسیش هاوسۆزن لەگەڵ روسیای پیرۆزدا... دوژمنایەتیکردنی سربی بۆ نەمسا بنکەیەکی کۆمەڵایەتیو میللی ئاشکرای هەیە.. بەڵام سەرجەمی ئەو نامانەی بۆنی ناسیۆنالیزمیانەیان لێدێت لەئیتاڵیاییو رۆمانییەکانەوەنو لەلایەن کەسانی سەر بەچینی ناوەڕاست یاخود ئەنتەلجنسیاوە نێردراون — هەست بەجیابوونەوەیەکی گەورەی تر لەنێو چیکدا کراوە (ئەم حوکمە بەرهەمی نامەکانی ئەو دیلانەی جەنگن کەگروپێکی گەورەیان لەراکردووانی سەربازی پێکهێناوە). هەربۆیە، زیاتر لەنیوەی دوژمنە چوستو چالاکەکانی ئال هابسبۆرگو خۆبەخشانی نێو ریزەکانی سوپای چیکی لەروسیادا لەچینی مامناوەندو

* irredena ئەوانەن بەرگرییان لەپرۆژەی پێکهێنانی ئیتاڵیا کردووە، بەلکاندنی هەموو ئەو ناوچانەشەوە کەبەزمانی ئیتاڵیایی دواون و نەمسا لەدوای شەڕی حەوت هەفتەی ساڵی (1866)ەوە خستونیەتە ژێر دەستی خۆیەوە- ئەم ناوە بەگشتی بەسەر ئەو کەسانەدا دابڕاوە کەداکۆکی لەیەکخستنەوەو لکاندنەوەی چەند ناوچەیەك دەکەن بۆ سەر وڵاتەکەیان، کەتوخمی زمان و ئەتنیکی هاوبەشیان هەیە. و-ع

ئەنتەلجنسیا کەوتوونەتەوە. (نامەکانی لەبۆهیمیاوە بۆ زیندانیەکان چووە زۆر بەوریاییەوە بوونو تێگەیشتن لێیان زۆر زەحمەتە).. سالانی جەنگ، بەتایبەتیش سالانی یەکەم شۆڕشی روسیا، بەشێوەیەکی گەلێك تراژیدیانە ناوەڕۆکی سیاسی نامە دەستگیرکراوەکان دەوروژێنێت. راپۆرتەکانی سانسۆر لەسەر بیروڕای گشتی هەموویان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە لەوەتەی جەنگ هەڵایساوە شۆڕشی روسی یەکەمین رووداوێکی سیاسییە روویدابێت، ئەو جەنگەی شەپۆلەکانی بەر نزمترین ئاستەکانی گەل کەوتووە. رووداني ئەو شۆڕشە هیواکانی ریفۆرمسازیی بوژاندەوە — تەنانەت پێدەچێت هیواو ئاواتەکانی سەربەخۆیشی - لەنێو هەڵسوڕاوانی هەندێك لەنەتەوە چەوساوەکانی وەك پۆڵەندییەکانو ئۆکرانییەکاندا ژیاندبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکە بەگشتی حەز بەئاشتیو ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەکەن.

ئەو بیروڕا سیاسییانەی لەئێستادا سەریان دەرهێناوە، تەنانەت ئەوەی لەنامەکانی کەسە زەحمەتکێشو ئافرەتانی جووتیارو کرێکاریشدا هاتووە، بەشێوەیەکی باش لێیاندەکۆڵرێتەوەو سێ دوالیزمەی هاودژو تێهەڵکێشی تێدایە؛ دەڵەمەند — هەژار (یان دەرەبەگ-جووتیار، خاوەنکار-کرێکار) ، جەنگ — ئاشتی ، سیستم- گەڕەلاوژێ. پەیوەندییەکان ئاشکران. لانیکەم لەنامەکاندا ئەوە دیارە کە، دەوڵەمەندەکان بەتێروتەسەلی دەژینو خزمەتی سەربازی ناکەن، هەژارانیش لەژێر رەحمەتی دەوڵەمەندو بەهێزو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتو سوپاو چیوچیدان. کەواتە هەژاران تەنیا روبەڕوی مامەڵەی خراپی هەمەجۆر بوونەتەوە، چ بەبەرگی یەك جلییەوە بێت یان لەپێناوی نیشتماندا، بەڵکو هیواو ئاواتی شۆڕشگێڕانە بەگۆڕانە سەرەکییەکان وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ملدان بەچارەنوسێکی خراپ.

بابەتی سەرەکی نێو نامەکانی هەژاران جەنگەو وەك سەرچاوەی داڕزانو دارمانی سیستمی ژیانو کارکردن سەیری کراوە. هەروەها لەنامەکاندا هاتووە کەخولیای گەڕاندنەوە بۆ ژیانێکی رێکوپێكو شایستە پێویستی بەدوژمنایەتیکردنی جەنگو خزمەتی سەربازیو ئابووری جەنگو...تاد، لەگەڵ خۆشویستنی ئاشتیدایە. بەڵام جارێکی تر دەبینین ئێستا گلەییو گازندە گۆڕاوە بەبەرەنگاربوونەوە. دەستەواژەی "خۆزگە یەزدانی میهرەبان جارێکی تر ئاشتی بۆ دەگەڕانینەوە" گۆڕاوە بە "پڕ بووین" یاخود "دەڵێن سۆشیالیستەکان ئاشتی دروستدەکەن".

هەستی نەتەوایەتی لەناو ئەم مشتومڕەدا تەنها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەگی هەیە، چونکە هەروەك (هاناك – Hanak دووپاتیدەکاتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی "تاکو ساڵی 1918یش هێشتا بیری نەتەوایەتی نەخەملابوو، لەنێو جەماوەرێکی بەرفراوانی گەلدا نەببووە فاکتەرێکی جێگیر لەفاکتەرەکانی هۆشمەندیی، یاخود لەبەرئەوەی هێشتا خەڵك دەرکیان بەدژایەتی نێوان وەلاء بۆ دەوڵەتو وەلاء بۆ نەتەوە نەکردبوو، یاخود هێشتا یەکلایی نەببوونەوە لەهەڵبژاردنی یەکێك لەو دووانە"[44]. لەو سەروبەندەدا زۆربەی جار نەتەوایەتی وەك روخسارێك لەروخسارەکانی ململانێی نێوان دەوڵەمەندو هەژار دەردەکەوت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دووانە سەر بەدوو نەتەوەی جیاواز بوونایە. بەڵام لەحاڵەتێکدا ئەگەر دەنگێکی نەتەوەیی بەهێزیش هەبووبێت – وەك لەنامەی چیکیو سربیو ئیتاڵیاییەکاندا دیاربوو- ئەوا حەزێکی زۆریش بۆ ئاڵوگۆڕی سۆشیالیزمیانە هەبووە.



نامەوێت لەنمایشکردنێکی دوورو درێژی ئەو سانسۆرەدا بەردەوامبم کەبۆ میزاجە جۆربەجۆرەکانی ساڵی 1917 کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەی (هاناك) بۆ 1500 نامەی نوسراوی نێوان ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 1917و ناوەڕاستی ئازاری 1918دا، واتە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، پڕە لەزانیاری. دوو لەسەر سێی نامەکان کرێکارانو جووتیاران نوسیویانو بەشەکەی تریشی رۆشنبیران نوسیویانە، کەئەمەش تارادەیەك رەنگدانەوەی رێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو وڵاتەیە. 18٪ی نامەکان بابەتی کۆمەڵایەتییان لەخۆگرتووە، 10٪یان داوای ئاشتی دەکەن، 16٪یان باس لەمەسەلەی نەتەوایەتیو هەڵوێست لەبەرامبەر پاشایەتیدا دەکەنو 56٪ ـەکەی تریشی بەتایبەتی لەمانە پێکهاتووە : نانو ئاشتی –ئەگەر ئەم ئاسانکردنەوەیەم پەسەند بکرێت – 29٪ ، نانو نەتەوە 9٪ ، ئاشتیو نەتەوە 18٪ . بەمجۆرە لایەنی کۆمەڵایەتی 56٪ی نامەکانەو مەسەلەی ئاشتیش 57٪یەتیو مەسەلەی نەتەوایەتیش 43٪ی نامەکان پێکدەهێنێت. باسکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی کە لەراستیدا باسکردنی کاروباری شۆڕشگێڕانەیە بەشێوەیەکی تایبەتی لەنامەکانی هەریەك لەچیکیو مەجەریو سلۆڤاكو ئەڵمانو کرواتدا. ئەو ئاشتییەی جێگەی هیوای یەك لەسەر سێی ئەو نامانەیە لەروسیاوە دێت، بەشەکەی تری بەشۆڕشو 20٪یشی لەکۆی هەردووکیان، شتێکی سروشتییە هەموو ئەوانەی نامەیان ناردووە نەتەوەکەیان جیابکرێتەوە، 60٪ی ئەو نامانەی خۆیان لەقەرەی مەسەلەی نەتەوایەتی دەدەن دوژمنایەتی ئیمپراتۆرو حەزێکی راشکاوانەیان بۆ سەربەخۆیی، بەئاستێك لەئاستەکان، تێدایە. لەکاتێکدا ئەوانەی لەگەڵ ئیمپراتۆردان 40٪ پێکدەهێنن – یاخود ئەگەر ئەڵەمانو مەجەری لێلابەرین، 28٪ی دەمێنێتەوە، هەروەها ئەوەش پێشبینی دەکرێت کە 35٪ی نامەکانی تایبەت بە"نەتەوایەتی" سەربەخۆیی دەبەستنەوە بەسەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانانەوە، لەکاتێکدا 12٪یان باوەڕیان بەوەیە کەبتوانن لەناو چوارچێوەی پاشایەتیدا ئەوەی دەیانەوێت بەدیبهێنن.

ئەوەی پێشبینی دەکرێت ئەوەیە کەداخوازی بۆ ئاشتیو شۆڕشی کۆمەڵایەتی لێکدی جیاناکرێنەوە، بەتایبەتیش لەنێوان ئەڵمانو چیكو مەجەڕدا. بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین کەئاشتیو ئاواتی نەتەوەیی بەئاسانی هەماهەنگی یەك ناکرێن، چونکە دەرکەوتووە سەربەخۆیی نەتەوایەتی، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەسەرکەوتنی هاوپەیمانانەوە. لەکاتی دانوستانی بریست – لیتۆفسکدا زۆرێك لەو نامانەی بۆنی ناسیۆنالیزمیان لێدێت نارەزایەتی بەرامبەر بەو رێککەوتنامە ئاشتییە بەپەلەیە دەردەبڕن، ئەویش رێك بەهۆی ئەو هۆکارەوەیە (سەرکەوتنی هاوپەیمانان ، و-ك). ئەمەش زۆر ئاشکرا لەنامەکانی نوخبەی چیکیو پۆڵەندیو ئیتاڵیاییو سربیدا بەرچاودەکەوێت. ئەو ماوەیەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکەمین کاریگەرییەکانی خۆی نیشاندا ئەو دەمە بوو کەرەگەزی کۆمەڵایەتی لەفەزای گشتیدا لەلوتکەی بەهێزیی خۆیدا بوو، بەڵام ئەو ساتەوەختەش بوو کەهەردوو رەگەزی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی خولیای شۆڕشیان تێدا رسکا بۆ جیابوونەوەو ململانێ. زێمان zeman و هاناکیش هەردووکیان لەسەر ئەم خاڵە کۆکن. مانگرتنە گەورەکانی کانونی دووەمی ساڵی 1918 جۆرێك لەخاڵی وەرچەرخانی پێکهێنا، بەواتایەك لەواتاکان، وەك زێمانیش دەڵێت، دەسەڵاتدارانی پاشایەتی هابسبۆرگ بەسووربوونی لەسەر داپلۆسینی گیانی شۆڕشگێڕیو بەردەوامبوونی لەسەر جەنگێکی دۆڕاو، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کەلەمەودوا ئەوروپایەکی ویلسۆنی دێتەئاراوە نەك ئەوروپایەکی سۆڤێتی. بەڵام تەنانەت تا ئەو دەمەشی بیری نەتەوایەتی، لەساڵی 1918 دا بۆ دواجار لەخەیاڵدانی میللیدا چەسپیو بووە باو، ئەمە واینەکرد جیاو نەیار بێت بەگۆڕانی کۆمەڵایەتی. بەلای زۆربەی هەزارانەوە هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی دوو شتی پێکەوەبەستراو بوون کاتێك شاهەنشاهی روخا.



لەم پشکنینە کورتەمان بە چ دەرەنجامێك دەگەین؟

**یەکەم** ، هەتا ئێستاش شتێکی زۆر کەم دەزانین لەبارەی مەبەستی هۆشمەندیی نەتەوەیی بۆ جەماوەری نەتەوە دیاریکراوەکان. جا بۆ ئەوەی شتی نوێتر کەشفبکەین تەنها بەخوێندنەوەی بڕێکی زۆر لەو جۆرە لێکۆڵینەوانەی (هاناك)ـەوە نەوەستین کە

گەرانــەکانی بــەنێو ئــەو نامانــەی کەوتبوونــە ژێــر کــۆنترۆڵی سانسـۆرەوە تــەنها نموونەیەکە لەو بارەیـەوە، بـەڵکو پـێش ئـەوەی سـوود لـەوە وەربگیرێت پێویستە بەمێشکێکی ساردو دوور لەپێدانی مـۆرکێکی ئەفسانەیی پێـی، سـەیری ئـەو زاراوەو ئایدیۆلۆژیایانـە بکـەین کـە لـەو ماوەیـەدا دەوری "مەسـەلەی نەتەوایـەتی"یـان داوە، بەتایبەتی ئەو شەقلەی بۆنێکی ناسیۆنالیستی لێدێت.

**دووەم** ، رسکانی هۆشمەندیی نەتەوایەتی بەدەر نییە لەرسکانی شێوەکانی تری هۆشیاری کۆمەڵایەتیو سیاسی لەو سەروبەندەدا: ئەو دووانە بێ یـەکتری هەڵناکـەن‌و پێکەوە بەستراون.

**سـێهەم** ، پەرەسـەندنی هۆشـیاری نەتـەوەیی (لـەدەرەوەی چـینەکان‌و ئـەو



حاڵەتانەی گرێدراوە بـە ناسیۆنالیزمی یەکخەرەوە یاخود بەراسـتڕەوی توندڕەوەوە) بەشێوەیەکی راستەهێڵیانە ناچێتەپێش، هەروەها ناشبێت لەسەر حیسابی رەگەزەکانی تـری هۆشـیاری کۆمەڵایـەتی بێـت. ئـابی 1914 پێمانـدەڵێت کەنەتـەوەو دەوڵـەتی نەتـەوەیی بەسـەر هـەموو وەلائـە کۆمەڵایـەتیو سیاسـییە رکەبـەرەکانی خۆیـدا سەرکەوت. ئایا کـەس دەتوانێـت هـەمان شـت بـۆ سـاڵی 1917ش بڵێت؟ ناسیۆنالیزم لەنەتەوە سەربەخۆکانی پێش ئەوروپای جەنگدا بەئاستێك سەرکەوتوو بوو، تەنانەت ئـەو بزاڤانەشـی خـەمو خولیـای راسـتینەی هـەژارانی ئـەوروپایان هـەڵگرتبوو لەسـاڵی 1918دا شکستیانخوار. وەختێـك ئـەمـە روویـدا، توێـژەکانی ماناوەنـدو خـوارەوەی نەتەوە چەوساوەو ژێردەستەکان لەرەوشێکدا بـوون دەرفـەتی ئـەوەی بـۆ رەخساندن ببنە نوخبەی دەسەڵاتداری دەوڵەتی گچکۆلەی ویلسۆنی تازە سـەربەخۆ. سـەربەخۆیی نەتەوە بەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتیو لەژێر سایەی هاوپەیماناندا حاڵەتێکی ناچاریانەی لۆژیکی بوو بۆ ئەوانەی خەونیان بەدەمجکردنی (سەربەخۆییو شۆڕش)ـەوە دەبینی. لەدەوڵەتە گەورە بەشەرهاتووە بەزیوو نیمچە بەزیوەکاندا ئەم حاڵەتی گەڕاندنەوەیە نەبوو. چونکە رووخان بووە هۆی هەڵایسانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. شوراکانی سۆڤێت‌و بگـرە کۆمارەکـانی سـۆڤێتی تەمـەنکورتیش، تـەنها بـەناو چـیکیو کرواتیەکانـدا نەتەنرایەوە بەڵکو ئەڵەمانیاو نەمسای ئەڵەمانیو مەجەریشی تەنییەوە – باڵی خـۆی بەسـەر ئیتاڵیاشـدا کێشـا. دەرکەوتنـەوەی ناسـیۆنالیزم لـە ئیتاڵیـادا وەنـەبێت وەك بـەدیلێکی چاکتر لەشۆڕشـی کۆمەڵایـەتی بووبێـت، بـەڵکو بـۆ هـەڵخرانی ئەفسـەرانی پێشوو سڤیلەکانی چینی خوارەوەی ماناوەندو ناوەڕاستدا بـوو لـەپێناو دژە شۆڕشدا، کەدواجار بووە مۆڵگەی فاشیزم. دەرکەوت.

## پەراوێزەکان

**(1)** (K.Renner, Staat und Nation, 89)

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل9.

(3) (بەئەڵـەمانی) CF. Schieder, Typologie und Erscheinungsfarmen des Nationalstaats. In H.A. Winkler (ed), Nationalismus (Konigstein im Taunnus 1985), p. 128.

(4) "هەموو ئەندامانی (گەل) خودان سەرەوەرن‌و بۆیان هەیە هەموو کارو شوێنێکی (گشتی) بەدەستەوەبگرن“ زۆر چاکە هەمووان بەنۆرە ئەو شوێنانە بگرنەدەست پێش ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کارە کشتوکاڵیو میکانیکیەکانیان. ئەم بارەمـان بـەم بەدیلەی خوارەوە رووبەڕودەبێتەوە. ئەگەر ئەم شوێنانە لەلایەن خەڵکانێکەوە بەکارهێنران نـەتوانن گوزارسـت لـەخۆیان بکـەن یاخود بەزمانی نەتەوەیی بنوسن، ئەوکاتە چۆن دەکرێت مافەکانی هاوڵاتیان بـەدۆکیۆمێنت بپارێزرێـت کـەتێزەکانی چـەندین هەڵەی زاراوەیی تێدایە یان بۆچوونی وەهای تێدایە پێویستی بەوردبینییە –بەیەك دەستەواژە- هـەموو نیشـانەکانی جـەهل‌و نەزانینی تێدابێت؟ لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ئەم جەهل‌و نەزانینە لەو کەسانە دووربخرێنەوە کەشوێن‌و پایەی گشتییان گرتووە، رێکەوڕاست سەرهەڵدانی ئەرستۆکراتیەتێك دەبیـنین کـە بـەجارێك زمـانێکی تایبـەت بـەخۆی patois بـەکاردەهێنێت وەك نیشانەیەك بۆ نەرم‌و نیانی لەکاتی قسەکردنیدا بۆ ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی چەتوونانە نـاوی "چـینەکانی خـوارەوە – les petit gens" یان لێناون، بەمەش جارێکی تر کۆمەڵگە دەمودەست تووشی "جـۆرێکی دروست لـەمرۆڤ – de gens comme il faut " دەبێتەوە... لەنێوان دوو چینی لێکجودادا جۆرێك لەپلەبەندی خۆی دەچەسپێنێت. هەربۆیە نەزانین‌و جەهل لەزماندا مەترسی بۆ سەر خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیش دروستدەکات، یان لەلای خۆیەوە یەکسانی تێکدەشکێنێت".

(From Abbe Gregoive’s Rapport, cited in Fernand Brunot, Histoire da Langue francaise (Paris 1930-1948) vo;, IX, I, pp.207-8.

(5) إ . جۆتیکالا وك بیرینن ، مێژووی فنلەندا (هلنسکی 1975) ل 176.

(6) لەگەڵ ئەو داتاو پێدراوانەدا نیم، کە لەرێبەری رۆژنامەگەریی ئەو رۆژانە وەرگیراون، بۆ لێکۆڵینـەوە بـلاو نـەکراوەکان لەمەڕ رۆژنامەگەری ناوچەیی ئێرلەندا. 1852-1892 کە ماری لۆ لیگ لەکۆلێژی بیرکبك ئەنجامیداوە.

(7) سەیرکردنی "راپۆرتی سەرپەرشـتیارانی راسـپێردراو بەدۆزگـەریی لەپرۆسـەی فـەرمانی داخسـتنی یەکشـەممە (وێلز)، فـەرمانی 1881 (پـەرەکانی پەرلـەمان H.O.C ، بـەرگی XLی سـاڵی 1890) " ك. و. مرۆگـان، وێلـز، ژیاندنـەوەی نەتەوەیەك 1880-1980 (ئۆکسفۆرد1982) ل36.

(8) جۆتیکالا وك بیرینن ، مێژووی فنلەندا (هلنسکی 1975) ل ل 176-186.

(9) Charles Riba, “Cemt anys de defensa Illustacio de I’idioma a Catalunya” (L’ Avenc, 71, May 1984, PP.54-62).



ئەمە دەقی ئەو وانەیەیە کە لەساڵی 1939دا داویەتی

(10) (بەئیسپانی) Francesc Vallverdu, “El catala al segle XIX ” (L’ Avenc, 71, May 1984, PP.54-62).

(11) (بەئەڵمانی) H. J. Puhle, “Baskischer Nationalismus im spanischen Kontext ” in H.A. Winkler (ed), Nationalismus in der Welt von Heute (Gottingen 1982), p.61.

(12) پاداشتی کارنیجی لەپێناوی ئاشتیدا: راپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی لەمەڕ هۆکارو رووداوەکانی ناو جەنگەکانی بـەڵقان (واشنتۆن 1914) ل27.

(13) ج . رۆمین ، هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو سەردەم: ئەوروپا لەساڵی 1900 (میدڵ تاون)، ل108. رەگەزی "نۆردی" ئەم ناوە بۆ یەکەمینجار لەنوسراوە ئەنسرۆپۆلۆژییەکانی ساڵی 1898 دا دەرکەوت (پاشکۆی DEP: نۆردیـك). پێدەچێت ئەم زاراوەیە بگەرێتەوە بۆ ج . دیکینز لەکتێبەکەیدا بـەناوی (ئەتنیکـەکانو گـەلانی سـەر زەوی) (پـاریس 1900)، بـەلاَم ئەمە دواتر لەلایەن رەگەزپەرستانەوە قۆستراپەوە بەوەی کە رەگەزی زەردباوی سەردرێژ بەرەگەزی باڵا دادەنێت.

(14) جان فینۆت، التحیز العرقی (لەندەن 1906) ل ل 5-6.

(15) لویس گلینرت، تێروانینی: گێرانەوەی زمانی عیبری (پاشکۆی تایزی ئەدەبی، 17ی حوزەیرانی 1983، ل634).

(16) بەراوردکردنی : دیکلان کیبرد، سینجو زمانی ئێرلەندی (لەندەن 1979) ل 223.

(17) ئینار هاوگن، کێشەی زمانو پلاندانان بۆی: حاڵەتی نەرویجی نوێ (لاهای 1966)، هەر هـەمان نوسەر، "زمانە ئەسکەندەناڤییەکان وەك چەند بەرهەمێکی کلتوریی" لەلای جۆشوا أز فیشمان ، چارلز ا. فرگسۆن ،جیـو تینـدرا داس غوپتـا (نوسـەران) " کێشـەکانی زمـان لەدەوڵـەتانی تازەپێگەیشـتوودا (نیۆیۆرك ، لەندەن – سیدنی – تۆرنتۆ1968) ل ل267-284.

(18) ج. پاتاشاریا، "زمان، چینو کۆمەڵگـە لەبـەنگال" (بلاوکـراوەی باشـوری ئاسـیا VII، 1 ، 2 پـاییزی 1987، ل ل 56-63).

- س.ن. موخرجی، بادرالۆك، لەزمانو ئەدەبی بنەگالییەکاندا: وتارێکە لەمـەڕ زمـانو چـینو رەوشـی کۆمەڵایـەتی (بـەنگال لەرابوردوو ئێستادا 95، بەشی 2، تەمموز-کانونی یەکەم1976، ل ل 225-237).

- ج. داس گۆپتا و جۆن گۆمبرز ، "زمان، بەردەوامیـو کۆنترۆڵ لـەباکوری هێندسـتان" لای ڤیشـمان، فرگسـۆن، واس گۆپتـا (نوسران)، کێشەکانی زمان، ل 151-166.

(19) (بەئەڵـەمانی) B. suttner, Die Badenischen Sprachenverordnungen von 1897, 2 vols (Graz-Cologne 1960-1965), vol II, pp. 86-88.

(20) ج . فیشمان، "سۆسیۆلۆژیای زمان: مقاربە متداخلە الاختصاصات" لای ت.أ. سیبۆك (نوسەر) تەوژمـەکانی ئێسـتا لەزماندا، بەرگی 12 (لاهای – پاریس 1974) ل 1755.

(21) جۆتیکالا وك بیرینن ، مێژووی فنلەندا (هلنسکی 1975) ل 176.

(22) شۆڤێرێکی ڤیناوی نییە وەختێك گوێی لـەدیالێکتی Ochs Von Lerchenau ببێـت بێئـەوەی قسـەکەرەکەش ببینێت کەمێك گومان بەرامبەر پایە کۆمەڵایەتییەکەی پەیدا نەکات.

(23) لـەکاتێك زوودا دەگەرێتـەوە بـۆ سـاڵی 1794، ئـەبی گریگـوار ، بەقەناعەتـەوە سـەرنجیدا کـە "زمـانی فەرەنسـایی بەشـێوەیەکی گشـتی لـە ئـەلوتنادا بـۆ قسـەپێکردنە" چـونکە پیـاوان لەچـەند رەگـەزێکی جیـاوازەوە هـاتوونو زۆربـەیان تێکەڵاوبوون.

(24) أ. زۆلبرگ، پێکهاتنی فلمنکییەکانو والونییەکان: بەلجیکا 1830-1914 (گۆڤاری مێژووی فرە پسـپۆریی، بـەرگی 2/ 74، ل ل210-215).

(25) (بەئەڵـەمانی) Waclaw Dtugoborski, “Das polnische Burgertum vor 1918 in vergleichender Perspektive” in J. kocka (ed.), Burgertum im 19. Jahrbundert: Deutschland im europaischen Vergleich (Munich 1988), Vol, I, pp266-289.

(26) جۆل دیستری و ئمیل ڤاند راڤلد، سۆشـیالیزم لەبـەلجیکا (پـاریس 1903)، لەسـاڵی 1898 بلاوکراوەتـەوە). بـەوردی بیبلیۆگرافیایەکی 48 لاپەڕەیی تێدایە بەیەك ناونیشانەوە لەمەڕ کێشەی فلمنکی – بلاوکراوەیەکی هەڵبژاردەیە.

(27) زۆڵبێرگ "پێکهاتنی فلمنکیو وانییەکان" ل227.

(28) هەمان سەرچاوە پێشوو، ل 209و دواترەکەی.

(29) پۆل، "ناسیۆنالیزمی باسکی" ل ل 62-65.

www.pertwk.com

(30) میریانا گرۆس، "ئیدیۆلۆجیا یەکخەرەکان- نەتەوەی کرواتی لەکۆتایی ئیلیریزمەوە بۆ دامەزراندنی یۆگۆسلاڤیا" (کتێبی ساڵانەی نەمساوی، 15-16 ، 1979-1980 ، ل ل 43-44 بەتایبەتیش 18، 20-21، 34 (وتویژێکی أ. سۆبان)ـە.

(31) (بەفەڕەنسایی) Antoine prost, Vocabulaire des proclamations electorales de 1881, 1885 35 1889 (paris 1974), p.37

(32) Jean Dubois, Le Vocabulaire politique et social en France de 1869 a 1872 (paris n.d - 1962) p.65, item 3665.

زاراوەی Nationalism هێشتا تۆمار نەکراوەو بەبزربی ماوەتەوە لە: prost, Vocabulaire des proclamations electorales دا.

ئەوەی قسە لەسەر گۆڕان دەکات بەرەو راسترەویی لەفەرهەنگی "نەتەوایەتی"دا لەو ماوەیەدا بەتایبەتی 52-53 ، 64-65.

(33) سەبارەت بە فەرەنسا، (بەفەڕەنسایی) بنوارە Zeev Sternhell, Maurice Barres et nationalisme francaise (paris, 1972).



سەبارەت بەئیتاڵیا بنوارە بەشەکانی کتێبی س . فالتۆنی و ف. برفیتی (بەزمانی ئیتاڵیایی):

R. Lill and F. Valsecchi (eds.): II nazionalismo in Italia e in Germania fino alla prima Guerra Moniale (Bologne 1983).

(34) (بەئەڵمانی) Hans – Georg John, Politik un Turnen: die deutsche Turnerschaft als nationale Bewegung im deutschen kaisperreich von 1871 bis 1914 (Ahrensberg bei Hamburg 1976), pp.41ff.

(35) (بەئەڵمانی) Jens Petersen in W. Schieder (ed:), Faschismus als soziale bewegung (Gottingen 1983), p. 122. سەرچاوەیەك لەساڵی 1933 هێنرا.

(36) میشیل کاتر، پارتی نازی، پرۆفیلی کۆمەڵایەتی ئەندامانو سەرکردە 1919-1945 (کێمبریدج MA 1983) بەتایبەتیش لا 236 (بەزمانی ئیتاڵیایی):

Jens Petersen, “E;ectorato e base sociale del fascismo negli anni venti ” (Studi Storiei , XVI/3, 1975), pp. 627-69.

(37) ئەمە لەبەشی چوارەمی کتێبی أ. ج. هۆبسباوم، لایەنەکانی کار (لەندەن1984) لەبەرچاودەگیرێت، هەروەها هەمان نوسەر کتێبی "نێونەتەوەیی چینی کرێکار" لەلای :

ف. ڤان هولتهۆن و مارسێل فان در لەندەن (نوسەران)، نێونەتەوەیی لەبزوتنەوەی چینی کرێکاردا (لایدن – نیۆیۆرك – کۆبنهاگن – کۆلۆنیا1988)، ل ل 3-16.

(38) بۆ پوختەیەکی کورت سەیری ئەمە بکە (بەفەڕەنساییە):

G. Haupt in Haupt, lowy and Weill, Les Marxistes et la question nationale (paris 1974), pp.39-43.

مەسەلەی پۆڵەندە سەرەکی بوو بەڵام لەمبارەیەوە تاکە نمونەش نەبوو.

(39) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی سەرنەکەوتنی ناسیۆنالیزمی فەنلەندی لەرکەبەرایەتیەکەیدا لەگەڵ پارتی سۆشیالیستدا، سەیری دیڤید کیربی بکە، "هەڵوێستەکانی کەسە ئاساییەکانی نێو پارتیکۆمەڵایەتی دیموکراتی فەنلەندی (1905-1918)، (ئەوساو ئێستا، III، ئایاری 1986)، بەتایبەتی ل 164".

سەبارەت بەجۆرجی ئەرمەنییەکانیش سەیری ئەمە بکە:

رۆناڵد ج . سۆنی (نوسەر)، ئەودیوی قەوقاز : ناسیۆنالیزمو گۆڕانی کۆمەڵایەتی (ئان ئاربۆر 1983)، بەتایبەتی بەشی دووەم، وتارەکانی ر. ج. سۆنی ، ئەناهید تیر میناسیان و جیرادۆج . لیبراردیان.

(40) A. feijtsma, “Histoire et situation actuelle de la langue frisonne” (pluriel, 29, 1982,pp.21-34).

(41) بۆ ئەوەی وەسفێکی کورتی گواستنەوەی چەپڕەوی سەنهالی بکەین بەرەو شۆڤێنیزمی سەنهالی لە بزوتنەوەی ( JVP-جاناتا ڤیمۆکتی پیرامونا) کە لەساڵی 1971دا پێشەنگی راپەڕینی لاوانی چەپی لادێنشینی کرد، سەیری ئەمە بکە:

کۆماری جایاوادینی، ململانێی ئەتنیکیو چینایەتی لەسەریلانکا (دیهیولا 1985)، ل ل 84-90.

(42) سەیری ز. أ. زێمان ، رووخانی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ ، 1914-1918 (لەندەن1961) بکە، لەگەڵ چەند توێژینەوەیەك (بەئەڵەمانی):

Die Auflosung des Habsburgerreiches. Zusammenbruch und Neuorientierung im Donauram (Schrif-tenreihe des osterreischen Ost-und Sudosteuropainstituts, vol III, Vienna 1970).

(43) Peter Hanak, “Die Volksmeinung wahrend des letzten Kriegsjahres in Osterreich-Ungarn” in Die Auflosung, pp.58-66.

(44) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل620.

## سەرچاوە:

**1- گۆڤاری نگاه-ژ7-ل11 ،**

**2- اریك هوبزباوم / الامم والنزعة القومية منذ عام 1780 / ترجمة عدنان حسين / الطبعة الاولى 1999 / دار المدى /ص105.**

www.pertwk.com

# نەتەوە چییە؟

**نوسینی: ئێرنست گێلنەر**

بۆ بیناکردنی تیۆرەی ئینتمای نەتەوەیی دوو فاکتەری بەهێز هەن: ئیرادەو کلتور. هەرچەندە ئەم دوو فاکتەرە گرنگو کاریگەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا بەس نینو تەواو دەرەقەت نایەن. شتێکی خراپ نییە بزانین لەبەرچی ئەم دوو فاکتەرە بەس نین بۆ بیناکردنی تیۆرەی ئینتمای نەتەوەیی.

گومان لەوەدا نییە کەئیرادە (یان رێککەوتن) رۆڵێکی گرنگ لەپێکهێنانی گروپو جڤاتەکاندا دەگێرێت، بەگەورەو گچکەیانەوە. مرۆڤایەتیش هەردەم خۆی لەفۆرمی جڤاتو بەقەبارەی جۆراوجۆر رێکخستووە، کەهەندێکجار ئەم جڤاتانە بەشێوەیەکی تۆکمەو هەندێکجاریش بەشێوەیەکی فشەڵ رێکخراونو لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا ریزبەندکراون، یان چوون بەناو یەکداو تێکچڕژاون. ئەوەی راستی بێت ئەو توانستو بنەما هەمەجۆرانەی بوونەتە مایەی بونیاتنانو پاراستنی جڤاتەکان، کۆتاییان نایەت، بەڵام دوو هۆکاری سەراپاگیرو هاندەرانەی یەکلاکەرەوە لەپێکهێنانی جڤاتەکانو پاراستنیاندا هەن کەبریتین لە: ئیرادەو پەیوەستبوونێکی ئارەزومەندانەو ئینتماو وەلاء لەلایەکەوەو، ترسو زۆرو ناچارکردنیش لەلایەکی ترەوە. ئەم دوو هۆکارە دوو حاڵەتی تەواو ناکۆك لەنێو ئەو جڤاتانەدا پێکدەهێنن، ژمارەیەکی کەمیان لەسەر ئەم یان ئەو هۆکار دروستدەبن، لەکاتێکدا زۆربەی جڤاتەکان لەسەر بناغەی تێکەڵەیەك لە وەلاءو ئینتما (پەیوەستبوونی ئیرادەگەریانە) لەلایەکەوەو، هاندەرە دەرەکییە، باش یان خراپەکانی ئومێدو ترسەکان لەلایەکی ترەوە.

ئەگەر نەتەوەمان وا پێناسەکرد کەئەویش وەك جڤاتەکان گروپگەلێکی خاوەن ئیرادەی هەبوونن، ئەوسا وەك ئەو کەسەمان لێدێت کەتۆڕێك لەپێناسە فڕێدەداتە نێو دەریاوە بۆ ئەوەی نێچیرێکی زۆر چەورو هەمەجۆری دەستبکەوێت. بێگومان ئەو زۆروزەبەندییەی چنگمان دەکەوێت لەو جڤاتانە پێکدێن کەدەتوانین پێیانبڵێین



ئەوانە بەکردەوە نەتەوەنو پێکەوە گرێدراون. ئەم نەتەوە رەسەنانە حەزدەکەن ئیرادە بەمجۆرە بێت، بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەم پێناسەیە بەسەر زۆرێك لەیانەو کۆمەڵە پیلانگێڕو چەتەو تیپە وەرزشیو پارتەکانیشدا دادەبڕێت، چ جای ئەو جڤاتو یەکێتییە زۆرانەی پێشووی سەردەمی پیشەسازی، کە لەسەر بنەمای نەتەوە نەناسراون. خۆ ئیرادەو رازیبوونو ئینتما بەلای مرۆڤەوە، بۆ تاکەرۆژێکیش چییە، سەیرو نەناسراو نەبوون، هەرچەندە پێشتریشو ئێستاش لەتەك لێپێچینەوەو ترسو بەرەژەوەندیدا رێگەی کردووە.

ئینتمای شاراوەی خود لەنێو هەموو جۆرە جڤاتە جیاوازەکاندا هەبووەو کاری خۆشی کردووە، جا ئەو جڤاتە لەنەتەوە گەورەتر بووبێت یان بچوکتر، یان لەگەڵ نەتەوەدا یەکیبڕیبێت، یان لەسەر ئاستێکی ئاسۆیی دیاریکرابێت، یاخود بەهەر شێوەیەکی تر بێت. بەکورتی ئەگەر هاتوو ئیرادە بناغەیەکی بەگریمانکراوی نەتەوە بوو (کەئەمەش دارشتنەوەی پێناسەی ئایدیالستیانەیە بۆ دەوڵەتەکان) ئەوا دەبێتە بناغە بۆ زۆر کاروباری تریش، بەشێوەیەك کەنەتوانین نەتەوە بەو جۆرە پێناس بکەین. ئەوەی راستیش بێت کاریگەریی پێناسەکردنی نەتەوە لەسەر بناغەی ئیرادە رەنگە لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت کە یەکە نەتەوەییەکانی سەردەمی نوێ، سەردەمی نەتەوەیی ئێستا، بوونەتە بابەتگەلێك بۆ خۆزگەو پەسەندکردنو ئینتماو پەیوەستییەکی ئیرادەگەرییانە. لێرەدا ئەم لەخشتەبردنە زۆر بەئاسانی بەرەو لەبیرکردنی هەموو جۆرەکانی تری گردبوونەوە مرۆییە نانەتەوەییەکان دەچێت. ئەوانەشی پێیانوایە کەگریمانە شاراوەکانی تایبەت بەناسیۆنالیزم لەنەتەوەدا نین، ئەوانە بەهەڵە ناسیۆنالیزم دەگێڕنەوە بۆ هەموو سەردەمەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام کاتێك، بۆ نمونە، پێناسەیەکی دیاریکراو لەبارەی نەتەوەوە پابەندی کۆمەڵێك گریمانەو هەلومەرجی سەردەمێکی دیاریکراو دەبێت، ئەوا لەو کاتەدا ئەو پێناسەیە هیچ سوودێکی بۆ راڤەکردنی ئەو هۆکارانە نابێت کەبوونەتە مایەی **سەرهەڵدانی** ئەو سەردەمە دیاریکراوە.

چەند پێناسەیەکی تریش بۆ نەتەوە هەنو بەگشتی پێ لەسەر **رۆشنبیرییەکی هاوبەش** دادەگرن، کەئەمە چەردەیەکە لەو راوکردنە چەورو دەوڵەمەندەی دواجار تۆڕێك پێناسەمان دەستدەخات. مێژووی مرۆڤایەتی بەئەوساو ئێستاشەوە سیخناخە بەجیاوازییە رۆشنبیرییەکان. سنوورە رۆشنبیرییەکانیش هەندێکجار تۆخو

یەکلاکەرەوەن‌و هەندێکجاریش هیولامی‌و شل‌و شێواون، یان لەهەندێك نموونەیاندا دیارو ساکارن‌و لەهەندێکیشیاندا ئاڵۆزو تێکچڕژاون. هەمەچەشنەیی رۆشنبیرییەکان‌و جیاهەڵکەوتووییان لەگەڵ سنورە سیاسییەکاندا لەگەڵ دەستڕۆیشتویی دەسەڵاتە کاراکان نایەنەوە، یاخود لەگەڵ سنوری ئەو یەکە موبارەکانەدا ناگونجێن کەبەسەرلەڤاندن، یان بەئیرادەیەکی دیموکراتیانە پیرۆزکراون. هیچ کات دنیای کشتوکاڵی نەیتوانیوە بەمشێوەیە بێت، لەکاتێکدا قۆناغی پیشەسازی هەوڵی ئەم ئاستەی پلەبەندیی دەدات، یاخود تارادەیەك لەمجۆرە سادەیی‌و ساکارییە نزیکبێتەوە، بەڵام ئەمە لەبەر چەند هۆکارێك، مەسەلەیەکی ترە.

دامەزراندنی کلتورە باڵاکان (سیستمێکی گەیاندنی یەکگرتوو، بوونی ئەبجەدیەتێك بۆ فێرکاریی)، ئەو پرۆسەیەیە کەئێستا لەسەرتاسەری جیهاندا گوڕوتینێکی مەزنی بەدەستهێناوە، بەجۆرێك ئەوەی لێرادەبینرێت پێناسەی ئینتمای نەتەوەیی لەسەر بنەمای رۆشنبیرییەکی هاوبەش بکات. خەڵکانی ئەم چاخە هەر ئەوەندەیان بۆ ماوەتەوە لەو یەکە سیاسییانەدا بژین کەکلتورێکی هاوبەش رەنگڕێژی کردوون. لەکاتێکدا ئەم یەکانەش لەناوەوەی خۆیاندا سروشتێکی ناجێگیرو بزۆکیان هەیە، لەهەلومەرجی ئێستادا، فرە کلتوریی رەسەن ناتوانێت درێژە بەژیانی خۆی بدات. لەکاتێکدا کەمێك لەمەعریفەی مێژوویی یاخود رۆچوونە سۆسیۆلۆژییەکانیش بەرپرسن لەبەرامبەر رەواندنەوەی ئەو وەهمەی کەپێیوایە ئەم حاڵەتە هەمیشە هەروابووە. کۆمەڵگە فرەکلتورییەکان لەرابوردوودا باشیان دەربردووە، بەشێوەیەك باشتر لەوەی لەواقیعیشدا هەیەو، لەهەر کوێیەك فرەکلتوریی نەبووبێت بانگەشەیان بۆ خوڵقاندنی کردووە.

ئەگەر ئیرادەو کلتور وەك دوو رێگە بەرووی پێناسەی ئینتمای نەتەوەییدا داخراوبن، ئایا هیچ رێگەیەکی تر هەیە؟

رووی جیاوازی هەرە گەورەی ئەمە بەم شێوەیەیە: ناکرێت لەدەرەوەی هەلومەرجەکان‌و زمانی سەردەمی ناسیۆنالیزمەوە پێناسەی نەتەوە بکەین. "سەردەمی ناسیۆنالیزم" تەنها ئەوە نییە ئەم نەتەوە یان ئەویان بەئاگابێتەوە یان لەڕووی سیاسییەوە خۆی بسەلمێنێت، بەڵکو مەسەلەکە بەو شێوەیەیە کە: هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دەبنە مایەی خوڵقاندنی رۆشنبیرییەکی باڵاو یەکگرتووی وێکچوو، کە لەلایەن ناوەندەوە پشتیگیرلێکراوەو، هەموو دانیشتوان دەگرێتەوە، نەك تەنها کەمایەتییەکی دەستەبژێری گچکە. لێرەدا رەوشێك دێتەئاراوە کەتێیدا کلتورەکە بەشێوەیەکی روون دیاریدەکرێت‌و لەڕووی پرۆسەی فێرکردنیشەوە



پشتگیریی لێدەکرێت‌و هەموو جۆرەکانیشی یەکدەخرێت‌و دەشبێتە تاکە رۆشنبیرییەك بۆ ئەو بازنەیەی (unit) کەمرۆڤەکان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە، یان زۆربەی کات، بەگەرم‌و گوڕییەکی زۆرەوە، پێوەی پابەند دەبن. ئێستا کلتور بۆ شەرعیەتدان بەسیاسەت وەك کۆگەیەکی سروشتی لێهاتووە. تەنها لەم ئاستەدایە کەهەر هاودژیەکییەکی نێوان سنوری یەکە کلتوریی‌و سیاسییەکە دەبێتە شتێکی ئابڕووبەرەو رەتکراوە.

لەسایەی ئەم هەلومەرجەداو بگرە تەنها لەژێر سایەی ئەودایە کەدەکرێت پێناسەی نەتەوە بەتێروتەسەلی‌و لەسەر بناغەی ئیرادەو رۆشنبیری بکرێت‌و هەردووکیان لەیەکەیەکی سیاسیدا تێهەڵکێشبکرێن. لەمکاتەدایە کەمرۆڤەکان لەڕووی سیاسییەوە یەکگرتوو دەبن، بەدەر لەوەی هەر کلتورێکیان هەبێت. لێرەوە چوارچێوە سیاسییەکان لەهەوڵی فراوانکردنی سنورە سیاسییەکانی خۆیاندا دەبن تا بەسنورە کلتورییەکانیان بگەنەوەو لەپاڵیدا کلتوری خۆشیانی تێدا بپارێزن‌و لەناو سنوری دەسەڵاتی خۆشیاندا بیسەپێنن. بەمجۆرە یەکانگیربوونی ئیرادەو کلتورو دەزگای سیاسی (polity) پێکەوە دەبێتە پێوەر، ئەو پێوەرەی کەبەرەنگاربوونەوەو رەتکردنەوەی کارێکی هەروا ئاسان نییە.

ئەو بارودۆخانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەستنادەن، بەڵکو بەقۆناغی پیشەسازییەوە پابەندن.

ئەوە ناسیۆنالیزمە (Nationalism)ـە نەتەوەکان دروستدەکات، نەك بەپێچەوانەوە. دەبێت دان بەوەدا بنرێت کەناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی ئینتقائیانە فرە رۆشنبیریی یاخود سامانی کلتوریی رابوردو دەخاتەگەڕ، کە لەڕووی مێژووییەوە بەمیرات ماوەتەوەو، ئەم دێت لەرەگ‌و ریشەوە دەیانگۆڕێت. ناسیۆنالیزم گیان بەبەر زمانە مردووەکاندا دەکاتەوە، سەرلەنوێ نەریتەکان دەخوڵقێنێتەوە، پاکژییە رەسەنە خەیاڵئامێزەکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە ناکەنە ئەوەی ناسیۆنالیزم بەداهێنانێکی ئایدیۆلۆژی، دەستکردو لەناکاو بزانین، رەنگە ئەمە رووی نەدابایە، ئەگەر بیریارە ئەوروپاییە بزێوەکان ئەم خولیایەیان نەبردایەتە نێو هەناوی گروپە سیاسییە زیندووەکانەوە!

رەنگە پینەو پەڕۆکردنەکانی ناسیۆنالیزم شتگەلێکی زۆردارەکی‌و هەڕەمەکی بن، یان لەچەند شتێکی هەڵتۆقیوی مێژووکرد زێتر شتێکی ترنەبن. بەڵام ئەمە

ناکاته ئەوەی کەخودی ناسیۆنالیزم خۆشی وەك پرەنسیپ شتێکی هەڕەمەکی، ڕێکەوتو لەناکاو بێت.

بەراستی ئەم گریمانەیە زۆر دوورە لەناسیۆنالیزمەوەو هیچ شتێك نییە هێندەی ئەمە لێوەی دوور بێت، چونکە ناسیۆنالیزم وەك ئەوە نییە کەدەردەکەوێتو تەنانەت وەك ئەوەش نییە کەبەخەیاڵ خۆی دەبینێت. ئەو فەرهەنگەشی کەپێیوایە داکۆکی لەناسیۆنالیزم دەکاتو دەیژێنێتەوە، ئەوە ناسیۆنالیزم خۆی دایتاشیوە، یاخود لەو فەرهەنگە دەستکاریکراوانەیە کەهیچیان بەسەر هیچەوە نەماوە. لەبەرئەوە پرەنسیپی ناسیۆنالیزم فرسەخێك دوورە لەو فۆرمە تایبەتیانەی تێیدا دەردەکەوێت، هەروەها دووریشە لەو پڕوپوچێتییە فەردییەی ئامۆژگاری پێدەکات، واتە ئەم پرەنسیپە ئەوەندە هەڵتۆقیو نییە.

دۆرکهایم وای بۆدەچێت کەکۆمەڵگە لەکردەی پەرستنی ئایینیدا عاشقی وێنە تایبەتییە شێواوەکەی خۆیەتی، بەڵام کۆمەڵگەکان لەسەردەمی ناسیۆنالیزمدا، بێچەندو چوونو بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە، خۆیان دەپەرستنو هەرچی نارۆشنیو شێواویەکیش هەیە وەلایدەخەن. ئەڵەمانیای نازی لەنۆرمبێرگ لەرێگەی نیشاندانی خواوەندێکەوە خۆی نەدەپەرست، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی خۆی دەپەرست.

پەرستنی کۆمەڵایەتیانەی خود، چ بەشێوەیەکی توندوتیژئامێزانە بێت یان بەنەرمی، ئێستا خود پەرستنێکی بەکۆمەڵە نەك ئامرازێك بێت لەپێناو شکۆدارکردنی کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەکی شاراوە، هەرچەندە وێنەی خوا، هەروەك دۆرکهایمیش سوورە لەسەری، بەو مانایە نییە کەشێوازی ئێستا زۆر ڕاستترە لەشێوازی سەردەمی دۆرکهایم.

ئەو وەهمەی ناسیۆنالیزم پیادەی دەکات لەوەدایە کە:

ناسیۆنالیزم لەجەوهەردا، سەپاندنێکی گشتی فەرهەنگێکی باڵایە بەسەر کۆمەڵگەدا، لەکاتێکدا فەرهەنگە نزمەکان، هەندێکجار، دەستیان بەسەر ژیانی زۆربەی دانیشتوانو، بگرە هەموو دانیشتواندا باڵایە.

ناسیۆنالیزم بەواتای گشتاندنی زمانێك بەسەر هەمووواندا، ئەویش لەرێگەی قوتابخانەو سەرپەرشتیاری ئەکادیمییەوە، بەومەرجەی ئەو زمانە پۆلێنکراوو لەبار بێت بۆ تێرکردنی ئاتاجو پێداویستییەکانی پەیوەندییە بیرۆکراتیو تەکنەلۆژییەکان.

ناسیۆنالیزم دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بێئاگایە لەیەکتر، نا شەخسییە، تاکەکانی نێوی وەك گەردیلە لەیەکتری جودان، دەکرێت جیگۆڕکێو جیگرتنەوەیان پێبکرێت، لەرێگەی چەشنە فەرهەنگێکی هاوبەشەوە پێکەوە بەستراون، نەك لەرێگەی ئەو ستراکتۆرە ئاڵۆزەی جڤاتە خۆماڵییەکانی پێشووەوە کە لەسەر کلتوری میللیو گەلێریی کاوێژی دەکردو دەبووایە لەلایەن ئەم جڤاتە بچوکەکانەوە هەمیشە بەرهەمبهاتنایە.

بەڵام سەپاندنی بەزۆری ئەو فەرهەنگە باڵا یەکخەرەو نەهێشتنی هەموو جۆرە کلتورە نزمەکانی تر، ڕێکەوڕاست پێچەوانەی ئەو شتەیە کەناسیۆنالیزم بانگەشەی بۆ دەکاتو دەیەوێت باوەڕیشی پێبهێنرێت.

ناسیۆنالیزم شاڵاوەکەی خۆی لەژێرناوی کلتوری میللیدا بەرپادەکات، ئەو کلتورەی سیمبوڵەکانی خۆی لەژیانی پڕ لەرەسەنایەتیو جمانو خاکێتی جوتیارانەوە، یان لەژیانی گەل (volk) یاخود (Narud)ـەوە، وەرگرتووە. لەم تواندنەوە خودییەی نەتەوەدا خاڵێکی ڕاستی هەیە، ئەویش لەو کاتەی کە گەل (Narud یان Volk) دەکەوێتە ژێر حوکمی ئەو فەرمانبەرانەی هەڵگری فەرهەنگێکی باڵای نامۆن، ئەو حوکمەی پێویستە سەرەتا لەرێگەی زیندوکردنەوەی کلتورو بەرگرییەوە، دوای ئەوە لەرێگەی جەنگێکی رزگاری نەتەوەییەوە بەرەنگاری بکرێتەوە. خۆ ئەگەر ناسیۆنالیزم پەرەیسەند ئەوا لەگەڵ خۆیدا کلتورە باڵا نامۆکە ناهێڵێت، بەڵام وەنەبێت کلتورێکی نزمی خۆماڵی جێگەی بگرێتەوە، بەڵکو کلتورێکی **باڵای خۆماڵی** ( لەشێوەی نوسراودا کەپسپۆڕان دەستاودەستی پێبکەن) زیندودەکاتەوە یان دایدەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی کلتورە باڵاکەش چەند رایەڵەیەکی دیاریکراوی خۆی لەگەڵ شێوازو دیالێکتە خۆماڵییە میللیەکاندا هەیە.

کەواتە هێشتا برێك لەخۆهەڵخەڵەتاندنی خود لەرووە سۆسیۆلۆژیەکەیەوە ماوە، کە وەك پەنجەرەیەك وایە بۆ بینینی واقیع لەرێگەی پەرشکردنەوەی وەهمەوە، بەڵام ئەمەیان لەو وەهمە ناچێت کەدۆرکهایم شیتەڵیکردووە، چونکە ئەمجارەیان کۆمەڵگە لەرێگەی سیمبوڵە ئایینیەکانەوە خۆی ناپەرستێت، بەڵکو کلتورێکی باڵای مۆدێرن هەیە شانازی خۆی لەو گۆرانیو سەمایانەوە وەردەگرێت کە لەکلتورە میللییەکەی خواستووەو ئەویشی خستۆتەسەر ئەو بەدگومانەی وا تێبگات کە کلتوری باڵا بەمە دەیەوێت ئەو وەك کلتورێکی میللی بەنەمری بمێنێتەوەو داکۆکیکەریەتیو بەردەوامی بەبوونی دەدات.

**سەرچاوە:**

ارنست كلنر، ماهي القومية؟ كتاب القومية مرض العصر ام خلاصه ، اعـدّه
للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقي، الطبعة الاولى 1995 ، ص35-39.

www.pertwk.com

# ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی

نوسینی: سامی زوبێدە

"ئیسلامی سیاسی" بەلای منەوە بزوتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکانی ئێستایە.. رەنگە "ئیسلامی سیاسی" زۆر لەمەش بەرفراوانتر بێت، واتە زۆرێك لەبزوتنەوە سەلەفیی و بۆچوونە سۆفیگەرییەکان ئەوانیش هەر سیاسی بوون، ئەمە جگە لەوەی چەندین جۆر ئیسلامی سیاسیش هەیە.. من دەرك بەراستی ئەمە دەکەم، بەڵام ئەوەیە من لەرووی کورتکردنەوەوە ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنم. لەبری بەکارهێنانی چەمکێکی بێکەلکی وەك "ئسولیەت"، هاتووم چەمکی "ئیسلامی سیاسی"م بەکارهێناوە.

ئەم ئیسلامە بەرواڵەت وەك هاودژێکی نەتەوایەتی دەردەکەوێت. وەك دەشزانرێت یەکێك لەهەرە ناکۆکییە دوژمنکارییە گەورەکانی مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناڤین بریتییە لەناکۆکی نێوان سەرۆکی کۆچکردو جەمال عەبدولناسرو ئیخوانولوسلمین. لەکاتێکدا ئیخوانولسلمینو تەوژمە ئیسلامییەکان هەمیشەو بەبەردەوامی ئاشکراترین دژایەتی نەتەوایەتی کردووەو هەتا رۆژی ئەمرۆش بەردەوامە.

مشتومڕی ئیسلامییەکان ئەمانە لەخۆدەگرێت : (ئەلف) نەتەوایەتی رەگەزپەرستییە بەڵام ئیسلام شمولییە.. (بێ) نەتەوایەتی لەواری کرداردا کارەساتی بۆ گەلانی موسوڵمانو عەرەب هێناوە، شتێکی ئەوتۆی بۆ داگیرکردنی فەلەستین نەکردووە یاخود ئەوەی پەیوەندی بەگرفتی ئیسرائیلەوە هەیە. ئەو بووە مایەی "شکست"ی ساڵی 1967 ...تاد. لەراستیدا، هەر ئەمەشە، بۆتەهۆی ئەوەی ئیسلام بنەمایەکی چاکتری هەبێت چونکە بەرنامەکەی بریتییە لەبەرنامەی "تەوحید".

وشەی "تەوحید" بە دوو مانا دێت: یەکەمیان بەواتای یەکتایی خودی خوداوەندە "یەکتایی یەزدان". دووەمیان بەواتای بەدیهێنانی یەکێتی ئۆرگانیکی "نەتەوە" دێت، کەئەمەش جۆرێکی ترە لەتەوحید.



رەگەزێکی تر لەنەتەوایەتی هەیە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە جێگەی ناڕەزایەتییە، ئەویش ئەوەیە چەمکێکی رۆژاواییەو لەهەناوی ئەوروپادا لەگەڵ شۆڕشی فەرەنساو یەکێتی ئەڵەمانیادا گەشەیکردووە. لەبەرئەوەی تێگەیشتنێکی هێنراوە، کەواتە بەشێکە لەو "تێگەیشتنە هێنراوانە"ی زەرەرو زیانێکی گەورەی بەگەلانی موسوڵمانو عەرەب گەیاندووە.

بەڵام سەرباری ئەو ناکۆکییە دوژمنکارە ئاشکرایەی نێوان ئەم دووانە، من دەمەوێت گفتوگۆی ئەوە بکەم کەچەند لێکچوونێکی سەرەکی لەبونیادی فیکرو بونیادی سیاسی نێوان نەتەوایەتیو ئیسلامی سیاسی هەیە. پێموایە لەگەڵ ئەوەی ئیسلامییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەپەیامەکەیان شمولییە، بەڵام هەمیشە لەپراکتیکو ئەرزی واقیعدا خۆی لەچوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوە یاخود کۆمەڵێك دەوڵەتی نەتەوەییدا دیوەتەوە.

لەمبارەیەوە ئێران روونترینو ئاشکراترین نمونەیە، چونکە وەك ئاشکرایە پەیامی شۆڕشی ئێرانیو خومەینی شمولییە. ئاراستەی سەرلەبەری کۆمەڵگەی ئیسلامی کراوەو بانگەشەی ئەو بۆچوونە دەکات کەپێیوایە دەبێت ئیسلام لەرێگەی "جیهاد"ەوە لەپانتاییەکی فراوانی کۆمەڵگەی ئێستای ئیسلامیدا بڵاوبێتەوە. بەڵام ئەوەی لەپراکتیکدا هەیە، بیناکردنی ئیسلامە لەکۆماری ئیسلامی ئێرانیدا لەچوارچێوەی نەتەوەی ئێراندا. تەنها تا ئەو جێگەیەش ئەو جیهادە گرنگی بەجیهانی ئیسلامی دەدات کە لەناوچەکانی تری دنیای ئیسلامیدا خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی ئێران بکات.

رەنگە روسیای ژێر دەسەڵاتی ستالینیش نمونەیەکی تری لەو جۆرە بێت.. دیارە کۆمۆنیزمیش سروشتێکی شمولی هەیە نەك نەتەوایەتی، بەڵام ئەویش لەواقیعداو بەو شێوەیەی لەیەکێتی سۆڤێتدا پیادەکرا، بۆ نەتەوەی روسەو، زۆربەی چالاکیو تۆڕەکانی لەجیهاندا بەقازانجی نەتەوایەتی روس تەواوبوون.

سەرباری ئەو نمونە وێکچووەی لەجەوهەردا ئاماژە بەوە دەکات کەوەختێك ئیسلام دەبێتە ئایینی دەوڵەتێك هاوکات دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوایەتیش، پێموایە چەند نمونەیەکی هاوتەریبی تر، یان چەند روویەکی وێکچوو لەنێوان ستراکتۆی فیکری نەتەوایەتیو ستراکتۆری فیکری ئیسلامی سیاسیدا هەیە.

یەکێك لەرەگەزە سەرەکییەکانی نەتەوایەتی ئەوەیە بۆ خۆی مێژوویەك دروستدەکات. پێش ئەوەی ئەمە بکەم، رێگەم بدەن قسە لەسەر دوو جۆری جیاواز لەنەتەوایەتی بکەم. شێوەیەکیان بریتییە لەنەتەوایەتی "هاوڵاتیبوون" کە زادەی شۆڕشی فەرەنسایەو، بیرۆکەی "نیشتمان"ی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەو نیشتمانی دایکەی هەموو ئەوانەی لەسەری دەژین هاوڵاتین بێ لەبەرچاوگرتنی رەچەڵەکی ئەتنیکیو زمانییان.. بۆ نمونە، ئەوانەی لەسەروبەندی شۆڕشی فەرەنسادا بەزمانی فەرەنسایی نەدەدوان لەنیوەی زیاتر بوو. کەچی ئەمە بەهیچ کلۆجێك نەبووە مایەی دڵەڕاوکێی شۆڕشگێران، ئەمە جگە لەوەی هیچ گەلێکیشیان ناچارنەکرد بەوەی فێری فەرەنسی بێت تەنها ئەوەندە نەبێت کەسیستمی فێرکردنی یەکگرتوویان دەیخواستو هیچی تر.

لەهەمبەر ئەو تێگەیشتنەی کەپێیوایە نەتەوایەتی بریتییە لە **بەهاوڵاتیبوونی** ئەو دانیشتوانەی بەشێوەیەکی هاوبەش لەسەر خاکێك نیشتەجێ دەبن کەئەویش "نیشتمان"ـە. جۆرێکی تری نەتەوایەتی هەیە کە زۆر بەتوندی بەئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یەکگرتنەوەیانەوە گرێدراوە. ئەمەیان شتێکی زۆر جیاوازە، چونکە ئەم وڵاتانە لەچەند دەوڵەتۆکە (states)یەکی هەمەجۆر پێکهاتبوون، واتە ئەوانە پەرتو بڵاوبوون. ئەوەی راستی بێت ناسیۆنالیزمەکانی عەرەب خۆیان لەنمونەیەکی لەمجۆرەدا دەبیننەوە، چونکە بەتەواوەتی پێیانوایە رەوشی ئێستای نەتەوەی عەرەب بەهەمان شێوەیە، ئەویش بوونی چەند دەوڵەتێکی زۆرە بەڵام یەك نەتەوەیە. هەروەك گۆرانیەکی محەمەد عەبدولوەهاب هەیە دەڵێت: "امم شتی ولكن العلی جمعتنا امه".

لەبەرئەوە، لەو مۆدێلە ئەڵمانیەی نەتەوەدا جەخت لەسەر لایەنی **ئەتنیکی** دەکرێتەوە. جەختەکەش ئەوەیە کەگەلێکی ئەڵمانی هەیەو خۆی لەچەند دەوڵەتێکدا نواندووە، ئەوەش کارەساتێکی مێژوویی گەورەیە، ئەوەی دەکەوێتە سەر شانمان چارەسەرکردنی ئەو بارەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووە کەنوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیە بکات، "رۆحی گەل - Ethnos". ئەو خەڵکانەی مێژوویەکی هاوبەش، کەلەپوری هاوبەش، زمانێکی هاوبەشیان هەیە.. پێویستە ئەو خەڵکانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا (کەدەبێت هەیانبێت) یەکبخرێن کەدەربڕی بوونی مێژوویان بێت.

هەروەها بۆ ئەوەی بانگێشت بۆ هەبوونی ئەو جۆرە نەتەوەیە بکرێت پێویستت بەمێژوویەکە "بنەچەی ئەڵمانی - Germanness" تێدا دەربخرێت، نەك تەنها وەك راستییەکی سەرچاوەگرتووی سروشت، بەڵکو وەك راستییەکی پشتبەستوو بەکلتورو ئیرادە، ئەو خەڵکانەشی خاوەن رەچەڵەکێکی هاوبەشنو بەیەك زمان



دەئاخفن پێویستە بەشێوەیەك لەشێوەکان خاوەن ئیرادەیەکی هاوبەشیش بن، ئەم ئیرادە هاوبەشەش دەبێت لەشێوەی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان، دەوڵەتێکی یەکگرتوو، گوزارشتی لێبکرێت.

هەربۆیە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفە ئەڵمانییەکانی وەك هێردەرو فیختە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ناسیۆنالیستانی عەرەب هەبێت، بەشێوەیەکی زۆر زەقیش لەسەر (ساطع الحصري)و بەشێوەیەکی شاراوەش لەسەر مشێل عەفلەقو تیۆرمەندانی تری بەعس.

هەمان مۆدێلیش لەلای ئیسلامی سیاسی دەبینرێت، بەڵام لەبری ئەو یەکێتییە ئەتنیکییەی بەدرێژایی مێژوو هەبووەو لەپاڵیدا داهێنانی مێژوویەك کەبوونی بەردەوامو ئیرادەکەی دەربخات، "ئۆمەت"ی ئیسلام هەیە.

لەبەرئەوە، ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت ئیسلامە رەسەنەکەی محەممەدی پێغەمبەر کە لەکۆمەڵگەی مەدینەدا پێکیهێناوەو بەدرێژایی دیرۆك بەردەوامە، تەنها ئەوە ناگەیەنێت کەخەڵکانێکی موسوڵمان هەن وەك مەسیحییەکانن، بەڵکو ئەوە بەرجەستەکەری ئیرادەیە.. واتە بەدرێژایی دیرۆك ئیرادەیەك هەبووە بۆ دامەزراندنی یەکێتییەكو بەخاوەنبوونی دەوڵەتێك کەئەویش لەسەر بناغەی یەکێتی دابمەزرێت، لەسەر بناغەی "تەوحید"ی ئەو "نەتەوە"یە، بەڵام ئەمە لەسەر دەستی بێگانەو فەرمانڕەوا فاسیدەکانو ... تاد لەباربراوە. ئەم بۆچوونە دەگات بەوەی کەدەبێت لەئێستادا بگەینە قۆناغێك تێیدا خۆمان بسەلمێنینو چارەنوسی ئۆمەتی ئیسلام لەدروستکردنی دەوڵەتێکدایە، چاکتریش وایە دواجار دەوڵەتێکی یەکگرتوو بێتو گوزارشت لەو چارەنوسە مێژوویە بکات.

لەپاڵ ئەو لۆژیکەی تایبەتە بەیەکێتی ئۆرگانییەوە، بە"تەوحید"ەوە، مەسەلەکە لەسەر ئەرزی واقیع شتێکی ترەو، هەموو ئەم گەلانە، چ وەك هەموو عەرەبو هەموو موسوڵمانان بەگشتی، نەك هەر یەکگرتوو نین بەڵکو زۆربەی کات بۆچوونگەلی وەهای تێدایە کەزۆر دوورە لەو بیروبۆچوونانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبو ئیسلامییەکان هەیانە.

لەبەرئەوە، خەسڵەتەکانی هەریەك لەناسیۆنالیزمو ئیسلامی سیاسیش، کە زۆر بەدەگمەن سەرنجیاندەدرێتو قسەیان لەسەر دەکرێت، لەبنەڕەتدا دژ بەگەلن نەك تەنها دژ بەبێگانەو ئیمپریالیزم بن. بۆیە دژە گەلن چونکە خودی گەل خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە پەیامە مێژووییەو ئەو ئیرادە هاوبەشە هەڵناکات کەبیری ناسیۆنالیستی عەرەبیو ئیسلامی گریمانەی دەکەن.

لێرەدا دوو شت دەخوازم، یەکێکیان لە میشێل عەفلەق‌و ئەویتریان لەحەسەن بەنناوە. ئەوەی عەفلەقم لەکتێبی یەکەمی کەنعان مەکییەوە (جمهوریە الخوف) خواستووە، کەلێکۆڵینەوەیەکی گرنگ‌و چاکی لەسەر بیروبۆچوونەکانی عەفلەق تێدایە.

عەفلەق دەڵێت: "کاتێك لەبەرامبەر خەڵکانێکی تردا دڵڕەق دەبین، دەرك بەوە دەکەین کەرەقیمان لەپێناو گەڕاندنەوەیاندایە بۆ هەقیقەتی خۆیان، کە ونیانکردووە، ئەو ئیرادە شاراوەیەی هێشتا کەشفیان نەکردووە لەپاڵ ئێمەدایە، تەنانەت ئەگەر شمشێرەکانیشیان لەدژمان هەڵکێشرابن".

ئەمە جێگەی هەڵوێستەو بایەخە.. ئەمە دانپیانانە بەوەی کەزۆرینەی عەرەب، چ ئەو کاتەو دواتریش، لەگەڵ عەفلەق‌و بۆچوونەکانیدا نەبوون لەمەڕ یەکێتی عەرەب. هەروەها، دەبێت چۆن ئەمە ڕاڤە بکرێت؟.. تۆ دەڵێیت: "ڕاستە، وەك دەزانن، هۆشیاری‌و ئیرادەی ڕاستەقینەیان‌و بەرژەوەندی ڕاستەقینەیان لەپاڵ ئێمەدان.. لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدایە.. بەتێپەڕبوونی کات لەوە تێدەگەن. بەڵام لەئێستادا، ناچارین لەبەرامبەریان دڵڕەق بین بۆ ئەوەی سەرنجیان بۆ ئەم شتە ڕابکێشین".

ئەمە ئەو شتە وەبیردەهێنێتەوە.. داوای لێبوردن دەکەم بەو بەراوردکارییانەی لەگەڵ فیکری مارکسیدا دەیکەم، بەڵام ئەمە ئەوە بیردەخاتەوە کە لەفیکری مارکسیدا هەیە "چینێك لەخۆیداو چینێك لەپێناو خۆیدا".. واتە بەیەکێك لەشێوازەکان چینێك لەخۆیدا بریتییە لەدەرخستنی ڕاستی ئابوری کۆمەڵگە، بێ ئیرادەیە، تەنها لەوێ هەیە.. لەمیانەی خەبات‌و پرۆسەی ململانێی چینایەتیدا دەگۆڕێت بەچینێك لەپێناو خۆیدا.

ئەوەی عەفلەقیش دەیڵێت هەر شتێکی لەو جۆرەیە. چونکە لەبەرئەوەی کەسەکە عەرەبە کەواتە بەشداری لەپێکهێنانی نەتەوەی عەرەبدا دەکات، کەخاوەنی ئیرادەیەکی هاوبەشە. لەکاتێکدا ئەوانە، واتە عەرەب، هۆشیار نین بەرامبەر بەو ئیرادە هاوبەشە.. پێویستە هۆشیار بکرێن. کەواتە پرۆسەی ململانێ سیاسییەکە لەبنەڕەتدا لەدژی گەلە، چونکە پێویستە سەرەتا گەل بگۆڕیت بۆ ئەوەی چارەنوسی ڕاستینەی خۆی بۆ دەربکەوێت.

دەچینە سەر خواستنەکەی حەسەن بەنناو لەوتارێکیدا بەناوی :"چاکسازی خودو کۆمەڵگە" دەڵێت :"ئێمە وەك ئیخوانولموسلمین ئەرکی سەرشانمانە لەپێناو چاککردنی دەروونەکان، دڵەکان، عەقڵ‌و ئاوەزەکاندا هەوڵبدەین‌و ڕایانکێشین بەرەو



خوا.. پاشان کۆمەڵگەکەمان ڕێکبخەین بۆ ئەوەی ئامادەیی تێدا بێت بۆ کۆمەڵگەیەکی خاوەن چاکەو فەزیلەت کەکاری چاکە بکات‌و نەهی لەکاری خراپ بکات. ئەو دەمە، دەوڵەتی خێر لەکۆمەڵگە پێکدێت".

هەروەها بەننا باس لەوەش دەکات کە پێویستە لەسەرمان خەڵك چاکبکەین.. پێویستیمان بە "چاکسازیی" هەیە. ئەوانە کێن دەبێت ئێمە ئەرکی چاککردنیان بگرینە ئەستۆ؟ پێویستە لەسەرمان خەڵك چاکبکەین.. خەڵك لەگەڵ بیروبۆچونەکانماندا نایەنەوەو وەك موسوڵمانە ڕاستەقینەکان نابن.. هەروەها لەگەڵ بیروبۆچوونەکان‌و ئەو ئایدیالانەی ئیسلامیشدا ناگونجێن کە لەکۆمەڵگەی ئیسلامی ڕەسەندا بەرجەستە دەبێت.. هەربۆیە دەبێت چاکیان بکەین.

ئەمە بەکردەوە لەسیاسەتی ڕۆژانەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا دەبینین. ئەوەی پێیدەڵێن "ئیسلامی کۆمەڵایەتی"، لەگەڵ ئەو شێوازەی کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەمیسردا دەیسەپێنن، بۆ نمونە، دەستگرتنیان بەسەر گەڕەکە مەدەنیەکانی قاهیرەدا، وەك عەینولشەمس، یاخود چەند بەشێکی ئەسیوت، نابێتەهۆی ئەوەی خەڵکەکەی بەشداری لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانیاندا بکەن، بەڵکو ئەمان لەبری خەڵکەکەی بەڕێوەبردنەکەی دەگرنەئەستۆ. بەشێك لەبەرنامەکەیان بریتییە لەچاکسازیی، واتە کارکردن لەپێناو گۆڕان بەرەو ئیسلامێکی ئەخلاقی، بەرەو ئیسلامی ڕاستەقینە.. بەمەبەستی دورخستنەوەی خەڵك لەبەها کۆنە ڕزیوەکان‌و ئەو بیروبۆچوونە هەمەڕەنگانەی لەدینداریی شەعبی‌و ڕەشە خەڵکەکەدا هەیە، لەوانەش وەك زیارەتکردنی ئەولیاکان‌و ئاهەنگەکانی سۆفیگەریی.

لەڕووی مێژووییەوە، خاڵی دەرچوونی هەریەك لەئیسلامی سیاسی‌و ناسیۆنالیزم لەو تێگەیشتنە سیاسییەی "دواکەوتوویی"یەوەیە لەبەرامبەر پێشکەوتندا. لەگەڵ کاریگەریی ئەوروپا بۆ سەر هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی‌و ئێرانی ئەمە زۆر بەڕوونی دەرکەوت. لەسەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌و کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەچاو ئەوروپادا زۆر دواکەوتوو بوون. دیارترین ڕوکارو سیمای ئەم دواکەوتوییەش لەبواری سەربازیدا بوو، چونکە (ڕۆژئاواییەکان) لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوتوو بوون‌و دەستیان بەسەر زۆرینەی زەوییەکانی سەر بەهەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی‌و ئێراندا گرتبوو. هەروەها ئەوان لەڕووی ئابووریشەوە باڵادەست بوون.

ئەو ڕۆشنبیرانەی شارەزای بارودۆخی فەڕەنساو ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم بن ئەوە دەزانن کەئەو سەرکەوتنە سەربازیی‌و ئابوورییەیان پشت بەدەستورێکی

کۆمەڵایەتی‌و سیاسی دەبەستێت نەك بەتەنها سەرکەوتنێکی تەکنەلۆژی بێت. لەسەروبەندی حوکمڕانێتی محەممەد عەلی (مەزن؟) لەمیسردا، چەند روداوێکی سەرنجڕاکێش روویانداوە، ئەو پیاوەی جگە لەسەرکردەیەکی سەربازی تەقلیدی شتێکی تر نەبوو، بەڵام پێیوابوو تەکنەلۆژیای رۆژئاوایی زۆر لەپێشەو، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی لاساییکردنەوەی هەموو شێوازو فۆرمە ئابوورییەکانی دەستبەسەرداگرتن‌و چەوساندنەوەی رۆژئاوای دا، بەڵام لەدوا ئاکامدا تەقەلاکەی مایەپووچ دەرچوو. دیارە ناسیۆنالیستانی عەرەب دەڵێن ئەو هۆکارانەی لەپشت شکستخواردنی محەممەد عەلییەوە ئامادەبوون دژایەتیکردنی بەریتانیاو فەرەنسییەکان بوو لەبەرامبەر ئەودا. بەڵام ئەگەر چاوێکی تیژ بەهەندێك لەتوێژینەوە قووڵەکاندا بخشێنین، دەبینین هەندێك لەو بنەمایانەی محەممەد عەلی دایمەزراندوون ناخرێنە واری جێبەجێکردنەوەو ناتوانرێت درێژەیان پێبدرێت، هەرچەندە ئەوە راستە کەبەریتانییەکان ئەوکات حەزیان بەچارەی محەممەد عەلی نەکردووە، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەویش دژایەتی نەکردباو هەوڵی وەستاندنی فراوانخوازییە سەربازییەکەشی بدایە، ئەوا ئیمپراتۆریەتەکەی لەناوەوە هەر دەڕووخا.

خەڵکێکی زۆر وایان هەستکرد - کەدیارە لەمەشدا هەقیانە - کەمەسەلەکە هەر بەوەندەوە ناوەستێت تەکنەلۆژیات هەبێت، یان هەرئەوەندە بەس نییە تەکنەلۆژیا بهێنێت، یان بچیت ئەفسەری فەرەنسی بۆ مەشقکردنی سەربازەکانت بەکرێ بگریت.. بەڵکو تۆ پێویستیت بەوەیە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیانەی حوکمڕانی‌و ئایین بەشێوەیەکی زۆر ریشەییانە رێکبخەیتەوە.

شێخ محەممەد عەبدە زۆر بەباشی دەرکی بەمە کردبوو. هەرچەندە ئەوو (جەمالەددینی ئەفغانی) وەك مامۆستایەکی لێهاتووی عەبدە، بەجووتە ئیمپریالیزمی ئەوروپایی‌و هەیمەنەی ئەوروپاییان بەدوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگەچارەی ریشەیی‌و قووڵی کۆمەڵگەو حوکمڕانی‌و فێرکردن‌و ئاینیان بەباشترین چاکسازی دەزانی بۆ پشتگیریکردنی "نەتەوە"، تاوەکو بتوانێت بەرەنگاری شالاوی ئەوروپایی ببێتەوە. بەتایبەتی ئەمە لای (عەبدە) خاڵی دەستپێکی ئەو بەرەنگارییە بوو.

بەڕاستی ئەمە جێگەی هەڵوەستەیە، چونکە محەممەد عەبدە (چ خۆی‌و زۆربەی قوتابیەکانی‌و چ ئەفغانی پێش خۆشی) بۆیان روونبۆوە کەرەتکردنەوەی مۆدێلی ئەوروپایی کارێکی نابەجێیە، بەڵام لەهەمانکاتدا، دەشیانگوت: کە مۆدیلە ئەوروپاییەکان تەنها ئەوروپایی نین، بەڵکو لەئیسلامداو لەپێش ئەوروپاشەوە



هەبوون، ئەمانە لەئیسلامی رەسەنی (محەممەد)ی پێغەمبەرو هاوەڵەکانی‌و مەدینەدا ئامادەبوون.. ئەو دەستورەی پێغەمبەر بۆ کۆمەڵگەی مەدینەی دارِشت‌و خولەفای راشیدین پاراستیان، نموونەی دیموکراسی‌و دەستورئامێز بووەو، هەموو ئەوانەشی پێویستمان پێیەتی بریتییە لەزیندوکردنەوەی ئەو نمونانە لەفۆرمێکی هاوچەرخانەدا تا ببێتە بناغەیەك بۆ چاکسازیی‌و هێزوەرگرتنی کۆمەڵگە. وەك دیارە، ئەو شێوازەی بۆ زیندوکردنەوەی ئەو نمونانە دەگیرێتەبەر، تارادەیەکی زۆر، لەبیروبۆچوونە دەستورییەکانی ئەوروپایی‌و فۆرمگەلی فێرکردنی ئەوروپایی‌و... تاد، دەچێت.

ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمەی عەبدە دەیویست، ئەویش پشتی بەئیسلام بەستبوو، بەڵام "تایبەتمەند" نەبوو.. ناسیۆنالیزمێکی کلتوریی (کەلەپوریی) نەبوو. بەڵکو پێیوابوو کە: بەدەستهێنانی کەلەپوورمان دەبێتە مایەی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك کە لاسایی‌و کێبڕکێ لەگەڵ کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا بکات.

دواتر جۆرێك لەئیسلام سەریهەڵدا کەدەتوانین لەرووی شێوازەوە ناویبنێین "ئیسلامی تایبەتمەند – Exclusivist Islam". لەسەرەتادا فێرخوازە سەرەکییەکەی محەممەد عەبدەو، دوای ئەویش، کەئەمەیان گرنگترە، بزاوتە میللییەکان بوو. هەرکام لەعەبدەو رەزا دوو هەڵسوڕاوی سیاسی نێو یانەو کۆمەڵەو رایەڵەکان بوون، هەوڵیاندا کاریگەریی لەسەر فەرمانڕەواکان دابنێن. لەکاتێکدا ئەو بزوتنەوەیەی ساڵی 1928 لەفۆرمی "ئیخوانولموسلمین"دا دەرکەوت، بزاوتێکی سیاسی شەعبەوی بوو. بۆ یەکەمینجار، بەکردەوە، رێکخستنێکی سیاسی هاوچەرخ سەریهەڵداو بووە حیزبێك بۆ تەجنیدکردنی خەڵك لەسەر بنەمای هیدایەت، ئایدیۆلۆژیا، نەك لەسەر بنەمای پەیوەندگەلی خزمایەتی (وەچە)، یاخود خۆگرێدان لەسەر بنەمای گوندو شتی تری لەو جۆرە.. ئیخوان بەشێوازێکی زۆر هاوچەرخانە دەستی دایە هاندانی خەڵك‌و کاری رێکخستنی سیاسی.

بەڵام کرۆکی مەسەلەکە لای ئیخوانولموسلمین، بەپێچەوانەی عەبدەوە، خۆی لەرەتکردنەوەی مۆدێلە ئەوروپاییەکاندا دەبینییەوە، لەکاتێکدا شێوەو (فۆرم)ی چالاکی سیاسی خودی ئیخوان زۆر ئەوروپاییانەو سەردەمیانە بوو، هەرچەندە ئایدیۆلۆژیاکەیان دژە ئەوروپا بوو. هەروەها زۆربەی ئەو شتانەشی دەیانویست پێکیبهێنن لەراستیدا شانی لەسەر گریمانە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێباوو مۆدێرن‌و فۆرمی سەردەمیانەی سیاسەت دانابوو.

ئەو "تایبەتمەندی"یەی (Exclusivism) ئیخوانوموسلمین باسیدەکات هەمان شت لە "تایبەتمەندێتی" ناسیۆنالیزمی عەرەبی عەفلەقیشدا بەدیدەکەیت. هەردووکیان مۆدێلی ئەوروپایی رەتدەکەنەوە، ئەگەرچی خودی میشێل عەفلەق بۆ خۆی زۆر ئاگای لەبیروبۆچوونە ئەوروپاییەکان بوو، لەپاریس کەوتە ژێر کاریگەریی تەوژمە هەمەجۆرەکانی مارکسیزمو برگسۆنو سۆرێلەوە. سورێل کەئێستا بیرچۆتەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەریەك لە لینینو مۆسۆلینی هەبووە، هەروەها کاریگەری لەسەر بیری عەفلەقیش داناوە. بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بەبیرۆکەی ئیرادەو بەدیهێنانی چارەنوسی مێژووییەوە هەبوو لەرێگەی کار، جەنگو توندوتیژییەوە ... کەواتە، بەرووکاری روالەتدا، رەتکردنەوەی "بیروبۆچوونە هاوردووەکان" لەلایەن هەریەك لەئیخوانوموسلمینو تەوژمە دیارەکانی نێو فیکری ناسیۆنالیزمی عەرەبی، شتێکی هاوبەشە.

رێگەم پێبدەن تەنها ئەوە بڵێم، ئەگەر سەیری ئەو شێوەو فۆرمانە بکەین، کەئیسلام وەك ئایینێکی دامەزراوەیی کۆمەڵایەتی (Instituted socially) لەسەریان دادەمەزرێت، ئەوا چەند ئاستێکی جیاوازیان تێدا دەبینینەوەو، هەر ئاستێکیش لەوانە لەگەڵ شێوەیەکی دیاریکراوی ناسنامەدا یەکدەگرێتەوە.

لەسەر ئاستی یەکەم، کەبناغەییە، ئیسلام ئاینی ژیانی رۆژانەیەو، بریتییە لەرێورەسمو سرووت، نوێژو رۆژوو، جەژنەکانو تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئەو خواردنو خواردنەوەیەی بۆ چەندین کۆمەڵگەی ئیسلامی جۆراوجۆر دەستدەدەن، چەندین خواردنو خواردنەوەی جیاواز لەکاتی رەمەزانو جەژنەکاندا هەن، یاخود شتی تری لەو جۆرە. یاخود چەندین جۆری نەریتو شێوازی جۆراوجۆری مومارەسەکردنی رێورەسمەکان هەن. بەڵام ئەمەیە شێوە سەرەکییەکەی ئیسلام وەك ئاینێکی ژیانی رۆژانە.

شێوەی دووەمی ئیسلام بریتییە لەرێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوماڵو خێزان، لەگەڵ ئاڵوگۆرە ئابوورییەکاندا. موسوڵمانەکان بەگشتیو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بەتایبەتی وەك **بەڕێوەبردنێکی ئایینی چاك** سەیری ئەمانە دەکەن. زۆرێك لەو رێسایانەی پەیوەندییان بەخێزانەوە هەیە، وەك خەتەنەکردنی مێینە لەهەندێك شوێنو جێگەی وڵاتانی وەك میسرو سوداندا فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نییە، کەچی خەڵك واتێدەگەن کەئەمە بەشێکە لەسرووتو تقوسی ئیسلامی.



دیارە ئەمەش وەك سیستمێك (یاسا) بەشێوەیەکی کەم هەندێك بۆچوونی لەشەریعەوە وەرگرتووە، بەڵام دیسانەوە لەو شتەوە وەرگیراوە کەپێیدەڵێن "دابو نەریت"و نەریتی چەند کۆمەڵێکی دیاریکراوە.

مەرج نییە ئەم دوو ئاستەی ناسنامەی ئیسلامی سیاسی بنو، هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسیش لەخۆناگرن.

ئێستا بابچینە سەر ئاستی سێهەمو چوارەم، کەناوەڕۆکی سیاسییان هەیە. یەکێکیان رایەڵەکانی هاوکاریو تۆڕەکانی پەیوەندی (رێکخستنەکان)ی کۆمەڵایەتییە لەچوارچێوەی ئیسلامدا. ئەم لایەنە زۆر گرنگە.. مەبەستم لەوەیە کەبڵێم زۆرینەی موسوڵمانان، کەزۆربەی ئەوروپاییەکانیش هەروابوون، لەرووی مێژووییەوە لەگوندو لادێو لەناو تیرەو هۆزو لەگەڕەکی مەدەنیدا ژیاون.. ئەم کۆمەڵگەیانە لەبەشی هەرە زۆریاندا خۆبەخۆ خۆیان بەڕێوەبردووەو بەدەگمەن نەبێت پشتیان بەدەوڵەت نەبەستووە.

هەروەها "سۆفیگەریی"ش بەلای ئیسلامەوە گرنگییەکی زۆر هەیە، چونکە رێبازەکانی سۆفیگەریی تەنها دامەزراوەی ئایینی نەبوون، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا چەندین فۆرمو شێوەی گرنگیان لەرێکخستنی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە. بۆ نموونە، چەندین جۆری بازرگانو پیشەوەر (guilds) (لەشارە ئیسلامییەکاندا) هەن، کەجۆرەکانی تەریقەتی سۆفیگەرییو بوونی "شێخو مورید" دەستێکی باڵایان هەبووە لەرێکخستنیاندا.

ئەم شێوە رایەڵەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوەکانی داگیرکەر بایەخێکی زۆریان هەبووە، بۆ نمونە، لەجەزائیردا ئەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بەسۆفیگەریی بوون کەبەرپەرچی هێرشەکانی فەڕەنسای داگیرکەریان دایەوە. لەکاتێکدا جگە لەشێوە رێکخستنەکانی خێڵو هۆزو تیرە، ئەویش لەچوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسکدا، ئیدی هیچ جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تر لەئارادا نەبوو، کەچی رایەڵەو تۆڕەکانی سۆفیگەریی سنوری ناوچەییان تێپەڕاندبوو، ئەویش بەهۆی تەنینەوەیان بەناوچەگەلێکی بەرفراوانداو لەمیانەی ئەو لقە جیاوازانەی کەتەریقەتەکانیان لێرەو لەوێ هەیانبوو، ئەمە جگە لەو بایەخو رۆڵە گرنگەی ئەو تەریقەتانە دەیانگێڕا لەرێکخستنی گیانی بەرەنگاری لەدژی فەڕەنساییەکان، کەدواجار ئەم تەریقەتانە بەسیاسیبوون، چونکە وەك تاکە شێوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی بوون لەئارادا .

لەعێراقدا جۆرێك لەو رایەڵەو تۆڕانە لەنێو زانایانی شیعەی باشورو عەشایرەکاندا هەبوو، کەشێوەیەکی وەك ئەوانەی جەزائیریان پێکدەهێنا بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی فەرەنساییەکان.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین کەئیسلام لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بەئایدیۆلۆژی کرا، واتە هەڵوێستو ململانێ جیاوازەکان لەفۆرمی ئیسلامدا گوزارشتیان لێکراوە. ئەمەش بەتایبەتی لەمیانەی حوکمڕانێتی عەبدولحەمیدی دووەم لەئەستەنبوڵ ئەنجامدراو قوڵبۆوە، ئەو کاتەی عەبدولحەمید ویستی ئیسلام وەك ئامرازێك لەدژی رەخنەگرە دەستورییەکانو هێزە ئەوروپاییەکان بەکاربهێنێت.

لەسەر ئاستی ناوخۆییش، مەبەستم لەسەر ئاستی کۆمەڵە ناوچەییو خۆجێییەکانە، ئەم جۆرە رایەڵەو تۆڕانە بوونە شتگەلی گرنگو پڕ بایەخ.

دواجار، فۆرمێکی تر لەوانەی ئیسلام تێیدا ناسنامەی سیاسی پێدرا ئەو شتەیە کەپێیدەگوترێت "تایەفەگەریی - Communalism".

بەهۆی ئەوەی خەڵك لەناو چەندین گرۆی جیاوازدا رێکخرابوونو لەولاشەوە ئایین هێمایەکی گرنگی خۆجیاکردنەوە بوو لەو کۆمەڵگەیانەدا، ئیسلام هاتو بۆ موسوڵمانەکان بووە "هێمای جیاهەڵکەوتوویی" ئەوان لەیەهودو کریستانییەکانو، تەنانەت لەنێوان گرۆیە ئیسلامییەکان خۆشیاندا. ئەمەش لەبەرامبەر شالاوی ئەوروپاییەکاندا بووە شتێکی زۆر گرنگ، چونکە هێزە ئەوروپاییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمەوە نیشانەی ئەوەیان لێدەرکەوت کەدەیانەوێت لەچەند کۆمەڵەیەکی کریستیانی دیاریکراو نزیکببنەوە، بەتایبەتیش ئەمەی لەسوریای گەورەدا ئەنجامداو چەند پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵدا بەستنو پشتگیریکردنو وەك ئاژانسەکانی (Agent)ی خۆی بەکاریدەهێنان. لەکاتێکدا هەموو توێژەکانی تر، یان بابڵێین هەندێکیان، بەدەست داگیرکاریی ئەوروپاییەوە دەیانناڵاند. ئەمەش بووە مایەی قوڵبوونەوەی ئەو هەستە تایەفەگەرییە: ئێمە وەك موسوڵمانان لەبەرەنگاربوونەوەی مەسیحییەکانداین، چ وەك هاوڵاتی یان ئەوروپایی بن. سەدەی نۆزدەهەم بەدرێژایی خۆی پڕیەتی لەرووداوی ئاژاوەگێڕیو دەستدرێژی نێوان تایەفە ئاینییەکان بۆ سەر یەکتری، بەتایبەتیش لەسوریادا.

ئەوەشی ئەم بارودۆخەی زێتر توندەدەکردەوە، جیابوونەوەی هەرێمە ئەوروپاییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، لەسەروشیانەوە یۆنانو هەندێك لەناوچەکانی تری بەلقان، کەدەیانناڵاند بەدەست دەرهاویشتەکانی ئەو جیابوونەوەیەیان لەفەرمانڕەوایەتی عوسمانیو بەهاریکاریی ئەوروپاییەکان.



لەبەرئەوە، تێڕوانینەکان بەم شێوەیەیان لێهاتبوو: ئەمە هاریکارییەکی مەسیحییە لەدژی موسوڵمانان، چونکە بەریتانیو نەمساییەکانو هەندێکی تریشیان پشتگیری لەیۆنانو بولگاریا دەکەن، ئەویش لەبەرئەوەی هەموویان مەسیحینو دژی سوڵتانو هەروەها دژی ئێمەشن لەبەرئەوەی موسوڵمانین.

بەمجۆرە، ئەو شتەی کەپێیدەگوترێت " شێوەی تایەفەگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان" دەرکەوتە مەیدانو هەتائێستاش بوونیان هەیە. چونکە ئەو بۆچوونەی کەپێیوایە ئەوانی مەسیحیو یەهودی لەدژمانن وەك موسوڵمان، هەتا ئێستاش هەر برەوی ماوە.

بەلای ناسیۆنالیستی عەرەبو ئیسلامی سیاسییەوە، ئەم جۆرە "تایەفەگەریی"یە بناغەی ئەو هەستو سۆزە پێکدەهێنێت کە لەسەر ئاستی رەشەخەڵکەکە باوە، چونکە تەنانەت خەڵکێکی زۆری نادینداریش خۆیان لەو داخوازییو بانگەوازانەدا دەبیننەوە کە بەناوی ئایینەوە دەکرێنو روبەڕوبوونەوە لەنێوان گروپو یەکێکی تردا دروستدەکات.

ئەمە تەنها تایبەت نییە بەئێمەوە، بەڵکو هەمان شت لەئێرلەندای باکوریش دەبینین، وەختێك کاسۆلیکەکان بەرەنگاری پرۆتستانتیەکان دەبنەوە، خۆ مەرج نییە ئەوانە هەرهەموویان کاسۆلیکی باوەڕدارو پرۆتستانتی خاوەن ئیلتزام بن.. بەڵکو هەر ئەوەندەیە لەبەرئەوەی کاسۆلیك یان پرۆتستانتن ئیدی لەگەڵ یەکتردا چوونەتە پەیوەندییەکی هاوپشتییەوە، هاوپشتییەکی تایەفەگەرییانە.

ئەوەی لێرەدا بۆم دەردەکەوێتو جێگەی ئەوەی تێدا نابێتەوە بەشێوەیەکی وردەکارییانە لەسەری بدوێم ئەوەیە، کەهەریەك لەئیسلامی سیاسیو ناسیۆنالیزم کار لەسەر هەستو سۆزی رەشەخەڵکەکە دەکەن، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر دابڕاو لەبیروباوەڕی ئایینیو ئایدیۆلۆژی.

*__سەرچاوە:__*

**سامي زبيدة – النزعة القومية والاسلام السياسي – القومية مرض العصر ام خلاصه؟ – اعدّه للنشر: فالح عبدالجبار – دار الساقي** –1995.

www.pertwk.com

# ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلام*
# 1990 - 1890

نوسینی : فالح عەبدولجەبار

## یەکەم – چەند سەرنجێکی گشتی

هەریەك لە ناسیۆنالیزم (Nationalism) و نەتەوە (Nation) و دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation-state) چەند دیاردەیەکی مێژوویی تازەن‌و، تەمەنی هیچ کامیان لەچەند سەدەیەك تێناپەڕێت. بەڵام ئەمڕۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بۆتە فۆرمی سیاسی یان رێکخستنی سیاسی سەراپاگیری دانپیانراو، بێ رەچاوکردنی ئەوەی کە ئاخۆ سنوری سیاسی دەوڵەت لەگەڵ سنوری نەتەوە (یاخود ئەتنیك)دا هاوجووتە یان نا، بەپێی ئەو بۆچوونە باوەی کەهەیە.

ئەگەر ئاماری یەکێك لەتیۆرمەندانی دەوڵەتی نەتەوەیی وەك (ئێرنیست گیلنەر) پەسەند بکەین، ئەوا (8000) کۆمەڵەی زمانی‌و ئەتنیکی هەن‌و، رێژەی نێوان دەوڵەت – نەتەوە دامەزراوەکان‌و نەتەوە شاراوەکان (ئەوانەی لەدەوڵەتدا بەرجەستە نەبوون) "یەك" بۆ "دە"یە.

گومانی تێدا نییە ئەمە بەواتای ئەوە دێت کەچەندین ململانێ لەبەردەمماندا‌و لەهەناوی داهاتوودا خۆیان حەشارداوە، لەساتەوەختێکدا شەپۆلەکانی ناسیۆنالیزم تێیدا وادەردەکەون کەگەیشتبنە لوتکەو چیدی جووڵەیان لێدەبڕێت، بەتایبەتی ئەگەر دوا ئەزموونە مێژووییەکانی (یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، یۆگۆسلاڤیا، تاد) لەبەرچاو بگرین.

یان ئەوەتا دەوڵەت – نەتەوە (دەوڵەت نەتەوەیی) زادەی دابەشبوونێکی ناوەکییانەی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانە بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی سیاسی نوێ، کە پشت بەکۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ دەبەستێت، یان دابڕانێکی چلۆنایەتیانەیە لەو جۆرە ئیمپراتۆریەتانە، واتە کەرتبوونی چلۆنایەتیانەی ناوچە بەتاڵەکانی ئەو جۆرە پێکهاتانە لەسەر دەستی هێزە کۆلۆنیالیستەکان لەهەردوو سەدەی 19 و 20دا،

* چەند بەشێکی پچڕ پچڕە لەدرێژە باسێك بەئینگلیزی بەناونیشانی (بونیادی هۆشی ئایینی – چەرخی 19 و 20).



دەوڵەتی نەتەوەیی کردە تاکێکی شامل لەمێژوودا، یان کردییە ئەوەی هیگڵ پێیدەڵێت تاکی راستینەی کاراو چالاك لەمێژووی جیهاندا.

وەك بەدەردەکەوێت سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی پرۆسەیەکی بەردەوامەو، لەمێژووی هاوچەرخدا لەشێوەی چەند شەپۆلێکی یەکبەدوای یەکتریدا روویداوەو نەوە دوای نەوە لەیەکترییان وەرگرتووەو ئەو مۆدێلانەی هەبوون، بەشێوەیەکی "چەتەیی"یانە کۆپیان کردونەتەوە (هەروەك بندکت ئەندرسۆن لەکتێبی "کۆمەڵگەیەکی فەنتازیاکراو"دا باسی لێوەدەکات).

ئەگەر لەحاڵێکدا هەمووان لەسەر مێژووی گشتی دەرکەوتنی دەوڵەت – نەتەوەش کۆکبین، ئەوا " مێژووی وردو تەواوی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم (Nationalism) مایەی ناکۆکییە. کۆن Kohn ساڵی 1642، ئاکتن ساڵی 1772 وەك ساڵی دابەشبوونی پۆڵەندە، خزوری ساڵی 1806 کەساڵی بڵاوبوونەوەی گوتارە بەناوبانگەکانی فیختەیە بۆ نەتەوەی ئەڵمانی... زۆرێکیش هەن ساڵی 1789 (ساڵی شۆڕشی فەڕەنسی) ی بۆ هەڵدەبژێرن" }سمیث: نظریات القومیة، ص27{.

وەك ئاشکرایە نەك هەر دەتوانرێت ناسیۆنالیزم لە دەوڵەتی نەتەوەیی لەرووی چەمکەوە جیابکرێتەوە، بەڵکو هەردووکیان لەرووی زەمەنیشەوە رەنگە لەیەکتر جیابن. ئەوەندەی هەیە ناسیۆنالیزم وەك چەمك‌و تیۆرەو بزاوت‌و ئایدیۆلۆژیا لەدوای نەك لەپێش دەرکەوتنی مۆدێلە بەراییەکانی دەوڵەتانی نەتەوەیی لەجیهاندا هاتۆتەبوونەوە. لەمەشدا بەدیاریکراوی مەبەستمان لەهەردوو مۆدێلە نۆبەرەکەی، ئینگلیزی‌و فەڕەنساییە. دوابەدوای ئەمە بەفرسەخێك پرۆسەی تیۆریزەکردنی فیکریی چەمکی نەتەوەو بەرجەستەبوونی لەدەوڵەتێکدا بەرهەمهات. رەنگە ئەمە بەرەو ئەو پرسیارەمان ببات کەئاخۆ دامەزرێنەرە یەکەمەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوە بزانن کەدروستیان کردووە، یاخود سروشتی ئەو پرۆژەیەیان بناسن کەجێبەجێیان کردووە، بەهەمان شێوەی بەلەمەکانی پێشووی ئەرخەمیدس کە لەگەڵ خاوەنەکانیاندا سەرئاوکەوتن بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەك لەهیچ تیۆرەیەك وەربگرن لەمەڕ پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان تەن/ شلە و کێش/ قەبارەوە.

ئەگەر ئینگلیزو فەڕەنساییەکان لەدروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا سەرقافڵەبووبن‌و بەپێی ئەم ریزبەندییە:

www.pertwk.com

دەوڵەت◄—— نەتەوە◄—— ناسیۆنالیزم◄—— تیۆرەکان، ئەوا ئەڵەمانو ئیتاڵیایی (هەروەها ئەمریکاییەکانیش) ئەم ریزبەندییەیان هەڵگێڕایەوە. لەم ریزبەندییەدا هەریەك لەتیۆرەکانی لەمەڕ نەتەوایەتی، هەوڵی ناسیۆنالیزم بۆ دروستکردنێکی پێشوەخت، تەسەوراتی پێشوەخت (Apriori) پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەوێت. تەنانەت تیۆرەو ناسیۆنالیزم وەك پلانێکی ئیرادەگەرییانە پێش بەدیهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەون. رەنگە هەر ئەم جیاوازییەش بێت لەپشت بیرۆکەی "داهێنان"ی نەتەوەو "فەنتازیا"ی نەتەوەی ئەندرسۆنەوە کاربکات. ئەندرسۆن دێتو ئەم تێڕامانەی بەچەند هۆکارێکی تر پتەوو بەهێز دەکات، کەدیارترینیان مۆرکی رێکەوتیانەو / یاخود هەڕەمەکیانەی پێگەی شوێن یان پارچە زەوییەکە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەنەتەوەکان- دەوڵەتەکان، لەزۆر کاتدا ئەم پارچە جوگرافیایە شتێکی دیاریکراوە، کەدیارە ئەویش بەهۆی چەند فاکتەرێکی زۆرەوەیە کەهەموویان مۆرکێکی هەڕەمەکی دەدەنە چوارچێوەی نەتەوەییو، وا لەم کۆمەڵگەیانە دەکات لەڕووی هەمەجۆری زمانو ئایینو کلتورەکانەوە فوسەیفوسائێکی ئەنسرۆپۆلۆژی پێکبهێنن. کەئەمەش بەتەواوی دژ بەیەکەمین چەمکی "جووتبوون"ی نێوان دەوڵەتو نەتەوەیە (یاخود ئەتنیکە)، یان ئەوەی کە نەتەوە کۆمەڵێکی هاوئاهەنگ بێت (= یەکێتی زمانو کلتورو مێژوو).

ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن ئەوەیە کەمۆدێلەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوروپایان کردۆتە شانۆی دەرکەوتنی خۆیان (سەدەکانی 16-19)، کەدیارە لەپێش ئەم دەرکەوتنەوەو لەساتەوەختێشیدا چەند ئاڵوگۆڕێکی قووڵ روویانداوە، وەك گواستنەوە لەسەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر، لەکۆمەڵگە کشتوکاڵییە کلاسیکیەکەوە، یاخود لەفیوداڵیەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی نوێباوو مۆدێرن یان سەرمایەداری، ئەمەیش ئەو کۆمەڵگەیەیە کەچەند ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی- ئابوریو کلتوریی دینامیکی تێیدا روویداوەو بۆتەمایەی هێنانەئارای دابەشیوونی دینامیکیانەی کارو، پێکهاتنی بازاڕی گەورەی هاوبەشو، کلتورێکی(بەواتا سۆسیۆلۆژییەکەی) پێوانەیی هاوبەش، وێڕای ئەو هەموو داهێنانەی لەگەڵ خۆیدا هێنای، وەك یەکخستنی سیستمی پەروەردەو فێرکارییو پتەوکردنی پەیوەندی زمانە ناوچەییەکانو نابودکردنی زۆرو ستەمی سەراپاگیرانەی کڵێسا...تاد.



پوختەی ئەمە ئەوەیە کەدەوڵەت- نەتەوە، ناسیۆنالیزم، دوو بەرهەمی مێژووکردی ئەم دواییەن، هەرچەندە لەپێکهاتەیاندا وادەردەکەون توخمگەلی زۆر کۆنیان تێدایەو تەمەنیان دەکەوێتە پێش مێژووشەوە!.

تیۆرمەندانی ناسیۆنالیستی عەرەب، بەگشتی گاڵتەیان بەمێژوو دێتو دیاردەی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەییو نەتەوایەتی لەسەروو مێژوو خۆیەوە دەبینن، زەمەن بەئایدیاڵ دەکەنو چاو دەبڕنە داهاتوویەك بۆ گەڕان بەدوای رابوردوویەکی نەبوودا. با دروشمە ناسراوەکە بیرخۆمان بهێنینەوە: "أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة".

لەبەرامبەر ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردایەتی تەوژمی ئیسلامی هاوچەرخ دەبینین، لەلایەکەوە نکۆڵی لەبوونی چەمكو سیستمەکانی وەك نەتەوایەتیو دەوڵەت- نەتەوەو...تاد دەکەن لەئیسلامدا، لەلایەکی تریشەوە بانگەشەی دامەزراندنی "ئوممەتی ئیسلامی" دەکەن کەپێویستە پشت بەئایین ببەستێت نەك ئەتنیك، رایەڵەو پێڕەوە کلتورییەکانی تر، یان دەڵێن گوایە ئەو جۆرە نەتەوەیە لەرابوردووی دێریندا هەبووەو بەم نزیکانە وەکو گیای بەهار شین دەبێتەوە.

بەمجۆرە دەبینین ئەوانە دژایەتی سروشتی هەتاهەتاییو فەنتازییانەی نەتەوایەتیو نەتەوە ناکەن ، بەڵکو لەدژی ئەزەلییبوونی جۆرێکی دیاریکراون لەنەتەوایەتیو نەتەوە لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای ئەتنیك دامەزراوە نەك عەقیدەی ئایینی.

لەنوسینەکانی تیۆرمەندانی هەردوو تەوژمەکەدا بەئاشکرا جنێوو تانەو تەشەر دەخوێنینەوە: رۆژئاوای کۆلۆنیالی لەبەردەم یەکێتی نەتەوەی عەرەبدا رێگرە (لەلای تیۆرمەندانی ناسیۆنالیست) یاخود (تیۆرمەندانی ئیسلامی) پێیانوایە کەرۆژئاوا مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ نانەوەی دووبەرەکیو داتەپینی یەکێتی ئوممەتی ئیسلام چاندووە.

بەواتایەکی تر، لێرەدا ناسیۆنالیزمی عەرەب وادەردەکەوێت کەگوایە لەدژی ئیسلام بێت، یاخود ئیسلام وا دێتەپێشچاو کەهاودژی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە. لەمبارەیەوە دنیایەك نوسینی لەم جۆرە هەیە: ئایا ئیسلام دڵی عروبەیە یان عروبە

دڵی ئیسلامە؟ ئەم ململانێیە زۆر تایبەتە بەجوگرافیای عەرەبییەوەو دواتر بەدوورودرێژی دێینە سەری.

دیویکی ئەو ناکۆکییە، یان زۆربەی دەچێتەوە نێو کایەی ئایدیۆلۆژی و / یاخود ململانێی سیاسی/ حیزبی، لەولاشەوە زۆرێك لەلێکۆڵیارانی وەك ئیمانۆئێل سیڤان (E. sivan) دەبینین، کە لەدەرەنجامە بەپەلەکانیاندا دەگەنە ئەوەی کە ئیسلامگەرایی (ئەم زاراوەیە لەبەکارهێنانی خۆمەو بەلامەوە فراوانترە لەبزوتنەوەو پارتە ئیسلامییەکان) جیاوازییەکی زۆر زەقی هەیە لەگەڵ نەتەوایەتیو خەباتی نەتەوایەتیدا.

وەك ئاشکرایە، دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبیو ئیسلام، یان ناسیۆنالیزم بەگشتیو ئایین دەمانگەیەنێتەوە ئەوەی بڵێین کەئەو پەیوەندییە هێندە چڕو ئاڵۆزە چەندین فۆرمو شێوەی جۆراوجۆری لێپەیدابووە کەبەهیچ کلۆجێك لەدوالیزمەیەکی ئاسانی وەك (لەگەڵ/ دژ)دا لێکنادرێتەوە.

سەرەتا پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو ئایین لەچوارچێوە مێژووییە گشتییەکەیدا دەخەینەڕوو کەپێیوایە گواستنەوە لەرێکخستنی سیاسی کلاسیکیەوە بۆ مۆدێرن عەلمانیەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، واتە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت، کەئەندرسۆن وای بۆدەچێت دەرکەوتنی کازیوەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپایی هاوکاتە لەگەڵ ئاوابوونی دامەزراوەی ئاینیدا. ناوەڕۆکەکە ئاشکرایەو پێماندەڵێت: عەلمانیەتو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوایەتی دوو دیوی یەك دراونو لەیەکتر جیانابنەوە، دوو توخمن لەتوخمەکانی پێکەوەگرێدان ئەویش بەدروستکردنی چەند وەلاتێکی نوێو داپۆشینی وەلاتە کۆنەکان، جا ڕەنگە ئەو وەلاتانە لەدەوڵەتی نەتەوەیی گەورەتر یان بچوکتر بن، بەوواتای ئەوەی ڕەنگە ئەو وەلاتانە لەنێوان ئیمپراتۆریای یان نەتەوەیی (ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز، ئال هابسبۆرگ، ئال ڕۆمانۆف، تاد) و پێکهاتەکانی پێش نەتەوەوە (تایەفە، شار، خێڵ، تاد) ن.

سۆسیۆلۆژیای نەتەوایەتی (ئەگەر وەك لقێکی زانست بوونی هەبێت) شیکردنەوەیەکی جیاوازی ئەمە دەکاتو پێیوایە کەتێکشکاندنی دابەشبوونی کاری جێگیر لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵیداو درزبردنە ئەو قۆرغکردنەی پیاوانی کڵێسا بۆ کلتورو ڕۆشنبیرییان هەبوو، لەگەڵ گشتاندنی کلتوری باڵا لەرێگەی کەناڵەکانی فێرکارییو زمانی خۆجێوە، بەبێ ڕیفۆرمی ئایینی شتێکی مەحاڵ بوو. ئایین وەك پێکهاتەیەکی کلتورییو وەك دامەزراوەیەك بەردی بناغەی یەکەی سیاسی نوێیە : دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەمە لێکدانەوەو بیروڕای گێلنەرە (Gellner).

ئەگەر دەرەنجامەکانی یەکەمی دژ بە کڵێسا (ئەندرسۆن)و دەرەنجامەکانی دووەمی لەگەڵدا گونجاو، وەك یەکدی ڕاست بن، ئەوا تاکە بەرەنجامێك لەکۆی ئەو دوو دژە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ئەوەیە کەئەستەمە جەوهەرێکی نەگۆڕی جێگیر بلکێنین بەئایینە ئاسمانییە یەکتاپەرستەکانەوە بەتایبەتیش بەمەسیحیەتەوە (یان بەئیسلامیشەوە) بەوەی کە، لەخۆیانداو بۆ خۆیان، خێراکەرو کۆسپی بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیین. بەوواتایەکی دی، ڕۆڵی ئایین لەپرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا شتێکی نەگۆڕو جێگیر نییە، هەربۆیە نابێت ئەو ڕۆڵە بدرێتە دەست جەوهەرێکی دیاریکراوو پێدراوی پێشوەخت.

لایەنێکی مێژووی نەتەوایەتیو نەتەوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە سنوری ئەتنیکی، واتە سنوری نەتەوەیەکی دیاریکراو، لەسەر بنەمای کلتور، بەپێی ناوەڕۆکە سۆسیۆلۆژییەکەی، دیاریدەکرێت یان دەخولقێنرێت (یان هەر بەداتاشین دادەتاشرێت). بەڵام ئەگەر جیاکردنەوەی ئەتنیك لەرێگەی کلتورەوە بێت، ئەو کاتە چەمکی کلتور خۆی زۆر لەوە گرانتر دەبێت کەبتوانرێت دیاریبکرێت. }هەتا ساڵی 1954 لێکۆڵیارێکی ئەمریکایی نزیکەی 164 پێناسەی جیاوازی بۆ کلتور لەبواری سۆسیۆلۆژیادا ژماردووە{.

بەهەرحاڵ، ئەتنیکەکان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا (کە نەتەوەیە) یان ئەوەتا لەسەر بنەمای زمان، یان ئایین، یاخود ڕەگەزی، لێکجودان؛ لەکاتێکدا ئەم لێکجوداییەشیان چەند توخمێك لەکلتوری ئەو کۆمەڵە دیاریکراوانە پێکدەهێنێت، بۆ نمونە لەژاپۆندا چەند کۆمەڵەیەکی ئەتنیکی دەبینین کەهەرسێ بنەماکەی زمانو ئایینو ڕەگەزیان تێدایە.

یەکخستنی کلتور (لەرێگەی کەناڵی فێرکارییەوە) توخمێکی سەرەکییە لەپێکهێنانی توخمەکانی بیناکردنی دەوڵەت/نەتەوە، یان دەوڵەتی نەتەوەدا، دەبێت ئەوەش بڵێین لەلای زۆربەی ئەو گەلانەی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی چوونو لەخاڵەکانی پێش کۆمەڵگەی پیشەسازییەوە دەستیان پێکردووە، کلتور ڕەگەزی ئایینی لەخۆیدا هەڵگرتووە.

بەدەر لەم پۆلێنەی (پێش/ پاش پیشەسازی)، ئایین ، لەمیانەی تێهەڵکێشبوونی لەگەڵ پێکهاتەکانی کلتوردا، توخمێکی جیاهەڵکەوتووی دەرەکییە بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراوو، توخمێکی وێکچووی ناوەکیشە بۆی، بۆ نموونە سەیری روسیای ئەرسەدۆکسی بکە لەبەرامبەر ئەورووپای رۆژئاوای کاسۆلیکیدا !.

لەقۆناغەکانی یەکەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەئەورووپای رۆژئاوادا (مۆدێلی یەکەم- ئەورووپایی) دەبینین لاهوتی بەعەقلانیکراو، یاخود ریفۆرمی ئایینی، بەشداری لەدروستکردنی کڵێسا نەتەوەییەکاندا کردووەو، روبەڕوی دەسەڵاتە گەردوونییە بان نەتەوەییەکەی کڵێسای کاسۆلیکی وەستاوەتەوەو، تەنانەت ئەم بەرەنگارییەشی بردۆتە کایەی کلتورەوە: هەڵوەشاندنەوەی زمانی لاتینی، وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ زمانە نەتەوەییەکان (ئینگلیزی، ئەڵمانی، تاد)، وەك ئامرازێکی هاوبەشی سەرەکی بۆ یەکخستنی خودی کلتورە نەتەوەییەکە.

بەدەر لەمانە، ئەو رۆڵەی کلتور گێڕای، بەهەرچ شێوەیەك سەیری بکەین، هاوکات بریتییە لەبەجێهێنانی فرمانی وێکچوویی‌و جیاوازیی. هەرچی وێکچوویییە لەسەر بنەمای دیاریکردنی ناسنامەیەکی یەکگرتوو پێکدێت، لەکاتێکدا دیاریکردنی ناسنامە بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکاتە جیاکردنەوەی لەناسنامەی کۆمەڵەکانی تر، بەواتایەکی دی، هەموو دیاریکردنێك (= وێکچوویی) لەهەمانکاتدا نەفیکردنیشە (= جیاوازیی)، ئەمە بەپێی بۆچوونی سپینۆزا.

بۆ نموونە، کاتێك مرۆڤ بەشتێك دەڵێت سپی نییە، ئەمە رێکەوڕاست ناکاتە ئەوەی کە ئەو شتە سوورە، شینە، سپییە، یان سەوزە! بەڵام کەتۆ دەڵێیت ئەو شتە سپییە، راستەوخۆ هەموو رەنگەکانی تر لەو شتە دەسێنیتەوەو نەفییەکی تەواویان دەکەیت.

} بۆچی لە وێکچوویی نێوان جیاهەڵکەوتوویی نەتەوایەتی یان ناسنامەی نەتەوایەتی‌و رەنگ – کە لێرەدا سپییە- بێزاردەبن، ئەگەر باسی زمانی ئاسکیمۆ بکەین، بەپێچەوانەی زۆربەی زمانەکانی ترەوە، تاکە زمانە کەلانیکەم 15 وشەی هەمەجۆری بۆ رەنگی سپی تێدایە. ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ قسەکردن لەسەر جیاوازییەکانی تری نێو سپی (= نەتەوە){.

ئەمانەمان بۆیە باسکرد تاوەکو ئاماژە بەنەهامەتی ئەو تیۆرمەندە ناسیۆنالیستانە بدەین کە جیاوازیی بەشێوەیەکی هەڵگەڕاوە یشاندەدەن، واتە دەچن

جەوهەری نەتەوایەتی لەسەر شێوازی نەڤی (سپی نییە) هەڵدەچنن، کەئەمەش دیاریکردنێکی هەڵماوییەو رێك لەدیاریکردنەکەی فیختە دەچێت بۆ جیهان کەپێیوایە : نا منه (لا أنا – Nicht Ich).

بابچینەوە سەر چەند سەرنجێکی تری[42] گشتی لەمەڕ ئایین‌و رۆڵی لەپێکهاتە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی‌و پاش کشتوکاڵی.، واتە لەناو یەکە سیاسییەکانی پێش بەهاوچەرخبووندا، هەروەها رۆڵی ئایین لەمیانەی قۆناغی گواستنەوە بەرەو پێکهاتنی یەکەی سیاسی مۆدێرنی هاوچەرخ.

لەسەردەمە دێرینەکاندا یەکەی سیاسی نمونەیی خۆی لەئیمپراتۆریەتی جیهانی سەراپاگیردا بینیوەتەوەو ئەم یەکانەش پشتیان بەیەك ئایینی جیهانی بەستبوو: ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، ئیمپراتۆریەتی ئەمەوی‌و عەباسی، ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی } هەندێك لەو ئیمپراتۆریاتە داخراوانە وەلادەنێین کە لەسەردەمی نوێدا بەهۆی لکاندنی هەر سێ بازنەی لقە ئینتماوە "زمان، ئایین، رەگەز" بازنەی ئینتما نەتەوەییەکەیان فراوانتر بوو، لەدواجاردا بوونە دەوڵەتی نەتەوەیی (ژاپۆن‌و چین){.

ئەم یەکە زەبەلاحانە (ئیمپراتۆریەتەکان) چەندین فۆرمی ئینتماو وەلائیان لەخۆیاندا هەڵگرتبوو، کە بۆ چەند شێوە رێکخستنێکی سیاسی بچوکی جیاواز دەگەڕانەوە: ئیماراتە دەرەبەگییەکان‌و خانەدانەکانیان، دەوڵەت – شار، خێزانی فەرمانڕەوا، تایەفەو گروپە ئاینییەکان.

دەکرێت مرۆڤ لەچوارچێوەی جیهانی ئیسلامدا باس لە وەلائەکانی تیرە، خێڵ، خێزان، تایەفەی ئایینی (لەنێو یەك ئاییندا) بکات، یان قسە لەسەر ئینتمای ئایینی (لەنێوان ئایینە جیاوازەکاندا)، یان ئینتمای خێزانە دەسەڵاتدارەکان، تاد، بکات.

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ئیمپراتۆریەت، وەك یەکەیەکی سەرپاگیری رێکخستنی سیاسی رابوردو، لەناوەوە قەوارەیەکی دابەشبووی پەرتبوو بووە.

بەڵام هەرکام لەیەکە زەبەلاح (= ئیمپراتۆریەت)و یەکە بچوکەکان (پێکهاتە پەرتبووەکانی) بگریت، لەچەمکە کلتورییە ئاینیەکان‌و، شێوە رێکخستنەکانی دامەزراوەی ئاینیدا دەیدۆزیتەوەو، ئەمەش بۆ هەموو ئایینە ئاسمانی‌و یەکتاپەرستەکان راستە.

با ئەمە لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی (سەدەی نۆزدەهەم)دا تاووتوێ بکەین. مرۆڤ دامەزراوەیەکی ئایینی ناوەندی دەبینێت کە لەسەرەوەیدا موفتییەکی گەورە لەئەستەمبوڵەوە ئامادەیەو پەیوەستە بەچەند دامەزراوەیەکی تری ناوەندی تری وەکخۆی لەویلایەتەکانی تر (ئەزهەر، زەیتونە... تاد). لەبەرامبەریشدا دەبینین چەندین تیرەو گوند، یان چەند گروپێکی پیشەوەر لەناوەندی شارەکاندا خۆیان خزاندۆتە چەند گۆشەو تەریقەتێکی سۆفیگەرییانەی تەریكو پەرش‌وبڵاو.

شتێکی هەروا ئاسان نییە بتوانیت بیر لەبوونی دامەزراوەیەکی ئایینی سەرنتەرئامێز (جا ئاستی مەرکەزیەتەکەی هەرچەندێك بێت) بکەیتەوە بەبێ بوونی گوتارێکی شمولی، یان بەبێ تەرکیزخستنە سەر رەگەزی شمولیەت لەباوەڕی ئایینیدا، ئیسلامیش وەك ئاینێك، کەئاراستەی هەموو موسوڵمان دەکرێتو بگرە بۆ سەرجەم مرۆڤە وەك بەندەیەکی یەزدان. بەبێ تەرکیزخستنە سەر ئەو شمولیەتە (کە بەهەموو ئایینە یەکتاییەکانەوە دیارە)، مەبەستم لەتەرکیزی سیاسییە، ئەوا رەوایەتی حوکمی ئال عوسمان لەبەرچاوی هەموو موسوڵماناندا دەڕەوایەوە.

لەوبەریشەوە تەریقەتەکانی سۆفیگەریی هەن کە بە ئەولیاپەرستی ناسراون لەگەڵ میانچێتی شیخ (وەلی) لەنێوان کەسی پەرستیارو پەرستراودا، یاخود لەنێوان مەخلوقو یەزدانەکەیدا، کەبەهۆی داخراویی ئەم تەریقەتانەو، دوورەپەرێزیی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە بچووکانە لەیەکتریو جامبوونیان لەناو کۆمەڵگەی کشتوکاڵی سادەدا وایکردووە پێکهاتەی ناوچەییو خۆجێ بنو، ئەو تێڕوانینە ئایینییە شمولییەیان نەبێت کە لەمەرکەزدا هەیە.

دیارە ئێمە وەك ئەوە سەیری ئەو تەریقەتو گۆشانە دەکەین کەزادەی پەرتبوونو گۆشەگیرییو بەشبەشبوونی قەوارەی کۆمەڵایەتی — ئابووری — کلتورییە.

ئەو جیاوازییەی لەنێوان خەسڵەتەکانی دامەزراوەی ئاینی مەرکەزیو پێکهاتە خۆجێیەکاندا هەیە، لەراستیدا لەجیاوازی نێوان کلتوری باڵاو کلتوری دامێنەوە هاتووە.

جارجار روودەدات شتی هاوبەش دەکەوێتە نێوان کلتوری باڵا (نوخبەوی، کلتوری تایبەت)و کلتوری دامێنەوە (کلتوری رەشەخەڵك، ئایینی میللی، تاد)، لەوانەش



بۆ نموونە وەك هەواداری سۆفیگەرییانە، کە لەسەروبەندی عوسمانییەکاندا هەبوو، بەڵام خاڵە جیاوازەکانیان زۆر قوڵترن لەوەی بتوانرێت چاوپۆشیان لێبکرێت. بەتایبەتی سۆفی خاوەن کلتوری باڵا هەڵگری حۆلیای عەقڵی/ فەلسەفییە، لەکاتێکدا سۆفیگەریی خاوەن کلتوری دامێن بەپەرستنی ئەولیاکانی جیادەکرێتەوە، کەچەند کردەیەکی رۆحیانەی سەرەتاییە (Animism).

هەندێك لەنوسەرانی هاوچەرخ سروشتی گەردونیانەی ئایینی ئیسلام (دواندنی هەموو مرۆڤایەتی) والێکدەدەنەوە کە ناکۆك بێت لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا (کەئاراستەی گروپێکی ئەتنیکی دیاریکراوو سنورداری دەکات).

بەلام مێژووی دروستکردنی دەوڵەتانی نەتەوەیی لەجیهانی عەرەبو تورکیاو ئێرانو پاکستانی سەدەی بسیتەمدا چەند نموونەیەکمان نیشاندەداتو دەڵێت ئەوەی رێگرە لەبەردەم پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێدا ئیسلامی شمولی نییە، بەڵکو کلتوری سۆفیانەی بەشبەش‌و پەرتبۆوەیە. ئەو بزوتنەوە چاکسازییە ئیسلامەشی بەری بەو پەرتبوونە سۆفیگەرییە گرت رێگەی لەبەردەم پێکهێنانی قەوارە نەتەوەییەکاندا خۆشکردو داخراویی کۆمەڵە بچووکەکانی تێپەڕاند.

بێگومان تەقەلاکانی ئەم ریفۆرمە ئایینیە لەچەمکەکانی تەوحیدو عەقڵو ئازادی ئیرادەی مرۆڤ، لەبواری فەلسەفەدا دەستی پێکرد. لەبەرامبەریشدا سروشتە گەردونییەکەی ئایین، لەڕووی تیۆرییەوە، وەك ئامرازێك بۆ داکۆکیکردن لە وەلائە بان نەتەوەییەکان مایەوە. لەئێستادا بنەماو سەرچاوەیە بۆ ئەو تیۆرو بانگەشانەی خوازیاری دامەزراندنی نەتەوەیەکی ئیسلامی گشتین.

دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی رێکخستنێکی سیاسی نوێی دوو جەمسەرە: جەمسەرێکی ئاراستەی ئەو کۆمەڵە قەبەیە دەکرێت کە بەرواڵەت خۆیان لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتێکدا یەکخستووەو، هەرچی جەمسەرەکەی تریشە دژ بەو پەرتبوونە ناوەکییە ئاراستەدەکرێت کەزادەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە. بەکورتی پرۆسەکە وەك مەرکەزیەت — لامەرکەزیەت، یان تەواوکاریی — جیابوونەوە، یاخود تێهەڵکێشبوون- لکاندن لەلایەکەوەو، لێکترازان- جیابوونەوە لەلایەکی ترەوە، دەردەکەوێت.

## دووەم – سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکی لەسەدەی نۆزدەهەمدا

لەسەرەتادا ئاماژەمان بەوەدا کە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لەجیهاندا لەدوای سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی سەر بەشەپۆلی یەکەمەوە هاتووە، بەڵام لەدوو شەپۆلەکەی دووەم‌و سێهەمدا کەوتۆتە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە. لەهەردوو بارەکەدا پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، وەك بەرەنجام‌و دواتریش وەك هۆکارێك، هاوکات بووە لەگەڵ پرۆسەی گواستنەوە لەرێکخستنی کشتوکالییەوە بۆ رێکخستنی پیشەسازیانەی کۆمەڵگە، واتە سەردەمی گەشەسەندنی سەرمایەداری.

ئەوەی بۆمەدەردەکەوێت ناوچەی عەرەبی، وەك ناوچەکانی تر دوو خەسڵەتی خۆی هەیە: (1) چ ئەوساو چ ئێستاش ناسیۆنالیزم هێشتا پێش دروستبوونی دەوڵەت – نەتەوەی عەرەبی سەراپاگیر کەوتووە. (2) هەروەها ئەم ناسیۆنالیزمە پێش پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لەرێکخستنێکی کشتوکاڵییەوە بۆ رێکخستنێکی پیشەسازییانە.

بەواتایەکی تر، ناسیۆنالیزم لێرە گوزارشت لەئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی‌و گەشەسەندنی سەرمایەداری، یان کۆمەڵگەی مۆدێرن‌و، چی‌و چی ناکات بەڵکو جۆرێك لەبەدەنگەوەچوونی کاریگەرییەکانی جیهانی دەورووبەرە.

باسەیری پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکەین بەهاوتەریبی لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکی لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا.

وەك دەزانرێت ئیمپراتۆریای عوسمانی دەوڵەتێکی تەقلیدی، فرە نەتەوەو ئەتنیك‌و ئایین بوو، دەستی بەسەر هەموو جیهانی عەرەب (جگە لەمەغریب) دا گرتبوو لەگەڵ هەندێك بەشی کەم لەرۆژهەڵات‌و ناوەڕاستی ئەورووپاش.

بەدەر لەئەندۆڵ، ئیدی هەموو دەڤەرە عەرەبییەکان لەژێر حوکمدارێتی چەند خێزان‌و وەچەیەکی نەناسراودا بوون کە لە نوخبەی سەربازییەوە هاتبوون‌و برێکی زۆر سەربەخۆیان هەبوو کە لەهەندێك باردا بەسەربەخۆبوونی تەواوەتی شکایەوە (میسری محەممەد عەلی، بایات‌و دایاتی جەزائیرو تونس). چەند ناوچەو دەڤەری تر هەبوو ملکەچی حوکمڕانێتی شێخەکان (سەرۆك تیرەکان) یاخود خێزانە خانەدانەکان (ئەوانەی لەقوڕەیش کەوتبوونەوە) بوون. بەهەمووی چەند شوێنێکی کەم هەبوو کەراستەوخۆ لەلایەن والی عوسمانییەکانەوە دانرابێت.



خوێنەر لەم قەوارە سیاسییەدا هیچ چەمکێك بۆ هاوڵاتی تاك، یاسایەکی دیاریکراو، هەرێمێکی دیاریکراوی بۆ دەوڵەت، یان دەستەو ئاستی سیاسی ملکەچ بۆ گۆڕین‌و لێپێچینەوە...تاد، نادۆزێتەوە، یان هیچ یەکێك لەسیما نوێکان بەرچاوناکەون، تەنها ئەوەندە نەبێت چەند تاکێکی بەکۆمەڵ (تیرە، خێڵ، تایەفەی ئایینی، تایەفەی پیشەیی) دەبینرێت، کە هەرکام لەمانە لەلایەن پیاوماقوڵ‌و خانەدانانیەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، کەبریتییە لەنوێنەرایەتیکردنێکی راستەوخۆو، ئەوەیە سیستمی میللەل (نظام الملل). ئمپراتۆریای عوسمانی بەدەست زاڵێتی سەربازیی (= ژیاریی)رۆژئاواوە دەیناڵاندو، تواناشی بەسەر تەنینەوەی ناسیۆنالیزمی پەرەسەندووی شوێنە جیاجیاکانی ئەورووپاو خۆڕاپسکانە لامەرکەزییەکانی هەندێك لەناوچەکانی جیهانی عەرەب (میسر، تونس، جەزائیر، دورگەی عەرەب‌و سوودان)دا نەدەشکا، کەئەمانە تۆوی "هۆشمەندیی ئەتنیکی"یان لەخۆیاندا هەڵگرتبوو، کەئاستێکی بەر لەرسکانی هۆشیاریی نەتەوەییە، بەواتای زانستییانەی وشەکە.

ئەو چارەسەرییە مێژووییەی لەناوەندی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا روویدا، لەڕووی جەوهەرییەوە، جیاواز نەبوو لەو چارەسەرییانەی لەهەریەك لە: میسری محەممەد عەلی‌و ژاپۆنی سەدەی نۆزدەهەمدا گیرابوونەبەر، کەبریتی بوون لە: دەستێخستنی دەوڵەت بەمەبەستی رێکخستنەوەی یەکەی سیاسی، رێکخستنەوەی سوپای هەمیشەیی، پێکهێنانی کەناڵەکانی بەرهەمهێنان، داهێنانی سیستمێکی پەروەردەو فێرکردنی نوێ، هاوشان بێت لەگەڵ سیستمی گەیاندنی هاوچەرخ، هەموارکردنەوەی سیستمی موڵکدارێتی، دامەزراندنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی نوێ (دەستور، پەرلەمان، دەزگای راپەڕاندنی هاوچەرخ، تاد).

ئەم گواستنەوەیە لەسەر دەستی "چینی مامناوەند" یاخود "چینێکی سەرمایەداری داینامیکی" ئەنجام نەدرا، بەڵکو دەوڵەت کردنی.

تەنها گواستنەوەی حوکمڕانێتی لەفۆرمی خێزانییەوە بۆ فۆرمی دەستوری، بەواتای نەفیکردنەوەی هەموو فۆرمە تەقلیدییەکانی وەك وەلائو ئینتماو چوونەناویەکییە، هەروەها گۆڕینیشیانە بۆ چەند فۆرمێکی تر. دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بناغەیەکی دەستوری وادەکات سەرچاوەکانی دەسەڵات‌و یاسادانان‌و مەرجەعەکانی وەلائو ئینتما، لەخێزانی فەرمانڕەواوە بگوێزرێتەوە بۆ گەل، هەروەها لەشەریعەت‌و حوکمی فەرمانەکانی سەرەوە بەرەو سەرچاوە نوێکانی یاسادانان‌و

تەشریع بچێت. گواستنەوەی سەروەریی‌و دەسەڵاتی یاسادانان‌و مافی حوکمڕانێتی بۆ گەل یان نەتەوە، دەمودەست دەرگا لەبەردەم ناسیۆنالیزمدا دەخاتە سەر گازەرەی پشت. ئەمەش لەلایەن کۆمەڵەی لاوانی عوسمانییەوە (کە ساڵی 1865 دامەزرا) قۆزرایەوەو لەکۆمەڵەیەکی لیبڕالی- دەستورییەوە بووە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی تورکی, کەئەمەش زۆر بەجوانی لەکۆمەڵەی تورکیای لاودا رەنگیدایەوە کەبەدوای ئەودا هات. ناسیۆنالیزمی تورکی بەئاڕاستەیەکی دەستوری- عەلمانی موتوربەکراو لەگەڵ چەند چەمکێکی ئیسلامیانەی ئەو ریفۆرمخوازانەش ئاوێتەبوو کەوێناو پرۆژەکانیان لەژێر کاریگەریی پاشخانی کلتوریی ئیسلامی‌و پاشخانی کلتوری ئەوروپاییدا بوو.

وەك ئاشکرایە، بزوتنەوەی تورکیای لاو دوو تەوژمی تێدا دەرکەوت: یەکەمیان ناوەندخەر (اللامرکزی)، هەوڵی بۆ ئەوە دەدا کەکۆمەڵە ئەتنیکییە نا-تورکەکانیش (لەوانە عەرەبیش) مافی سەربەخۆیی بەدەستبهێنن؛ دووەمیشیان ناوەندخوازی توندڕەو بوو (ئیتحادو تەرەقی).

ئەگەر سەرنجبدەین هەریەك لەوشەی چاپکراوو تەلەگراف‌و هێڵی ئاسنین، واتە سیستمی نوێی گەیاندنی ئەو کاتە، تۆڕێك لەکەناڵی مادد‌ییانەی بۆ رێکخستن‌و تەیارکردن پێشکەشکردو گۆشەگیریی سیستمی میللەلی بڕی. لەکاتێکدا سیستمی نوێی پەروەردەو سیستمی قوتابخانە سەربازییەکان‌و سوپای نیزامی، کەرەسەیەکی مرۆیی لە خوێندکاران‌و ئەفسەران ئامادەی گۆڕان کرد.

ئەم پێشکەوتنانە لەمیسرو ئێرانیش رویاندا، لەگەڵ چەند جیاوازییەکی بچوك لەرەوشی سیاسییاندا. بەهەرحاڵ، رووداني هاوکاتیانەی هەردوو شۆڕشی مەشروتە لەئێران (1906)و شۆڕشی دەستوری لەدژی سوڵتان عەبدولحەمید لەتورکیا (1908)دا جێگەی سەرنجدانە.

ئەم دوو شۆڕشە، لەکاتی خۆیاندا، شوێنەواری قووڵیان بەسەر فیکری سیاسی سونی‌و شیعەوە بەجێهێشت، لەمیانەی هەریەك لە رۆشنبیرانی نوێ‌و پیاوانی ئایینی کۆنەوە.

هەردووکیان زادەی چەند گۆڕانێکی قووڵ بوون لەپێناو رەوتی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێدا. کێشەی تورکی لەوەدابوو پرۆژەکەی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدایەو دەبێت بەرامبەر ئەوروپاش بوەستێتەوە.

چارەنوس‌و فۆرمەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەبەشە رۆژهەڵاتەکەیدا تارادەیەکی زۆر بەبزوتنەوەی نەتەوایەتی تورکییەوە پابەند بوو.



## سێهەم: ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌و ئیسلامی / پێشبینییەکان‌و روانگە بەراییەکانی مەشریق

سەلەفی‌و ئسولییەکانی هاوچەرخ هەرگیز هەڵەناکەن کەدەڵێن چەمکەکانی نەتەوایەتی‌و نیشتمانپەروەری بەهەموو لقە داکەوتەکانیانەوە هیچ کارناکەنە سەر ئیسلام. ئەم چەمکانە هەتا سەدەی هەژدەهەمیش لەکایەی کلتوری سیاسی جیهانیدا ئامادەگییان نەبووە، لەکاتێکدا ئەم چەمکانە لەوڵاتانی عەرەبیدا هەتا بەشێکی زۆری سەدەی نۆزدەهەمیش بەرچاوناکەون، جگە لەچەند هەوڵێکی تاکەکەسی. وەختێکیش بیرۆکەی نەتەوایەتی عەرەبی دەستی بەتیۆریزەکردن کرد، عەرەب بەکردەوە هێندەی ئاسمان‌و رێسمان، نەك هەر لەدەوڵەتی عەرەبی یەکگرتووەوە، بەڵکو لەهەر دەوڵەتێکی نەتەوایەتیشەوە دووربوو.

زۆربەی توێژینەوەکانی تایبەت بەبنچ‌و بناوان‌و سەرچاوەکانی تیۆرەو فیکری نەتەوەیی عەرەب (ئەگەر نەڵێین هەمووشی) رۆڵ‌و ناوی جەمالەددینی ئەفغانی (1839-1897) بیریارو ریفۆرمخوازی ئیسلامی فەرامۆشدەکەن، یان هەر بەتەواوی دەسڕنەوە. خۆ ئەگەر باسیشی بکەن، ئەوا بەباش‌و بەخراپ رۆڵە رۆشنگەری یاخود ریفۆرمییەکەی دەخەنەپێش. من دەمەوێت لەدژی ئەو بۆچوونە باوە بوەستمەوەو بڵێم کەریفۆرمخوازیی ئەفغانی زادەی بۆچوونە نەتەوەییەکەیەتی، کەدژایەتیکردنی رۆژئاوای کۆلۆنیالییە، نەك بەپێچەوانەوە.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، کچە نوسەری ئەمریکایی "ن. کیدی – N. Keddi" کتێبێکی لەبارەی ئەفغانییەوە نوسیوە بەم ناونیشانەوە: پەرچدانەوەیەکی ئیسلامی بۆ سەر ئیمپریالیزم!، لێتوێژینەوەیەکی وردی لایەنە جۆربەجۆرەکانی نوسین‌و چالاکییەکانی ئەفغانی دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی بڵێین کە ئەو پیاوە باوکی رۆحییە بۆ هەریەك لە ناسیۆنالیزمی ئیسلامی‌و ناسیۆنالیزمی عەرەبی؛ واتە باوکی رۆحییە بۆ دوو فۆرمی ئایینی‌و نەتەوەییانەی ناسیۆنالیزم. ئەفغانی، لەلایەکەوە، زۆر بەزەقی هاودژیی نێوان ئیسلام‌و رۆژئاوای دەرخست‌و لەولاشەوە خوازیاری وەرگرتنی زانست‌و فۆرمەکانی رێکخستنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بوو لەخودی رۆژئاوا خۆی بۆ داپاچینی. مەبەستی ئەفغانی لەپشت هەرکام لەرووە فیکریی، سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکەی

ریفۆرمی ناوخۆیی، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی دەرەکی بوو کەئەویش: بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوای داگیرکەر بوو.

ئەگەر سەرنجی نوسینەکانی بدرێت لەماوەی هیندستانیدا، پێداگرییەکی زۆری لەسەر لایەنی ناسیۆنالیستی تێدایە، بەجۆرێك دەڵێت "بەختەوەری مرۆڤ تەنها لەرەگەزو نەتەوەکەیدایەو، نەتەوەش بەبێ زمان بوونی نییە. هەروەها ئەفغانی پێیوایە دوو جۆر رایەڵە مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، یەکەمیان رایەڵەی زمان کەدەبێتەمایەی دروستبوونی رایەڵەی رەگەز (نەتەوایەتی)، ئەویتریشیان رایەڵەی ئایین. هەروەها پێش لەوە دەنێت کەهەندێك گەل هەبوون چەندجارێك ئایینەکەیان گۆڕیوە بەڵام زمانەکەیان پاراستووە.

ئەفغانی تەنها تیۆرمەند نەبوو، بەڵکو کەسێکی هەڵسوڕاوو کردەش بوو، هەربۆیە بیروبۆچوونەکانی لەچوارچێوەیەکی فیکریی یەکگرتوودا دانەڕشت، بەڵکو لەرێگەی وتارە زۆرو زەبەندییەکانییەوە دەخوێنرێتەوە.

ئەفغانی پارێزگاری لەو هەڵوێستەی کردووە کەهەردوو رایەڵەی نەتەوەیی‌و ئایینی پێکەوە کۆدەکاتەوە.

بەبڕوای من دوو هۆکار لەپشت ئەم دوانەییەوە ئامادەن، یەکەم، ئەفغانی پەی بەرۆڵی شارستانیانەی ئایین دەبردو بەشەمەندەفەری پێشکەوتنی دەزانی بەو مەرجەی لەخەوشەکانی پاکبکرێتەوە. دووەم، ئەزمونە جۆربەجۆرەکانی ئەفغانی (ژیانی لەهیندستان، ئەفغانستان، ئێران، عێراق‌و میسر) والێکردبوو لەپەیوەندییەکی بەرچاوو راستەوخۆدا بێت لەگەڵ تایبەتمەندییە ئەتنیکیەکانداو، رۆڵیان لەکێشە سیاسییەکانی دژ بەبەریتانیاییەکان.

هەروەها ئەفغانی وای بۆ دەچوو کەرزگارکردنی جیهانی ئیسلام (هەندێکجار بەشە رۆژهەڵاتییەکەی) لەچنگ هێزە کۆلۆنیالەکان، بەتایبەتیش بەریتانیا، لەلایەکەوە پێویستی بەچاکسازی ئیسلامەو، ئەوجا یەکێتی موسوڵمانانە (بابولعالی، ئێرانی قاجاری‌و میسری ئەو سەردەمە).

خۆ ئەگەر لەکاتێکدا ئەفغانی دروشمی کۆمەڵەی ئیسلامیشی، وەك ئامرازێکی سیاسی بۆ روبەڕوبوونەوەی رۆژئاوا، بەرزکردبێتەوە، هەرگیز لەسەر حیسابی پشتگوێخستنی رۆڵی ناسیۆنالیزم نەبووە، بەتایبەتیش ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە لەچەندین وتاردا ستایشی کردووە. رۆڵی عەرەبی لەسەرخستنی ئیسلامدا بەهەند



وەرگرتووەو، تەنانەت زۆر بەداخ بووە لەو وەڵامە نەرێیەی تورك بۆ خواستەکەی سوڵتان سەلیم لەمەڕ کردنی زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی دەوڵەت، کەئەو پێیوابوو بەجێگەیاندنی ئەم هەنگاوە دەبێتەهۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی بەندبوو لەسەر پتەوترین هۆکارەکانی یەکبوونی: ئایین‌و ئەتنیك. مەسەلەی دوالیزمەی ئایین/ ئەتنیك بەلای ئەوەوە وردە وردە شیدەبنەوە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانیان‌و باڵە جۆربەجۆرەکان دەیانقۆزنەوە.

بەدیوێك لەدیوەکانیشدا، کەواکیبی لەڕووی بەرزڕاگرتنی عەقڵ‌و چاکسازی‌و رۆڵی دەستوردا، درێژەپێدەری ئەفغانییە، بەڵام لەکایەی ناسیۆنالیزمدا لێیجیادەبێتەوە، چونکە کەواکبی، یەکەم شت، پێ لەسەر رەهەندی عەرەبی دادەگرێت، دووەمیش بۆ دژایەتیکردنی عوسمانییەکانە.

ئەوەندەی پەیوەندی بەدارشتەو تێزە فیکرییەکانەوە هەیە، دەشێت کەواکیبی بەدامەزرێنەری بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی دابنرێت (بەدەر لەو نوسەرانەی ئەهلی شام کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێشەنگی ناسیۆنالیستی کلتورین، لەوانەش : حەیدەر ئەلشەهابی (1835-1761)، فرەنسیس فەتحی (1773 - 1836)، ئیبراهیم یازجی، بوترس بوستانی، جورجی زێدان‌و ئەدیب ئیسحاق).

کەواکیبی لەهەردوو کتێبی "أم القرى"و "طبائع الاستبداد"دا، زیاتر لەهەر شتێکی تر جەخت لەسەر یەکێتی عەرەب دەکات لەسەر بنەمای نیشتمانی (واتە ئەتنیکی یان نەتەوەیی ئەگەر ویستتان) نەك ئایینی. هەروەها ئەو داپلۆسینی سیاسی بەدرێژبوونەوەی داپلۆسینی ئایینی دەزانێت‌و ئەمەی دوایشیان بەدرێژبوونەوەی بیروباوەڕی نەرێیانەی جەبری دەزانێت.

ئەو نەتەوە عەرەبەی کەواکیبی باسیکردووە، تەنیا (هلال الخصیب)و میسر دەگرێتەوە، چونکە مەغریبی عەرەبی لەلای تیۆرمەندانی نەتەوەیی سەدەی نۆزدەو بەشێك لەسەدەی بیست، ناچێتە چوارچێوەی "وڵاتانی عەرەب"ەوە.

هەروەها هیچ کاتێك تێزەکانی کەواکیبی بەدەر نەبووە لەچەمکی خەلافەت، وەك میراتگری مافی سیاسی. بەڵام خەلافەت لەلای کەواکیبی لەسەر بناغەی نەژادو ئەتنیکە: خەلافەت بۆ عەرەب. هەروەها پشت بەبنەمایەکی دەستووریی دەبەستێت (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو، خەلیفەش بەهەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێت). سەرەڕای ئەوەی خەلافەت لەلای کەواکیبی وەزیفەیەکی رۆحییە نەك وەزیفەیەکی زەمەنی،

www.pertwk.com

واتە ئاینییە نەك سیاسی. ئەم جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو وەزیفەیە بەلای کەواکیبیەوە بڕبڕەپشتی دەستوری نوێ پێکدەهێنێت‌و، ئەو چەمکی خەلافەتەی پێشنیاریکردووە هەڵوەشاندنەوەی خودی ئەو چەمکە خۆیەتی‌و دەکرێت لەهەردوو رووی مێژوویی‌و ئێستاییەوە لەگرنگییەکەی تێبگەین. لەو سەردەمەدا بەخۆڕاپسکانێك دادەنرا بەڕووی بۆچوون‌و تێگەیشتنی سوڵتان عەبدولحەمیددا بۆ خەلافەت‌و، بۆ ئەم سەردەمەشمان ئامرازێکە بۆ ئەوانەی بانگەشەی جیایی نێوان هەردوو دەسەڵاتی رۆحی‌و دنیایی دەکەن، واتە جیاکردنەوەی سیاسەت لەئایین‌و رێزگرتنی ئەو دوو کایەیە هەردووکیان لەپێناو دوورکەوتنەوە لەبەپیرۆزکردنی چالاکی سیاسی مرۆڤ بەلای کەمەوە.

## چوارەم – دوو فۆرمی ناسیۆنالیزم (بەشی مەغریب‌و مەشریقی عەرەب)

پەیوەندی نێوان ئایین‌و نەتەوە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکرێت: پێش کۆلۆنیالی، لەکاتی کۆلۆنیالیدا، پاش سەربەخۆیی. بەڵام ئەم دابەشکردنە زەمەنییە بەبێ دابەشکردنێکی شوێنی شتێکی ناتەواو دەردەچێت: بەشی مەشریق‌و مەغریب.

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم‌و لەمیانەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، تێگەیشتن‌و تێڕوانین‌و چەمکەکانی نەتەوە لەمەشریقی عەرەبیدا مۆرکێکی نەژادی‌و ئەتنیکی وەرگرت، واتە چەمکی نەتەوایەتی لەسەر بنەمای پابەندبوون بەزمان‌و کلتوورو مێژووەوە (عروبە) بوو، ئەمە بەو مانایە نایەت کەچەمکە ئیسلامییەکانی وەك (خەلافەت) لەپلەی دووەمیشدا نەبوون.

بەڵام تێگەیشتنەکانی ناسیۆنالیزم لەبەشی رۆژئاوای عەرەبیدا مۆرکێکی ئیسلامی بەخۆوە گرتبوو؛ لەمیسریش، کەخاڵی بەیەکگەیشتنی هەر دوو بەشی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوای عەرەبییە، هەردوو فۆرمەکە دەرکەوتن‌و پێکەوە دەژیان.

هۆکارەکەی لەبەشی رۆژهەڵاتی عەرەبدا ئەوەبوو هەست‌و سۆزو خەیاڵی نەتەوایەتی لەسایەی دژایەتیکردنی عوسمانییەکاندا پەرەیسەند، کەئەمەش وایکرد لەبەرامبەر وێکچوویی ئایینی لەگەڵ توركدا جیاوازیی ئەتنیکی بهێنرێتەپێش، واتە جەختکردنەوە لەسەر جیاوازییە ئەتنیکییەکانی نێوان عەرەب‌و تورك. گومانی تێدا نییە کەبوونی ژمارەیەك لەمەسیحی عەرەب پێویستی تێپەڕاندنی دابەشبوونە ئایینییەکەی بەرەو یەکەیەکی باڵاتر (= یەکێتی نەتەوەیی) زیاتر کرد.



لەرۆژئاوای عەرەبیدا، هیچ چەشنە لێکچوونێکی ئاینی یان ئەتنیکی لەنێوان داگیرکەری فەڕەنسایی‌و داگیرکراواندا نەبوو. جیاوازییە ئەتنیکییەکان راستەوخۆ بەکلتوری ناوخۆوە دیاربوو، هەربۆیە چوارچێوەیەکی کلتوریی ئامادە هەبووبێت ئیسلام خۆی بوو.

سروشتی جووت کلتوریی لەرۆژئاوای عەرەبیدا تۆکمەترو تاریکترو زبرتر بوو لەوەی لەرۆژهەڵاتەکەیدا هەبوو، بەهۆی هیچەوە نەبێت، لانیکەم، بەهۆی مۆرکی جیاهەڵکەوتووانەی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنساییەوە بوو: نیشتەجێبوون.

هەربۆیە بەشە رۆژهەڵاتەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەسەدەی نۆزدەدا لەدژی عوسمانییەکان‌و ئەگەری مەترسی ئەوروپاییەکان کەوتەخۆی، لەکاتێکدا ئەم ناسیۆنالیزمە لەبەشە رۆژئاواکەیدا لەئەنجامی دژایەتیکردنی ئەوروپاییەکان پەرەیسەند.

هەروەها دەوڵەتانی رۆژئاوای عەرەبیش چەند یەکەیەکی سیاسی جیاوازی دیاریکراو بوون، بنەماڵەی فەرمانڕەوای تێدایە، سوپای سەربەخۆی هەیە، لەگەڵ بوون‌و نەبوونی وەلائێکی نادیار بۆ عوسمانییەکان لەماوەی قۆناغی پێش کۆلۆنیالیزمدا.

ئەو وڵاتانە لەدژی داگیرکەران‌و بەسەرۆکایەتی سەرۆکی تیرەو تەریقەتەکانی (قادری لەجەزائیر، سنۆسیە لەلیبیا، خێزانی حوکمڕان لەمەغریب) جەنگاون. هەرچەندە ئەمانە لەدنیای پێش نەتەوایەتیدا دەژیان، بەڵام هۆشیاری ئەتنیکیان لەسەر شێوەکانی سۆفیگەریی کۆن پەرەپێدابوو. تیۆرمەندانی ناسیۆنالیستی (بەفیزلێدانەوە) ناوی بزوتنەوەی سەربەخۆخوازیان بەسەر ئەمانەدا دابڕیوە، واتە "نا" نەتەوەیین. ئەمانە لەڕاستیدا نمونەکانی یەکەمی ناسیۆنالیزمی بەرگرین، کە لەلای هەموو گەلێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی فراوانخوازیی ئەوروپایی لەو سەدەیەدا دروستبوون. ئەم جۆرە لەناسیۆنالیزمی بەرگریکار، سەرەتایی، سادە، دوور لەهەر "تیۆرەیەك"...تاد، لەچەمك‌و هێماو سیمبولەکانی نێو کلتوری ئیسلامیدا دەبینرێت. کەزۆر بەسانایی ئەوە جەنگی جیهادە لەدژی داگیرکاری کافر.

کەواتە یەکەمین تۆوی هەست‌و سۆزی نەتەوایەتی لەمەغریبدا لەشێوەو ناوەڕۆکی ئیسلامیدا لەڕووە کلتورییەکەیەوە دەرکەوت، بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی عروبەی پێوەدیار بێت.

ناسیۆنالیزم لەو ماوەیەی مەغریبی عەرەبیدا، لەسنوری تێگەیشتنێکی کۆن بۆ ئیسلام (تەریقەتەکانی سۆفێتی)دا گەشەیکردو، دوای ئەوەش لەگەڵ دەرکەوتنی چاکسازاندا، لەچوارچێوەی ریفۆرمی ئیسلامیدا پەرەیسەند، هەروەها ناسیۆنالیزم لەچوارچێوەی جوگرافیای سیاسی یەکە جیاوازەکانی وەك (تونس، جەزائیر، مەغریب، تاد) دا نەشونمای کردو ئەمەش بووەهۆی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم نەك تەنها لەبەرگێکی ئیسلامی کلتوریدا، بەڵکو لەبەرگێکی خۆماڵی ئەتنیکیدا: ناسیۆنالیزمی تونسی، ناسیۆنالیزمی جەزائیری، ناسیۆنالیزمی مەغریبی، تاد.

کاتێك مەغریبی عەرەبی ناسیۆنالیزمی تێدا دەرکەوت هەوڵیدەدا لەگەڵ ئیسلامدا بچنەنێو یەکەوە، ئەمەش بەوەدا دیارە (تارادەی ڤێزەونی) کەمەغریبییەك هیچ جیاوازی ناکات لەنێوان عەرەببوونو موسوڵمانبووندا، هەموو عەرەبێك موسوڵمانە!.

پێشتر گوتمان کە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لەمەغریبی عەرەبیدا مۆرکێکی بەرگریکارانەی هەبووەو، لەڕووی کلتوریشەوە لەچوارچێوەی ئیسلامی سۆفی تەقلیدیدا گەورەبووە.

بەڵام لەماوەی قۆناغی دووەمی گەشەی ناسیۆنالیزمداو بەتایبەتیش لەمیانەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، ئەم ناسیۆنالیزمە شەقلێکی بەرگریکارو کلتوری وەرگرت، لەگەڵ پێداگریکردنی لەسەر چاکسازی ئایینی وەك بەرەنگابوونەوەیەکی سۆفیگەریی (ئیبن بادیس 1900-1940 لەجەزائیر، ئەلسەعالیبی دامزرێنەری پارتی دەستوری لەتونس، 1944 مردووە).

لەنێویاندا مۆدێلی میسری لەهەموویان دەوڵەمەندترو ئاڵۆزترە، چونکە هەروەك پێشتریش باسمانکرد، هەستو سۆزی نەتەوایەتی لێرە زادەی دژایەتیکردنی عوسمانییەکانو رۆژئاوایەو، لەژێر سایەی چاکسازی ئیسلامی رۆشنگەریدا (جەمالەددینی ئەفغانی، محەممەد عەبدە) فیکری عەلمانی رۆژئاواش لەپاڵیدا کاری خۆی کردووە.

ئەوەی پێیدەگوترێت ناکۆکی میسری – عوسمانی رەنگدانەوەیەکی زۆری لەکارەکانی محەممەد عەبدەدا هەبووە، عەبدە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی بەپیاوێکی خوێنرێژو داپڵۆسێنەری ئەو سەردەمە زانیوە (عەبدە، ل736)، هەروەها لەدیدی عەبدەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بەعەرەب بەمافێکی رەواو جێگەی



"سەربەرزی عەرەب" دەزانێت (ل735)، ئەگەرنا ئەوا بەشەڕهاتنی تورك – عەرەب ئەم پرۆژەیە لەباردەباتو هەردوولاش دەروخێنێتو دەیانکاتە پارووەیەکی ئاسان لەبەردەم هێزە رۆژئاواییەکاندا.

محەممەد عەبدە باوکی ناسیۆنالیزمی میسریی، لیبرالی، عەقلانییەو، خوێندنەوەیەکی سادەی پرۆگرامی پارتی نیشتمانی کەعەبدە خۆی داڕشتووە ئەمەی زۆر بەروونی تێدا دەردەکەوێت، هەرچۆن رەنگدەرەوەی چالاکییە فیکریی و سیاسییەکانیشیەتی.

بەپێی ئەو پێناسەیەی عەبدە کردویەتی، پارتی نیشتمانی، پارتێکی ئایینی نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکە بۆ هەرکەسێکی رەنجدەر لەسەر خاکی میسر بژیو بەزمانەکەی بدوێت بەبێ رەچاوکردنی ئایینەکەی (عەبدە، ل369).

محەممەد عەبدەش هەروەك مامۆستاکەی "ئەفغانی"، وەك هێزی بزوێنەری شارستانیەت سەیری ئیسلامو ئایین بەگشتی دەکات، بەڵام چ ئایینێك، ئاینێکی پاکژ لەهەموو خڵتەو خەوشێکی جەبریەتو تەریقەتی سۆفیگەریی، واتە ئیسلامێکی رابوردوو پاك، ئیسلامی یەکگرتنو زانستو کارکردن، تاد.

ئەوەی راستی بێت کەلەپوری محەممەد عەبدە، لەڕووی یەکەمیەوە، بەردەوامی خۆی لەسەعد زەغلولو پارتی وەفددا بینیەوە، رووی دووەمیشی، لەرەشید رەزا (1935 مردووە)و حەسەن بەنانادا.

جا ئەگەر رەشید رەزا، بەدیویێکیدا، بەردەوامدانێکی فیکریی بووبێت بەرۆشنگەرییە ئیسلامییەکەی عەبدە، ئەوا بەدیوەکەی تریدا دابڕانە لێی. رەشید رەزا چوو هەردوو نوێگەریو عەقلانیەتەکەی عەبدەی دەمەونخون کردەوەو خۆی خزاندە نێو "تایبەتمەندێتیەکی ئیسلامی" تەنگو تەسکەوەو، ئەمەش زۆر بەجوانی لەبانگەوازەکەیدا دیارە بۆ ئەو "دەوڵەتە ئیسلامی"یەی لەسەر بنەمای چەمکی خەلافەتو دژایەتیکردنی هەریەك لەچەمکی سەروەریی گەلو توانای دارشتنی یاسا دنیاییەکان، دادەمەزرێت (عنایات، ل77). لەبەرئەوە رەشید رەزا لەکایەی فیکری سیاسیدا نەك هەر لەمحەممەد عەبدەی مامۆستای نەچووە، بەڵکو لێشی هەڵگەڕاوەتەوە، چونکە عەبدە حوکمڕانێتی لەچوارچێوەیەکی دنیاییدا دەویستو، حوکمڕانو شێوازەکانی دامەزراندنو لابردنی بەچەند کارێکی دنیایی دەزانیو هیچ پیرۆزییەکی بۆ دانەدەنا.

هەڵگەڕاندنەوەی رەشید رەزا وەرچەرخانێکە بەرەو ئیسلامگەرییەکی هاوچەرخ (ئسوڵیەت بەپێی ناونانەکانی تر) کە لەمیسری ساڵی 1928دا لەسەر دەستی حەسەن بەننا دەستپێکرد.

دواتر ئەم تەوژمە سیاسی – کۆمەڵایەتییە چەند چەمکێکی فیکریی بۆ شێوە ئیسلامییەکەی ناسیۆنالیزم دادەڕێژێت، کەئەمڕۆ دەیناسین. خاڵی دەسپێکی ئەم تەوژمە، لەم بوارەدا، پاراستنی مۆرکە ئیسلامیەکەی کۆمەڵگەو دەوڵەتە، کەناسنامەی جیاکەرەوەیانە.

لەسییەکانی سەدەی بیستدا، شەکیب ئەرسەلان، وەك یەکێك لەئایدیۆلۆجیستانی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی ئیسلامی، جەختی لەسەر دامەزراندنی ناسیۆنالیزمێکی ئایینی کرد نەك ئەتنیکی (زمانی یان نەژادی)، بۆ ئەمەش نموونەکانی ژاپۆن‌و ئینگلتەراو ئەورووپای وەك گشتێك هێنایەوە، لەڕووی ئەوەی ئەمانە پێشکەوتوون بەبێ ئەوەی واز لەنەریت‌و بیروباوەڕەکانیان (ژاپۆن) یان کڵێساکانیان (ئینگلتەرا) بهێنن (ئیلی خزوری، ل336-337)، بەکورتی ئەرسەلان ئایینی بەپێکهێنەری ناسنامەی نەتەوایەتی دەزانی.

ئەم تەوژمە لەباکگراوندێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاوەوە سەریدەرهێنا: روخانی عوسمانییەکان، هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت (ساڵی1924)، ناوچەی عەرەبی بەکردەوە کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی رۆژئاواوە، شکستی تەوژمی نەتەوەیی‌و لیبرالی لەبەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواودا، زیادبوونی مەترسی بزوتنەوەی زایۆنیزم‌و سەرکەوتنی لەفەلەستیندا.

هەڵگەڕانەوەی ئەم تەوژمە بەسەر نەوەی یەکەمی نوێنەرانی ریفۆرمخوازی ئیسلامیدا، واتە ئەفغانی- عەبدە، لێرەوەیە.

جێگەی خۆیەتی ئەوە بیربهێنینەوە کە نوێنەرانی ئەو تەوژمە ئیسلامییە (رەشید رەزا، شەکیب ئەرسەلان‌و حەسەن بەننا) لەسەرەتادا چالاکییەکانیان لەسنوری دەوڵەت – نەتەوەدا ئەنجامداوەو، دواتر لەچوارچێوەی چەند ململانێیەکی توندی نێوانیان لەپێناو میراتگری خەلافەتی هەڵوەشاوەدا.

میسر هەوڵیدا کۆنگرەیەکی باش لەبارەی خەلافەتەوە رێکبخات، بەڵام شەریف حسێن پێش ئەوەی حیجاز بەجێبهێڵێت‌و لەدەست شمشێربەدەستەکانی نەجد



هەڵبێت، خۆی کردە مەلیکی عەرەب‌و دەوڵەتی نوێی سعودیەی پێکهێنا، کە لایەنێکی ململانێکە بوو لەسەر خەلافەتی ئیسلامی).

ژیانکردن لەدەوڵەتێکی نەتەوەیی دیاریکراودا (میسر، عێراق، تاد)و نەمانی دەوڵەتی باڵا لەسەر ئەرزی واقیع، رێك بەواتای خۆسەپاندنی: کێشەکانی ئینتماو فۆرمەکانی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی‌و رێکخستنی سیاسی ئەوکاتە دێت بەسەر عەقڵی رۆڵەکانی ئەو نەوەیەوە.

بەسەرنجدانمان لەحەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوانولموسلمین، ئەوە تێدەگەین کەئەم زاتە هەرگیز نەیتوانیوە ئەو چەمکانە پشتگوێبخات کەپەیوەستن بەدەوڵەتی نەتەوەییەوە : نیشتمان، نیشتمانپەروەریی، نەتەوە، نەتەوایەتی، عروبە... تاد، هەروەها هەوڵیداوە هەموو ئەو چەمکانە بەئیسلامیبکرێنەوە کەناوەڕۆکێکی هاوچەرخانەیان هەیە، ئەگەر هەموویان چەمگەلێکی هاوچەرخ نەبن.

دیارە مەبەستمان ئەوە نییە کە ئەم بە"ئیسلامیکردنە" تا چەند پشتی بەزانست بەستووە، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین بەرووبەکدا پرۆسەیەکی سۆسیۆلۆژییە : شەرعیەتدان بەئێستا بەناوی رابوردووەوە، گونجاندنی ئێستا لەرێگەی کەلەپوورەوە، ئەمانە پرۆسەی هەڵکردن‌و خۆگونجاندنی شارستانیانەن، بەبێ مەزەندەکردن‌و هەڵسەنگاندنی ئەو تەوژمەی ئەم پرۆسانە دەکات لەرووی سیاسی، کۆمەڵایەتی یاخود ئایدیۆلۆژییەوە. مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی دوالیزمەی بەرامبەرکێی نێوان کلاسیك‌و نوێگەریی، کۆن‌و تازەو شێوازی کارلێکی نێوانیانە، بەجۆرێك کۆن کۆنبێت‌و، تازەش تازەبێت. ئێمە وەك ئەبستمۆلۆژیای کلاسیك – نوێگەریی لەم مەسەلەیە دەڕوانین. چونکە مەعریفە چەندێکیش سروشتی سەراپاگیرانەی هەبووبێت‌و عەقڵی مرۆڤایەتی یەك بێت، بەڵام دیسانەوە سیستمی مەعریفە هەر بەشێکە لەکلتوری خۆماڵی، بەواتا سۆسیۆلۆژییەکەی وشەکە. هەروەها جیابوونەوەی سیستمی مەعریفە لەسیستمی کلتوریی بۆ ئەوە نییە کەسیستمی مەعریفە بوونێکی سەربەخۆی هەرە باڵای دەستبکەوێت، چونکە ئەم جیابوونەوەیە تەنها لەچوارچێوەی دابەشبوونێکی پەلوپۆدارو زێدە گەشەسەندوی درێژخایەن‌و چەسپیوی دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی‌و، دابەشبوونی کاری فیکرییش بەوابەستەیی، روودەدات، ئەگینا چیدی لەچوارچێوەی موتوربەکردن‌و بەرهەمهێنانی جیهانیانەی مەعریفەو بەشێوەیەکی سەربەخۆ روونادات. ئەم جۆرە هەلومەرجانەش بەنیوەناچڵی نەبێت بەدینەهاتوون.

بابگەڕێنەوە بۆ بەئیسلامکردنەکەی حەسەن بەننا بۆ چەمکەکانی باسمانکردن. دەخوازم بەدرێژی لەبارەی نوسەری میسری ئیبراهیم غانمەوە بدوێم کە لەلای خۆیەوە ئاماژەی بۆ خوێندنەوەی دووانەییانەی بەننا کردووە بۆ ئەو چەمکانە: نیشتمانپەروەریی، نەتەوایەتی، تاد. ئەو هەندێك شتی باش و بەجێیان تێدا دەبینێت، وەك خۆشەویستی مرۆڤ بۆ نیشتمانەکەی، هاوکات شتی خراپ و قێزەونیشی تێدا دەبینێت، وەك ئەوەی عەلمانیەت دەکاتە مایەی بەستنەوەی وەلائی مرۆڤ بەجوگرافیای دەوڵەتەوە، نەك بەئیسلامەوە، لەکاتێکدا بەلای بەنناوە، ئەوە ئیسلامە سنوری نیشتمان دیاریدەکات، نەك نیشتمانپەروەریی.

لێرەدا، پایەکانی چەمکی نیشتمان لەسەر ئینتمای رۆحی راوەستاون، نەك لەسەر بنەمای قاوغێکی ماتەریانەی هەر کارلێکێکی رۆحی، کەبەلای ناودارانی فیقهی نێودەوڵەتییەوە بریتییە لەپارچەیەك زەوی یاخود هەرێم (Territory).

جیاکردنەوەی ئەم دووانە، ئەگەر بمانەوێت تێیدا رۆچینەخوار، بەهۆی دوو فاکتەرەوەیە: فاکتەری یەکەم نەبوونی ئەم جۆرە چەمکەیە لەسەردەمەکانی پێش مۆدێرنەدا. کاتی خۆی هەردوو دار الاسلام (= خانەی ئاشتی) و خانەی شەڕ هەبوون و، سنوری نێوانیشیان گۆڕاو بووە و بەهەردوو ئاڕاستەدا کشاوە.

فاکتەری دووەم، شێوەی گواستنەوە لەئیمپراتۆریاکانەوە بۆ دنیای دەوڵەتی نەتەوەیی، لەناوچەیەکی بەرفراوانی جیهاندا، پێچاوپێچ و هەمەجۆر بووە، بەجۆرێك ئەوەی پێیدەگوترێت جیابوونەوە یاخود ناچوونیەکی نێوان گروپێکی دیارکراوو چوارچێوە جوگرافیاییەکەی، بەتەواوی روویداوە.

با خەسڵەتێکی گشتیش بخەینە سەر ئەمەو بڵێین؛ هەموو پێکەوە ژیانێك، کلتورێکی هاوبەش دروستدەکات و، تەنانەت پاش دوورکەوتنەوەی جوگرافیاییانەی کەسانی جیاجیای گروپە خولقێنەرەکانیشی (بەهۆی کۆچکردن، یان کێشانی سنوری سیاسی جیاکەرەوە، تاد)، زەمینەی ژیانکردن و بەردەوامبوونی کلتورە هاوبەشەکە هەر دەبێت.

ئەو کێشانەی لەفیکری ئیسلامییەوە سەرچاوەدەگرن چەڵەمەکانی بەردەوامبوون/ دابڕانە لەسیستمی مەعریفەدا، کەهەمان چەڵەمەی گەشەی بابەتیانەی دەوڵەتی نەتەوەییشن لەناوچەکەماندا.



من بیروڕای حەسەن بەننا لەمەڕ نەتەوایەتی بەشتێکی گەلێك واقیعی دەبینم. چونکە بەننا ئەو لایەنەی چەمکەکەی پێقبووڵە کەهاندەرە بۆ سەرفرازیی و کارایی و کارکردن و، ئەو لایەنەشی رەتدەکاتەوە، کەجۆرێکە لەجاهیلیەت و بەرزڕاگرتنی نەژادو بانگەشە بۆ دوژمنایەتی و فراوانخوازیی دەکات (مۆدێلی ئەڵمانی و ئیتاڵیایی) و دژایەتی ئایین دەکات و تەنانەت رێگە بەپیتە عەرەبییەکانیش نادات بۆ نوسین (ئەزمونی ئەتاتورك).

هەروەك ئیبراهیم غانمیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، حەسەن بەننا پابەندە بە سێ بازنەی ئینتماوە : میسریی، عەرەبی، ئیسلامی. بەهەمان شێوە، ئەوەندەی من تێبیگەم، ئەم بازنانەی ئینتما لەلای عەبدولحەمید بن بادیسیش، بیریارو گەورە ریفۆرمخوازی ئیسلامی لەجەزائیر، هەمان شتن: جەزائیریی، عەرەبی، ئیسلامی.

## پێنجەم: گەشەسەندنی تەوژمە نەتەوایەتییەکان لەمەشریقی جیهانی عەرەب و هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئیسلامدا

لەمەشریقدا جیاوازی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی، یان بابڵێین دابڕینی یەکێکیان لەویتریان زوو دەرکەوت، ئەویش بەهۆی پێویستی خۆجیاکردنەوە لەتورکەکان و، پێکهێنانی ناسنامەیەکی سەربەخۆ، هەروەها بەهۆی هاتنەپێشی یەکێتییەکی پێویستی ئەوتۆ کەبتوانێت هەموو دابەشبوونە مەزهەبی (سوننە ، شیعە) و ئایینی (مەسیحی ، ئیسلامی) ییەکانی ئەم بەشە دەرباز بکات و تێپەڕێنێت؛ بەپێچەوانەی مەغریبەوە کەخاوەنی یەکێتییەکی ئایینی و بگرە مەزهەبیشە (ئەگەر کەمایەتی جولەکەی مەسیحی بەهەند نەگرین).

سەرباری ئەوەی توخمی ئەتنیکی و ئایینی لەمەشریقدا زووش جیابوونەوە، بەڵام ئەم جیابوونەوەیە لەرووی تیۆرییەوە زۆر بەهێواشی گوزارشتی لەخۆی کرد و، رێکەوڕاست کەوتە دوای یەکەمین جەنگی جیهانەوە، ئەویش لەسەر دەستی (ساطع الحصری) بوو.

قۆناغێکی نوێ دەستیپێکرد : ئینتماو پابەندبوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای یەکێتی ئایینی، یاخود جیابوونەوە لێی لەسەر بنەمای جیاوازی ئەتنیکی (نەتەوەیی) باوی نەماو بەسەرچوو. چەند دەوڵەتۆکەیەك لەمەشریق

قوتکرانەوە بەڵام بەهۆی جیابوونەوەی چەند تایەفەو گروپێکی ئاینییەوە لەناوەوەڕا هەلاهەلابوون، ئەمە جگە لەوەی ئەم دەوڵەتۆکانە، لانیکەم، خۆیان بەشێوەیەکی بابەتیانە، ناکۆك بوون لەگەڵ پرۆژەی یەکێتییەکی گەورەتری نەتەوەی عەرەب لەچوارچێوەی بەشە مەشریقیەکەدا.

"ساطع الحصری" لەسەرەتای کارکردنیدا یەکێك بوو لەوانەی بانگەشەی کۆمەڵەی گەلانی عوسمانی دەکرد، بەڵام دواتر ئاڕاستەکەی بەرەو عروبە گۆڕی. ناوبراو لەژێر کاریگەریی فیکری کلاسیکی نەتەوەیی فەڕەنسایی ئەڵمانیدا بوو، بەتایبەتیش فیختە. ئەو دەبووایە بچوایەتە ژێر باری دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێی بەهێز لەداروپەردووی ئەو تایەفەو گروپە بچوکانەی (بۆ نموونە لەعێراق)دا هەبوون، یاخود بەرەنگاری مەسەلەیەکی وەك جیاوازی بکات لەنێوان نەتەوەی عەرەب کەبوونێکی مێژوویی ئایدیالکراوی هەیە لەگەڵ دەوڵەتێکی نەتەوەیی کەلەسەر ئەرزی واقیع ئامادەگییەکی سیاسیانەی نییە (لەجیهانی عەرەبدا).

شتێکی باشە ئەگەر کێومالێك بەچەمکەکانی "ساطع الحصری" دا بکەین. نەتەوە لای "الحصری" قەوارەیەکی رۆحییەو لەژوور هەموو نەژادو تایەفەو ئایینەکانەوەیەو، بگرە لەسەرو مێژووشەوە راوەستاوە. نەتەوە لەخودێکی باڵا دەچێتو، زمانی هاوبەشو مێژوو دوو پێکهێنەری ئەو خودەنو هیچی تر. نەتەوە کائینێکی خۆشەویستییە بۆ ژیانو هەست، زمان ژیانیەتیو، مێژووش هەستەکەی.

وێڕای شارەزاییە زۆرەکەی "الحصری"، بەڵام شێوازەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی تووشی شۆکی دەکەن، وەك شێوازەکانی ئەتنیکە هاوئاهەنگەکان لەڕووی ئایینی یان نەژادی یان زمانەوە، یاخود تەنانەت لەجۆرە ناکۆکەکانیشیان، هەربۆیە ناچاربوو سنورێك بکێشێت لەنێوان نەتەوەو نەتەوایەتی لەلایەکەوەو دەوڵەت (لێرەدا = دەوڵەتی نەتەوەیی) لەلایەکی ترەوە، لەنێوان نیشتمانپەروەریی لەلایەکەوەو، نیشتمانیش وەك پارچەیەکی جوگرافی لەلایەکی ترەوە.

"الحصری" رایەڵە ئۆرگانیکیەکەی نێوان ئەو توخمانە هەڵدەوەشێنێتەوە کەپێکهێنەری ئاوێتەیەکن. هەر توخمێك لەوانە، بەلای ئەوەوە، قەوارەیەکە بۆ خۆی. "الحصری" ئەم شیتاڵکارییە سەیرە بۆ کێ دەکات؟ یاخود هەر هیچ نەبێت، لەبەر کێ نەتەوە لەدەوڵەت، یاخود نیشتمان لەنەتەوایەتی جیادەکاتەوە؟ وەڵامەکە



لەفرەجۆری فۆرمو شێوازەکانی دەوڵەتی نەتەوەییدایە، هەروەها لە(رەوش)ی تایبەتی (نەتەوەی عەرەب)دایە کەئەم تیۆرەیەی بۆ داڕێژراوە بەمەبەستی بەرگریکردن لەیەکێتییەکەی.

لەو سەدەمەی ئەوداو لەجیهانی عەرەبدا نەتەوەی گریمانەیی نەبوو، وەك چۆن ئەمڕۆش هیچ دەڵەتێکی راستەقینەی تایبەت بەو نییە. مەودایەك کەوتە نێوان شێوە تیۆرییەکەی نەتەوە: زمان + مێژوو، لەگەڵ ئەو واقیعەی کەهەیە. لەگەڵ دروستبوونی هەر جیاوازییەکیش لەنێوان گریمانەی تیۆرییو واقیعدا، سەیرکردنەکە بەرزدەنرخێنرێت.

سەرباری ئەمە، تیۆرەی نەتەوە — زمان — مێژوو، لەگەڵ زۆرێك لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتین، یاخود سویسرای فرە زمان، ناکۆك دەوەستێتەوە.."الحصری" لەوەڵامدا دەڵێت: ئەوانە دەوڵەتن نەك نەتەوە. نەتەوایەتی لەدیدی "الحصری"یەوە خەسڵەتێکی سروشتی مرۆڤە، وەك هەستەکانو پەلەکانو لوتو چاوەکان! مرۆڤیش، بەپێی ئەو پێناسە فەلسەفییەی "الحصری" دەیلێتەوە: ئاژەڵێکی بگۆو قسەکەرە، نەك وتە بەناوبانگەکەی تر کەپێیوایە مرۆڤ: ئاژەڵێکی سیاسییە.

هەڵبژاردنی "الحصری" بۆ تیۆرەی نەتەوایەتی ئەڵمانیو بەتایبەتی (فێختە)، بۆ چەند شتێکی زۆر گرنگ دەگەڕێتەوە، لەوانەش تێگەیشتنی فەڕەنساییە بۆ نەتەوایەتی کەپشت بەپێناسەیەك دەبەستێت کە نەتەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا دیاریدەکات کە لەسەر ناوچەو هەرێمێکی دیاریکراو دامەزرابێتو، پەیڕەوی لەپرەنسیپی ژمارەی پێویست بکات، لەگەڵ پرەنسیپی "ئیرادەی گەل" لەژیانی هاوبەشدا (کەبۆ نمونە رێنان هێنایەئاراوە). "الحصری" رەخنەی لەم پێناسە فەڕەنساییانە گرتو لەجێگەیدا فۆرمی ئەڵمانی هەڵبژارد، لەبەرئەوەی نەتەوەی ئەڵمانی، بەپێی تیۆرە، پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەڵمانی کەوتووە. ئەمەش بەلای "الحصری"یەوە نزیکە لەباری تیۆرەیی نەتەوەی عەرەبەوە، چونکە بەبڕوای ئەو عەرەبیش لەرووی مێژووییەوە هەیە، بەڵام ئەوەیە وەك چوارچێوەی جوگرافیاییو خاکی ئەو نەتەوەیە بەسەر چەند یەکەیەکی سیاسی، دەوڵەتێکدا دابەشکراوە، کەزۆر بەخۆشییەوە نەفیدەکاتەوەو پێیاندەڵێت: دەوڵەتۆکە، بەمەشەوە ناوەستێتو خاسیەتی: دروستکراویشیان بۆ زیاد دەکات. هەروەها رابوونی

ئەڵمانیا لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ببووە جێگەی سەرنجی نەتەوەپەرستانی عەرەب، لەوەی کە وزەیەکی ژیاریانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە.

ئەوەی لێرەدا گوتنیمان بەلاوە زۆر مەبەستە ئەوەیە کەمۆدێلە عەلەمانییە دەسەڵاتخوازەکەی نەتەوایەتی عەرەبی (دیارە لەسەر ئاستی تیۆر) لەلای "الحصری" دەگاتە لوتکەی خۆی. لەسەر ئەرزی واقیعیش دارشتنەکانی بەعس‌و ناسریەت ئەوەندەی پەیوەندی بەنەتەوەو نەتەوایەتی‌و...تاد، هەیە بەگشتی بریتییە لەبەرهەمهێناوەی چەمکەکانی "الحصری"، بەچەند جیاوازییەکی کەمیان لەبوارەکانی تردا (بۆ نموونە لایەنی کۆمەڵایەتی).

بەکورتی، زمان‌و مێژووی هاوبەش هێزەکانی پێکەوەگرێدانی نەتەوەن. بەڵام هەرچی پەیوەندییە ئایینی‌و رایەڵە کلتوریی‌و ئابوورییەکانە دژایەتیکراوەو لەباربراوە. "الحصری" زۆر بەتوندی لەدژی شێوەکانی ناسیۆنالیزمی خۆماڵی یان مێژوویی وەستاوەتەوە: فینیقی، فیرعەونی، عێراقی، هەروەها زۆر بەتوندیش لەدژی ناسیۆنالیزمی ئایینی - کلتوری وەستاوەتەوە (تەوژمەکانی ئیخوانولموسلمین)و چەمکی مارکسییانەی نەتەوە (لای لینین‌و ستالین).



## شەشەم – ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی: گەڕاندنەوە بۆ سیمبوڵە ئاینییەکان

نەوەی یەکەمی بیریارانی نەتەوەیی لەسەدەی نۆزدەدا لەو کەسانە بوون کەرەچەڵەکیان دەچۆوە سەر باکگراوندو خێزانی تەقلیدی‌و بازرگان‌و خێزانی ناودارو خانەدان.

بەڵام نەوەی دووەم، لەسەدەی بیستەمداو (لەماوەی پێش سەربەخۆییدا) لەتوێژە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەڕاست‌و خوارەوە هاتبوون، لەکۆمەڵگەیەکدا زۆر بەتیژی بەرەو نوێبوونەوە دەڕۆیشت.

کەسایەتی "الحصری" کەوتبووە قۆناغێکی نێوان هەردوو نەوەکەوە.

نەوەی یەکەم لەناو بازنەیەکی زۆر تەسکی نوخبەی خوێندەواری ناو کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا دەخولایەوە، لەژینگەیەکی پڕ لەنەخوێندەوارو گوندی دابڕاو، کەزۆرینەی دانیشتوانی تێدا نیشتەجێ بوو، کۆمەڵگەیەك کەهێشتا بونیادی فیکرو هۆشیارییە کۆمەڵایەتیەکەی لەدنیای میتافیزیکدا مەلەی دەکرد، بەواتا کۆنتییەکەی، واتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی پێش کۆپێرنیکی بوو.

سەدەی نۆزدە بڵاوبوونەی سیستمی گەیاندنی نوێی بەخۆوەدی (هێڵی ئاسنین، تەلەگراف، بەلەمی هەڵمی، رۆژنامە، یاخود چاپ)، ئەمەش ئاسانکاری کرد لەبەردەم دروستکردنی چەندین تۆڕی گەیاندن لەنێوان سەنتەرە شارییەکانی جیهانی عەرەبداو، بگرە لەنێوان ئەوو جیهانی دەرەوە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر.

لەبەرامبەریشدا، نەوەی نوێ کاری لەسەردەمی وشەی پەخشکراوە (رادیۆ)و هێڵی ئاسنین، فڕۆکە، ئۆتۆمبێلدا دەکرد، کە سیستمێکی گەیاندنی فراوانترو تۆکمەترو تیژڕەوتر بوو، بەربەستەکانی نەخوێندەواری خۆی بڕی (رادیۆ). ئەم سەردەمە قۆناغی داهێنانی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی مەرکەزی‌و سوپای هەمیشەیی مەرکەزی بوو، کەئەمانە هەموویان کارلێکی مرۆڤیان لەگەڵ زانستە نوێکان‌و بەرهەمە پیشەسازییەکاندا تێدابوو (بۆ نموونە لەدەستەی ئامێری سەربازیدا). هەروەها قۆناغی بەشاربوونێکی فراوانیش بوو، لەگەڵ چەندین فۆرمی جیاواز لەدابەشبوونی کارو رێکخستنی کار، هەروەها شاڵاوی عەلمانیەت بوو بۆ نێو کایەکانی یاسادانان‌و فێرکاریی، لەژینگەیەکی دەرەکی کۆپەنیکی سەراپاگیرەوە چواردەوری جیهانە بچووکەکەی پێش کۆپەنیکۆسمانیان داوە.

مەسەلەکە لەدەرکەوتنی کۆمەڵەو دەستەو توێژی کۆمەڵایەتی نوێوە نەوەستابوو، بەڵکو ئەوەشی کۆن بوو (وەك خێزانی پیاوماقوڵ‌و خێزانە خانەدانەکان، بازرگان‌و خاوەن موڵکەکان) لەسەر لێواری هەڵوەشاندنەوەو / یان گۆڕاندا بوون.

لەم قۆناغەدا هەندێك پارت‌و رێکخراوی سیاسی جیاواز لەیانە کۆنەکانی نوخبەی خانەدان دەردەکەون‌و لەهەوڵی تەنینەوەی رەگ‌و ریشەی رێکخستنەکانیاندان بەناو دەستەو گروپە شارنشینەکاندا، سنوری شارەکان دەبڕن‌و بەرەو لادێکان دەڕۆن، ئەمانە چەند بزوتنەوەیەکی نوێن‌و پشت بەهەیمەنەی بیانی‌و نوێکردنەوەی سەرمایەدارییانەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن، واتە نوێکردنەوەی پەیوەندییە کشتوکاڵی‌و ئەو بابەتانەی چەوساندنەوەی شار لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، لەناو جیهانێکدا کەتێیدا فاشیزم‌و نازیزم بەهەردوو نەتەوایەتیە سۆشیالیستەکەیانەوە بوونەتە خەسڵەتی جیاکەرەوەی‌و، دواتریش لەناوچوونیان‌و سەرکەوتنی هاوپەیمانی دیموکراتی‌و، تەشەنەکردنی هەیبەتی مارکسیزم‌و یەکێتی سۆڤێت‌و، باڵاکردنی بزاوتە نەتەوەییە ئازادیخوازەکان بەتایبەتیش لەئاسیادا (ڤێتنام، چین، هیندستان، تاد)، پاشان لەئەفەریقیا. ئەمجارەیان بزوتنەوەکان مۆرکێکی نوێیان

بەخۆوەگرت کە لەبزاوتە نەتەوایەتییەکانی پێشتر جیایاندەکاتەوە، ئەویش گۆڕانە لەداخوازی ئۆتۆنۆمییەکی فراوانتر لەژێر سایەی بەریتانیا یان فەرەنسادا، بۆ سەربەخۆیی سیاسیو ئابووری تەواو، ئەویش بەپاڵپشتی گۆڕانێك لەستراکتۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەدوای دووەم جەنگی جیهانی.

ئەمەبوو ئەو باکگراوندە گشتییەی لەپێش دروستبوونی شەپۆلی پۆپۆلیستیانەی تەوژمی نوێی نەتەوەیی عەرەبییەوە هەبوو: بەعس، نەتەوەپەرستانی عەرەب، ناسریزم.

وەك ئاشکرایە بەعس لەساڵی 1947دا دروستبووە، لەکاتێکدا ناسریزم بەشێوەیەکی هێواشو لەسەرخۆ دوای ساڵی 1956 وەك بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی عەرەبی گەڵاڵەبوو.

هەردوو بزوتنەوەکە خەباتی نەتەوایەتی لەدژی رۆژئاوای ئیمپریالیو ئیسرائیل لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتییانەدا ئاوێتەدەکەن کەدژ بەهەریەك لەخاوەن موڵکە گەورەکانو، پاشان دژی سەرمایەی تایبەتی خۆماڵی، پیشەسازیو بازرگانیو بانکی، دەجەنگن، ئەویش بەهۆی لاوازی ئەو جۆرە سەرمایەوەیە.

لەچلەکاندا بەعس لەئاکامی بەرەنگاربوونەوە دوو ئایدۆلۆژیادا گەڵاڵەبوو، بزوتنەوەی کلاسیکیانەی ئیسلامیو تەوژمی مارکسی، لەگەڵ دوژمنێکی ناوخۆیی سێهەمدا : نەتەوەیی خۆماڵی.

لەبەیاننامەی دامەزراندنی بەعسدا ئەو سێ دوژمنەی سەرەوە دەبینرێتو، دانەرانی بەیاننامەکە دەڵێن ئەوان رۆحی عەرەبی لەدژایەتیکردنی سێ شتدا دەبیننەوە:

1- کۆمۆنیزمی ماتریالیستی.

2- پاشقەڕۆیی، نوێنەری مێژووی مردوو.

3- نەتەوایەتی ساختە.

تیۆری "الحصر"یش، هەروەك پێشتر باسمانکرد، جیاکردنەوەیەك بوو لەنێوان نەتەوەو نەتەوایەتیو دەوڵەتداو، نەتەوەشی لەسەر بنەمایەکی ئەتنیکی (زمان وەك بناغەیەكو مێژوو) دیاریکردبوو.

بەڵام هەرچی میشێل عەفلەقە، رێگەیەکی تری گرتبووەبەرو، سەرچاوە فیکرییەکانی ئەم بریتی نەبوون لەرۆمانسیەتی ئەڵەمانی بەخولیا مێژووییەکەیەوە، بەڵکو فیکری زیندووی فەرەنساییو ئەڵەمانی بەرووکارە ئیرادەگەرییەکەیانەوە (نیچە، سۆرێل، تاد) وەرگرت. نەتەوە لەلای عەفلەق ئیرادەو فیکرە. دیارە جەوهەر ئیرادە نیچەوییەکەیە، واتە دیاردەیەکە فاکتەرە دیاریکەرەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە. جەوهەرە بەواتا ئەرستۆییەکەی. جەوهەریش شتێکی هەتاهەتاییەو گۆڕان دەرەقەتی نایەتو، ئەو هەڵگری چەند شتێکی هەڵگیراوە دەتوێنەوەو لەناودەچن، ئەو شتە هەڵگیراوانە چەند نیشانەیەکی لەناوچوون، بەڵام هەڵگر سروشتێکی ئەزەلی هەیە.

کەواتە ئیرادەو بیرۆکە لەرابوردودا هەبوونو پێویستە لەئێستادا بیاندۆزینەوە. بەڵام ئەگەر نەتەوە "بیرۆکە"و "ئیرادە" بێت، ئەوا نەتەوایەتی، پێش هەر شتێك، "خۆشەویستی"یە. هەروەها عەفلەق توخمی سێهەمیش دەخاتە پاڵ پێکهێنەرەکانی نەتەوایەتی، کەپێشتر نەبووە، ئەویش: ئایینە. عەفلەق ئیسلام دەکاتە بزوتنەوەیەکی عەرەبی بۆ ئەوەی ئایین بخاتە خزمەت ناسیۆنالیزمەوە، کەئەمەش بەپێچەوانەی ئیسلامییە هاوچەرخەکانەوەیە کەدەچن نەتەوایەتی دەخەنە خزمەت ئایینەوە. توخمی چوارەمی ئەو پێکهاتەیەش بریتییە لە (تایبەتمەندێتی – الخصوصیە).

عەفلەقیش، وەك ئیسلامییە هاوچەرخەکان (تەنانەت وەك ئیسلامییەکانی پێشووش) ناسنامەی عەرەبی لەسەر بنەمای "جیاوازبوون" دادەڕێژێت. ئێمە "جیاوازین". ئێمە لەرۆژئاوا جیاوازین. ئێمە لەهیچ نەتەوەیەکی دنیا ناچین. ئەم جیاوازییەش تایبەتمەندێتیمان دەداتێ، تایبەتمەندێتی عەرەبی (یاخود تایبەتمەندێتی ئیسلامی لای هەندێکی تر).

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کەدەکرێت ماهیەتی عەرەب لەرێگەی وەسفکردنی ئەو ماهیەتەو خەسڵەتەکانیەوە دیاریبکرێت. دیاریکردنیشی بۆ جیاکردنەوەیەتی لەماهیەتەکانی تر، ئەگەر چەند خەسڵەتێکی ئەوتۆشیان هەڵگرتبێت.

لۆژیك (وەك لەسەرەتادا باسمانکرد) پێیوایە کەدیاریکردن نەفییە. بەڵام لەلای عەفلەق نەفیکردن دیاریکردنە. لەراستیدا ئەمە تێڕوانینی هەموو ئسوڵییەکانە، نەتەوەیی بن یان ئیسلامی. چونکە ئەوانە نایەن پێمانبڵێن ئەوانە کێن عەرەب یان موسوڵمانن، بەڵکو تەنها ئاماژە بەوە دەدەن کەئەوان ئەوە نین کەهەن!.

ئەم جۆرە دارِشتنە سۆفیگەریە نارۆشنانە، مۆری خۆی لەفیکرو هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی قۆناغێك داوەو، بەعس لەچلو پەنجاو شەستەکاندا بەمجۆرە کاریکردووە.

www.pertwk.com

ئەمڕۆش، ئەو چەشنە بۆچوونە سۆفیگەرییە لێڵ و ناڕۆشنە بەگوروتینێکی زۆر بەهێزترەوە لەسەر دەستی ئیسلامییە هاوچەرخەکان خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

## حەوتەم – ئیسلامگەرایی نوێ و ناسیۆنالیزم

بەگوتنی "ئیسلامگەرایی نوێ" یاخود "تەوژمێکی ئیسلامی هاوچەرخ"... تاد، دەبێت راستەوخۆ دان بەبوونی[167] فۆرمێکی "کۆن" یان "رابوردو"(بەواتا زەمەنییەکەی نەك بەهاییەکەی)ی ئەو تەوژمەدا بنێین. ئەمە ئەوەیە باوەڕمان پێیەتی.

دەتوانین بزاوتی نوێگەری ئیسلامی بەمشێوەیەی خوارەوە بقۆناغێندرێت :

1- بزاوتێکی چاکسازی ئایینی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دۆگم و بەستەڵەکی ئایینی کلاسیکی. ئەفغانی و محەممەد عەبدە لەسەدەی نۆزدەهەمدا نوێنەرایەتیانکردووە.

2- تەوژمی ئیسلامی (ئسوڵی) لەسەدەی بیستەمدا، کە لەساڵی 1928ەوە بزوتنەوەی ئیخوانولموسلمین لەمیسر نوێنەرایەتی کردووە. رووە فیکرییەکەی ئەم تەوژمە لەلایەن رەشید رەزا، حەسەن بەنناو سەید قوتبەوە نوێنەرایەتی کراوە.

3- تەوژمی ئیسلامی نوێ (ئسولگەرایی نوێ) لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستو بەتایبەتیش لەسەرەتای شەستەکانەوە بەرەو دوا دەستیپێکردووە.

هەموو ئەم تەوژمانە داوای ئیسلامێکی راست دەکەن، ئیسلامێکی شۆڕشگێڕ، یان عەقلانی، یان هەر وەسفێکی تر. گوتنی ئیسلامێکی "راست" بەواتای ئەوەدێت "ناڕاست"یش هەیە، هەڵبەستن و پێوەنان، بیدعە، زیادەی سەیرو سەمەرە بەجەوهەرە ئەسڵییەکەوە لکێنراوە.

هەندێکجار، باس لەرەسەنایەتی جەوهەری ئیسلام دەکرێت لەشێوەی گەڕانەوە بۆ سەلەفی سالَح، لەکاتێکدا هەموو گەڕانەوەیەك، بەواتا ئیبستمۆلۆژییەکەی، پشتوەرگێڕانە لەوەی ئێستادا بەتێگەیشتن و بینین هەیە.

بەبزوتنەوە ریفۆرمیستیەکەی (ئەفغانی- عەبدە) دەگوترا بزوتنەوەی سەلەفی و خرابووە ریزی بزوتنەوەی تەوحیدەوە کە محەممەد عەبدولوەهاب لەسەدەی 18-19 لەنەجد رایگەیاندو بەویش دەگوترا سەلەفی.

چەمکی گەڕاندنەوە بۆ ئیسلامی راست و دروست، وەك پێشتریش باسمانکرد، خۆی لەرەفزکردنەوەی تێگەیشتنێکی فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، یان سیاسیدا دەبینێتەوە: بیروباوەڕی جەبر، تەریقەتە سۆفیگەرەکان، ئیسلامی رەسمی دامەزراوە ئاینییەکان، ئیسلامی شەعبی سیخناخ بەخورافاتی لادێی[66] دەشتەکان، تاد.

ئەم تەوژمانە لەرووی قووڵییانەوە وەك یەك نین. تەوژمی ریفۆرمخواز داوای روبەڕوبوونەوەی رۆژئاوای دەکرد بەچەکی فیکریی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی رۆژاوا خۆی: لیبرالیزمی سیاسی، وەرگرتنی ئامرازەکانی زانست، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، تاد.

بەڵام تەوژمی ئسوڵی داوای بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوا دەکات لەرێگەی رەفزکردنیەوەو، خۆنقومکردن لەتایبەتمەندێتی کلتوریدا. نوێنەرانی تەوژمی ئسولگەرایی نوێ لەئاستێکی بەرزتردا چەمکی خۆداخستنیان بەرهەمهێنایەوە.

دەمەوێت بەراوردێك بکەم لەنێوان بزوتنەوە ئیسلامییەکانی چل و پەنجاکان بەهاوشێوەکانیان لەحەفتاو هەشتاکاندا.

بزوتنەوەکانی بەشی یەکەم تەقلیدی بوون نەك نوێخواز، جگە لەئیخوانلموسلمین لەمیسردا کەتۆزێك جیاواز بوو. سەرلەبەری ئەو بزووتنەوانە، لەدوای جەنگی ئەتنیکی، لەدژی هەموو جۆرەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەلمانی هەڵکشاودا بوون: لەمیسر، سوریا، عێراق، تونس، جەزائیرو سودان.

لەو ماوەیەدا نەتەوەییە عەلمانیەکان وەك نوێخواز دەردەکەوتن و دژایەتی کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییان دەکردو هەوڵی پێشخستن و نوێکردنەوەیان دەداو، هەڵگری ئایدیۆلۆژیا ئەوروپاییەکان بوون (نەتەوایەتی، سۆشیالیزمی تایبەت، مارکسیزم)، بەڵام ئیسلامیەکانی ئەو ماوەیە (بەنوێخوازو تەقلیدییانەوە) وەك هێزی کۆنەپارێز دەردەکەوتن و دژایەتی ئەو رەوتە نوێخوازەیان دەکرد.

ئێستا چەندێك نەتەوەییەکان و مارکسیستەکان لەهەوڵی ئەوەدان بیسەلمێنن کەمەسەلەی نەتەوایەتی و سۆشیالیزم دژ بەئیسلام نین، ئەوساش ئیسلامییەکان لەهەوڵی سەلماندنی ئەوەدابوون کەئیسلام سروشتێکی سۆشیالیستانەی هەیە {کە رەنگە سۆشیالیستەکانی ئەمڕۆ یان سبەی ناچاربن بڵێن سۆشیالیزم سروشتێکی ئیسلامی هەیە}.

چاکترە کتێبەکەی سەید قوتب "دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەئیسلامدا"، یان کتێبی ئەلسەباعی "سۆشیالیزم لەئیسلامدا" وەبیربهێنینەوە. هەروەها چاکترە ئەوەش بهێنینەوە یاد کەچۆن حەسەن بەننا شەرعیەتێکی ئیسلامی خستبووە پاڵ چەمکەکانی وەك نیشتمانپەروەریی، نەتەوایەتی... تاد، لەگەڵ خۆپەڕاندنەوەی بەچەند خۆلادانێکی لاوەکی لەهەندێك لەو ناوەڕۆکە گریمانەییانەی هەیانبووە.

بەڵام ئەمڕۆ بزوتنەوە ئیسلامییە نوێکان پشت بەجەماوەرێکی فراوان دەبەستنو ئەمەش بەرهەمی نوێکردنەوەیە. ئێستا ئەو جەماوەرە چەند توێژێکی تەقلیدی نین کە لەبەردەم هاتنی مۆدێرنەی سەرمایەداریدا بەچۆکدابێن، بەڵکو ئێستا ئەو توێژە نوێیانەن کەناڕازین بەسروشتی لاسەنگییانەی نوێکردنەوەی سەرمایەداری، بەواتا فراوانەکەی وشەکەو، لەسەر هەموو ئاستەکان.

دەتوانین بڵێین کەئەم بزاوتانە خۆیان بەرهەمی پرۆسە قەیراواناوییەکانی نوێکردنەوەی سەرمایەدارین، کەمۆرکی هەیمەنەی یەك سیاسەتی پێوەیە، یان بەداپڵۆسینی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەویش بەوەی سنوری هەیمەنەکردنی دەوڵەت نەك تەنها بەئامرازە ڕەواکراوەکانی توندتیژییەوە ناوەستێت، بەڵکو هەڵدەکوتێتەسەر ڕووبەرێکی فراوانی بەرهەمهێنانو دابەشکردنی سامانی نەتەوەییو، سیستمی بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی فیکریی (پەروەردەو فێرکردن، ڕاگەیاندن، تاد)و قۆرغیان دەکات، هەروەها کایەی خۆڕێکخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (سەندیکا، پارتەکان، کۆمەڵەکان، تاد)و کایەی ئایینیش وەك نمونەیەکی گرنگی هەردوو بواری : فیکرو سامان (ئەوقاف + دامەزراوە ئاینییەکانی وەك ئەزهەرو زەیتونە) کۆنترۆڵدەکات.

ئەم جۆرە دەوڵەتە هەمەکیانەیەو، وەك مۆدێلە ئەوروپییەکان ناچێت شەرعیەت لەچینی کرێکارەوە وەربگرێت، بەڵکو پشت بەشەرعیەتی "نەتەوە" دەبەستێت.

ئەم پرۆسە تێکچڕژاوانە ئاکامی دژبەیەکیان لێکەوتۆتەوە: گەشەسەندنی ژیاریی، بەشارکردنێکی فراوان، بەرهەمهێنانی سامانی زۆروزەبەند، لاسەنگی کەڵەکەبوونی جەمسەرەکانی، خزاندنی ملیۆنان کەس بۆ ناو شارەکانو



بەهەرمەندنەبوونی زۆریان لەبەرهەمی ئەو پێشکەوتنانەی باسکران، داخستنی کەناڵەکانی گوزارشتکردن لەخود.

هەروەها لەگەڵ گۆڕانی ئابوری دەوڵەتی — هەرەوەزیشدا بەرەو ئابووری بازاڕی تایبەت (Privatizatim) ئەم پرۆسانەش مۆرکێکی زۆر توندتریان بەخۆوەگرت.

ئێمە ئێستا لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەی بزوتنەوەگەلێکداین، هەندێکجار، تەنها ناوەکەیان لەبزوتنەوە کۆنەکانی چلو پەنجاکان دەچێتو هیچی تر. زۆربەی بزوتنەوە کۆنەکان، لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو فیکری سیاسییەوە، کۆن بوون.

بزوتنەوە نوێکان، لەڕوانگەیەکی ئەنتۆلۆژییەوە، دژ بەهەر شتێك دەوەستنەوە کە لەپرۆسەگەلی نوێکردنەوەی سەرمایەداریدا خراپو نەرێ بێت، بەڵام لەڕووی مەعریفیەوە دژایەتی سیستمە ئایدیۆلۆژییەکان دەکەن لەوانە نەتەوایەتیش. گومان لەوەدا نییە کە"ڕزگاریی چاوەڕێکراو" لەسەر حیسابی داماڵینی عەلمانیەتە (بەو واتا تەسکەی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی هاوچەرخ تێیدەگەن)، واتە یەکگرتنی ئایینو دەوڵەت.

تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بەناسیۆنالیزمەوە هەبێت، دەبینین سۆسیۆلۆجیستانی وەك سیڤان (Sivan) دەپەڕنەوە بۆ ئەو دەرەنجامەی کەپێیوایە تەوژمی ئیسلامی پشتی کردۆتە ناسیۆنالیزم. هۆکاری ئەو تەلاقدانە حەتمیەش، وەك دەردەکەوێت، ململانێی ئایدیۆلۆژییانەی سەختو دژواری نێوان پارتە ئیسلامییە نوێکانو پارتە نەتەوەییەکانە.

بەڵام من دەخوازم، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوانەی کەهەن، جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کەبزوتنەوە ئیسلامییە نوێکان تەنها بەرهەمهێنانەوەیەکی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی توێژە مامناوەندەکانن کە لەپەنجاکاندا دیومانن، بەڵام ئەوەیە ئەمجارەیان بەئاستێکی بەرزتر لەهاندانو تێکۆشانو تەیارکردنی سیاسییەوە هاتوونەتەوە گۆڕەپانەکە، بەڵام ئاستێکی هۆشیاریی فیکریی نزمیان هەیە. نکۆڵی لەوە ناکرێت کەسەرکردە دیارەکانی نێو ئەم پارتانە کەسانی ڕۆشنبیرنو لەدامەزراوە نوێکاندا خوێندویانەو بەگشتی لەتوێژەکانی مامناوەندی شارەوە هاتوون، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە کەمناکاتەوە کەزۆرینەی زۆری ئەندامەکانیانو تەنانەت بەشێك

www.pertwk.com

لەسەرکردەکانیشیان لەناوەندێکی جوتیارنشینی کۆچکردووەوە هاتوون، یان لەو شارانەی کە لەگوندەوە نزیکترن تا لەشار. خەسڵەتێکی ئەم ناوەندە ئەوەیە کەبەپێی پێوەرەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیو کلتوری سیاسیو پلەبەندی بەهاو شیرازەو رەفتارەکان چیدی نەیتوانیوە ببێتە شار، بەکورتی بەپێوەری پێکهێنەرە گشتییەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو تاکەکەسی. کۆچبەرانی نێو شارە پانو بەرینەکانو، دەستەو توێژەکانی خوارەوەی چینەکانی مامناوەندی شار، ئەوانەی هەڵکەنراونو بەپەراوێزبوون، بڕبڕەپشتی بزوتنەوە ئیسلامییە نوێکان پێکدەهێنن، کە لەمیانەی گەشەکردنیاندا، چەند تەنێکی تر بەلای خۆیاندا رادەکێشن، کەپێگەیان لەدەرەوەی خۆیانە.

ئەم بزووتنەوانە خۆیان لەسەردەمی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی سیاسیو نەتەوەیی ئابوریدا (Economic Nationalism) دەبیننەوەو، پێ لەسەر ناسیۆنالیزمی کلتوری (Cultural Nationalism) دادەگرن.

خۆ نەبێت ناسیۆنالیزمی کلتوری، لەجیهانو دنیای عەرەبدا، دیاردەیەکی نوێو تازە بێت. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە لەناسیۆنالیزم بەدەوری چەمکی تایبەتمەندێتیدا خولدەخواتو دەشێت وێنەیەکی تایبەت بداتە تایبەتمەندێتی عەرەبی، یان تایبەتمەندێتی ئیسلامی. رەنگە هەریەکێك لەمانەش تایبەتمەندێتی خاڵی دەرچوونی بێتو لێوەی بگاتە داخران، لەترسی ئەوەی نەکا تایبەتمەندێتی پاکیزەیی خۆی لەدەستبدات، یان رەنگە لێوەی بگاتە کرانەوە وەك باوەڕ بەخۆبوونێكو توانای ئاوێتەبوونی شارستانیانەی هەبێت.

کەواتە، ئەوە تایبەتمەندێتی کلتورییە کەمۆرکی ناسیۆنالیزمیانەی بزوتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان دەردەخات کەزادەی ناوەڕۆکی سیاسیو ئابوریانەی ناسیۆنالیزمی پێشووە.

ئەو تایبەتمەندێتیەی ئێستا هەیە، بەبەرگو زمانو سیمبولی ئیسلامی رووپۆشراوە. کەئەمەش دواجار تەنها بەرهەمهێنانەوەیەکی ئایینی شەعبییە، بەزمانی کلتوری باڵا، بەئامانجی دووپاتکردنەوەی خودو پێناسەکەی.

بەڵام شیقان هەوڵی داماڵینی مۆرکی نەتەوایەتی لەبزوتنەوە ئیسلامییە نوێکاندا دەدات، بۆ ئەمەش پشتی بەچەند نمونەیەکی دیاریکراو لەمیسرو سوریای شەستەکان بەستووە، ئەو کاتەی سەرکردەو باڵەکانی ئیخوانولوسلمین پشتیوانی حوکمی نیشتمانی سەربازییان نەکرد لەشەڕیدا لەگەڵ ئیسرائیل. لەکاتێکدا ئەمجۆرە هەڵوێستانە لەزۆربەی، ئەگەر نەڵێیت هەموو بزوتنەوە ئیسلامییەکانی مەشریق وەشاوەتەوە. تەنانەت دوای شکستی حوزەیرانی 1967یش، بۆ نموونە، سەرکردایەتی ئیخوان لەکەناری خۆرئاوا ئەو شکستەی بەتۆڵەیەکی خوایی دانا لەجەمال عەبدولناسرو هاوپەیمانەکانی بەهۆی لەسێدارەدانی سەید قوتبەوە.

ئەوەی راستی بێت، ئایینی رەشەخەڵکی شەعبی، کەسەرچاوەی دەرخستنی هێزی مرۆییە بۆ تەوژمە ئیسلامییەکان، هەمان تێگەیشتنێکی نزیك بەشکستی حوزەیرانی بەرهەمهێناو، بەسزایەکی خواییان زانی بۆ سەر ئەوەی بەسەر ئاییندا هاتووە.

بەڵام کاردانەوەکە لەمەغریبی عەرەب بەجۆرێکی تر بوو. دەتوانین لانیکەم جۆرشی، وەك یەکێك لەسەرکردەکانی رەوتی ئیسلامی نوێ، بەنمونە بهێنینەوە، کەرەخنەی لەبۆرقێبە گرت لەبەرئەوەی بەشداری لەتێکۆشانی عەرەبدا نەکرد لەدژی ئیسرائیل، لەکاتێکدا راشد غەنوشی، کەخاوەنی عەقڵیەتێکی زۆر تەقلیدیترە، زۆر راشکاوانە رقی خۆی بەرامبەر بۆرقێبە دەربڕیو وەك دوژمنی عەرەبو عروبە دایەقەڵەم، بەڵام خۆشەویستی خۆی بۆ عەبدولناسر دەربڕیو بەرەمزی عروبەو ئیسلامی زانی.

پێکدادانی سیاسی — ئایدیۆلۆژی نێوان بزوتنەوە ئیسلامیە نوێکانو رژێمە تاك حیزبیەکان، بەتایبەتیش لەحەفتاو هەشتاکاندا، شرۆڤەیەکی وەهایان بۆ کرا ئەو بزووتنەوانەیان لەناوەڕۆکە نەتەوەییەکەیان بەتاڵکردەوەو لەمەشدا راستییەکی زۆر گرنگ فەرامۆشکرا: رژێمە حوکمدارەکان پێگەکانی خۆیان گۆڕیوەو لەرۆژئاواو ئیسرائیل نزیکدەبنەوە (وەك سادات)، لەکاتێکدا بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەشێکی سەرەکی ئەو نارەزایەتیەیان لەدژی ئەو نزیکبوونەوەیە پێکهێناوە.

ئەو هەڵەیەی شیقان لەهەڵسەنگاندنیدا بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو بزوتنەوە ئیسلامییە نوێکان ئەنجامیدا، هەمان هەڵە بەسەر لایەنو زۆر لەو دەوڵەتانەشدا هات کە بەپارەو پوول پشتگیری ئەو بزووتنەوانەیان دەگرت، کاتێکیش زۆر درەنگ ئەم پەیوەندییە لەدوای دووەم جەنگی کەنداوەوە کەشف بوو، ئەم هێزانە چوونە پاڵ عێراقو لەروانگەیەکی سیاسییەوە دژی هاوپەیمانە ئیسلامیەکانیان وەستانەوەو چەندین خۆپیشاندانی گەورەیان لەدژی جەنگ

بەرپاکردو، ئەمەیان بەروبەڕوبوونەوەیەکی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا، یان ئیسلامو خاچپەرستان چوواند.

بەڵام بەدیوەکەی تردا، دەبینین هەموو ئەو هەوڵانەی لەساڵی 1979وە بۆ 1982 دراون بۆ جیاکردنەوەی بزوتنەوە ئیسلامییە نوێکان لەئێران لەسەر بنەمای ئایینی – مەزهەبی (شیعە - سوونە) هەرهەمووی شکستیهێناوە، کەچی هەوڵەکانی جیاکردنەوەی ئەو دوانە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، لەیەکەمو دووەم جەنگی کەنداودا دەستکەوتی هەبوو، لەمەشدا عێراق رۆڵێکی سەرەکی گێڕا. ئەوەشی یارمەتیدەری ئەمە بوو ئەوەبوو ئیسلامگەری ئێرانی، لەواقیعی خۆیدا، دیوێکی تری ناسیۆنالیزمی فارسی بوو.

پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە عروبەو ئیسلام لەمەغریبی عەرەبیدا بەیەکەوە گەشەیانکردووە، بەڵام لەمەشریقدا ئەم گەشەکردنە بەجیالەیەکتریو تەنانەت هەندێکجار شێوەی دژبەیەکیشی بەخۆوەگرتووە. لەکاتێکدا ئەنجامەکانی هەردوو جەنگەکەی کەنداو، یەکەمو دووەم، زەمینەی بۆ تێکەڵاوبوونو تێهەڵکێشبوونی ئەم دووانە خۆشکرد، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك کەناکرێت لێرەدا باسیان بکەین.

نزیکبوونەوەی نێوان دوو تەوژمی سیاسی کەخۆیان لە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکیو ناسیۆنالیزمی ئیسلامیدا دەبیننەوە، یەکێکە لەسیماکانی تێهەڵکێشبوونی عروبەو ئیسلام لەمەشریقدا، لەسەر هەمان پێودانگی مەغریب.

ئێمە ناسیۆنالیزممان بەپێی پێوەری سیاسی (لیبرالی، دەستوری، دەسەڵاتخواز)، کۆمەڵایەتی (نوخبەوی، پۆپۆلیستی)، ئایدیۆلۆژی (عەلمانی، ناعەلمانی)، فەلسەفی (مێژوویی، ژیاریی)، سۆسیۆلۆژی (ئەتنیکی، نەژادی، ئایینی) پۆلێن کرد، یاخود لەسەر بناغەی ناوەڕۆك : سیاسی، ئابوری، کلتوری؛ یان لەسەر بناغەی دیدو تێڕوانین: کراوە، داخراو، تاد.

هەموو ئەمانە، کەئەگەری فراوانبوونیان لەبەردەمدایە، هێمان بۆ ئەو راستییەی کەئێمە لەبەردەم دیاردەیەکی ناوەڕۆك دەوڵەمەنداین، کەخاوەنی چەندین فۆرمو پەیوەندییە.

بەپاڵپشتی هەموو ئەو سیفەتە سادانە، دەڵێین جیهانی عەرەب دوو فۆرمی سەرەکی لەناسیۆنالیزم تێدایە، شێوەی یەکەم ئەتنیکییەو، شێوەی دووەمیش ئایینی. خۆ ئەگەر ئەم دووانە هەردووکیان دەستبدەنە دەسەڵاتخوازییو بەدیهێنانی خەونە پۆپۆلیستیەکانیان، یان شتی تری لەمجۆرە. ، ئەوا یەکەم شاندادەداتە سەر بواری سیاسی، لەکاتێکدا دووەم قورسایی خۆی دەخاتە سەر بواری کلتوریی. پڕ بەپێستی خۆیەتی بە ناسیۆنالیزمی ئیسلامی بگوترێت: ناسیۆنالیزمی کلتوریی – داخراو.

هەردوو تەوژمەکە لەچوارچێوەی دەوڵەتانی نەتەوەییدان، ئەمە بەپێی زمانە سەیرەکەی پێشووی نەتەوایەتی: دەوڵەتی قوتری، واتە چەند کۆسپێکە لەبەردەم دەوڵەتی نەتەوەییدا. بەڵام ئێمە وا سەیری دەوڵەتانی قوتری دەکەین وەك ئەوەی دەوڵەتانی نەتەوەیی تەواو بن.

نوێنەرانی هەردوو تەوژمەکە پابەنددەبن بەو دەوڵەتە نەتەوەییانەوە، وەك ئەوەی ئەمانە چەند یەکەیەکی سەرەتایین بەرەو دەوڵەتی عەرەبی، یاخود دەوڵەتی ئیسلامی دەچنو، نەتەوەیەکی عەرەب یان نەتەوەیەکی ئیسلامی بەرجەستەدەکەن.

فۆرمی ئەتنیکی (= عەرەبی)یانەی ناسیۆنالیزم لەجیهانی عەرەبدا روبەڕوی کێشەی کەمایەتییە ئەتنیکیەکانی تر دەبێتەوە: کوردەکان، بەربەر، ئەفریقاییەکانی باشوری سودان.

هەرچی فۆرمی ئاینی (= ئیسلامی)یانەی ناسیۆنالیزمیشە، ئەو دووچاری کێشەی کەمایەتییە ئاینیو مەزهەبییەکان دەبێتەوە: مەسیحییەکان بەگشتی (بۆ نموونە قیبتییەکانی میسرو سودان)، یاخود دابەشبوونە مەزهەبییەکان (شیعە - سوننە).

پێدەچێت هەر ئەم راستیانە بن بەهەنگوینی تیۆرەکان چاویان لێدەپۆشرێتو، پاڵ بەهەندێك لەسەرکردە نەتەوەییەکانەوە دەنێت، ناسیۆنالیزمی خۆماڵی دابتاشن : سوری، عێراقی، جەزائیری یان تونسی. نمونەی عێراق گرنگە: ئایدیۆلۆژیای بەعس لەو وڵاتەدا، لەڕووی ئەتنیکیەوە، پشتی بەچەمکی عەرەبی بەستووە، ناچاربووە چەند رەمزێك لەمێژووی ئیسلامی (سەلاحەددینی ئەیوبی)و، لەمێژووی دێرینی عێراقیش (بابلی = نەبوخوزنەسر) بخوازێت. ئەمە جگە لەبەکارهێنانی رەمزە ئیسلامییەکان بۆ دارشتنی ناسیۆنالیزمێکی عێراقی کەسنوری دابەشبوونە ئەتنیکیو ئایینیو تایەفەگەرییەکان تێبپەڕێنێت.

www.pertwk.com




- Ahmad al-Khatib, the Society of Muslim Ulema in Algria and its Reformits Role, Algeria 1985.
- H.A.R Gibb and Harold Bowen, lslamic Society and the West, V.l, Oxford, 1950.
- Bernard Lewis, The Emergence of Modern Turky, Oxford, 1961.
- P.M. Holt, Egypt and the Fertile Crescent, 1516-1922; a Political History, 1966.
- Ervend lbrahamian, lran Btween Two Revolutions, Princeton 1982.
- A. Hourani, Arabic Thought in the Liberal Age, Cambridge, 1983.
- Nekkie Keddie, An Islamic Response to Imperialism, Berkeley, 1983.
- William L. Cleveland, The Making of an Arab Nationalist Ottomanism and Arabism in the Life and Thought of Sati' al. Husri, Princeton, 1971.
- Same Zubaida, The European State in the Muslim Word. Unpublished paper.
- Dieter Bellman, Bourgeois Arab Theories on the cultural Function of lslam in Society, in: lslamic in Society, in: lslamic Studies in the GDR, Akdemie Verlag, Berlin, 1982.
- Elie Kedourie, ed., Nationalism in Asia and Africa, New York, 1970.
- E.J. Hobsawm, Nations and Nationalism Since 1978, Cambridge, 1990.
- Francois Burgat, L'lslamisme au Maghreb, 1992.
- Faleh A. Jabar, "The Gulf war and ldeology: The Double Edged Sword of lslam", in The Gulf War and the New World Order, ed., by Haim Bresheeth and Nira Yuval-Davis, ed, 1991.
- اميل توما، تاريخ مسيرة الشعوب العربية الحديث، بيروت، 1981.
- عبدالرحمن الكواكبي، الاعمال الكاملة، بيروت، 1975
- جمال الدين الافغاني، الكتابات السياسية، الجز الثاني، بيروت، 1981.
- الياس خورى، المسيحيون العرب، الطبعة الثانية، بيروت، 1986.




## سەرچاوەکانی ( ناسیۆنالیزمو ئیسلامی سیاسی )و ( ناسیۆنالیزمی عەرەبو ئیسلام )


- E.Gellenr, Nations and Nationlism, Blackwell, 1992.
- Hegel, Lectures on the History of philosophy, Arabic translation, v.l, Beirut, 3rd ed.,1983.
- A.D. Smith, Theories of Nationalism, Duckworth, 1971.
- Ayatollah Muhamad Shirazi, towards a One-Billion Muslim State,
- E. Sivan, Radical lslam, New Haven and London, 1985.
- Benedict Anderson, lmagined Community, Verso, 1985.
- Sami Zubaida "Theories of Nationlism", in G. Littlejohn, ed., powr and State, 1978; also, lslam, the People and the State, Routledge, 1989.
- M. Watt, lslamic Political Thought. Chapter 6, "The Formation of the Religious Establish-ment"
- Hamid Enayat, Modern lslamic Political Thought, Macmillan, 1988.
- E. Mortimer, lslam, Power and Faith, Faber and Faber, 1982.
- Albert Hourani, The History of Arab Peoples, London, 1990.

www.pertwk.com

- خالد زيادة، اكتشاف التقدم الاوروبي، بيروت، 1981.
- نيقولاى ايفانوف، الفتح العثماني للاقطار العربية 1516-1574، بيروت، 1988.
- لويس عوض، تاريخ الفكر المصري الحديث، القاهرة، الطبعة الرابعة، 1987.
- صادق جلال العظم، نقد الفكر الديني، بيروت، الطبعة الخامسة، 1982.
- ميشال عفلق، في سبيل البعث، بيروت، الطبعة الرابعة، 1963.
- لوتسكي، تاريخ الاقطار العربية الحديث، بيروت، 1980.


- افاناياسيف، تاريخ العربية السعودية، موسكو، 1985.
- أحمد الخطيب، جمعية العلماء في الجزائر ودورها الاصلاحي، الجزائر، 1985.
- م. هرماسي، الدولة والمجتمع في المغرب العربي، بيروت، 1987.
- الأمير عبدالقادر الجزائري، تذكير العاقل وتنبيه الغافل، بيروت.
- ت. ب. تيشونؤفا، ساطع الحصري، رائد المنحى العلماني في الفكر القومي العربي، الطبعة العربية، موسكو، 1987.
- ساطع الحصري، آراء وأحاديث في القومية العربية، بيروت 1959.
- ساطع الحصري، أبحاث مختارة في القومية العربية، بيروت 1974.
- ساطع الحصري، ماهي القومية؟ بيروت 1959.
- ساطع الحصري، محاضرات في نشوء الفكرة القومية، بيرتت، 1959.
- نضال حزب البعث العربي الاشتراكي، القضايا القومية، دمشق 1978.
- حليم يازجي وآخرون، بحوث في الفكر القومي العربي، الجزء الاول، بيروت1983.
- القومية العربية والاسلام، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت1982.
- محمد عبده، الاعمال الكاملة، الجزء الاول، بيروت 1979.
- علي عبدالرزاق، الاسلام واصول الحكم، بيروت 1972.
- رفعت السعيد، حسن البنا، مؤسس جماعة الاخوان المسلمين، القاهرة، الطبعة الخامسة، 1984.
- مجلة "منبر الحوار"، العددان 23-24، بيروت1992.
- أ. ياسين، دور حماس في الظاهرة الاسلامية في الضفة وغزة، "الاردن الجديد"، العدد 11، عمان، 1988.
- فايزه ساره، الحركة الاسلامية في فلسطين: وحدة الايديولوجيا وانقسامات السياسة، "المستقبل العربي"
- ربيع المأذون، الحركة الاسلامية في فلسطين، "دراسات فلسطينية"، الرقم187، 1988.

**سەرچاوە:**

**فالح عبدالجبار / النزعة القومية العربية والاسلام** 1890-1990 / **القومية: مرض العصر أم خلاصه؟ / دار الساقي / الطبعة الاولى** / 1995 / **ص**93-119.

# ناسیۆنالیزمو کۆمەڵگە

## هەلومەرجی دروستبوونی ناسیۆنالیزمو ئیشکالیەتی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا

### (عێراق وەك نمونەیەك)

**نوسینی : عەبدولحەلیم ئەلڕەهیمی**

ناسیۆنالیزم چییە؟ .. ئایا نیشتمانپەروەرییە یان نیشتمانپەروەری بۆخۆی چەمکێکی ترەو واتایەکی تر دەگەیەنێت؟ .. ئایا نەتەوەیە یان نەتەوەش بۆ خۆی واتایەکی تری هەیە؟ .. ئایا ناسیۆنالیزم بزوتنەوەیەکە یان پرۆژەیەکی سیاسی-فیکرییە، یان تەنها چەمکێکی ئایدیۆلۆژی – عەقائیدییەو هیچی تر؟ .. ئەی چەمکی دەوڵەت/ نەتەوە چییە؟ .. ئەم زاراوانەی خوارەوە لەهەریەك لەکۆمەڵگە رۆژئاواییەکانو کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییەکاندا چی دەگەیەنن : ( Nationalism , Nation , State , Patriotism).

ئەگەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەشێوەیەکی دورو درێژ بێت، یان گەڕان بەشوێن رەگوڕیشەکانی زاراوە سیاسییەکانی سەرەوە،ئەمانە هەردوکیان بمانخەنە دەرەوەی باسەکەوە، بەلام خستنەڕووی ئەو پرسیارانە بۆ کێشانی چوارچێوەیەکی پانو بەرین کارێکی پێویستە، سەرەتا، ئیشکالیەتەکە خۆی بابەتی لێکۆڵینەوەیە.

ئایا وەڵامدانەوەی پرسیارەکانو ئەو پێناسانەی زاراوە سیاسییەکان هێندە روونو ئاشکران کەچیدی پێویست بەمشتومڕ نەکات لەبارەیانەوەو بەرادەیەك دوورن لەهەر جۆرە لێڵیو نارۆشنییەك کەبکرێت پشتیان پێببەسترێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو ئیشکالیەتەی لەسەرهەڵدانی خودی ناسیۆنالیزمو گەشەکردنەکەیدا هەیەو، پەیوەندی ئەو ئیشکالیەتی دروستبوونە بەکۆمەڵگەوە، وەك کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، یان وەك چوارچێوەیەك کەچەندین پێکهاتەو دەستەو گروپی جیاوازی لەخۆگرتووە؟.



لەمیانەی بەدواداچوونی (وەجیە کەوسەرانی) بۆ چەمکی State/Nation ئاماژە بەوە دەدات کەگفتوگۆیەکی بەربلاو لەمەڕ ئەم چەمکە هەیە : چونکە لەلایەکەوە چەمکی Nation لەهەردوو سەدەی 18 و 19دا وەك گوتەزایەکی جێگیرو چەسپاو جەوهەرێکی تایبەت بەخۆی هەیەو لەلای ئێرنست رێنان بریتییە لە"ئیرادەی ژیانێکی هاوبەش"، لەکاتێکدا بەلای هیگڵەوە نەتەوە رۆحی گەلەو، (مۆنتسکیۆ)ش لەلای خۆیەوە بەچەند نەگۆڕێکی ژینگەیی جوگرافیایی دادەنێت، ژمارەیەك لەلێکۆڵیارانی فەرەنسایش لەبواری فەلسەفەی سیاسیدا چەمکی Nation بەشێوەیەکی دیالەکتیکانە دەبەستنەوە بەدەوڵەتەوە وەك مەرجی بەدیهاتنی[1]، بەلام فالح عەبدولجەبار پێیوایە کە ناسیۆنالیزم (Nationalism) لەسەر ئاستی فیکری عەرەبی جێگەی بگرەو بەردەیە، لەکاتێکدا ناوەرۆکی وشەکە لەفیکری رۆژئاواییدا زۆر ئاشکرایەو هیچ نارۆشنییەکی تێدا نییە[2].

ئەگەر ئەمە هەر بەو شێوە ساغنەبۆوە بهێڵینەوە کەهەیەو نەتوانین چەمکێکی دیاریکراو بدەینە پاڵ ناسیۆنالیزمو نەتەوەو، ئەو وتوویژو نارۆشنیەشی لەبارەیانەوە دەکرێت هەر بەردەوام بێت، ئەمە وامان لێدەکات بسەڵمێنەوە لەوەی بتوانین سیفەتێکی رەهاو موتڵەق بدەینە هەر پێناسەیەك بۆ ناسیۆنالیزم، نیشتمانپەروەیی یان نەتەوە لەکاتی گەڕانمان بەدوای دۆزینەوەی ئیشکالیەتی هەریەکەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا.. ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی ترە بۆ بەئیشکالیەتکردنی ئەم مەسەلەیە.

لەنێو ئەو رستە پێناسانەی بۆ نەتەوەو ناسیۆنالیزم لەرۆژئاوادا هەن، دەکرێت پێناسەکەی ئارنست رێنان بەنموونە بهێنینەوە کەپێیوایە (نەتەوە هاوکارییەکی بەرفراوانەو هەبوونیشی دەنگدانێکی بەردەوامە بۆ ژیانی هاوبەش...) کە بۆ دیاریکردنی چارەنوس کەدەبێت بۆ حەزوو ئارەزووی گەلانو رۆشنبیرەکانیان بگەڕێینەوەو وەك تاکە پێوەری راستەقینە پشتی پێببەستین[3]. بەلام هەرچی بۆرلاردە مێژووی نوێ لەکتێبی "دەروازەیەك بۆ توێژینەوەی فیکری ناسیۆنالیزم" وەك مێژووی "دەوڵەتی نەتەوەیی" ناودەباتو مێژووی کۆنیش بە شار – دەوڵەتو، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستیش بەمێژووی ئیمپراتۆریاتەکان دادەنێت، هەروەها ناوبراو "گوێڕایەڵی بۆ نەتەوە بەکۆڵەکەی دەوڵەت دەزانێت، لەکاتێکدا ئەم گوێڕایەڵییە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بەپلەی دوو دێت"، بەو حیسابەی کە

www.pertwk.com

گوێرایەڵییەکەی دووەمیان "گوێڕایەڵییەکی ناسیۆنالیستی فراوانترە لەنەتەوەو دەوڵەتەکەی، واتە لە نەتەوە/دەوڵەت...". بەڵام دەوڵەتی ئەوروپایی لەپێش شۆڕشی فەڕەنساییەوە بەدەوڵەتی نەتەوەیی دانانرێنو تەنها بوونی نەتەوەش لەگۆڕێدا بەس نەبووە... لەبری ئەمە دەوڵەت - تیرە لەئەورووپادا هەبووە[4].

کەواتە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین، چۆن لەرەوتی گشتی سەرهەڵدانو گەشەسەندنی هۆشیاری ناسیۆنالیستیو، پەرەسەندنی هەردوو چەمکی نەتەوەو ناسیۆنالیزم لەئەورووپادا تێدەگەین، چۆنو چ کاتێکیش دەوڵەتانی ناسیۆنالیستی دامەزرێنران.. چۆنو چ دەمێکیش تیۆرەکانی تایبەت بەناسیۆنالیزم دارێژران؟

چاوخشاندنەوەیەك بەرەوتی گشتی مێژووی ئەورووپادا ئەوەمان نیشاندەدات کەسەرهەڵدانو پێکهاتنی هۆشیاری ناسیۆنالیستیو، دواتریش دروستبوونی دەوڵەتی ناسیۆنالیستیو پاشان تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم، پابەندی چەند هۆکارو رەوشێکی جۆراوجۆری هەر دەوڵەتێك یاخود هەر کۆمەڵە دەوڵەتێکی ئەورووپاییە بەجیا، لەکاتێکدا هەر دروستبوونێك لەم دروستبوونانە چەند خەسڵەتێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کەلەوانی تری جیادەکاتەوە، ئەمەش وەستاوەتەوە سەر ئاکامەکانی گەشەی ئابوریو کۆمەڵایەتیو دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیشەسازی، یان ئەوەی پێیدەگوترێت "سەردەمی رۆشنگەریی"، یان بەهۆی گەشەو فراوانبوونی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەرەوە لەدەرەوەی سنوری ئەم دەوڵەتو کۆمەڵگەیانە.

کەواتە بەم پێیە، چۆن نەتەوەو ناسیۆنالیزم لەوڵاتانی نا ئەورووپیداو بەتایبەتیش لەوڵاتانی عەرەبی – ئیسلامیدا پێناسەبکەین. با وەك نموونەیەك، دوو پێناسەی دیدگا جیاواز بهێنین، یەکەمیان ناسیۆنالیزم پێناسە دەکات بەوەی کۆمەڵێك بەندوبارە (الجوابگ) لەژیانی عەقڵیو ویژدانی پێکەوە، لەکاتێکدا نەتەوە بەکۆنیو دێرینییەکەیدا دەناسرێتەوە کەئەمەش بەڵگەیە بۆ بەدواییەکداهاتنی چەندین نەوە لەرووی مێژووییەوەو لەسەر یەك زەمین[5]، بەڵام هەرچی دووەمیانە ناسیۆنالیزم بەسیستمێکی ئەو پەیوەندییانە دەزانێت کەتێیدا چەمکی هاوڵاتیو وڵات جێگەی هەموو پەیوەندییە بەرتەسکەکانی تری وەك (تایەفە، خێڵو تیرە)[6] دەگرێتەوە.

ئایا ئەم دوو پێناسەیە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە هەڵبژێردران هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ پێناسە ئەورووپاییەکاندا هەیە بۆ ناسیۆنالیزم، کەبەپێی هەلومەرجی سەرهەڵدانەکەی چەند چەمکێکی دیاریکراوی بەرهەمهێناوە.. یان



ئەوەتا دەکرێت هەردوکیان بەسەر هەموو دنیادا بگشتێندرێت، بەو پێیەی کەناسیۆنالیزم لەجیهاندا دیاردەیەکی مێژووییەو دەشێت چەند پێناسەیەکی نزیك بەیەکی هەبێت، بەڵام بۆ چەند شوێنێکی جیاجیا؟ رەنگە وەڵامی ئەمەمان لەو کاتەدا دەستبکەوێت کەبەشوێن سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمو بەکاربردنی چەمکەکەیەوەو، پاشان پێکهاتنی هۆشیاری ناسیۆنالیستی لەوڵاتانی عەرەبیدا بین.

رەزوان سەید لەلێکۆڵینەوەکەیدا لەمەڕ "زاراوەی سیاسی نوێی عەرەبی" باس لەوە دەکات: ناسیۆنالیزم لەسەرەتای سەدەی بیستدا (لەوڵاتانی عەرەبیدا) هاوواتای نیشتمانپەروەری بووە، هەروەك لەرۆژنامەی ئەهرامی ئەو کاتەشدا هاتووە (گریمانە نیشتمانیو نەتەوەییەکان). بەڵام یەکەم بەکارهێنانی ناسیۆنالیزم وەك وشە لەعەرەبیدا بۆ ساڵی 1916 دواکەوت، ئەوکاتەی حسێن شەریف بانگەوازی شۆڕشی لەدژی تورك راگەیاند، بەڵام ئەم وشەیە لەبەکارهێنانی سیاسی خۆیدا لەوشەی نیشتمانپەروەری جیانەکرایەوە، مەگەر ئەوە نەبێت لەسییەکانی سەدەی بیستداو لەنوسینەکانی (ساطع الحصري) دا هاتبێت[7].

لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە، زەین نورەدین زەین لەتوێژینەوەیەکیدا ئاماژە بەوە دەکات کەئیسلام لەسەدەی نۆزدەدا رەگو ریشەیەکی قووڵی لەمەشریقی عەرەبیدا هەبووە بەجۆرێك بیری ناسیۆنالیستی نوێی رۆژئاوایی نەك هەر نەیتوانیوە درزی تێبخات.. بەڵکو ئیسلام توانیویەتی بەرەنگاری هەموو تەقەللایەکی عەلمانیکردنیش بێتەوە، زەین لەمەوە بەو دەرەنجامە دەگات کەنابێت بگوترێت ناسیۆنالیزمی سیاسی نوێ زادەی کێشەو ململانێیەکی ناوخۆیی یان بارگرژییەکی رۆحی بووەو عەرەب خۆی لەناو شارستانێتی عەرەبی ئیسلامیدا هەستی پێکردووە[8]... بەڵام رەزوان سەید پێیوایە کاتێك یەکەم جەنگی جیهانی روویداو دەوڵەتی عوسمانی دارما، دەوڵەتی ناسیۆنالیستی لەپێش خەمڵینی بیری ناسیۆنالیستییەوە دەرکەوت. لەو نێوەدا کۆمەڵەی گەلانی عەرەب لەپێش هەمووانەوە دەرکەوتو داوای نوێکردنەوەی ئەو دەوڵەتە نیشتمانیانەی دەکرد کە لەسەر ئاستی جوگرافیای سیاسی پێکدەهات[9].

پرسیارەکە ئەمەیە: هەڵوێستی نوخبە سیاسییەکانو گروپو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چی بوو بەرامبەر ئەو دروستبوونی دەوڵەتانی نوێی ناسیۆنالیستیو ئەو سەربەخۆییانەی پاش یەکەم جەنگی جیهان پێکهاتن؟

ئەو دەمەی چەند توێژێك لەنوخبەی سیاسی کەپێیاندەگوترا نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستەکانو کاری بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتە نوێیانەیان، وەك چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆو نەتەوەیی، لەئەستۆ گرت، کەبەرژەوەندییەکانی لەیەکگرتنو یەکتربڕیندا بوو لەگەڵ بەرژەوەندیی‌و پرۆژەکانی دەوڵەتگەلی رۆژئاواییدا لەمەڕ چارەنوسی ناوچەکەو گەلەکانی.. ئەم پێکهاتنەی دەوڵەتانی ناسیۆنالیستی نوێ لەدەیەی بیستەکاندا روویدا، هەروەك وەجیە کەوسەرانیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەمەش لەرێگەی سەرکوتکردنی خەباتی مەدەنیانەی تایبەت بەو کۆمەڵگەیانەوە بوو کەبەشێوەیەکی راستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی رۆژئاوادا بوون، لەگەڵ لەباربردنی پرۆژەکانی تایبەت بەپێکهێنانی "دەوڵەتە ناسیۆنالیستە نوێ"یەکان بەگشت چەمكو دامەزراوەکانیەوە[10]، کە رەنگە سەرکوتکردنی هێزەکانی داگیرکاری بەریتانیایی لەدژی تێکۆشانی عێراقییەکان لەبزووتنەوەی جیهادی 1914-1918 و لەماوەی شۆڕشی 1920 ، باشترین دوو نمونە بن بۆ ئەمە.

هەربۆیە، وێڕای بانگەشەکردنی نوخبەیەکی سیاسی دیاریکراو بۆ بیری ناسیۆنالیستی لەچەند شوێنێکی مەشریقی عەرەبیدا، بەڵام دیسانەوە کۆمەڵگەی سڤیلی – مەدەنی بەهەموو گروپو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا، لەبیرو بۆچوونی ئەو نوخبە سیاسییە بەدوربوونو لەژێر کاریگەریی ئەو بیرەدا نەبوون، لەکاتێکدا دەوڵەتانی تازە بنیاتنراویش لەلای خۆیانەوە گوزارشتیان لەخولیاو ئاواتی ئەم کۆمەڵو پێکهاتەو نوێنەرەکانیان نەدەکرد، ئەگەرچی هەوڵێکی زۆریش لەگۆڕێدا بوو بۆ ئەوەی مۆرکێکی نەتەوەیی‌و سەربەخۆخوازانەش بدرێتە ئەم دەوڵەتانە.

لەهەڵسەنگاندنی دواتری ئەم دەوڵەتانەدا، عەبدوڵلا عەروی لەکتێبی (چەمکی دەوڵەت – مفهوم الدولة)دا دەڵێت: دەوڵەتەکە بەبیانی ماوەتەوەو کۆمەڵگەش کەساس بووە، نیشتمانپەروەریی گوزارشتی لەکلۆڵییەکی تری تازە کردووە بەتایبەتیش بەو هەلومەرجە نوێیەی پێشتر فەقیهەکان گوزارشتیان لەو رۆژڕەشییە کردووەو بەمادەیەکیان چوواندووە کەبەهیچ شێوەیەك لەو نەچووە. هەروەها عەروی هەڵوێستی بزوتنەوەی نیشتمانی ( بەمەغریبی‌و عەرەبییەوە) والێکداوەتەوە کەزۆر بەئاگایانەوە لەبەرامبەر بەڕێوەبەرایەتییە نوێکەدا جوڵاونەتەوە، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو دوورەپەرێز بووە لەنەریتی خەڵکەکەوە[11]، بەهەموو ئەو بەهاو دابو نەریتە ئایینی‌و کلتوریی‌و خێلەکییەی هەڵیگرتووە.



## ناسیۆنالیزم و کۆمەڵگە ( لەعێراقدا )

چەند جیاوازییەك لەسیماو خەسڵەتی دروستبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌و (نیشتمانی) لەعێراقو رسکانی هۆشیارییاندا هەیە، کەجیایدەکاتەوە لەهاوشێوەکانی لەدەوڵەتانی تری مەشریقی عەرەبیدا، بەتایبەتیش لەسوریاو لوبنانو میسردا.

مێژووی پێوەلکانی ئەم سیماو خەسڵەتانەش دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە بەبزوتنەوەی جیهادو بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری بەریتانیاو سەرهەڵدانی شۆڕشی بیستو دامەزراندنی "دەوڵەتی ناسیۆنالیستی نوێ"ی ساڵی 1921 دا گوزەر دەکات. لەدوای ئەمە، جگە لەچەند هەڵوێستێکی دژ بەئیستبدادی تورك لەلایەن چەند شاعیرێکی عێراقییەوە، چیدی عێراق لەپێش ساڵی (1908)ەوە هیچ پارتو بزوتنەوەیەکی تێدا نابینرێت کەدروشمی ناسیۆنالیستی یان سەربەخۆخوازیی بەرزکردبێتەوە. بەڵام لەدوای ئەم مێژووەوە چەند کۆمەڵەیەك دروستبوون کەهەندێکیان بیروبۆچوونی سەربەخۆخوازانەو ناسیۆنالیزمی عەرەبیانەیان هەڵگرتبوو، لەوانەش وەك (کۆمەڵەی یانەی نیشتمانی) لەبەغدادو (کۆمەڵەی ریفۆرمخوازەی بەسرە)و "کۆمەڵگەلی سەردەم – لقەکانی عێراق"، ئەو کۆمەڵانەی لەعێراقدا دروستبوون، بەهەندێك زێدەڕۆییەوە، "نۆبەرەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی" ن لەپاش راگەیاندنی دەستوری عوسمانی ساڵی 1908[12].

بەڵام ئەم کۆمەڵانە کە تەوژمێکی سیاسی- فیکرییان پێکهێناوەو لەلایەن چەند توێژو نوخبەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی دیاریکراوەوە بەڕێخراوە، هەر بەناجێگیریی ماونەتەوەو کاریگەرییەکی کەمیشیان هەبووە. لەبەرئەوە هەر لەگەڵ داگیرکردنی ئینگلیز لەساڵی 1914دا، ئەم تەوژمە پاشەکشەیەکی زۆری لەچالاکییەکانی خۆیدا کردو ئەو پارتو کۆمەڵانەشی نوێنەرایەتیشی دەکردن هەڵوەشانەوە، لەکاتێکدا هەندێك لەئەندامەکانی ئەم تەوژمە لەدەرەوە پەیوەستبوون بەپرۆژەی شەریف – ئینگلیزەوە کەدواتر چەند پۆستێکیان لەبەڕێوەبەرایەتی داگیرکاریی‌و ماندێتدا وەرگرت[13].

(وميض نظمي) لەکتێبی (رەگوڕیشە سیاسییەکان)دا بەمجۆرە باس لەهۆکاری لاوازی‌و سستی رۆڵی ئەندامانی ناسیۆنالیستی عەرەب لەماوەی یەکەم جەنگی جیهاندا دەکات: ئەو کاتەی جەنگەکە هەڵگیرسا ناسیۆنالیستانی عەرەب غەفڵەتگیر بوون..

www.pertwk.com

ئیدی دەبووایە یان پشتگیری عوسمانییەکان بکەن یان بەریتانیا، لەکاتێکدا ئەوانەی لەگەڵ پرۆژەکەی شەریفدا بوون پشتگیری بەریتانیایان دەکرد. لەبەرئەوە چالاکی ناسیۆنالیستانی عەرەب لەنێوان ساڵانی 1914-1918داو لەعێراقدا خاوبوونەوەی بەخۆوە بینی[14].

ئەوەی لەم شرۆڤەیەدا نییە پێکەوەگرێدانو توانای رازیکردنە. چونکە چەندین هۆکاری تری سەرەکی هەن بۆ راڤەکردنی ئەو لاوازییە لەتەوژمی ناسیۆنالیستی عەرەبدا لەپێش 85و لەکاتی یەکەم جەنگی جیهانیو دوای ئەویش.

**گرنگترینی ئەو هۆکارە سەرەکییانە بریتین لە:**

1- هەیمەنەی تەوژمی ئیسلامی، بەهۆی کلتورو مێژووەکەیو دامەزراوەو رابەرەکانییەوە، بەسەر بیروڕای گشتیدا، بەتایبەتیش بەسەر کۆمەڵو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە چالاکو کاریگەرەکانی وەك خێڵەکانی گوندو پیاوماقوڵانو چەند چالاکییەکی کۆمەڵایەتی تری نێو شارەکان.

2- دووریی رێژەییانەی عێراق لەکاریگەرییەکانی دیمەشقو بەیروتو قاهیرەو پاریس، کەنوخبەی سیاسی عەرەب تێیاندا بانگەشەی بۆ ناسیۆنالیزمو دژایەتیکردنی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد.

3- بەهۆی فرەیی ئەو پێکهاتەو گروپە ئەتنیکیو ئاینیو مەزهەبیو خێڵەکییانەی کۆمەڵگەی عێراقیان پێکهێناوە، کەئەمەش بۆتە کۆسپ لەبەردەم وەرگرتنو پەسەندکردنی ئەو بۆچوونە تازانەی لەدەرەوە هاتوون، وەك بانگەوازی ناسیۆنالیستانە، بەبەراورد لەگەڵ توانای رابەرانی ئیسلامیو رادەی کاریگەری زۆریان لەسەر ئەو جەماوەرە ئیسلامییە بەرفراوانەی کۆمەڵگەی عێراقیان پێکهێناوە، کەئیسلام (بۆ ئەو جەماوەرە) تاکە عەقیدەیە بۆ یەکخستنی هەستو سۆزو خەونو هەڵوێستە گشتییەکانیان.

دوو تێڕوانینی سەرەکی دژ بەیەك لەبارەی تەوژمی ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە هەن، بەڵام ئەوە دێنێت لەسەریان رابوەستینو تێڕامانیان لەسەر بکەین:

یەکەمیان، ئەوەیە لەکتێبی " رەگوڕیشەی سیاسیو فیکریو کۆمەڵایەتیانەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەب لەعێراق"* دا هاتووەو لەلایەن دکتۆر (وەمیض جمال عمر نظمي)یەوە نوسراوە.

دووەم تێڕوانینیان، ئەوەیە لەهەردوو کتێبی " پرۆژەی ناسیۆنالیستی لەعێراقدا"و "شیعەو دەوڵەتی ناسیۆنالیستی لەعێراقدا"**ی حەسەن عەلەویدا باسی لێوەکراوە.

هەرچی تێڕوانینی یەکەمیانە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەنوسەرانی ناسیۆنالیستیو هێزە سیاسییە ناسیۆنالیستەکانەوە پەسەند کراوەو، تەنانەت بەزێدەڕۆییەوە، رەگو ریشەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبیان لەعێراقدا بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم گەڕاندۆتەوەو، تەنانەت واوەتریش دەچنو زیادی پێوەدەنێن لەوەی کەئەم بزوتنەوەیە زۆر چالاك بووەو نوخبە سیاسییەکەی توانیویەتی رۆڵی زۆر گەورەتر لەو قەبارەیە بگێڕێت کەهەیبووە، کەئەم جۆرە تێڕوانینانە زیاتر گوزارشت لەخولیاو حەزی تاکەکەسی نوسەرەکانو هەڵوێستی ئایدیۆلۆژییانەی لایەنگریان دەکات لەتوێژینەوەکەیاندا بۆ ئەو تەوژمە[15].

بەڵام تێڕوانینی دووەم، کەتارادەیەکی زۆر خۆی لەبەرپەرچدانەوەی تێڕوانینی یەکەمو قوتابخانەکەیدا دەبینێتەوە، پێ لەسەر ئەو دەرەنجامە گرنگە دادەگرێت، کەپەیرەوکەرانی پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراقدا بەمیراتگری ئیستبدادیەتی عوسمانی – تورکی بەمەزهەبکراو ناودەباتو، لەگەڵیدا بەردەوامبووە، لەو نێوەدا (ساطع الحصري) کە یەکێك بووە لەپیاوەکانی فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسەینو لەگەڵیدا بەرەو عێراق چووەو لەوێ پۆستی مودیری مەعاریفی بۆ چەند ساڵێك بەدەستەوە گرتووە، باشترین وێنەی ئەو گواستنەوەیە لەعوسمانیەتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی.. واتە لەپرۆژەی دەوڵەتی عوسمانی داپڵۆسێنەری بەمەزهەبکراو بۆ پرۆژەی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی "نوێ"ی داپڵۆسێنەری بەمەزهەبکراو[16].

---

* ناونیشانە عەرەبییەکەی ئەم کتێبە بریتییە لە ( الجذور السياسية والفكرية والاجتماعية للحركة القومية العربية (الاستقلالية) في العراق". و-ك

** ناونیشانە عەرەبییەکەی ئەم دوو کتێبە بەمجۆرەیە: "المشروع القومي في العراق"و "الشيعة والدولة القومية في العراق". و-ك

www.pertwk.com



ئەگەر تێڕوانینی یەکەمو قوتابخانەکەی لەتوێژینەوەیدا بۆ بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراقدا خۆی لەلێکۆڵینەوەو هەڵکۆڵینی زانستیانە دووربخاتەوەو، بەپێی روانگە ئایدیۆلۆژییو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پەنابەرێتەبەر ئەوەی خۆی بەمەزهەبو میراتی داپڵۆسێنەرانەی عوسمانی (تورکی)یەوە گرێبدات، ئەوا تێڕوانینی دووەمیش شتێکی کەمی لەم گەڕاوەتەوەو رەخنەیەکی توندی میتۆدو بیروبۆچوونەکانی تێڕوانینی یەکەمی نەکردووە بەمەبەستی ئەوەی توێژینەوەیەکی قووڵ لەبارەی بزوتنەوەی عەرەبی لەعێراقدا بەرهەمبهێنێت، بەڵکو ئەوەی هەیە رەخنەیەکی گشتییە لەمیراتی داپڵۆسێنەرانەی تورکو خۆ بەمەزهەبکردنەکەیو هیچی تر، ئیتر بێ ئەوەی لەهۆکارو فاکتەرە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتورییەکانی تردا قووڵببێتەوە[17].

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی باسمانکردن، پرسیارێکی گرنگ هەبێت بیخەینەڕوو ئەوەیە کە: بۆچی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی، یان پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراق لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا ئەو رێچکەیەی گرتەبەر.. ئایا دەکرا رێچکەیەکی تری بگرتبا؟ یاخود دەبێت رۆڵی ئەو سیماو خەسڵەتانەی شوناسێك دەدەنە کۆمەڵگەی عێراقی چی بنو، تاچەندێك کاریگەرییان لەسەر شێوەی دروستبوونی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی داناوەو چەندێکیش کاری کردۆتەسەر ئیشکالیەتی پەیوەندییەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە بەکۆمەڵگەی عێراقیو گروپو پێکهاتەکانیەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەیەکی پڕبەپێستی ئەو پرسیارانە ئاماژە بەیەکێك لەدەرەنجامە گرنگەکانی توێژینەوەیەکی (حنا بطاطو) دەکەین لەمەڕ "چینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان..." کەتێیدا دەڵێت: بیری ناسیۆنالیستی یان نیشتمانی تاوەکو ساڵی 1958 یش لەعێراقدا لاواز بووە، چونکە هەتا ئێستا ئەم بیروباوەڕە زۆری ماوە جوتیاران لێیتێبگەن، لەمەش زیاتر ئەگەر ئەگەر دەسەڵاتی پێوەرە کۆنەکان لەناو شارەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووبێتەوە بەڵام هەرماون.. ئەوەی زۆر گرنگە ئەو راستییەیە کەهەرچەندە پابەندبوونو وەلائی ناسیۆنالیستیانەی نوێ مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا دەکات، بەڵام هێشتا ئەم وەلائە تەمومژاوییو بێباوەڕییەکی هەیە بەرامبەر بەوەی ( ئایا ناسیۆنالیستێکی عێراقییە یاخود ناسیۆنالیستێکی عەرەبییە؟ )، ئەمە جگە لەوەی ئەم ناسیۆنالیستە لەلای کوردەکانیش جێگەی قبوڵکردن نییەو



نەشیتوانیوە جێگەی خۆی لەناو شیعەکاندا بکاتەوەو، لەناو هەژارییەکی زۆری ئاکاری نمونەییو ساردوسڕیدا دەژی[18]...

ئەو دەرەنجامەی بیری ناسیۆنالیستیو "بزوتنەوەکەی" لەترۆپکی بەهێزبوونی خۆی لەمەشریقی عەرەبیدا پێیگەیشتووە، تارادەیەکی زۆر، تیشك دەخاتە سەر سروشتی پێکهاتنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی یان پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراقداو، زۆر لەسیماو تایبەتمەندێتیو رەوتەکانی دواتری، هەر لەسەرەتاوە، روندەکاتەوە.

ژمارەیەکی زۆر لەرووداوە مێژووییو کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەرەنجامە پشتڕاستدەکەنەوە کەعێراق لەژێر سایەی حوکمڕانێتی عوسمانییەکاندا، تائاستێکی بەرچاو، لەچەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز پێکهاتووەو بایەخی بەخۆی داوەو چەند رایەڵەو پەیوەندییەکی لاوازیشی هەبووە[19]. لەسەرەتای سەدەی بیستدا عێراقییەکان یەك گەلو گروپی سیاسی نەبوون، بەڵام ئەمە لەبەرئەوە نییە، هەروەك (بطاطو)ش دەڵێت، کەعێراق لەچەند کەمایەتییەکی ئەتنیکیو ئایینی وەك کوردو تورکمانو ئاشوری...تاد، پێکهاتووە، بەڵکو لەبەرئەوەی عەرەب خۆیان، کەزۆرینەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێکدەهێنن، دابەشبوون بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی جیاوازو داخراودا، ئەگەرچی هەندێك خەسڵەتی هاوبەشیشیان هەیە. (بطاطو) لەمەوە دەگاتە ئەوەی بڵێت : هەریەك لەعەرەبی عەشایەرو عەرەبی شارەکان بگریت هۆشیار بوو لەوەی عەرەبە، بەڵام ئەم هۆشیارییەیان وەك هۆشمەندیی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی دواتر نەبوو.. هەروەها هەرگیز هەستیان بەوە نەکردووە کەئەمانە لەوبارەیەوە ئیشێکیان لەسەرشانە بیکەن.. عروبەتەکەیان شێوەیەکی دینامیکیانەی نەبوو، وەك چۆن نەتەوەش چەقی هەستو سۆزو پابەندبوونیانی پێکنەهێنابوو[20].

ئەی کەواتە، لەکۆتاییدا رۆڵی دەوڵەتی عێراقی، کە لەساڵی 1921دا دامەزرا، بۆ سەر دروستبوونی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی (یان بابڵێین پرۆژەی ناسیۆنالیستی) چی بوو ؟ رژێمی پاشایەتی – جا چ لە"هۆشمەندییەکی نەتەوەیی"یەوە بێت یان لەوەی بیەوێت جێ پێی دەسەڵاتەکەی قایم بکاتو بەردەوامی پێبدات – لەژێر سایەی ئینگلیزدا هەوڵیدا پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوە – دەوڵەت بەئەنجامبگەیەنێتو

www.pertwk.com

هەموو پێداویستییە کارگێڕیی‌و فێرخوازییەکانی (کلتوریی) بۆ دەستەبەر بکات.. بەڵام ئەوەبوو نەیتوانی هەنگاوی پێویست لەو بوارەدا بهاوێژێت.

یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەم نەتوانینە، نەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگە بوو، هەر لەم چوارچێوەیەدا غەسان سەلامە لەکتێبەکەیدا بەناوی " کۆمەڵگەو دەوڵەت لەبەشی رۆژهەڵاتی عەرەبیدا - المجتمع والدولة في المشرق العربي" وایدەبینێت کە پەیوەندییەکی پتەوو گەرموگوڕ لەنێوان رادەی پابەندبوون‌و (وەلاء) بۆ قەوارەیەکی سیاسی تازەو لەنێوان رادەی جووتبوونی ئەو قەوارەیە لەگەڵ خواست‌و ئاواتەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، یان لانیکەم، لەگەڵ خواست‌و خەونەکانی ئەو توێژانەی کاریگەرییەکی سیاسیانەیان لەناو ئەو قەوارەیەدا هەیە، لەڕووی فۆرم‌و سنوری قەوارەی پێشنیارکراوەوە(21). کەدیارە ئەم جۆرە پەیوەندییە نەبووەو، هیچ جوتبوون یان نزیکییەك لەنێوان خواستەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتی ناسیۆنالیستدا نەبووە.



## چەند دەرەنجامێك

ئەو چەند دەرەنجامەی لەم لێکۆڵینەوە چڕەمدا پێیگەیشتووم بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم** ، نەتەوایەتی‌و نیشتمانپەروەریی، وەك دوو چەمکی تیۆریی، یان وەك دوو بیروباوەڕ، هەتا سەرەتای سەدەی بیست‌و هەتا پێش دروستبوونی قەوارەی سیاسی لەعێراقی نوێدا لەساڵی 1921، باو نەبوون.

**دووەم** ، یەکێك لەو خەسڵەتانەی عێراق لەدەوڵەتانی تری مەشریقی عەرەبی جیادەکاتەوە، لاوازیی پەیامی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبە لەپێش‌و لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، هەروەها هەیمەنەو باڵادەستی کلتورو بیروبۆچوون‌و بەها ئاینییەکان بەسەر بیرو مێشکی زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەدا زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی شەڕو ململانێی توندوتیژ لەنێوان گروپە ئەتنیکی‌و مەزهەبییەکاندا روونەدات، کەئەمەش وایکرد هەموو ململانێکە، لەنێوان ئەو گروپانەو دەسەڵاتی ناوەندیدا بمێنێتەوە.

**سێهەم** ، لێکۆڵینەوە لەبارەی دروستبوون‌و رێچکەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی، یان پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراقدا، پێویستی بەتوێژینەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی ئەم دووانەوە هەیە لەگەڵ ئەو گروپ‌و پێکهاتە ئەتنیکی‌و ئاینی‌و مەزهەبی‌و کلتورییانەی بەهەموویان کۆمەڵگەی سڤیل – مەدەنییان لەعێراقدا پێکهێناوە، چونکە هەریەکەیان کاریگەرییەکی زۆر لەسەری ئەویتریان دادەنێت.



چوارەم ، ئەو شێوە پێکهاتنەی عێراق‌و کاریگەرییەکانی وای لە "ناسنامە"ی نیشتمانیی عێراقی یان پرۆژەی نیشتمانیی عێراقی کردووە فۆرمێکی زۆر لەبارو گونجاو بێت بۆ بەدیهاتنی فرەیی لەعێراقدا. جا ئەگەر "دەوڵەتی نەتەوەیی" بیەوێت ئەم "ناسنامە"یە بکاتە بنکەیەك بۆ گرێدانەوەی هەموو هێزو گروپەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراقی، ئەوا هەژ بەسەر بووەو نەیتوانیوە ئەمە بکات، ئەویش بەپلەی سەرەکی بۆ نەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان خۆی (واتە دەوڵەتی نەتەوەیی)و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، واتە نەیتوانیوە پابەندیی‌و وەلائی گروپەکان‌و پێکهاتەکانی بەدەستبهێنێت‌و لەو پێناوەدا شکستیخواردووە.

پێنجەم ، رێزگرتن لەتایبەتمەندێتی‌و جیایی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ئاینیی یان کلتوریی ناو گروپەکانی کۆمەڵگە، هەروەها رێزگرتن‌و بەهەندگرتنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ هەمان ئەو تایبەتمەندێتیانە، لەچوارچێوەی پێکەوەژیان‌و کارلێکی کلتوریی‌و ژیاریی نێوانیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، هۆکارێکی سەرەکییە لەبەدیهێنانی هەر پرۆژەیەکی نیشتمانیداو، مایەی پێشوازیکردنی سەرجەمی ئەو گروپ‌و پێکهاتانەیە کەکۆمەڵگەی عێراقییان پێکهێناوە، لەهەمانکاتدا فاکتەری هاوکاریی‌و گردبوونەوەو گرێدانیشە، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر سەرچاوەی گەشەو پەرەسەندنی تایبەتمەندێتیی‌و جیاهەڵکەوتوویی هەر گروپێکە لەویدی. ئەمەش سروشتی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکیە ئاڵۆزە نیشاندەدات کە لەنێوان ناسیۆنالیزم‌و کۆمەڵگەدا هەیە.

www.pertwk.com

## پەراوێزەکان

(1) د. وجيه كوثراني : المسألة الثقافية في لبنان : الخطاب السياسي والتاريخ – منشورات بحسون الثقافية، بيروت ، ط1، ص41.

(2) فالح عبدالجبار: معالم العقلانية والخرافة في الفكر السياسي العربي – منشورات دار الساقي، لندن، ط1، ص30-39.

(3) ساطع الحصري: ماهي القومية؟ – مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت1985، ص108.

(4) ئەمانە لە سەمیر ئەبو حەمدونەوە وەرگیراون، مراجعة "بحوث في الفكر القومي" لحليم اليازجي" مجلة : الفكر العربي

ژمارەی دوانەیی 39و 40، بيروت 1985، ص399-401.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل401.

(6) فالح عبدالجبار، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(7) د. رضوان السيد : المصطلح السياسي العربي الحديث، نظرة في اصوله وتحولاته الاولى – مجلة "منبر الحوار"، العدد10، بيروت1985، ص15.

(8) زين نورالدين زين : نشوء القومية العربية – دار النهار، بيروت، ط3، 1979، ص144.

(9) د. السيد : عصر النهضة العربية، الاسئلة الكبيرة والاجابات الحائرة – مجلة الفكر العربي، سەرچاوەی پێچشوو، ل8.

(10) د. كوثراني : مشروع الدولة في مطالع القرن العشرين – مجلة الفكر العربي، العدد22، بيروت، 1981، ص139.

(11) عبدالله العروي : مفهوم الدولة – المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب1981، ط1، 1981، ص139.

(12) عبدالرحيم الرهيمي : تأريخ الحركة الاسلامية في العراق : الجذور الفكرية والواقع التأريخي (1900-1924) – دار النبوغ، بيروت ط2، ص127.

(13) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل139.

(14) د. وميض جمال عمر نظمي : الجذور السياسية والفكرية والاجتماعية للحركة القومية العربية (الاستقلالية) في العراق – مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ط1، 1984، ل 108و دواتری.

(15) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل75و دواتری، ل85و دواتری، ل133و دواتری، ل157و دواتری.

(16) حسن العلوي :

- "التأثيرات التركية في المشروع القومي العربي في العراق" – 190 دار الزوار، لندن1988، ل108و دواتری.

- "الشيعة والدولة القومية في العراق 1914-1990" – دار الزوراء، لندن، الطبعة الثانية الموسعة 1990، ل159ء دواتری، ل286و دواتری.

(17) هەمان سەرچاوەکانی پێشوو:

- التأثيرات...، ص68-71.

- الشيعه والدوله ...، ص283.

(18) حنا بطاطو : العراق ، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی عفيف الرزاز – مؤسسه الابحاث العربيه، بيروت1990، ص54-55.

(19) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل22.

(20) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل32.

(21) غسان سلامة : المجتمع والدولة في المشرق العربي – مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ط1، 1987، ص27.

**سەرچاوە:**

**عبدالحليم الرهيمي / القومية والمجتمع ( ظروف نشأة القومية وإشكالية العلاقة مع المجتمع – عراق نموذجاً ) / ل 159 / القومية: مرض العصر أم خلاصه؟ / دار الساقي / الطبعة الاولى / 1995.**

# بەجیهانیبوون، مۆدێرنیتەو ناسنامەی نەتەوەیی

نوسینی: مۆنتسرات گیبرنا

یەکێك لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم سەردەمە، پتەوبوونی پرۆسەگەلی جیهانگیرییە. بەلای منەوە، بەجیهانیکردن بەواتای " گورو تینبەخشینە بەتۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەو جیهانەی کەخاڵە جوگرافیاییە دورەدەستەکان پێکەوە گرێدەدات، ئەم پەیوەندییە بەجۆرێکە کەبەهۆیەوە ئەو رووداوانەی لەهەر خاڵێکی گۆی زەویدا رودەدەن، ئاکامی ئەو رووداوانەن کەچەندین فرسەخ لێیانەوە دوورن‌و بەپێچەوانەشەوە". پێناسەی شوێن‌و کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چەمکی سنورە فیزیکیەکانی شوێن گۆڕاوە. کاتی پێویست بۆ ئامادەکردن‌و بەدەستخستنی زانیاری، بەئەندازەیەك کەمبۆتەوە، دەتوانین بەئاسانی پەی بەجیاوازیی سەرسوڕهێنەرانەی نێوان ئەوکاتەو سەرجەم ئەزمونەکانی مرۆڤ لەسەروبەندەکانی رابووردودا بەرین. بەجیهانیبوون، بەواتای ئەگەری بەدیهێنانی "کۆمەڵگەیەکی مرۆیی"یە، کەپێشتر هەرگیز ئەمە لەئارادا نەبووە؛ ئەو جڤاك‌و کۆمەڵگەیەی لەئێستادا، هەموو ئەوانەی ئەگەری گەمەکردنیان هەیە، پێکەوەو بەیەکجار هاتونەتە سەر تەختی شانۆ.

دەکرێت لەسێ روانگەی سەرەکییەوە لەرەوتی بەجیهانیبوون بکۆڵرێتەوە: یەکەم، لەماهیەتی جیهانیانەی سیستمی دەوڵەت- نەتەوەوە، بەو پێیەی گۆڕەپانی سیاسی جیهان بۆ چەند یەکەیەکی سەربەخۆ دابەشکرابێت‌و هەریەکێکیش لەوانە لەچوارچێوەی دەوڵەتانی خاوەن سنوری  تەواو دیاریکراوی خۆیاندا دەسەڵات‌و تواناى گەمەکردنیان لەسەر ئاستی بان نەتەوەیی هەبێت. هەربۆیە، دەوڵەتی – نەتەوەیی، بەواتای تەواوی وشەکە، بۆتە گەمەکەرێکی سیاسیی جیهانی. روانگەی دووەمیش رۆڵی سەرمایەداری لەخۆدەگرێت، وەك هێزێکی بوونیادییانەی جیهانگیر، کەبەسیستمی ئابوورییەوە سەرقاڵە. زاراوەی "تیۆرەی سیستمی جیهانی" کە ڤالرشتاین[1]



داکۆکیکەری سەرەکیەتی، دنیای مۆدێرنە لەشێوەی گەردیلەو توخمی نیمچە پەراوێزبوودا دابەش‌و وێنا دەکات. کەموکوڕی سەرەکی ئەم بۆچوونەی ڤالرشتاین لەوەدایە کەجەخد لەسەر رۆڵی سەرمایەداری دەکات وەك تاکە رایەڵەیەکی ئاڵۆزو بوونیادییانەی بالادەست، کەبەرپرسیارێتی ئاڵوگۆڕەکانی مۆدێرنەی لەسەرشانە. روانگەی سێهەمیش، دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگە زانستیەیە کەتێیدا رەوتی نەپساوەی زانیاری، بڵاوبوونەوەی خێرای بیروباوەڕو بۆچونەکان ئاساندەکات.

بەڵام پەیبردن بەواتایەکی وردی بەجیهانیبوون، بەتەواوی لەدەستنیشانکردنی ئەم سێ روانگەیەدا – کەرەنگە لەمانەدا بەدیبێت- کورت نابێتەوە. لەکاتێکدا بەجیهانیبوون هۆشیارییە لەهەمبەر ئەو دۆزەی کەدەبێت هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کەبەتەنیا ناتوانن چارەسەریان بکەن. تەنگوچەڵەمە جیهانییەکان رێگەچارەی جیهانیانەیان گەرەکەو، دنیای ئێمەش پێویستی بەدۆزینەوەی رێگەچارەی نوێی وەڵامدەرەوەیە بەو پرسیارانەی کەداهاتوی مرۆڤایەتی رادەکێشنە ناو ململانێوە. کۆمەڵگە نوێباوەکان بەتوندی پشتیان بەرەوتی یەکبینەی زانیارییەکان بەستووە، کەبەپێی تایبەتمەندییە سەرخانی‌و ژێرخانییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی زیاددەکات. خەڵك ئاگادارن لەمەترسی ئەگەری رودانی کارەساتی ئەتۆمی؛ گەندەڵبوونی زێتری گۆی زەوی، لە ئاکامی سودوەرگرتنی بەردەوام لەسەرچاوە سروشتییەکان، جیاوازی نێوان وڵاتانی جیهانی یەکەم‌و سێهەم. سەرلەبەری ئەم خاڵانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەپەیوەندییە دوولایەنەکانی مرۆڤ بەئاستێك جیهانیبوونەتەوە، کەکۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەو کۆمەڵگەیانە دەبن، کەبۆ یەکەمجارە لەمێژوودا، لەپاڵ تواناى نابوودکردنی خۆیاندا، زەمینەی چێکردنی دنیایەکی نوێ دەستەبەربکەن، ئەو دنیایەی کەبەهۆی بڕیاری دانیشتوانەکەیەوە پێکدێت. بەجیهانیبوون، رەهەندێکی نوێ‌و بەرجەستە دەبەخشێتە ژیانی تاکەکان، بەو بەشەی کەئاسۆی روانینیانی فراوانکردووەو هەندێك روانگەی تازە سەبارەت بەدەرەنجامی کارەکانیان بۆ دەخاتەڕوو.

مشتومڕی نێوان مەسەلە لۆکاڵی‌و جیهانییەکان، لەرەگەزە خودییەکانی بەجیهانیبوونە. ئەو پرۆسەیەی کەروداوە ناوچەییەکان بەهۆیەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووەو، لەژێر کاریگەریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە فراوانەکاندا- کەسنورداریەکانی زەمەن‌و شوێنیان تێپەڕاندووە - پێکدێن. هاوکات ئەو روداوە لۆکاڵیانەی لەدەرەوەی کات‌و شوێنی زەروریانەی رووداندی خۆیانەوە هەڵدەسەنگێنرێن، بایەخێکی زۆر نوێ پەیدادەکەن. دۆزو مەسەلە ناوچەیی‌و جیهانییەکان، لەمیانەی تانوپۆی یەکتریدا پەیوەندییەکی وردو تۆڕئاسا دەهێننە گۆڕێ، کەدواجار هەردوکیان لەئەنجامی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو تۆڕانەدا خۆیان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. بەجیهانیبوون لەمیانەی ناکۆکی نێوان هێزەکانی نێو کۆمەڵگەی جیهانی لەلایەکەوەو، هێزە فرە کلتورییەکان، جیاوازی نەتەوەیی، کلتوریی‌و وێکچویی لەلایەکی دییەوە، خۆی دەردەخات.

ئەم بەشە، سەرقاڵی خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان جیهانیبوون، مۆدێرنیتەو ناسیۆنالیزمە. لەم خوێندنەوەیەدا سەرنج لەتواناکانی دەرکەوتنی "ناسنامەیەکی جیهانی" دراوەو، لەبەرپەرچدانەوە جۆراوجۆرەکانی دژ بە پرۆسە جیاوازەکانی بەجیهانیبوونی کۆڵیوەتەوە، کەلەسەر ئاستی ناوچەیی دروستدەبن. ژیاندنەوەی هێزو بڕست‌و جۆشوخرۆشی "ناسنامەی نەتەوەیی"و ناسیۆنالیزم، وەڵامێکی عەلمانیانەیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ناسنامە لەدونیایەکدا کە لەبەردەم هەڕەشەی پرۆسەی روولەزیادی چونیەکیدایە. رەگەزێکی تر لەوانەی کە لەمیانەی لێکۆڵینەوەی دەرهاویشتەکانی بەجیهانیبوون‌و ئەو پەرچەکردارانەی لەبەرامبەریدا رودەدەن، دەخرێتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە، سەرکەوتنی چاوەڕێنەکراوی ئیسلامی ئسولگەرایە، وەك بزوتنەوەیەکی رادیکالی دژ بەمۆدێرنیتەو بلاوبوونەوەی سکۆلاریزم.



## بەجیهانیبوون‌و کلتور

ئەندامانی هەر کلتورێك بگریت، خۆیلەخۆیدا هەڵگری جۆرێك لەخودئاگایی هاوبەش‌و هەستی هاوبەشن لەناسینی ئەو تخوبانەی کەئەوان لەکەسانی دی جیادەکەنەوە. سنورە زەمەنی‌و شوێنیەکانی هەر کلتورێك دیاریکراون. ئەمڕۆ تیژیی‌و خێرایی رەوتی کلتوریی جیهانی، دنیای کردۆتە شوێنێکی سەرسوڕهێنەر، کەهەریەك لەدیاردەی لێکچون‌و جیاوازی تێیدا ئامادەن. فراوانبوونی رایەڵەو پەیوەندگەلی کلتورییانەی بەرابەر دەبێتەهۆی مامەڵەو ئاڵوگۆڕێکی پتەوی کلتوریی، کە لەیەککاتدا بەرهەمهێنەری وێکچویی‌و ناوێکچویی کلتوریشە. ئاپادۆری (A.Appadurai) پێنج رەهەندی جیاوازی بۆ کلتوری جیهانی داناوە، کەبریتین لە:

1- رەهەندی نەتەوەیی، کەمەبەستی ئەو لەم دەستەواژەیە، رەوتی جێگۆڕکێی خەڵکە (واتە کۆچبەران، گەشتیاران، ئاوارەکان، پەناهەندەکان، دورخراوەکان، دەرکراوان‌و کرێکارانی میوان)؛
2- رەهەندی تەکنەلۆژیی، کە لەگەڵ ئامێرگەراییدا هاتۆتەئاراوەو، لەرێگەی کۆمپانیا فرەنەتەوەیی‌و میللییەکان‌و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دەناسرێتەوە؛
3- رەهەندی نەختینەیی، کەخۆی لەرەوتی خێرای نەختینەیی بازاڕەکانی پشکەو ئاڵوویری دراودا دەبینێتەوە؛
4- رەهەندیی میدیایی، ئەو رەوتە وێنەیی‌و راگەیاندنییە دەگرێتەوە، کەبەهۆی رۆژنامە، تەلەفزیۆن‌و فیلمەکانەوە بەرهەمهاتون‌و بلاودەکرێنەوە.
5- رەهەندی ئایدیۆلۆژیی، کەپەیوەستە بەرەوتی ئەو وێنایانەی وابەستەن بەئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، یاخود دژە دەوڵەتییەوەو، هەڵگری توخمگەلێکی دیدگای جیهانیانەی رۆشنگەریی رۆژئاوان- واتە چەمکەکانی دیموکراسی، ئازادی، خۆشگوزەرانی، مافەکان‌و ئەوانی تر.

بەڵام ئەو کێشانەی لەکاتی پیادەکردندا روودەدەن، لەمیانەی پەیوەندی نێوان – کلتورەکانەوە سەرهەڵدەدەن، لەکاتێکدا ئەم پەیوەندییانە دەتوانن لەلایەکەوە ببنەهۆی پەرەپێدانی گیانی لێکبوردەیی‌و لەلایەکی تریشەوە ببنە مایەی تەنگەتیلەیی لەهەمبەر جیاوازییەکاندا. بۆ نمونە، دەتوانرێت بەراوردکردنی توخمە

کلتورییە جۆربەجۆرەکان، کێبڕکێی نێوان کلتورە جۆراوجۆرەکانو، ئەگەری دەرکەوتنی بەدتێگەیشتنی نێوان فەرهەنگەکان بکەونە ئەم چوارچێوەیەوە.

لەساتەوەختی لێکۆڵینەوەماندا لەبارەی کاریگەریی پرۆسەی بەجیهانیبوون بۆ سەر کلتور، روبەڕوی پرسیارێکی گرنگ دەبینەوە: ئایا ئێمە بەرەو تاکە کلتورێکی جیهانیانەی یەکپارچە هەنگاودەنێین، یاخود بەپێچەوانەوە، بەجیهانیبوون توانای کلتورە تایبەتیەکان بەهێزدەکاتو پشتگیریی لەکرانەوەو فراوانبوونیان دەکات؟ بەجیهانیبوون چەندێك کاریگەریی لەسەر کلتور دادەنێت، وەکئەوەی دیاردەیەکی هێزبەخشو گوڕو تینبەخشە، بەهەمان ئەندازەش دیاردەیەکی سنوردارکەریشە. مەبەستم لەبەهێزکردن دۆزینەوەی توانستێکی نوێیە لەپێناو گەشەکردنو بەرهەمهێنانی هەندێك کلتوری تایبەتیدا ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو لەچەند بووارێکی جۆربەجۆردا. مەبەستیش لەلایەنی سنوردارکەر، جیاوازی حەتمیانەی نێوان کلتورە جۆربەجۆرەکانە لەڕووی بەدەستهێنانی سەرچاوەکاندا. ئەگەر چەند تایبەتمەندیی‌و رەمزێکی هەندێك لەکلتورەکان لەدیاردە جیهانییەکان بەهرەمەندبن ، ئەوا سەرلەبەری سیمبوولو تایبەتمەندێتییەکانی ئەو کلتورانە دووچاری فەرامۆشی دەبنو لەبیردەچنەوە. بۆچی هەندێك لەتوخمگەلی کلتوری بێگانە بوونەتە بەشێك لەژیانی تاکەکانو سەرنجیان رادەکێشێت، کەچی هەندێك رەگەزی تر هەن "مۆمیاکراو"نو لەبری ئەوەی ئازادبکرێن، رێگەی بیرچونەوە دەگرنەبەر؟ دواجار ئەم جۆرە پرسیارانە بەشێوەیەك دەکەونەوە کەناتوانین پشتگوێیان بخەین. ئەو واقیعیەتەش بریتییە لەپەیوەندی نێوان رۆڵی کلتورێكو بەهای تایبەتی دەسەڵاتی نەتەوەیەکی خاوەن ئەو کلتورە لەسیستمی جیهاندا.

هەرچەندە بەلای منەوە، لەئاکامی پرۆسەی بەجیهانیبووندا، کلتورەکان تێهەڵکێشی یەکتردەبنو خولیای ئامێزگرتنەوەیان بۆ یەکدی لا دەرسکێت، بەڵام لەو نێوەشدا پرۆسەیەك دەبینین کەتێیدا هەندێك لەکلتورەکان دەتوانن بگەنە خانەی "کلتورە جیهانییەکان"، لەکاتێکدا زۆربەی کلتورەکان دوچاری تێکۆشانێکی بەردەوامو جیهانی دەبن لەپێناو داکۆکیکردن لەمافی دیاریکردنی چارەی خۆنوسین. تێنبروك ( F. H. Tenbruck ) لەمبارەیەوە پێیوایە[4]: "بەپێچەوانەی سەردەمەکانی رابوردووەوە، کەتەنیا چەند کلتورێکی کەم لەلێواری سنورە جوگرافیاییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبوون، بەڵام ئێستا، ئاڵوگۆڕە نوێکان، لەرێگەی ئامادەگی‌و دەسەڵاتی



جیهانیانەی خۆیەوە، هەموو کلتورەکانی خزاندۆتە نێو تۆڕێکەوە، کەئەندامەکانی نێوی پەیوەندییەکی قوڵو بەرابەریان لەگەڵ یەکتردا هەیە."

بوژاندنەوەی ناسیۆنالیزم لەسەردەمی ئێستەماندا، پەرچەکردارێکە لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ناسنامەدا. ماهیەتی ئەو ناسنامەیەش شتێکی ناوچەیی‌و خۆجێیانەیە، نەك جیهانی. تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر لەرێی دەستەبەرکردنی ناسنامەی جیهانیدا هەن، کە لەمەودای نێوان مەحاڵبوونی بەدیهێنانو فەراهەمکردنیدا، دوو مەرجی سەرەکی لەپێناو سەرکەوتن لەم رێگەیەدا قوتدەبنەوە، کەبریتین لە: 1- بەردەوامی‌و بینگرتن لەڕووی کاتەوەو، 2- قبوولکردنی جیاوازی نێوان خۆمانو کەسانی دی. مەرجی یەکەم بابەتێکی تایبەتییە؛ چونکە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو دەمە بەتوندی، وەك ئامرازێك لەپێناو پێکهێنانی هاوپشتیدا، پشت بەرابووردویەك دەبەستێت، کەناسنامە جیهانییەکە هێشتا هیچ یادەوەرییەکی هاوبەشی نییە تاوەکو لەرێگەیەوە عەقڵیەتو هۆشیارییەکی پێویست بۆ پێکهێنانی گروپێك بهێنێتە گۆڕێ. نەتەوە، وەك ئەو فەزایەی کەزایەنگای کلتورەو لەودا بڵاودەبێتەوە، خاڵی مانەوەی هەتاهەتایی نییە، هەرچەندە هەڵگری ریشەگەلێکی قووڵیشە لەرابوردودا.

لەتوێژینەوەیەکمدا سەبارەت بەپێداویستییەکانی دروستبوونی نەتەوەکان، بەو دەرەنجامە گەیشتوم کە کلتورەکان وەڵام بەپێویستی‌و خواستی گروپە تایبەتیەکان دەدەنەوەو لەڕوی مێژوییەوە پێکدێن.

کلتورەکان، راڤەکاری دنیاو ئەفرێنەری واتان. ئەمەش تاکەکان بەرەو جۆرێك لەهەستکردن بەناسنامەی ئامادەکراو دەبات. ئەمانە ئەنجامی پرۆسەگەلێکی درێژخایەننو، دەبنە هاندەر بۆ نەوەکانی دواترو پشت بەچەند یادەوەرییەکی هاوبەشو هەڵبژێردراو دەبەستن، کەمایەی دروستکردنی وێنای کۆمەڵگەن وەك هەبوویەکی باڵا.

ئامانجی " ناسنامەی جیهانی" بۆ دەستەبەرکردنی هەستێکی هاوبەشی نێوان سەرجەم مرۆڤەکانە. ئەمەش ئەو چەردە پرسیارە دێنێتەپێش، کەتائێستا بەبێ وەڵام ماونەتەوە. یەکەم، چۆن بەبێ هەبوونی رابوردویەکی هاوبەش دەتواندرێت هەستێکی هاوبەش چێبکرێت؟ هیچ یادەوەرییەکی هاوبەش لەئارادا نییەو، تەنانەت ئەو کلتورانەش کە لەسروشتی خۆیاندا داهێنەرو خوڵقێنەری "ناسنامەیەکی جیهانی"یانەن، خاوەنی مێژوگەلێکی جیاوازن، کەزۆربەیان دوژمنایەتی یەکترییان کردووەو دەشیکەن. دووەم، چ زمانێك بکرێتە زمانێکی جیهانی؟ ناسنامەیەکی

هاوبەش، پێویستی بەهێنانەگۆڕێی پەیوەندییە لەنێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەداو چەندێکیش بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ملیۆنان کەس بەزمانەکانی ئینگلیزی، ئیسپانیو چینی دەئاخڤن، بەڵام دیسانەوە هیچ زمانێکی هاوبەشی جیهانی لەئارادا نییە. دەتوانرێت بگوترێت زمانی ئینگلیزی لەنێو بەشێکی نوخبەکاندا لەباری گۆڕیندایە بەرەو زمانێکی هاوبەش. بەڵام "ناسنامەی جیهانی" ناچارە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا هەبێتو پێویستی بەبنکەیەکی جەماوەرییە. سەرکەوتنی گەورەی ناسیۆنالیزم لەم هۆکارانەوە سەرچاوە دەگرێت: بەتواناییان لەکێشکردنی ئەو خەڵکەی لەڕوی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە هەمەجۆرن، بەرەو خۆیان؛ هەروەها کارامەییان لەئامادەکردنی ئەو خەڵکەدا. هەرگیز پێموانییە کەچەمکی "ناسنامەی جیهانی" خاوەنی ئەو توانستە بێتو، لەوەش بترازێت ئەم ناسنامەیە لەبەردەم ناسنامە نەتەوەییەکاندا بەلاوازیی دەمێنێتەوە، چونکە ئەمەی دواییان بەشێوەیەکی قووڵ لەهەستو سۆزی خەڵکدا بنجو ریشەی داکوتاوە.

لەلایەکی ترەوە، جیاوازبوون لەوانی دی ئەو کاتە بەدیدێت، کەجارێ ئەوانی دی بوونیان هەبێت، لەکاتێکدا گریمانەی "ناسنامەی جیهانی" تاڕادەیەك بۆ نکۆڵیکردن لەناسنامەی تاك نەتەوەو جیگرتنەوەیان کاردەکات. یەکێك لەئاکامە زۆر زەقەکانی بەجیهانیبوون، زۆربوونی لەناکاوی هۆشیارییە لەمەڕ "ئەوانی دی"یەوە. ئەمە ناکاتە ئەوەی کەئێمە ئەوانی دی باشتر دەناسین، بەڵکو ئەوەیە ئێستا "ئەویدیبوون" پێیدەگوترێت "بێگانەی دورخراوە". هەندێك لەو بێگانانە بەئاستێك لێمان دورکەوتونەتەوە کەچیدی ناتوانرێت ئەوانە بەو "ئەوی دی"یە بزانرێت کەناسنامەمان پابەندە پێیانەوە، یاخود لەبەرامبەریاندایە. ئەوانە نامۆن. ئێمە دەموچاوی ئەوان دەناسینەوە، بەڵام ئەوان زۆربەی کات بەدنیایەکەوە خەریکن کەئێمە تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یان لەرۆژنامەکاندا دەیانبینین. ئەوانە ئەویدییەکن کە تاڕادەیەك ماهیەتێکی دەستکردو مەجازییان هەیەو هیچ مامەڵەیەکیان لەگەڵ ئێمەدا نییە. ناسنامە نەتەوەییەکان جەخت لەسەر جیاوازییەکانی نێوان گروپە گەورەو مامناوەنجییەکان دەکەنەوە. زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی، لانیکەم، ئەو جیاوازییانە گەورە دەکات کە لەنێوان نەتەوەیەكو کۆمەڵگە هاوسێکانیدا هەن. هەرچۆنێك سەیری بکەیت، دەرکەوتنی هەستی هاوبەشو دروستبوونی پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی جیهان، ڕەگەزی سەرەکی دەرکەوتنی تەواوەتی "ناسنامەی جیهانی"ن. هەتا ئێستاش هەرکام لەم دووانە وەك دوو مەحاڵ سەیردەکرێن.



## بەجیهانیبوونو ناسنامەی نەتەوایەتی

هەتا ئێستا، ئاماژەمان بەدژایەتی نێوان بابەتە لۆکاڵیو جیهانییەکان داوە، وەك یەکێك لەلایەنە خودییەکانی بەجیهانیبوون؛ لەکاتێکدا ئاڵوگۆڕە خۆجێییەکان بەبەشێك لەجیهانگەرایی دادەنرێت. هەڵکشانی زۆر خێرای پێکگەیشتنەکانو، هاتوچۆی بەردەوامی پەیامەکان لەناوجەرگەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانەوە، جێگەی سەرنجن؛ ئەم دوو ڕەگەزە پاکیو پوختی کلتورە تاکیەکان لەناودەبەن. جیهانگیریی لەحاڵەتی تەنینەوەدایەو هیچ کەسێکیش ناتوانێت خۆی لەچنگ ئاسەوارەکانی قوتاربکات. هەتا ئێستاش چەمکەکانی بەجیهانیبوونمان لەسەر بنەمای تاکڕەهەندییو پەیوەندی دیالەکتیکیانەی لۆکاڵی-جیهانی خوێندۆتەوە. بەڵام لەئێستە بەدواوە دەست بەباسی ئەو ئاڵوگۆڕە خۆجێیانە دەکەین کەجەمسەرێکی دیکەی بەجیهانیبوون پێکدێنن:

بووژاندنەوەی ئێستای ناسیۆنالیزم لەهەناوی ئاڵوگۆڕە لۆکاڵیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. من پێموایە جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، بەشێوە نوێکەی، سەرچاوەگرتووی پێداویستی ناسنامەی دەستەجەمعیو تاکە. بەپێی بۆچونی ملوچی، رایەڵەگەلێکی زۆر جیاواز، کەتایبەتن بەکۆمەڵگە جەنجاڵیەکانەوە، ناتوانن چەند شێوەیەك لەئەندامێتیو ناسنامەوە لەپێناو وەڵامدانەوە بەئاتاجەکانی تاك بۆ کامڵبوونی خود، مامەڵەیەکی بنیادنراو لەسەر گفتوگۆ، پەیوەندیبەستنو بەرەسمیناسین بهێننە گۆڕێ. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەسروشتی بیرۆکراتیەتو دامەزراویانەی ڕێکخراوە ئاڵۆزەکان، دەبنە مایەی ناکارایی ئەم ڕێکخراوانە لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا[6]. بەبۆچونی من، ناسیۆنالیزم وەك پەرچەکردارێك لەبەرامبەر دوو ڕەگەزی خودییانەی مۆدێرنیتە، کەپەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بەجیهانیبووندا هەیە، دەردەکەوێت: گومانی ریشەییو دووکەرتبوون. لەهەلومەرجی مۆدێرنیتەداو، لەئەنجامی هاتنەئارای مامەڵەی نێوان کلتورە زۆر لەیەکتر جیاوازەکانو گۆڕانی کورتو بەردەوام، بەو خاڵە گەیشتوم کەچیدی ناتوانین هیچ شتێك بەشێوەیەکی ڕەها بسەپێنین. سەرلەبەری بڕیارەکان، بەری کارنامەی

ئاستی نێونەتەوەیی‌و نەتەوەیی‌و تاکەکەسەکانیشن‌و پێویستیشە هەر لەو ئاستانەدا باس‌و لێکۆڵنەوەیان لەبارەوە بکرێت. ڤێبەر دەڵێت: "ئەو لێدان‌و کوتان‌و ئایدیالە ئیجابییەکانەی کارنامەکانیان لێوەبەرهاتووە، هەرگیز لەپێناو هەنگاوی پراکتیکیدا ناتوانن مەعریفەیەکی ئەزمونی بێت[7]". راستی ئەم گوتەیەی ڤێبەر لەئێستاماندا لەهەموو لایەنە مەعریفی‌و رووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە سەلمێنراوە.

لەدنیایەکی پڕ لەگومان‌و کەرتوپەرتبووندا، نەریت بایەخی تازەی بۆ دروستدەبێت. نەریت وەك "تێڕوانینێکی واتاداری خۆڕسك" دەردەکەوێت‌و، لەرابووردوی هاوبەشی کۆمەڵگەیەکی بابەتیانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزم یادەوەرییە هاوبەشەکانی خۆی وەك یەکێك لەتایبەتمەندێتییە بنچینەییەکانی خۆی بپارێزێت، ئەوا تاڕادەیەکی زۆر ناچار دەبێت پشت بەنەریت ببەستێت، بەڵام تەنها یادەوەرییە هاوبەشەکان بایەخدارنین، بەڵکو فەرامۆشییە هاوبەشەکانیش گرنگن، چونکە نەریت بەهۆی هەڵبژاردنی وردی ئەو روداوانەوە دروستدەکرێت، کە وەك رەگەزگەلی سەرەکی مێژوی کۆمەڵگەیەك دەخرێنەڕوو. هەروەها دەتوانرێت ئەوەش بسەلمێنرێت کەهەر کاتێك پێویست بکات، دەشێت نەریت دابتاشرێت‌و زۆربەی جارەکانیش هەروایە. سەبارەت بەرۆڵی نەریت‌و ئەو فەزایەی بەرهەمهێنەری واتاشە - لەدونیایەکدا کەگومان یەکێکە لەرەگەزە بنچینەییەکانی‌و، زەرورەت‌و فەوریەتی خۆی هەیە- نامەوێت ئاماژە بەوە بدەم کەدەرکەوتنی سەرلەنوێی ناسیۆنالیزم لەدەمی ئێستادا، تەنها واتای ژیاندنەوەی موحافیزەکاریی دەگەیەنێت، چونکە چەمکێکی لەو چەشنە، بەواتای بێئاگایی‌و غەفڵەتگیرییە لەبەرامبەر رەهەندێکی تری- گرنگی- ناسیۆنالیزمدا: ئەم رەهەندەش خۆی لەتێڕوانینی ناسیۆنالیزمدا دەبینێتەوە بۆ ئایندەی هاوبەش، کەبەم پێیە، نەتەوە دەبێت زیندوو بەهێز بێت.

ناسیۆنالیزم، ناتوانێت هەڵگری ئەو گیانە بەرگریاوییە کلتورییەی نەبێت، کەکۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەمیانەی پشتڕاستکردنەوەی، ئەوەی من پێیدەڵێم "سیاسەتی ناسنامە"، بەڵکیشی زۆرانبازی دەکات. سیاسەتی ناسنامە داواکردنی جیاوازی کلتورییە لەسەر بنەمای نەتەوایەتی. فێرگەکانی ناسیۆنالیزم، کە لەحاڵی حازردا گوڕو وزەی



نوێی خۆیان نیشاندەدەن، لەو فێرگانەن کەخوازیاری نەتەوەی بێ دەوڵەتن‌و، منیش وەك خۆم بایەخێکی زۆر بەم خاڵە دەدەم. سیاسەتی ناسنامە هەڵگری رەگەزێکی پێشکەوتنخوازەو، بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکان، کەنوێنەری ئەم سیاسەتەن، شانبەشانی بزاڤە فیمینیستی‌و ئاشتیپارێزو ژینگەپارێزەکان بڕیار لەمەڕ ئەوە دەدەن کە ئەو بزاوتانە نوێنەری کەسانێکی ترن‌و لەدەسەڵات بێبەرین. ئەوانە لەدونیایەکدا هاوار دەکەن، کەیەکەمین شەرعیەتی خۆی داوەتە دیموکراسیەت، هەربۆیەشە ناتوانرێت ئەو گەرووە کپبکرێت. لەکاتی وتووێژکردن لەبارەی ئامانج‌و ئامرازە بوونیادییەکانی کۆمەڵگەوە، دەبێت هەموو دەنگەکان ببیسترێن. هەروەك پێشتریش باسکرا، بەجیهانیبوون لەلایەکەوە مایەی رەخساندنی هەلومەرجی بەهێزبوونەو لەلایەکی تریشەوە دەبێتەهۆی خولقاندنی هەلومەرجی سنودارکەر. جیهانگیریی لەمیانەی نەهێشتنی هاوئاهەنگی‌کلتورییانەی ناسنامە نەتەوەییەکانەوە سنورداریان دەکات. هاوکات هەلومەرجی بەهێزکردنیان وەنەبێت تەنها توانای سودوەرگرتن لەتەکنەلۆژیای نوێ بۆ بەرهەمهێنان بخاتە دەست کلتورە تاکەکانەوە، بەڵکو چەندین کەناڵی نوێی تریش دەکاتەوە، تا هەمان ئەو جۆرە فەرهەنگانە لەرێگەیانەوە، داوای مافی ژیان‌و، گەشەو شکۆیی خۆیان بکەن.

میتۆدی من بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان بەجیهانیبوون‌و ناسنامەی نەتەوەیی، پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی کورتترە سەبارەت بەرۆڵی تاك نەتەوەکان‌و پێداویستییان بۆ ناسنامە لەهەلومەرجی مۆدێرنیتەدا. کۆمەڵگە نوێکان، بەهۆی گومان‌و کەرت‌وپەرتییەوە جۆرێك لە نائاسایشی راستەقینە دەخولقێنن‌و، ئەمانەش لەهەناوی ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەشێوەیەکی شاراوە هەن. هەروەها لائینگیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو تاك نەتەوەیەی بوونی لەبەردەم هەڕەشەدایە، هەردەم هەست دەکات بەوەی کە لەژێر مەترسییەکی جیاوازدایەو لەهەموو دنیادا وێنەی ئەو نییە، بەجۆرێك کەهەمیشە ناسنامەو خودموختارێتی خۆی لەژێر پرسیاردا دەبینێتەوە. رەنگە ئەم نەتەوەیە هەستێکی نائاسایی بۆ سەقامگیریی‌و خۆگونجاندنی تاکیانە لانەبێت[9]. شلۆقی لەبووندا، مایەی نیگەرانییەو توانای تاك لەبەستنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا بەرەو مەترسی دەبات. لائینگ ئەم نیگەرانییە لەسێ شێوەی

جیاوازدا دەبینێتەوە: هەستکردن بەخنکان‌و نقومبوون(Engulfment)، خۆخواردنەوە(implosion)، بەبەردبوون(Plerification).[10] تا ئەو جێیەی کەهەستی نقومبوون لەپەیوەندییەکی تایبەتدایە لەگەڵ ئامانجەکانی من‌و ئەم بەشەدا، هەڵدەدەم باسەکەی خۆم بەرەو ئەوێ بەرم.

لەحاڵەتی خنکان‌و نقومبوودا، تاك لەپەیوەندییەکی ترسناکدایە لەگەڵ هەرکەس‌و هەر شت‌و تەنانەت خودی خۆشیدا؛ چونکە دڵەڕاوکێی ئەو سەبارەت بەبەردەوامنەبوونی سەربەخۆیی خۆی، دەبێتە مایەی ئەوەی بسەڵمێتەوە لەگرێدانی هەر جۆرە پەیوەندییەك‌و بترسێت لەوەی کەسەربەخۆیی‌و ناسنامەکەی لەدەستبدات[11].

گرنگترین شێوەی پاراستنی ناسنامە داخرانە بەسەر خۆدا. کلتورە نوێکان ناتوانن لەبارێکی داخراودا بمێننەوە: بەجیهانیبوونیش، نەك هەر تەنها پەرە بەپەیوەندییەکانی ئەویدی نادات‌و کلتورەکان بەئاگا ناهێنێت لەوابەستەییەکانی ئەویدی‌و بەرامبەر، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەدا خودی ئەمانەش- واتە پەیوەندییەکانی بەرامبەرو وابەستەییەکانیشی- دەخولقێنێت. ئەو کەسانەی دەبینن چۆنچۆنی هەندێك لەکلتورەکان زیاتر لەهەندێکی تر رەهەندێکی جیهانی پەیدادەکەن‌و، هەروەها شاهێدی هەڕەشەی وێکچوین- کەبەرەنجامی ئەم پرۆسەیەیە - بەتەواوەتی خۆیان لەبەردەم هەڕەشەو مەترسی نقومبووندا دەبینیەوەو، چیدی خۆداخستنیش دادیان نادات. لەم روانگەیەوە، کلتورە تاکەکان روبەڕوی هەڕەشەی لەناوچون دەبنەوە، ئەویش دوای ئەوەی مەحاڵە بتوانن هاوشانی ئەو کلتورانەی دی بڕۆن، کەخاوەنی ئامرازگەلی کاریگەرترن بۆ هەمان بەرهەمهێنان‌و گەشەسەندن. هاوبەشی کلتوریی‌و یەکێتی واتا، سەرچاوەگەلی سەرەکین بۆ پێکهێنان‌و تاقیکردنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی.



## بەجیهانیبوون‌و ئسوڵگەرایی ئیسلامی

گەشەی بێ وێنەی تەکنەلۆژیای پەنجا ساڵی رابووردو، هۆکاری رسکاندنی بەجیهانیبوون بووە. مۆدێرنیتە زەمینەکانی بەدیهێنانی سەردەمی نوێی هێنایە ئاراوە، کەتێیدا بەرهەمهێنان‌و ئاڵوگۆڕی زانیاری تاڕادەیەك هاوکات دەبن. بەجیهانیبوون لەرۆژئاوادا سەریهەڵداو پەیوەندی لەگەڵ هەرکام لەگەشەسەندنی هزرو بەهاکان، شێوازەکانی ژیان‌و تەکنەلۆژیای رۆژئاوادا هەیە. دەتوانرێت پێشبینی دوو جۆر کاردانەوە لەبەرامبەر پرۆسە جیاوازەکانی بەجیهانیبووندا بکرێت: کاردانەوەی یەکەم، هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا، بریتییە لەخۆڕاگرتن‌و بەرەنگاربوونەوەی "ناوچەیی" لەهەمبەر وێکچوییدا؛ چونکە وێکچویی لەیەککاتدا دەبێتە سەرچاوەی زیادکردنی هەستی نائارامی‌و ترسی لەدەستدانی ناسنامەی تاکێتی نەتەوە. لەمڕووەوە، ناسیۆنالیزم، وەك بزوتنەوەیەکی نێو جیهانی عەلمانی، کەپارێزەری مافی جیاوازیبوونە، دێتە گۆڕێ. ناسیۆنالیزم؛ هەریەك لە دەوڵەت-نەتەوەکان‌و، ئەوکەمینە نەتەوەییانەش دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، کەداوای سەربەخۆیی‌و ئۆتۆنۆمی دەکەن. کاردانەوەی دووەمیش لەبەرامبەر پرۆسەی بەجیهانیبوون‌و جیهانی سێهەمدا، بوونیادگەرایی ئیسلامییە. بەجیهانیبوون، مامەڵەی بەردەوام لەنێوان بەشە دوردەستەکانی جیهاندا پێکدێنێت. بەڵام هەموو جارێکیش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کەئەو دونیایەی "یەکپارچە"یە، دونیایەکی "یەکسان" نییە. هەمیشە نایەکسانییەکان بایەخی زێتر پەیدادەکەن‌و، بەتایبەتکردنی سەرچاوەکان‌و دابەشکردنی سامانەکان، توانای سەربازی‌و دەسەڵاتی هەڵبژاردنی رێگەکان لەخاڵە جیاجیاکانی جیهاندا دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. هەروەها پرۆسەی بەجیهانیبوون لەپێناو تەواوکردنی وێنەی خۆیدا، زۆرێك لەو پیاوو ژنانەی گرفتاری پشێوی کۆمەڵایەتی(Anomie) کردووە، کەخوازیاری بەدەستهێنانی چەردەیەك بەهان بەمەبەستی رێکخستنی ژیانیان. کەلەپوری عەلمانیەت‌و عەقلانیەتی رۆشنگەری چالاك نین لەوەی بتوانن وەڵامێکی گونجاوی گرفتەکانی ئەمڕۆ بدەنەوە. لەئاکامی شکستی یەکێتی سۆڤێت‌و نەمانی کۆمۆنیزمدا خەوبینین بەکۆمەڵگەیەکی یەکسانەوە کاڵڕەنگ بۆوە، کەتێیدا تاکەکان هەستیان بەنامۆیی نەدەکردو ئامادەی دەسپێکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە بوون.

هەموو ئەو هەوڵو تەقەلایانەی خۆیان لەبەرۆژئاواییکردنی جیهانی سێهەمدا دەدییەوە، تاڕادەیەکی زۆر بێئاکام دەرچوون. ئەو بەڵێنانەی سەردەمانێك رۆژئاواییەکان بەوڵاتە کۆلۆنیالکراوەکانیان دەدا، هیچیان پیادە نەکران‌و، بەلای ئەوانەوە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی گرفتاویتر بووەو پێدەچێت یەکێك لەو بیروبۆچونە سەرەکیانەی کە لەئەنجامی کردە دژ بەداگیرکەرییەکانەوە پێکهات، پێداویستی دۆزینەوەی بەدیلێك بێت بۆ شێوەکانی داگیرکاریی رۆژئاوا، کەئەمانە شکستی خۆیان لەچارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و ئابوورییەکانی – وڵاتە کۆلۆنیکراوەکانی رابووردو- دا سەلماند. چاکترە لەو گۆشەنیگایەوە تەماشای رابوونی ئیسلام‌و بەتایبەتیش ژیاندنەوەی بوونیادگەرایی ئیسلامی بکەین. سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەرانەی ئسولگەرایی ئیسلامی، لەسێ رەگەزی سەرەکییەوە سەرچاوەی گرتووە: 1/ بەتواناییان لەپیشاندانی وێنەیەکی نوێی مۆدێرنیتەدا؛ 2/ ئامادەییان لەپێکهێنانی هەستێکی بەهێزی ناسنامەو کەرامەتدا؛ 3/ سودوەرگرتنیان لەپرۆسەی بەجیهانیبوون بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان. گیڵنەر پێیوایە کەمۆدێرنیستەکان بانگەشەدەری ئەوەن کەمۆدێرنیتە تێڕوانینێکی "زۆر گونجاوترو کراوەترو لەکۆی خۆشیدا زۆر کەم بانگەشەدەرترو زۆر بەخشندەترە". وەلێ ئسولگەرایی ئەم بانگەشە تۆلێرانسئامێزە رەتدەکاتەوە. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە ئسولگەرایی ئیسلامی ئەو بانگەشەیەی مۆدێرنیتە وەلادەنێت کە لەسەر بنەمای گونجان‌و پێکەوەهەڵکردنی تەواویەتی لەگەڵ سەرلەبەری بیروباوەڕەکانی دی، یاخود تەنانەت – بەتایبەتیش- لەگەڵ ئەوانەی بێبیروباوەڕیشن"[12]. لەئێستادا تێڕوانینی ئسولگەراییانە نەك هەر تەنها لەئایینزادا، بەڵکو لەهەموو دەستورو رەفتارە ئاکارییەکانیشدا ئامادەگی هەیە. ئسولگەرایی ئایینی لەزۆربەی مەزهەب‌و ئایینزاکاندا هەیە، بەلام لەمرۆدا بەهێزترین بەشی لەنێو ئیسلامدایە. بەپێی بۆچونی گیڵنەر، توخمی بنچینەیی فیکریی ئیسولگەرایی مەزهەبی ئەوەیە کە "بیروباوەڕێکی خۆسەپێنەر دێت‌و، دەبێت بەشێوەیەکی بەهێز شێوەی تەواو بنەڕەتیانەی خۆی بپارێزێت‌و، لەگیانی تۆلێرانس‌و ئاسانسازی‌و نەرمیی‌و شرۆڤەی نوێ‌و هەر چەشنە کورتکردنەوەیەك، بپارێزرێت. ئسولگەرایی بەو پێشمەرجە رازییە کەبوونی ئایین هەر ئایینە، نەك رێوڕەسم‌و سروت، هەروەها دەتوانرێت ئایین بەشێوەیەکی هێندە وردو یەکلاکەرەوە بچەسپێنرێت، کەبنەمایەکی زیاتر بۆ پێشمەرجی دەقی نوسراو پێکبهێنێت"[13].



ئسولگەرایی ئیسلامی نکۆڵی لەنیسبیەت دەکات‌و، لەپاڵ جیاکردنەوەی پانتایی ئایین‌و پانتایی سیاسەتدا نییە. کێشەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و سیاسی‌و، گرفتە تایبەتی‌و گشتییەکان هەموویان راستەوخۆ بەپەنابردنەبەر بەهاگەلە یەکسانە ئسوڵییەکان چارەسەر دەکرێن، هەرچەندە هەمووان جیابوونەوەی ئایین لەدەوڵەت بەیەکێك لەدەسکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی فەرەنسا دەزانن، بەلام ئیسلام لەگەڵ ئەمەدا نییەو ئایین‌و سیاسەت لەیەکتر جویدەکاتەوە. ئێستا رابەرانی ئایین لەدنیای ئیسلامدا، رابەرانی سیاسیشن‌و ئامادەن تەفسیری زۆر رۆشن لەبارەی واقیعی تاڵ‌و مۆدێلە مەحکوم‌و توندوتۆڵە ئاکارییەکان پێشکەش بەپەیڕەوانی خۆیان بکەن. لەدوائاکامدا، کۆمەڵگەیەکی سیخناخ لەهاوئاهەنگی دەبینینەوە، کەئەوپەڕی یەکپارچەیی لەنێوان ئەندامەکانی خۆیدا پێکهێناوە. ئەم یەکپارچەییەش بەواتای ئامادەیی ئەندامەکانە بۆ خۆفیداکردن‌و، زێدەکردنی هەستی هاوسۆزی لەنێوانیاندا.

ئەوەی رۆڵێکی سەرەکی لەداڕشتنی ناسنامەی گروپێکدا دەگێڕێت بوونی دوژمنێکی هاوبەشە. ئسولگەرایی ئیسلامی، رۆژئاوای نەفیکردۆتەوەو لەپێناو جێگرتنەوەی هەریەك لەناسیۆنالیزم‌و سۆشیالیزم‌و سەرمایەداری، کەهەمویان عەلمانین، تێزو نەرێتی خۆی دەگەڕێنێتەوە." پاشکۆبوون بۆ مۆدێلەکانی گەشەسەندنی رۆژئاوا، فاکتەری شکستە سیاسی‌و سەربازییەکانن‌و، هەروەك ئسپۆزیتۆ (John.I.Esposito) دەڵێت، "لاساییکردنەوەی کوێرانەی رۆژئاواو، بەرۆژئاواییکردنی نابەجێی کۆمەڵگە موسوڵمانەکان.. بۆتە مایەی جۆرێك لەوابەستەیی کلتوریی‌و، هەڕەشەی لەدەستدانی ناسنامەی ئیسلامی بەشوێنخۆیدا هێناوە"[14]. بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەتونس‌و ئێران دەتوانن سوود لەدژایەتی روولەزیادی نێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگە وەربگرن‌و بیقۆزنەوە، یان دەتوانن ئەم دژایەتییە بکەنە "هێرشێك لەدژی دەوڵەتی نوێخوازی عەلمانی"[(15)]. ئسولگەرایی ئیسلامی بزوێنەری بزاڤە ریفۆرمخوازەکانەو، گیڵنەریش پێیوایە کە ئەم بزوتنەوەیە بەجۆرێك لەگەڵ ناسیۆنالیزمی نەیارو بەرهەڵستکاردا ئاوێتەدەبێت، کەجیاکردنەوەیان لەیەکدی زۆر زەحمەتە.[16]

ئەو بەها کلتوریی‌و ئاینیانەی جێگەی پاراستنی ئسولگەرایی ئیسلامین، ئاڕاستەکەری دوا کارنامەکانی ژیانی رۆژانەی لایەنگرەکانیانن. ئەم بەهایانە، مایەی دەمەزەردکردنەوەی هەستی ناسنامەو ئەو کەرامەتەن کە لەکلتوری خۆیانەوە

www.pertwk.com

هەڵهێنجراون. ئسولگەرایان، دواکەوتویی خۆیان لەچاو وڵاتانی پێشکەوتوی رۆژئاوادا، بەوە پاساو دەدەن کەتێزو بیروباوەڕ دەتوانێت رۆحو گیانێکی نوێ بکاتەبەری ئۆمەتو چاکسازی لەهەڵەکانی ئەو ملیۆنان کەسەدا بکات، کەزۆربەیان ژیانێکی کولەمەرگیانە دەژینو هەست بەخۆهەڵکێشانو غرور دەکەن لەم بیروباوەڕەدا. جیاوازی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا لەوەدایە کەدنیای رۆژئاوا هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی نوێی نییەو لەهەوڵو پشکنینی جاڕزکەرانەی ئەو گوتارە سیاسییانەی بۆ تەیارکردنی جەماوەر پێویستن –دیارە جگە لەناسیۆنالیزم- بێ ئومێد بووە، بەڵام ئیسلام ئەم هەلومەرجو توانایەی هەبووە کەخۆی وەك کانگای بەها باوو بزوتنەوە مەزهەبییە روولەپەرەسەندووەکان نمایش بکات، کە دەتوانێت کاریگەریەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی ناکۆتا دابنێت.

ئەو نەرێتانەی سەردەمانێك لەبەردەم هەرەشەی – خۆسەپێنەرانەی- نوێگەریدا بوون، ئێستا بانگهێشتی داگیرکردنی چالاکیەکانی رۆژانەی تایبەت بەخۆیان کراون. ئەوەیکە ئەمرۆ مایەی کەمکردنەوەی مەودای نێوان نوخبەی رۆژئاواخواز، کەبەرنامەکانی نوێخوازی لەئاستی دەوڵەتەوە بەرەوخوار دەخەنە ڕوو، لەگەڵ بەشی سەرەکی ئەو دانیشتوانەی کەهەڵگری بیروباوەڕگەلی ئایینیو پابەندی دەمارگیریی نەتەوەیی بوونو خاوەنی پەیوەندگەلی خێزانیو باوو باپیرانن، ئەو دەستەبژێرە نوێیەیە کەملیۆنان کەس هاندەدات بۆ چاکەکردن لەگەڵ ئەو نەریتانەی، کە لەدەمی ئێستادا لەحاڵی ئەوەدان ببنە توخمگەلی شۆڕشگێر، بۆ نمونە زۆربەی جار لەرۆژئاوادا، گەڕاندنەوەی حیجاب وەك رەمزێکی زوڵمو دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی موسوڵمان مەحکومدەکرێت. بەڵام، تێڕوانینی ئیسلامی ئەوەی سەلماندووە کەحیجاب بەواتای "دەرخستنی سەربەخۆیی" ناسنامەی جیاوازەو، نەفیکرنەوەی ئیمپریالیزمی کلتوریی رۆژئاوایە".[17] حیجاب "سنوردانان نییە بۆ ئازادیو جوڵاندنەوەو باوەڕبەخۆبوونی ژنان، بەڵکو هەڵبژاردنێکی وردەو لەژێر تێڕامانو کاریگەریی شۆڕشی ئێراندایە. ئەم هەڵبژاردنە سەرچاوەگرتووی تێڕوانینێکی تایبەتە بەکارەکتەرەکانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی".[18] حیجاب رەمزێکە لەخولیای زیندوکردنەوەی بەهایەکی ئەخلاقئامێزی باوو نەرێتیانەی بەدیهاتوو. بەهای ئاکاریی رۆژئاوا – کە زادەی پەیامە ستایشکەرەکانی جیهانگیرین- رەتدەکاتەوە. لەم پنتاییەدا، گەڕاندنەوەی حیجاب نمونەیەکە لەنەفیکردنەوەی فیکرێکی پەرەسەندی سەر ئاستی جیهان، سەبارەت بەتایبەتمەندییەکانی ژنی نوێباو.



ئسولگەرایی ئیسلامی، بەدیلێکە بۆ کلتوری مۆدێرنیتەو لەرێگەی توانای سیاسیو ئابووریی رۆژئاواوە برەو بەخۆی دەدات. هاوکات لەپێناو بەرهەمهێنانەوەی خۆیو بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا سود لەتەکنەلۆژیای رۆژاوا وەردەگرێت. دنیای ئیسلام یەك ملیار هاوڵاتی لەخۆگرتووەو بەسەراسەری دنیادا بڵاوبوونەتەوە. موسوڵمانان لەچلو پێنج وڵاتەوە، هەر لەئەفریقاوە تا ئاسیای باشوری رۆژهەڵات، زۆربەی دانیشتوان پێکدەهێننو ژمارەیان لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتی رابووردوو ئەوروپادا جێگەی سەرنجو روولەزیادبوونە.

بەجیهانیبوون، کاردانەوەی خێراو یەکدەستەی موسوڵمانانی لەبەرامبەر ئەو روداوانەدا ئاسانکردووە کەکاریگەرییان بۆ سەر کۆمەڵگەکانیان هەیە. جەنگی کەنداو، جەنگی نێوخۆیی بۆسنەو مەحکومکردنی هاودەنگیانەی کتێبی ئایاتی شەیتانی، هەزاران خانەو لانەی پەرشو بڵاوی لەوپەڕی دنیادا بەشێوەیەکی گرێدراوو پێکەوەبەستراو تەیارکردووە. ئەم سێ بابەتە، نمونەگەلێکن لەشێوەی هاریکاریو کۆمەکی پرۆسەی بەجیهانیبوون بۆ پتەوکردنی هەستی هاوپشتی نێوان ئەندامانی گروپێکی تایبەت بەپرۆسەی بەجیهانیبوون لەدابەشکردنی پەیامەکاندا، داکۆکی لەو هاوڵاتییە جیاوازو ناوێکچووانە دەکات کە ئەو پەیامانە بەپێی ئەزمونی تایبەتی خۆیان هەڵدەبژێرنو راڤەی تازەی بۆ دەکەنەوە. بەمشێوەیە، روداوە جیهانییەکان بەئەزمونە خۆجێیەکاندا تێدەپەڕێننو تاقیدەکەنەوە.

بۆ رونکردنەوەی ئەم خاڵە، دەتوانرێت لەجەنگی کەنداودا دوو شێوەی جیاواز لەکاریگەریی جیهانگیریی باسبکرێت. لەلایەکەوە، میدیاکانی رۆژئاوا خەریکی تۆخکردنەوەی وێنەی تاوانکارانەی سەدام حوسەینو نارەوایەتی هێرشی عێراقن بۆ سەر کوەیتو، زەرورەتی بەشداریکردنی سەربازی لەلای رای گشتی، لەولاشەوە موسوڵمانان لەلای خۆیانەوە نەخشەکارێکی زۆ تەبایان لەبەرامبەر هەڵوێستی رۆژاواییەکان بۆ ئەو شەڕە نیشاندا.

وێربەر (P. Werbner) لەمیانەی خوێندنەوەی کاردانەوەکانی جالیەی پاکستانی نیشتەجێی بەریتانیاو بوونیادی چەمکەکانیان، کە لەشێوەی "دژە رەواییو بەرەنگاریی"یەو هەروەها رۆڵی پاڵەوانیش دەخەنە پاڵ سەدام حوسەین[20]. وێنبەر پێیوابوو هەڵوێستی موسوڵمانانی پاکستان لەبەریتانیادا، وێکچووی – بەشێك لە- هەڵوێستی بان نەتەوەییانەی موسوڵمانی هەموو جیهانی ئیسلام بوو. موسوڵمانان

www.pertwk.com

لەزۆر کاتدا بەشێوەیەکی کاریگەرتر ئەو هەواڵانە لەلایەن میدیا ناوخۆییەکانەوە للاودەکرێنەوەو لەدژی بیرو هزری زۆربە سەنگەر دەگرن، هەروەها لەو ولاتانەش کە- لەوانەش وەك بەریتانیا- دانیشتوانی موسوڵمانان وەك کەمایەتیەکی کۆچبەر، دەژینو سەرقاڵی کارکردنن.

جیهانگیریی‌و مۆدێرنیتە، چەندین رێگە بۆ هێنانەئاراو بلاوکردنەوەی گوتارەکانی ناسیۆنالیزم‌و، نمونەی بڕیاردانی پێشەواکان، رودانی روداوەکان پێکدەهێنێت. بەردەوامی‌و سەرلەنوێ چالاکبوونەوەی ناسیۆنالیزم، هەروەها ژیاندنەوەی هەندێك لەئاینیەکانیش، نیشاندەری ئەوەن کەپێداویستی ئاشکرای تاکەکان بۆ پابەندبوون بەگروپێکەوەو دۆزینەوەی چەند بیروباوەڕێك کەبەهای ئەوەیان هەیە تەنانەت لەپێناویدا بجەنگن، ئەو بیروباوەڕانەی کەدەتوانن لەرێیەوە مانا ببەخشنە ژیانیان. زۆربەی زانایانی سۆسیۆلۆژی وا لەناسیۆنالیزم گەیشتون کەبزوتنەوەیەکی دژ بەڕەوتی مۆدێرنیتەیەو گەڕاندنەوەیە بۆ خێڵەکایەتی‌و تەنانەت دەگەنەوە ئەوەی لەدواجاردا ئەو راستییەش پشتگوێ بخەن کە ناسیۆنالیزم وەك یەك گوتاری سیاسی لەسەرەتای دروستبوونی مۆدێرنیتەدا هاوشانی ئەو بووە. ناسیۆنالیزم لەدامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوەوە، وەك ئایدیۆلۆژیایەکی رەواییبەخش کاریکردووە. ناسیۆنالیزم لەسەردەمی رۆمانتیکیەتدا داکۆکی لەهەمەڕەنگی کلتوری کردووەو، لەسەردەمی جیهانگیریشدا لەپاڵ نیشاندانی‌گوتارێك کە لەسەر بەهای تاکە تاکەی فەرهەنگە تاکەکان‌و مافی دیاریکردنی نەتەوەکان لەدیاریکردنی چارەنوسی سیاسییاندا دامەزراوە، لەدژی وێکچوکردنیش رادەپەڕێت.

سەرچاوە:

مکاتب ناسیوتالیزم / ناسیونالیزم و دولت – ملت در قرن بیستم/ دفتر مطالعات سیاسی‌و بین المللی / تهران -1378

# ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی جەنگ دروستیکرد، بەجیهانگیری درزدەباتو ئاوا دەبێت..

## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی " كۆتایی نەتەوەكان"

نوسینی: جۆرج تەرابیشی

گومان لەوەدا نییە كە بزاوتی فیكر گرێدراوی بزاوتی واقیعە، جا چ لەدوایەوە بێت یان پێشی بكەوێت. ئەم راستییەش یەكێكە لەو شتە یەكالآبوانەی كەپێش هەر شتێكی دی بەمێشكی ئەو كەسەدا دێت كە كتێبی (كۆتایی نەتەوەكان) دەخوێنێتەوە. نەتەوە لەمیانەی تەمەنی دوو سەدەییانەی سەرەتای سەدەی نۆزدەو كۆتایی بیستەمی خۆیدا، بابەتی سەرەكی نێو گۆرانیو سترانو، تەنانەت پەرستنی نێو هۆنراوەو فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیای سیاسیش بوو. بەلآم ئەوەیە هیچ شتێك تاسەر ستایش ناكرێتو رۆژێك دێت ببێتە جێگەی رەخنەو بگرە تانەو هەجوكردنیش، ئەمەش لەسەروبەندی ئاوابوونی خۆری سەردەمی نەتەوەكانو باڵكێشانی جیهانگیریی بەسەر جومگەی مێژویی نێوان هەردوو سەدەی بیستو بیستویەكەمەوە دیارە. خاڵی جیاكەرەوەی ئەم كتێبە خۆی لەشێوەی ئاودانی دڵو دەرووی خوێنەردا دەبینێتەوە، وەختێك پەژارە دەبێت، یان مژدەو مزگێنی كۆتاییهاتنی نەتەوەكانی پێڕادەگەیەنێت. سەرەڕای ئەوەی ئەم كتێبە تژییە لەرەخنەو هەجوكردن بۆ چەمكی نەتەوە، كەچی خوێنەر ناخاتە سەر ئەو بیركردنەوەیەی وابزانێت كە ئەو لەبەردەم خوێندنەوەی كارێكی بریندارکەری ئایكۆنو بەها پیرۆزەكاندایە. لەمەش مەترسیدارتر ئەو دەمەیە كەخوێنەر هەوڵی خۆڕاپسكاندنێكی فیكریی دەداتو، وەختێك بەخۆی دەزانێت لەبەردەم شاخێك بەڵگەی بەهێزدایە كە دەتوانن باوەڕی پێبهێنن بەوەی كە ئەو تیۆرییە رەوایەو كارێكی پلیشێنەرەوە نییە.

ئەم كتێبە خۆی لەچوار ناونیشانی گەورەدا رەنگرێژ دەكات: 1- ناسیۆنالیزم وەهەمو یۆتۆپیایە، 2- ناسیۆنالیزم كۆیلایەتییە، 3- ناسیۆنالیزم جەنگو



كوشتارگەكان، 4- ناسیۆنالیزم وادەی بەسەرچووەو كۆتایی پێهاتووە؛ نوسەری ئەم كتێبە سەركەوتووە – یاخود وەختە- سەركەوتوو بێت لەوەی بەرپرسیارێتی زۆربەی ئەو ماڵوێرانییە سیاسیانەی لەسەردەمی نوێو هاوچەرخدا بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتوون بیانخاتە ئەستۆی نەتەوەوە. ناسیۆنالیزم وەهمەو زۆربەی جارەكانیش وەهمێكی بكوژە. ئەمیش وەك هەموو یۆتۆپیاكانی تر، بوونی هەر ئەوەندەیە كە مرۆڤ بچێتە ژێرییو باوەڕی پێبهێنێت. لەسەردەمی بالآدەستیی ئایینو ئیمپراتۆریاو پادشاكاندا، نەتەوە هیچ بوونێكی نەبووە، بەلآم لەگەڵ داڕوخانی ئەم مەرجەعیەتانەو لەژێر گرانایی مۆدێرنەدا مرۆڤ نەتەوەی بەخاتری ئەوە قوتكردۆتەوە تاوەكو خۆی لەدەست ترس لەئازادیو گۆشەگیریی قوتار بكات. دیارە تیۆرمەندانی چەمكی نەتەوە هەوڵیانداوە لەسەر ئەرزی واقیع پاڵپشتو پاساوێك بۆ ئەو وەهمو یۆتۆپیایە بدۆزنەوە، بۆ ئەوەش قسەیەكی زۆریان لەبارەی زمانەوە كردووە، وەك ئەوەی رۆڵی فاكتەری یەكەم لەناسنامەی نەتەوەییدا دەگێڕێت. بەلآم وەنەبێت زمانی نەتەوایەتی دیاردەیەكی خۆڕسك بێت. تاكو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش نیوەی فەرەنساییەكان بەفەرەنسی ئاخاوتنیان نەكردووە، ئەمە لەحاڵێكدا زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی ئیتاڵیاش بەئیتاڵیایی قسەیان نەكردووە، بەڵكو زمانی نەتەوایەتی لەناو كارخانەی چاپەمەنییە سەرمایەدارییەكاندا شكۆفەی كردووەو لەقاڵبدراوە. ئەگەر چاپخانە زمانی یەكنەخستایەو فەرهەنگو كلتوری نەگشتاندایە، ئەوا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر كام لەفەرەنسی، ئیتاڵی، ئیسپانیو پورتوگالییەكان بەچەند دیالێكتێكی ناوچەیی وەرگێراو لەلاتینی دەئاخافتن. كەدیارە ئەمە هەمان چارەنوسی ئەو گەلانەش دەبوو كە بەدیالێكتی داتاشراو لەجێرمەنیو ئەنگلۆ-ساكسۆنی دەدوان.

رەنگە راسترین پێناسە بۆ نەتەوە ئەوەی ئارنست رێنان بێت: كە نەتەوە بەلایەوە گوزارشت لەواقیعێكی مەتریالی هەبوو ناكات، ئەوەندەی دەربڕی ئیرادەیەكی هاوبەشە. كارو فەرمانی ئیرادە بۆ خوڵقاندنی ئەو شتەیە كە لەواقیعدا بوونی نییە. هەربۆیە رێنان كەیفی بەگوتەكەی مۆسۆلینی هاتووە كەگوتویەتی: ئەفسانەیەكمان لەئیمانەوە خوڵقاندو خاوەن ئیرادەیەكی مەزنەو، هیچ پێویستی بەوە نییە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەبێت. ئەو ئەفسانەیە بزوێنەرو ئازایەتیو باوەڕییە. ئەو

www.pertwk.com

ئەفسانەیەشمان نەتەوەیە. چ ئەفسانەیەك؟ بەڵام هاوكات یۆتۆپیاشە، ئەویش بەو پێیەی خودی یۆتۆپیا خۆشی پێناسە بكرێت بەوەی ئەفسانەیەكە بەئاڕاستەی بەدیهاتن. ڕەنگە یۆتۆپیای نەتەوە خۆی لەخۆیدا شەڕو خراپەكاری نەبێت، بەڵام خۆ هەڵگری تۆوەكەیەتی. ئەم یۆتۆپیایەش وەك هەموو یۆتۆپیاكانی تر، ئەگەر بیەوێت فیردەوسێك لەسەر ڕووی زەمین بخوڵقێنێت ئەوا دەبێتە خاوەن ڕوویەكی پۆزەتیڤ؛ بەڵام ئاخۆ دەبێت چ باشییەكی تێدا بێت ئەگەر ڕەوشەكە بەوجۆرە وێنا بكات كەتەنها هەر خۆی ڕێگەی گەیشتنە بەو فیردەوسە. گرفتی ئەم یۆتۆپیایەی نەتەوە لەوەدایە كاتێك دەبێتە مزگێنیبەخشی فیردەوسێك، جارێ پێشوەخت داوا لەهەموو پاڵێوراوانی خۆی دەكات بچنە ناویەوەو تیایدا ببنە كۆیلەی بیرۆكەكەی، یاخود لەكاتی پێویستدا لەپێناویدا شەهید بن. كتومت هەرچۆن ئەو ئایینانەی مژدەی بەهەشتیان لەئاسماندا پێیە، لیستی ناوی شەهیدانی ڕێگەی یۆتۆپیای نەتەوەش بەوشێوەیە درێژو ناكۆتایە.

پێش هاتنی سەردەمی نەتەوەكان، جەنگەكان لەنێوان چەند سەركردەیەكی میرو سوپاگەلێك لەكەسانی پسپۆڕو بەكرێگیراودا بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی نەتەوەكاندا، جەنگەكان بەهەموو واتای وشەكە، جەماوەریو گەلێری بوونەوە. لەژێر سایەی ناسیۆنالیزمدا دەیان ملیۆن مرۆڤ ڕاپێچی شەڕگەكان كرانو شەهیدكران. هەڵبەت لەخۆڕا نییە ڕۆبسپێر وەك سەركردەیەكی زۆر توندڕەوی شۆڕشە نەتەوەییە پەڕگیرەكەی فەڕەنسا، ساڵی 1793 لەوتارێكیدا بۆ نەتەوەكەیو بەمەبەستی ئامادەكردنی (300 هەزار) كەس بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانێتی ئەوروپاییانەی شاهەنشایی نەیار بڵێت: دوژمنەكانمان بەسوپا لەدژمان دەجەنگنو، ئێوەش بەجەنگی گەل وەڵامیانبدەنەوە. وەك ئاشكرایە یەكێك لەچاكترین ڕاپەڕێنەرانی ناسیۆنالیزمی شۆڕشی فەڕەنسی ناپلیۆن بوو، كە سوپا جەماوەرییەكەی لەمسەرەوە تائەوسەری كیشوەری ئەوروپای داگیر كرد، ئەویش لەپێناو بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕەكانی شۆڕشی فەڕەنسیو، لەسەروشیانەوە بیرۆكەی نەتەوەی وێكچوو بوو.

ئەوەی ناپلیۆن لەدوائاكامدا چنییەوە تەنها ئەوە بوو لەهەموو ناوچەكانی ئەوروپادا هەستێكی نەتەوایەتی دژو نەیار بەفەڕەنسای هوروژاند. لەسەردەمی



هەڵایسانی شۆڕشی فەڕەنساو جەنگەكانی ناپلیۆنەوە، تێهەڵكێشییەكی ترسناك لەنێوان هەردوو چەمكی نیشتمانپەروەریو نەتەوەییدا ڕوویدا. هەرچی نیشتمانپەروەرییە لای مرۆڤ بووە هەستێكی سروشتی بۆ خاكو ئەو كەسانەی لەسەری دەژین، لەكاتێكدا نەتەوەپەرستی هەستێكی دەستكردەو لەبنەڕەتەوە لەسەر بناغەی دژایەتیكردنی خەڵكانی دی دروستبووە. كە ئەم كینو ڕقەش لەخەڵكانی تر، بەواتای هەڵایسانی جەنگ دێتو، نەتەوەش هەر بۆ خۆی جەنگەو، ئەمەش یەكێكە لەناونیشانی درێژترین بەشی كتێبی (كۆتایی نەتەوەكان).

زۆربەی جارەكان دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها بەشەڕ شتێكی بەدەستهێناوەو سنورێكی دیاریكردووە. دەبێت ئینگلتەرە چی بێت، جگە لەكچی شەڕێكی درێژخایەنەی چەند وەرزەی دژ بەئۆسكۆتلەندیو وێلزییەكان. فەڕەنسای ئێستاش میراتگری شەڕەكانی شۆڕشە. ویلایەتە یەكگرتووەكان سەرەتا لەشەڕی دژ بەئینگلیز، پاشان لەدژی ئیسپانییەكانو دواجار لەدژی هیندییە ئەمریكاییەكانەوە هاتەبوونەوە. لەكاتێكدا ئەو ئەڵەمانیایەی ئێستا جەنگەكانی بیسمارك وێنەی كێشاون. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم نەخشەیەی ئەڵەمانیا گشت میللەتانی هۆڵەنداو بەلجیكاو نەمساو فەڕەنسا (ئەلیزاس- لۆرین)و پۆلۆنیاو ئۆكرانیای نەگرتبۆوە، كە بەبنەچە جێرمانین، هەربۆیە بەدیهێنانی ئەو یۆتۆپیا جێرمانییە لەمسەرەوە پێویستی بەدامەزراندنی ئەڵمانیایەكی نازی هەبوو، كەمۆدێلێكی زۆر پەڕگیری دەوڵەتی نەتەوەییەو، لەوسەریشەوە ئاگری دووەم جەنگی جیهانی خۆشكرد، كەتراژیدیای گەورەترین گۆڕستانی بەكۆمەڵی گەلانی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا خوڵقاند: كە بەپەنجا ملیۆن كوژراو مەزەندە دەكرێت.

پەتای ئەم بیرۆكەیەی نەتەوەپەرستی، دەرەوەی ئەوروپاشی تەنییەوەو، لەوێش لەهەناوی جەنگدا مەڵاشوی هەڵدرایەوە. نوسەری كتێبی (كۆتایی نەتەوەكان) لەدەرەوەی ئەوروپادا باس لەسێ مۆدێلی مێژویی دەوڵەتی نەتەوەیی دەكات: مۆدێلی توركیو پاكستانیو ئیسرائیلی. توركیای نەتەوەپەرستی كەمالی تەنها لەسەر داروپەردوی ئیمپراتۆریای عوسمانی دروست نەبوو، بەڵكو توخمی بیرۆكەی پاكژیی نەتەوەیشی تێدایە، كەئەمەش پێویستی بەپاكتاوكردنی دوو كەمەنەتەوەی گەورە

www.pertwk.com

هەبوو، ئەویش یان لەرێگەی کۆمەڵکوژییەوە، یاخود بەهۆی راپێچکردنی زۆرەملێوە بێت. بەمجۆرە کۆمەڵگەیەکی تورکی پاکژکراو لەهەر رەگەزێکی تر پێکهات، ئەویش بەپاکتاوکردنی ملیۆنێك هاوڵاتی ئەرمەنیو سێ ملیۆن لەو یۆنانییانەی کە بەر لەهەزاران ساڵ تورکیا زێدی باوباپیرانیان بووە. پاش ئەویش مۆدێلی ناسیۆنالیستیانەی پاکستانییە، کەبەشێوەیەکی زۆر قێزەونتر دەرکەوت. ئەم مۆدیلە نەك هەر بووە مایەی دابەشکردنی هیندستان، وەك قەوارەیەکی شارستانیانەی دێرینی ئەوتۆ کە بەبیردا نایەت لەکەیەوە هەیە، بەڵکو تێهەڵکێشکردنی فاکتەری نەتەوەیی‌و ئایینی دیسانەوە بووە مایەی دروستبونی چەندین قەسابخانەی بەکۆمەڵ‌و پرۆسەگەلێکی شاربەدەرکردنی چڕی دانیشتوان، کەچوار ملیۆن کوژراوو پێنج ملیۆن ئاوارەی لێکەوتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لاپەڕەی جەنگ بەکراوەیی لەنێوان دوو برای دوژمن بەیەك، لەسەر کێشەی سنوریی هەرێمی کیشمیر، هێڵرایەوە. هەرچی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی ئیسرائیلیشە لەوپەڕی شێوەی توندڕەویدایە. ئیسرائیل مۆدێلێکی تەواو یۆتۆپیایی بکوژە. ئەم یۆتۆپیایە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش، لەبیرو مێشکی چەند رۆشنبیرێکی جولەکەی ئەوروپایی بەولاوە، کەهەڵگری ئایدیۆلۆژیای زایۆنیستی بوون، چ شتێکی تر نەبوو؛ کەئەمەش خۆی لەخۆیدا نمونەیەکی تێرو تۆخە لەئایدیۆلۆژیایەکی تێکەڵەی نەتەوەیی‌و ئایینی، کەتێیدا لایەنە ئاینیەکە لەسەر بناغەی نەتەوایەتی دامەزراوە. بەدیهێنانی ئەم یۆتۆپیا فەنتازیکراوە بووە مایەی ئاوارەکردنی ملیۆنان فەلەستینی‌و زەوتکردنی زەوی‌وزارو خانوبەرەوماڵ‌و موڵکیان، پاشان هەڵایسانی سێ جەنگی براوەی یەکبەدواییەك لەدژی دەوڵەتە عەرەبییەکان، کە هەر جەنگێکی بەفراوانکردنی سنورەکانی خۆی کۆتاییهات. ئەمڕۆش جەنگ لەدژی ئەو فەلەستینیانە بەردەوامە، کەدانیشتوانی ئەسڵی‌و رەسەنی ئەوێن‌و لەوێ ماونەتەوە، ئەم جەنگەش لەلایەن ناوەندە توندڕەوە ناسیۆنالیستی‌و ئاینداره‌کانی جولەکەوە بەڕێوەدەچێت، ئەوانە دروشمی تورهەڵدانی فەلەستینیەکانیان بۆ نێو دەریا بەرزکردۆتەوە، هەروەکچۆن عارەب خۆشی چەند ساڵێکی زۆر دروشمی فڕێدانی جولەکەی بۆ نێو دەریا بەرزکردبۆوە.



بەکورتی، بەلای نوسەری کتێبی ناوبراوەوە چیدی نەتەوە ئەرك‌و فەرمانی خۆی تەواوکردووەو لێبۆتەوە، ئەگەرچی هەموو دەم کارەکانی باشیش نەبووبن، هەربۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە شانۆی مێژوو بەجێبهێڵێت. چونکە لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمی جیهانگیریدا شتێك نەما پێیبگوترێت ئابوری نەتەوەیی روت، یان کلتوری نەتەوەیی پاك‌و بێگەرد، یاخود یاسای نەتەوەیی روت، یان راگەیاندنی نەتەوەیی بێگەرد- لەکاتێکدا راگەیاندنی کەناڵە ئاسمانییەکان‌و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت‌و رایەڵە تەلەفۆنیەکان لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە، شادەماری عەولەمەن. ئەوەی تائێستا لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەستی بەمۆرکە نەتەوایەتییەکەیەوە گرتووە، ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ئەکتیڤەیە، کە کاتی تێپەڕاندنی ئەویش هاتووە. ئەمڕۆ هەر کۆمپانیایەکی زەبەلاحی سەربە کۆمپانیا بان نەتەوەییەکان بگریت، داهاتەکەی لەبەرهەمی نەتەوایەتی وڵاتێکی گچکەی وەك دانیمارك زیاترەو، تەنانەت رەنگە لەداهاتی دەوڵەتێکی مامناوەنجی وەك ئیسپانیاش کەمتر نەبێت. پێدەچێت ئەوانەی عەولەمەیان ناوێت لێرەدا بڵێن کەدەوڵەتی نەتەوەیی دوا هێڵی بەرگریکردنە لەبەردەم شەپۆلی جیهانگیریدا. بەڵام نوسەری کتێبی (کۆتایی نەتەوەکان) هەرزوو وەڵامی ئەم بۆچوونە دەداتەوەو دەڵێت: ئەوە وەڵامێکی خەرەکیانەی کۆن‌و حازربەدەستی ئەو کائینە مشەخۆرانەیە، کەناهێڵن ئەو لاشە زیندووەیان لێدوربکەوێتەوە کەدەیخۆن‌و بژێوییان لەسەریەتی.

**سەرچاوە: رۆژنامەی ئەلحەیات/ 11-3-2002**

www.pertwk.com

# ریشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیزم لەنێوان هەرێمی کوردستانی باشوورو دەوڵەتی عێراقیدا

نوسینی: د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر

لەم دە ساڵەی دواییدا، فیدرالیزم، تاڕادەیەکی زۆر بۆتە یەکێك لەچەمکە سیاسییە نوێیە بەکارهاتووەکانی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. هەروەها بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش بەهەموو باڵە سیاسیو ئایدیۆلۆژییەکانیەوە پرۆژەی فیدرالیزمی لەپێناو رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغداد بەجۆرێك لەگەڵ داخوازییەکانی گەلی کورددا بگونجێتو هیچ زیانێکیش بەبەرژەوەندییەکانی گەلی عەرەب نەگەیەنێت، کەئەمەش دەبێتە مایەی بیناکردنەوەی دەوڵەتی عێراقو دامەزراوەکانی بەپێی چەند بنەمایەکی فرەییو دیمکراسی کراوەی نوێ. هەروەها پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی ئازادانە پرۆژەی فیدرالیزمی وەك چارەسەرێك بۆ دۆزی کورد پەسەند کرد، ئەو دۆزەی لەوەتەی ئەم هەرێمەی بەبەشە عەرەبیەکەی دەوڵەتی عێراقەوە بەستراوەتەوە، زێتر ئاڵۆزکاوتر بووە. هەڵوێستی باڵە جۆراوجۆرەکانی نێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەهەمبەر پرۆژەی فیدرالیزم جیاوازەو بەسەر لایەنگرو نەیارو دوورەپەرێزاندا دابەشبوون.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوانەی پرۆژەی فیدرالیزمیان وەك پرۆژەیەکی سیاسی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتی عەرەبی عێراقی بەلاوە پەسەند نییە یاخود خۆیانی لێلادەدەن، لەوەتێناگەن کە ئەم پرۆژەیە شتێکی تازە نییەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەنیوەی یەکەمی بیستەکانی سەدەی رابوردو. لەپاڵ ئەمەشدا، نەك لایەنی کوردی، بەڵکو لایەنی عەرەبی، کەخۆی لەمەلیك فەیسەڵو ئەفسەرە عەرەبە شەریفیەکاندا دەبینیەوە، لای خۆیانەوە پرۆژەیەکی سیاسیانەی فیدرالیزمیان بۆ رێکخستنی پەیوەندییە سیاسیو ئابورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی باشورو دەوڵەتی عەرەبی عێراقی پێشنیارکردووە، لەپێناو رازیکردنی دانیشتوانی کورد بەوەی ئەو پێکەوەلکاندنە



بەدەوڵەتی عێراقەوە قبوڵبکەن، کە لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیو بەهاریکاری چەند کەسایەتییەکی کوردی سەر بەچینە خانەدانەکان بەڕێوەبراوە.

ئەوەی لەمبارەیەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بیرۆکەی فیدرالیزم زادەی بیرکردنەوەی مەلیك فەیسەڵ یان ئەفسەرە شەریفیەکان نەبوو، بەڵکو وەرگیراوو درێژەوەبووی بۆچوونەکەی هەریەك لە"پێرسی کۆکس"ی یەکەم نوێنەری سامی بەریتانی لەبەغدا بوو، کەئەرکی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی پێسپێردرابوو، لەگەڵ "بێل گرترۆد"ی سکرتێری رۆژهەڵاتی خانەی ماندێتی قۆناغی پاش بەستنی کۆنفرانسی قاهیرە لە12ی مارسی ساڵی 1921دا. پێش بەستنی ئەم کۆنفرانسە، یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی بەسەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان گەیلانی لەلای خۆیەوەو بەبێ راوێژکردن بەبەریتانیەکانو لەدژی خواستی دانیشتوانی ئەو هەرێمەو ناکۆك لەگەڵ بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەردا، هەوڵیدا لەکانونی یەکەمی ساڵی 1920دا پرۆژەی لکاندنی هەرێمی کوردستانی باشور بەدەوڵەتی عەرەبییەوە بەرێتەسەر[(1)]. بەریتانییەکان بڕیاری ئەنجومەنی عێراقیو ئەو بانگەشانەی جەعفەر عەسکەرییان پشتگوێخست کەپێیانوابوو هەرێمی باشوری کوردستان کەوتۆتە نێو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە عەرەبییەی کەبەتەمابوون لەهەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەدا دایبمەزرێنن[(2)].

ئەوەی راستی بێت رەگوڕیشەی بیرۆکەی فیدرالیزم بۆ کۆنفرانسی قاهیرە دەگەڕێتەوە، کەدوارۆژی ئەو ویلایەتانەی تێدا دیاریکرا کەبەسێ میزۆپۆتامیاکە ناسرابوونو، بریتیبوون لەبەسرەو بەغداو موسڵ، لەگەڵ هەڵبژاردنی فۆرمی سیستمە سیاسییەکەیو ئەوەشی سەرۆکایەتی دەکات. بەواتایەکی تر، دەبوایە بەریتانیا لەروانگەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیەوە، کەبریتیبوون لەکۆتاییهێنان بەتێچوونەکانی داراییو کەمکردنەوەی پابەندییە سەربازیو سیاسییەکانی، پەیوەندییە سیاسیو داراییو سەربازییەکانی خۆی لەگەڵ هەریەك لەعێراقی عەرەبیو هەرێمی کوردستانی باشوردا رێکبخاتەوە، کەهەردوکیان کەوتبوونە نێو چوارچێوەی ماندێتی میزۆپۆتامیا[(3)]. لەو کۆنفرانسەدا دابەشبوونێك لەبیروبۆچوونەکاندا رویدا بەجۆرێك کەدەتوانرێت بگوترێت لەڕووی هەڵوێستەکانیانەوە دوو گروی هاودژ بەیەکتر لەهەمبەر جۆری پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان دەوڵەتی عەرەبی روو لەدامەزراندن لەویلایەتەکانی بەغداو بەسرە لەلایەكو هەرێمی کوردستانی باشور لەلایەکی تر، پێکهات. هەروەها پەیوەندییەکانی

داهاتووی بەریتانیاو ئیلتیزاماتەكانی دەرهەق بەو دەوڵەتەو ئەو هەرێمە دەستنیشانكرا.

لەلایەكەوە، گرۆی كەمایەتی نێو كۆنفرانسەكە كەبرتیبوون لەكاربەدەستە مەیدانییەكانی وەك پێرسی كۆكسو بێڵ گرترۆد لەگەڵ ئەوەدابوون كەدەستبەجی هەرێمی كوردستانی باشور بلكێندرێت بەدەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە، بەو بیانووەی كەگوایە دانیشتوانی ئەم هەرێمە، بەهۆی پەیوەستبوونی ئابورییانەوە بەبەغداوە، بەرهەڵستی ئەو لكاندنە ناكەن. لەلایەكی تریشەوە، گرۆی زۆرینە كەهیۆبێرت یانگی( یاریدەدەری سكرتێری لقی رۆژهەڵاتی ناڤین لەوەزارەتی موستەعمەرات) سەرۆكایەتی دەكرد، داوای پێكهێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆی بۆ كوردستانی باشوور دەكرد، تاوەكو رۆڵی پشتێنەیەكی ستراتیژی بگێڕێت لەپاراستنی دەوڵەتە عەرەبییەكەی بەغدا لەهەر دوژمنكارییەكی كەمالیزمی توركی. هەروەها ئێدوارد نۆڵ (شارەزای كاروباری كورد)و لۆرنسی عەرەبیش پشتگیریان لەمە دەكرد، هەرچۆن وینستۆن چەرچڵ ( وەزیری موستەعمەرات) پشتگیری لەبیرۆكەی سەربەخۆبوونی سیاسیانەی كوردستان لەدەوڵەتە عەرەبیەكەی بەغدا دەكرد. تەنانەت چەرچڵ لەوەش دەترسا كەهەستو سۆزی كوردو چەوساندنەوەیان لەلایەن حاكمێكی خاوەن سوپای عەرەبی سەر بەبنەماڵەی شەریفییەوە، كارئاسانی بۆ كەمالییەكان بكات، لەپای رووداني هێرشێكی توركیدا، كوردەكان بەلای خۆیدا رابكێشێت. ئەوەبوو كۆنفرانسەكە بڕیاریدا هەرێمی كوردستانی باشور نەلكێندرێت بەدەوڵەتی عەرەبییەوەو ئەم هەرێمە تەنها وەك پشتێنەیەكی ستراتیژی بهێڵرێتەوەو لەلایەن نوێنەری سامیو كاربەدەستە مەیدانیەكانەوە بەڕێوەببرێت تائەو دەمەی كورد خۆی لەداهاتوودا دەتوانێت چارەنوسی سیاسی خۆی دیاریبكات. لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارە بڕگەكانی ماندێتی بەریتانیا لەمیزۆپۆتامیا تەعدیلكرا. بڕگەی شانزەهەمین بەم شێوەیەیە :"هیچ شتێك نییە لەم ماندێتەدا رێگە لەخاوەن ماندێت (واتە بەریتانیا) بگرێت بەوەی بەڕێوەبەرایەتییەكی خودموختار بۆ ناوچە كوردییەكانی بەشی باكوری میزۆپۆتامیا دابمەزرێنێت، كاتێك بەگونجاوی بزانێت"[4]. شایانی باسە دوای ئەوەی لۆید جۆرجی (سەرەك وەزیرانی بەریتانیا) ئەم هەواڵەی لەلایەن چەرچڵەوە پێڕاگەیەندرا، ئەویش سەرلەبەری بڕیارەكانی قاهیرەی تایبەت بەكوردستانی باشوری پەسەندكرد[5].

لەنێوان كۆنی كۆنفرانسی قاهیرەی بەهاری ساڵی 1921و ئەجێندای حكومەتی نوێی موحافیزكار لەمەڕ لكاندنی كوردستانی باشوور بەدەوڵەتی عێراقەوە لەكۆتایی ساڵی 1922دا، نوێنەرانی هەركام لەدوو گرۆكە هەستان بەپێشخستنی



تێزەكانیان لەبارەی پەیوەندی داهاتووی نێوان كوردستانی باشورو عێراقەوە. كۆكس وەك گوێی بەبڕیارەكانی كۆنفرانسی قاهیرە نەدا، لەلای خۆیەوە پرۆژەیەكی ئیداریو سیاسییانەی ئاڵۆزی سێ رەهەندیشی بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی كوردستانی باشور خستەڕوو. دەبێت قەزا كوردییەكانی دەڤەری موسڵ لەناو هەمان دەڤەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا یەكەیەكی كارگێڕی تایبەت لەشێوەی "لیوایەكی لاوەكی"دا پێكبهێننو، ئەم لیوایەی دوایشیان لەلایەن یاریدەدەری موتەسەریفی بەریتانیاوە بەڕێوەببرێتو قایمقامی دەڤەرە بەریتانییەكەش بگۆڕدرێت بەكوردێك یاخود بەعەرەبێك كوردی بزانێت. لەكاتێكدا ویلایەتی موسڵ لەڕووی داراییو یاساییەوە سەر بەحكومەتی بەغدادەو نوێنەری خۆشی رەوانەی پەرلەمانی ئەوێ دەكات، نوێنەری سامی بەراوێژكردن لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەكانی ئەو شوێنە، مافی دانانی كارگێڕیی هەیە. بەپێی پرۆژەكەی كۆكس هەركام لەهەولێرو رەواندوزو كۆیە دەكرێنە یەكەیەكی كارگێڕییو راستەوخۆ لەلایەن كارمەندانی بەریتانیاوە بەڕێوەدەبرێن، لەكاتێكدا كاربەدەستەكانی تر بەپێی ئارەزووی كوردەكان دادەنرێن. هەرچی ناوچە كوردییەكانی تریشە (جگە لەناوچەی كەركوك) لەوانەش سلێمانیو ناحیەكانی، دەكرێنە یەكەیەكی كارگێڕییو بەهاوبەشی كوردو بەریتانیەكان بەڕێوەدەبرێن، لەكاتێكدا قایمقامەكەی كورد دەبێتو، نوێنەری سامیش مافی دانانی پارێزگاری دەبێت[6]. دەكرێت بڵێین پرۆژەكەی كۆكس بەیەكەمین پرۆژەی فیدراڵی دادەنرێت بۆ رێكخستنی پەیوەندییە سیاسیو ئیدارییو داراییەكانی نێوان هەرێمی باشوری كوردستانو دەوڵەتی عێراق لەژێر سایەی بەریتانیادا.

هەركام لەچەرچڵو یانگیش جەختیان لەسەر پێویستی سەربەخۆ مانەوەی هەرێمی كوردستانی باشوور دەكردەوە لەدەوڵەتی عەرەبی، بەڵام بەهۆی ترسلێنیشتنیانەوە لەبەرپابوونی ناكۆكی نێوان بەرژەوەندییەكانی هەرێمە كوردییەكەو دەوڵەتی عەرەبی پێشنیاری جۆرێك لەپەیوەندی كۆنفیدرالیان بۆ كردن لەژێر چاودێری بەریتانیادا. چەرچڵ لە14ی حوزەیرانی ساڵی 1921داو لەئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا گوتی:"دەخوازم بەئاشكرا بڵێم كەئێمە دەمانەوێت، وەك پێشتریش ویستومانە، مەسەلەی خودموختاری لەكوردستانی باشورداو لەچوارچێوەی ناوچەی میزۆپۆتامیای گشتیدا، پێشبخەین، ئەویش لەهەمان ئەو كاتەدایە كەحكومەتی گشتی میزۆپۆتامیا پێشدەخەین"[7]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەچەرچڵ پێی لەبوونی دوو قەوارەی سیاسی سەربەخۆ ناوە (واتە هەرێمێكی كوردی خودموختارو ناوچەگەلی عەرەبی بەهرەمەند لەحكومەتێكی تەواوو، هەردووكیشیان

لەژێر چەتری ماندێتی بەریتانیادا کاربکەن)، بەڵام ئەم دووانە لەڕووی بەرژەوەندییە ستراتیژیو ئابورییەکانەوە هاوپەیمانو یەکگرتوون. هەروەها چەرچڵ ئومێدی لەسەر ئەوەش هەڵچنیبوو کەکورد لەتوانایدا هەیە، بەسەرپەرشتی نوێنەری سامیو راوێژەکانی، کاروبارە سیاسیو ئیداریو سەربازییەکانیان بەڕێوەبەرن بەبێ ئەوەی ملکەچی دەسەڵاتی مەلیك فەیسەڵ بن لەبەغدا. لەمەش گرنگتر ئەوەبوو چەرچڵ ئامانجی وەزارەتەکەی بەشێوەیەك دیاریکردبوو کەکوردستانی باشور والێبکات "جیاواز بێت لەوڵاتانی عەرەبی هەر وەکچۆن نیپاڵ لەهیندستان جیاوازترە"[8].
لەچاوپێکەوتنێکی بەغدای تشرینی یەکەمی ساڵی 1921ی "یانگ" لەگەڵ مەلیك فەیسەڵدا، بۆچوونەکانی وەزارەتی موستەعمەراتی لەبارەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانی باشورو میرنشینی عێراق رونکردەوەو، تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەئامانجی بەریتانیا ئەوە نییە پشتگیری لە"ئیمپریالیزمی عەرەبی" بکات، واتە بۆ ئەوە نییە حوکمێکی عەرەبی بەسەر کوردو دژ بەخواستەکانیان بسەپێنێت، هەروەك فەیسەڵو دەستو پێوەندەکەی دەیانویست بیکەن، بەڵکو بۆ هاندانی "ناسیۆنالیزمی عەرەبە"، واتە تێرکردنی داخوازییەکانی عەرەبە لەدامەزراندنی دەوڵەتێك لەناوچەکانی عەرەبدا. لای "یانگ" ئەوە ئاشکرابوو کەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بەوە نابێت هەرێمی باشوری کوردستان بکرێتە پێگەیەکی بەریتانیو هیچی تر. چونکە لەهەردوو بارەکەدا تورکیای کەمالی، بێزاریی دانیشتوانی کورد لەدژی بەریتانیاو میرنشینە عەرەبییەکە دەقۆزێتەوە. هەربۆیە چارەسەری تەواو بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی باشوری کوردستانو میرنشینی نوێی عەرەبی، بەپێی تێگەیشتنەکانی لەندەن، بایەخدانە بەهەستو سۆزی نەتەوەیی کوردەکان لەرێگەی پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ کەهاوڕێی میرنشینە عەرەبیەکە بێتو لەگەڵیشیدا بچێتە پەیوەندگەلی ستراتیژیو سەربازیو ئابوری بەتینەوە. چونکە بەمە قەوارە کوردییەکەش دەبێتە قەڵغانێکی پۆڵایین بۆ پاراستنی عێراق لەهەڕەشەکانی تورکیاو، عێراقیش بازاڕو دەروازەی دەریایی گرنگ، لەڕووی ئابورییەوە، بەڕووی قەوارە کوردییەکەدا دەکاتەوە[9].

پێدەچێت مەلیك فەیسەڵ ئاگای لەو مشتومڕانەی نێوان کاربەدەستە بەریتانییەکانی بەغداو بەرپرسە بەریتانییەکانی لەندەن هەبووبێت سەبارەت بەداهاتووی سیاسی کوردستانی باشور. هەربۆیە وێڕای ئەوەی باوەڕی بەلکاندنی بێ ئەملاوئەولای کوردستانی باشور هەبوو بەدەوڵەتە عەرەبییەکەوە، وەك ئەوەی خاکێکی عەرەبییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی واپیشاندا کەئەو رازییە لەسەر



بنەمایەکی فیدرالی هەرێمی باشوری کوردستان بەعێراقەوە بلکێندرێت، تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی خودی فەیسەڵ خۆی داوا لەبەریتانییەکان بکات بەوەی سیاسەتێکی بەرگرتن بەهەڕەشەکانی تورکیای کەمالی بگرێتەبەر، ئەویش لەمیانەی رازیکردنی دانیشتوانی کوردستانی باکورەوە لەسەر ئەوەی پاڵ بەکوردستانی باشورەوە بدەنو، لەچوارچێوەی میرنشینی عێراقدا، ببنە خاوەنی حکومەتێکی تایبەت بەخۆیان[10].
هیچ کام لەداواکارییەکانی یەکەمی مەلیك فەیسەڵ سەبارەت بەرکێفکردنی کوردستانی باشور بەرەو حوکمڕانێتیەکەیو، پێشنیارەکانی دواتریشی سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لەچوارچێوەی عێراقدا، رەزامەندییان لەلایەن وەزارەتی موستەعمەراتەوە وەرنەگرت، مەگەر هەر ئەوەی نوێنەری سامیو سکرتێری رۆژهەڵات بێت لەبەغداد. لەو راپرسییەی لەهاوینی ساڵی 1921دا بۆ هەڵبژاردنی فەیسەڵ کرا وەك مەلیکێك، ناوبراو زەبرێکی گەورەی پێگەیشت کاتێك زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی باشوری کوردستان، وەك مەلیکێکی خۆیان پەسەندیان نەکردو رەتیانکردەوە، سەرباری گرتنەبەری هەڵسوکەوتی نابەجێش لەدژیان[11]، کەئەمەش رێکەوڕاست پێچەوانەی ئەو بانگەشانەی فەیسەڵو ئەفسەرە شەریفییەکان بوو کەپێیانوابوو کوردەکان دەخوازن لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکەدا بژین. هەریەك لەفەیسەڵو کۆکسو بێڵ لەگەڵ ئەوەدا نەبوون راپرسیەکی گشتی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی کوردستانی باشور ئەنجامبدرێت[12]، کەهاوئاهەنگی بڕیارەکانی قاهیرە بێت. هەروەها ئەم سیانە لەگەڵ گەڕانەوەی شێخ مەحمودیشدا نەبوون لەهیندستانی تاراوگەوە بۆ سلێمانی، لەبەرئەوەی ئەمە دەبێتە کۆسپێك لەبەردەم هەر هەوڵێك بۆ دانەپاڵی کوردستانی باشور بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکە. فەیسەڵ لەسەر هەوڵەکانی خۆی بەردەوامبوو بۆ ئەوەی لەندەن رازیبکات لەسەرئەوەی کورد باربهێنێت کەپاڵ بەدەوڵەتەکەیەوە بدەن، ئەویش لەسەر ئەو بەڵێنەی مەسەلەی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەهەرێمی باشوری کوردستان پەسەند بکات. بەڵام دوای ئەوەی چەرچڵ وەك وەزیری موستەعمەرات نەماو حکومەتی پارێزگاران لەلەندەن هاتە سەر دەسەڵات، سیاسەتی بەریتانیا دەرهەق بەکوردستانی باشور گۆڕانی بەسەردا هاتو لەپرۆژەی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ پاشگەزبۆوەو، چووە سەر کەڵکەڵەی لکاندنی بەدەوڵەتە عەرەبییەکەوە. لەکانونی یەکەمدا هەریەك لەمەلیك فەیسەڵو کۆکس بەیانامەیەکی عێراقی- بەریتانی هاوبەشیان دەرکردو تێیدا داوایان لەکورد کرد پرۆژەی فیدرالیزم لەگەڵ عێراقدا قبوڵ بکات.

www.pertwk.com

**حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیاو حکومەتی عێراق، دان بەمافەکانی ئەو کوردانەدا دەنێن کەلەچوارچێوەی سنوری عێراقدان بەوەی حکومەتێکی کوردی لەناو ئەو چوارچێوەیەدا دابمەزرێنن، هیواداریشن لایەنە کوردییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە بەزووترین کات بگەنە رێکەوتنێك سەبارەت بەو فۆرمی حکومەتەی دەیانەوێت‌و، نوێنەری بەرپرسی خۆشیان رەوانەی بەغداد بکەن بۆ وتووێژکردن لەسەر شێوەی ئەو پەیوەندییە ئابوری‌و سیاسییانەی دەیانەوێت لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیاو حکومەتی عێراقدا هەیانبێت[13].**

بەکورتی، هیچ کام لەمەلیك فەیسەڵ‌و ئەفسەرانی شەریفی دەست‌و پێوەندی راستگۆ نەبوون لەگەڵ بەڵێنەکانیان سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لەچوارچێوەی میرنشینی عێراقدا، کە کەسایەتییە نەتەوەییە میانڕەوەکانی کورد ئەمەیان پەسەندبوو، لەسەروشیانەوە شێخ قادری برای شێخ مەحمود. خۆ نەبێت مەلیك فەیسەڵ‌و وەزارەتە عەرەبیەکانی دواتری تەنها لەمەسەلەی فیدرالیزم بۆ کوردستانی باشور پاشگەزبووبێتنەوە، بەڵکو تەنانەت لەدژی سادەترین خواستی وەك مافی فێرکردن بەزمانی کوردی‌و دامەزراندنی کارمەندانی کورد لەناوچە کوردییەکان، وەستانەوە.

ئێستاش نزیکەی 70 ساڵ دوای خستنەڕووی یەکەمین پرۆژەی فیدرالیزمی وازلێهێنراو، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد پرۆژەیەکی تری فیدرالیزمی پەسەندکردووەو، هەوڵیداوە لەرێیەوە هاوئاهەنگییەك لەنێوان لانیکەمی داخوازییەکانی گەلی کوردو بەرژەوەندییەکانی گەلی عەرەب لەعێراقدا پێکبهێنێت. ئەو پرسیارەشی لێرەدا خۆی قوتدەکاتەوە ئەوەیە، کەئاخۆ فیدرالیزم وەك پێشنیارێکی بزاڤی نەتەوەیی کورد هێندە پرۆژەیەکی نابەجێ‌و ناقۆڵایە کەهیچ پەیوەندییەکی بەمێژووی سیاسی عێراقی هاوچەرخەوە نەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو هەموو قوربانییە زۆرانە لەبەرچاوبگیرێن کە گەلی کورد لەراپەرینە جۆراوجۆرەکان‌و کردە کۆکوژیی‌و راگواستنی زۆرەملێ‌و تالانی‌و بەعەرەبکردن‌و بەبەعسکردنەکاندا دووچاری هاتووە، جگە لەو هەموو بەڵێنە درۆییانەی دراویەتێ؛ کە بەمەلیك فەیسەڵی یەکەم‌و ئەفسەرانی شەریفی دەستپێدەکات‌و بەحوکمڕانێتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بەهەردوو سەردەمی بەکرو سەدام کۆتایی دێت.



## پەراوێزەکان:

(1) Mesopotamian Intelligence report, No4, 31 December 1920, FO 371\ 6348.

(2) Mesopotamian Intelligence report, No9, 15 march 1921, FO 371\ 6348.

(3) Report on Middle East Conference Held in Cairo and Jerusalem, 12-30 March 1921, 371\ 6343.

(4) Aaron S. Klieman, Foundations of British Policy in the Arab World: The Cairo Conference of 1921, (Baltimore& London: 1970), P123.

(5) Message from Prime Minister to Churchill, 22 March 1921, FO 371\ 6342.

(6) Mesopotamian Intelligence report, No13, 15 May 1921, CO 730\20.

(7) Middle east, Government Policy, 14 June 1921, House of Commons, Robert Rhodes James, Winston S Churchill, His Complete Speeches, 1897-1963, Vol. 111, 1914-1922, ( London & New York: Chelsea House Publishers 1974, PP.3104-50.

(8) Churchill to Cox, 18 June 1921, CO730\20.

(9) Cox to Churchill, 25 October 1921, Co730\ 60.

(10) High Commissioner of Iraq to State Secretary for colones, 15 August 1922, FO371\7800.

(11) Iraq Intelligence Report, No 19, 15 August 1921, FO 371\ 6353.

(12) Ibid. No21, 1st November 1922. FO 371\ 7772.

(13) Iraq Intelligence Report, No 1, January 1923, FO 371\ 7772.